


# دیداری شام

سەرتیپ جەوهەر

2020

سەرتیپ جەوهەر

# دیداری شام

**بەهاری 2019**

ناوی کتێب: دیداری شام
نوسەر: سەرتیپ جەوهەر
تیراژ: 1000 دانە
ژمارەی سپاردن: 164 ـ 2020
چاپخانە: تاران

## پێشەکی

شام وێستگەیەکی زۆر گرنگ بووە لەقۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئەدەبی و سیاسی کورد، سەردەمانێک قەڵای سەلاحەدینی ئەیوبی یان ئەیوبییەکان بوو کە رابەرایەتی دەوڵەتی ئیسلامییان دەکرد، سەردەمانێکیش شوێنی گیرسانەوەی جەلادەت بەدرخان و قەدری جان و جگەرخوێن و ئۆسمان سەبری و دەیان شاعیرو ئەدەب دۆست و دیندارانی کورد وەک مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووە، لەمێژوی نوێشدا شوێن و لانکەی دەستپێکردنەوەی جولانەوەی سیاسی کورد بووە بەتایبەت لەدوای نوشستی بزوتنەوەی چەکداری کورد لە دوای 1975. گەلێک نهێنی و راستیی مێژوویی کورد لەدیمەشق پەنا دراوە، گەلێک لاپەڕەی مێژوویی کورد لەوێ هێشتا هەڵنەدراوەتەوەو پێویستە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی بابەتیانەی لەبارەوە بکرێت و لانیکەم لە ونبون دەرباز بکرێت، هەندێک لەو راستیانە بەبێ سەردانیکردن و بینینی کەسەکان ناتوانرێت وەکوخۆی بخرێتەڕوو، یان هەندێک لایەنی شاراوەو باسنەکراوی مێژوو هەیە رەنگە بتوانرێت لەڕێی چاوپێکەوتن و بینینی ئەو کەسانەی تائێستا نەدواون، بخرێتەسەر روپەڕو تۆماربکرێن.

لە 2016 دووجار سەردانی رۆژئاوای کوردستانم کرد جارێکیان رۆژانی یەکەمی 2016 کە تازە کۆبانی لەدەستی تیرۆرستانی داعش رزگارکرابوو، جاری دەمیش لە کۆتاییەکەی. جاری یەکەم بۆ بینین و گواستنەوەی بەشێک لەراستییەکانی رۆژئاوای کوردستان و ژیان لەو پارچەیەی کوردستان بوو. جاری دووەمیش لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێی شارەزا لەقانون لە (سەنتەری هزری یاسایی) بۆ گفتوگۆی دەستوری رۆژئاوای کوردستان، ئەوکاتە هێشتا ناوەکەیان نەگۆڕیبو بۆ باکوری رۆژهەڵاتی سوریا. دواتر بە ووردی باسی گفتوگۆو ماجەرای سەردانەکە دەکەم.

ئەوکاتە پرسیار گەلێک سەبارەت بەچارەنوسی رۆژئاوای کوردستان و هەڵوێستی حکومەتی سوریا لەبارەیانەوە پێویستی بە وەڵامدانەوە هەبوو، بەڵام هەم دۆخی سوریا بەهۆی بوونی داعش و گروپە تیرۆرستییەکانی دیکە زۆر شپرزە بوو، رژێم

نەدەپرژایە سەر باسکردنی کورد، هەمیش بەشێوەیەکی گشتیی راگەیاندنی بیانی بەکوردیشەوە نەیاندەتوانی پرسیار لە لێپرسراوانی سوریا بکەن و بیگوێزنەوە بۆ رایگشتیی بەشێوەیەکی گشتیی، لەهەموو بارێکدا لێپرسراوانی رژێمی سوریا هەوڵیانداوە خۆیان بدزنەوە لە دەربڕینی هەڵوێست لەبارەی چارەنوسی کورد لەسوریا، یان بەبەکارهێنانی بەدەستەواژەی گشتگیر وڵامی رۆژنامەنوسانیان داوەتەوە.

بۆمن، گرنگ بوو سەردانێکی شام بکەم، داعش لەبەری رۆژهەڵاتی فورات یان ئەو ناوچانەی کە کورد تێیدا باڵادەست بوون بەرەو کۆتایی دەچوو. دەمویست وڵامی بەشێک لەو پرسیارانەم دەستکەوێت کە لای من و کورد بەشێوەیەکی گشتیی لەبارەی چارەنوسی سوریاو کورستان سوریا گەڵاڵە ببوو، یان لانیکەم بزانین لێپرسراوانی سوریا لەبارەی کوردەوە چی دەڵێن؟ چونکە تائێستا شتێکی ئەوتۆ لەبارەی کورد ناخەنە روو، هێشتا هەڵوێستیی ئەوان نەزانراوە.

رەنگە ئەوەی لەسەرەوە باسمکردووە یەکێک بوبێت لەهۆکارە سەرەکییەکان بۆئەوەی سەردانی دیمەشق بکەم و هەندێ شت هەڵکرێنم، بەڵام شام زۆرتر هەڵدەگرێت لەسەری بنوسرێت. بەسەردانێکی من و بەدیدارێکی رۆژنامەوانیی تەواو نابێت، نەخاسمە بۆ ئێمەی کورد! چونکە لەشام زیاتر لەیەک ملیۆن کورد دەژیت، دەکرێت لێکۆڵینەوەی هوورد لەبارەی ژیانی کورد لەشام بکرێت کە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد لەشام لەخۆبگرێت، چونکە تائێستا ئەوەی کراوە پێویستی بەبەدواداچونی زیاترو فراوانترکردن هەیە. ئەمە سەرباری بونی ژمارەیەکی زۆر شوێنەواری کورد لەشام کە هەریەکەیان پێویستدەکات لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەبارەوە بکرێت.

## دیداری شام..

له 2017 وه دەمویست سەردانێکی دیمەشق بکەم، بەڵام سەردانی ئەوێ ئاسان نەبوو، چونکە دۆخی ئەمنی سوریا و خۆ ئامادەکردن بۆ ئەو سەردانەو بینینی خەڵکی پەیوەندیدار لەشام زۆر زەحمەت بوو، هاوکات پرسی ریفراندۆمی ئەیلولی 2017 کوردستانی زۆر ئاڵۆزکرد. فرۆکەخانەکان داخران، هێرشکرایە سەر ناوچە دابڕێنراوەکان و دەروازەکانی کوردستان بۆماوەیەکی کورت گیرا. باری ئابوریی شلەژانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. سەرباری زیانی گەورە، کوردستان بۆماوەی زیاتر لە ساڵێک بەئاڵۆزییەکی زۆر خراپ تێپەڕی. ئەمە وایکرد دیسان سەردانەکە دوابکەوێت، بەڵام هەر سور بووم لەسەر بینینی شام و باسکردنی کورد لەسوریا بەجۆرێک بتوانم بەشێک لەراستییەکانی ئەوێ بگوێزمەوە، یان ئەو دیوە بخەمە روو کە تائێستا وەک پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە.

سەرەتای 2019 دوبارە باسەکەم هێنایەوە گۆڕێ، ئەمجارەیان باشتر هاتەدەست. خێرا کەوتمە پەیوەندیی لەگەڵ چەند دۆست و هاوڕێیەک لە شام و رۆژئاوای کوردستان، بۆئەوەی رێنوێنیم بکەن لەسەفەرەکەم و هەماهەنگی بینینی کەسەکان و سازکردنی دیدارەکان، لەوەدا هاوکاریی زۆریان کردم، چونکە ئەگەر ئامادەکاریی وردو پێشوەختە نەکەیت زۆر زەحمەتە بتوانیت لەماوەی هەفتەیەک یان 10 رۆژدا بتوانیت زانیاریی زۆرو چڕ کۆبکەیتەوەو یان تیشک بخەیتە سەر زۆرترین سوچ و بارودۆخی ژیان لە وڵاتێک، نەخاسمە لە وڵاتێکی وەک سوریا کە رووداو بەسەرهات و گۆڕانەکانی ئەوێ کەڵەکەبوون و دەستی میدیاو راگەیاندنی کەمتر گەیشتۆتێ و ماوەیەکی درێژە لەدونیا دابڕاوە! بۆ ئێمەی کوردیش جگە لەباسی ژیانی سوریا بەگشتیی، هاوکات باسی چارەنوسی کوردستانی سوریا باسێکی گرنگەو دەمانەوێ لەنزیکەوە بەشێک لە راستییەکانی ئەوێ بزانین و سەرەنجام وڵامی چارەنوسی کوردمان دەستکەوێت.

جگە لەباسکردنی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابوریی سوریا بەگشتیی، هاوکات حەزێکی زۆری بینینی شامم هەبوو، حیکایەتگەلێکی زۆرم لەبارەی سروشتی کۆمەڵایەتیی و مەکری کچانی شام و سروشتی ژیان لەشام بیستبو، بەڵام شامم

نەبینیبو، بۆیە ئەوە زیاتر تامەزرۆی کردبووم. کاتێکیش کە بینیم بەڕاستی بۆمن جێی سەرنج بوو. دەکرێت زۆر زیاتری لەبارەوە بنوسیت، بەڵام پێویستی بەمانەوەی زیاترو تۆمارکردنی سەرنجی زیاتر هەیە تا بتوانیت ورتر لەبارەی شامەوە بنوسیت.

بەرلەوەی سەرفەرەکەم بکەم، دەستمکرد بەخوێندنەوە لەبارەی مێژووی کورد و شوێنەوارە گرنگەکانی کورد لەشام و سروشتی کۆمەڵایەتیی و ئەزبەرکردنی ناونیشان و ناوچەکان. هەوڵمدا بۆ زانینی زیاتر ووردەکاریی ژیان لەشام تەنها پشت بەسەردانەکە نەبەستم، بەڵکو بەشێک لەکارەکان بەسود وەرگرتن لە بەپەیوەندیکردن و سەرچاوەکانەوە بێت، سەردانەکە بۆ بینینی شام دوای شەڕێکیماڵوێرانکەرو پیشاندانی واقعی ژیانی ئەوێ بێت لەڕێی وشەوە، سەرەنجام کارەکەم لەچەند تەوەرییێکی دیاریکراو پەختبویەوە لەوانە :

یەکەم؛ ژیان و مێژووی کوردانی شام، هاوکات بینینی گەڕەکە کوردنشینەکانی دیمەشق و شام و تیشکخستنەسەر گوزەران و بارودۆخی کورد بەشێوەیەکی گشتیی.

دووەم؛ خستنەڕوی ژیانی ئەوێ و بارودۆخی دوای شەڕو پیشاندانی جوانییەکانی و شێوەژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی شام.

سێیەم؛ مێژووی بزوتنەوەی سیاسی کورد لەشام و رۆژئاوای کوردستان و هەوڵدان بۆ خستنەڕوی بەشێک لەو راستیانەی کە تائێستا راگەیاندنی کوردی فەرامۆشیکردووە یان دەستی بۆ نەبردووە، بەتایبەت دەستپێکردنەوەی بزوتنەوەی سیاسی کورد لەدوای نوشستی 1975، یان رونتر، سەرەتاکانی دروستبونی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەشام و هاوکاری بزوتنەوەی چەکداریی کورد لەلایەن سوریاوە .

چوارەم؛ باسکردنی تێگەیشتنی رژێمی بەعسی سوریا بۆ چارەسەری کورد لەسوریاو ئەو بۆچونانەی لەبارەی چارەنوسی کورد لەو وڵاتە باسدەکرێت و پێشبینییەکانی ئایندەی کورد لە سوریا.

دەکرێت بڵێین بەدڵنیاییەوە بەسەردانێکی چەند رۆژێکی دیاریکراو باسکردنی شام تێرا نابێت، بەڵام دەشێت گەشتێکی رۆژنامەوانیی رۆژنامەنوسێک بەشێک لەمێژوو ئەو

وڵاتەو کورد تۆمار بکات، وێنەی قۆناغێکی دیارکراو بگرێت کە بۆ سوریاو کورد گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە. وەرچەرخانێکی مێژویی تۆماربکات کە دوو قۆناغ لەیەکتر جیادەکاتەوەو رۆژێک لەرۆژان ئەو تۆمارە ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زانینی راستییەکانی ئەو سەردەمە.

وەک هەموو گەشتە رۆژنامەوانییەکانی دیکەم، هەوڵدەدەم راستیی روداوەکان وەکوخۆی تۆماربکەم، بەچاوی سێیەم لەروداو و راستییەکان بڕوانم، هاوکات خوێنەر بکەمە هاوسەفەری خۆم و لەڕێی وشەوە شەقام و کۆڵانەکانی شام و شەوانی باب تۆماو مەکرو ناز و شۆخیی کچە شامیانی پیشان بدەم، هاوکات هەقیقەت و ماجەرای روداوەکان وەکوخۆی پیشان بدەم.

سەردانی دیمەشق لەبارودۆخێکی پڕ ئاڵۆزیی و نائارامیی کارێکی ئاسان نییە، نەخاسمە لە وڵاتێکی وەکو سوریا کە راگەیاندن و ئازادیی بەشێوەیەکی گشتیی تێیدا زۆر سنوردارە، بۆئێمەی کورد رەنگە زیاتر، چونکە بەشێک لەباسەکان بەدڵنیاییەوە تەرخان دەکەین بۆ پرسی کورد، ئەمە زیاتر کارەکە گرانتر دەکات، بۆیە بەر لەسەردانەکەم بە هەرکەسێکم دەگوت دەچمە دیمەشق، دەستبەجێ دەیگوت: چۆن دەچیتە ئەوێ؟ وریای خۆت بە! بەبێ ئاگاداریی نەچیت..تد، ئەوە مانای ئەوەبوو کە ترسێکی زۆر لەسەردانیکردنی دیمەشق هەیە، ئەمەش بەهۆی بونی سروشتی حوکمڕانی سوریاو ئەو وێنە تراژیدیایانەی کوشتن و بڕین و ئەشکەنجەدانانەی لەشەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتەوە لەمیدیاو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئێمە دەگوێزرێنەوە.

بەر لەسەردانەکەم بیرم لەناوی ئەم گەشتە رۆژنامەوانییەم دەکردەوە، دەمویست ئەو دێڕە شیعرەی جگەرخوێن بکەمە ناونیشان کە ئێستا بووە بە وتەیەکی باو و دەڵێت "شام شەکرە، لێ وڵات شیرنترە" بەڵام هەستمکرد سروشتی نوسینەکەی من لەو ناونیشانە جێی نابێتەوە، هەروەک بۆخۆم هەمیشە هەوڵمداوە وەک رۆژنامەنوسێک بنوسم نەک وەک ئەدیب، بەمانایەکی دیکە ناونیشانی ئاسان و پڕ ماناو راستەوخۆتر هەڵبژێرم نەک ناونیشانێک خوێنەر بخاتەبەردەم چەند مانایەک و ئاڵۆزیی دروستبکات. پێموایە ئیستا لەتەکنیکی نوسیندا گۆڕانێکی گەورە بەسەر بیرکردنەوەی نوسەرو کاری

ڕۆژنامەونسیدا هاتووە، ئەویش هەوڵدانە بۆ کورتکردنەوەی تێگەیشتن و بەکارهێنانی هاسانترین ئەو وشەو دەستەواژانەیە کە دەتوانێت زۆر خێرا خوێنەر بەمانا بگەینێت، یان بەشێوەیەکی دیکە پێویستە نوسین وەک خۆراکێکی بێ ریشاڵ بێت و بەئاسانی هەرس بکرێت و زۆر خێرا وێنەو مانا لای خوێنەر دروست بکات. لەسەر ئەو بنەمایە دوای گۆڕینی چەند ناونیشانێک سەرەنجام ناوی گەشتەکەم کردە (دیداری شام) بۆئەوەی هەم بینین و دیداری شام، هەمیش ئەو دیدارو چاوپێکەوتنانەی لەشام لەگەڵ کەسانی پەیوەندیدار کردوومە، لەگەڵ خستنەڕوی تێگەیشتنە جیاوازەکان لەبارەی ئایندەی سوریا بەشێوەیەکی گشتیی لەو ناونیشانەدا جێبکەمەوە.

- **سەرباری شەڕو ناخۆشییەکان، شەوانی شام هەر رووناك بوو**
- **لەهەموو سوچێکی ئەو وڵاتە داوای پارەو بەرتیلت لێ دەکەن!**

وەک هەمووجارێک دەفتەری نوسینی سەرنج و تێبینی و کامیرایەکی ڕۆژنامەوانییم ئامادەکرد، لەپێشدا هەندێک ئامادەکارییم کرد تا بتوانم سود لەکات وەرگرم. کێشەی

هەرە گەورەم لەم سەفەرە وەرگرتنی ڤیزەبوو، چونکە بۆ سەفەری سوریا پێویستدەکات ڤیزەی پێشوەختە وەرگریت.

بەهۆی ئالۆزییەکان و ناخۆشییەکانی بارودۆخی شەڕو وێرانبونەوە ئەو وڵاتە لەپەیوەندیی دەرەوە دابڕاوە. بۆ هەرکەسێک بیەوێ سەفەری سوریا بکات دەبێت زۆر دڵنیابیت لەسەلامەتی ژیانی، نەخاسمە بۆ کەسێک بیەوێت بۆ کاری رۆژنامەوانیی سەردانی ئەو وڵاتە بکات، چونکە نزیکەی هەشتساڵە بەبێ پچڕان شەڕوشۆڕی ناوخۆو نێودەوڵەتیی و وڵاتانی دەوروبەر لەسەر خاکی سوریا هەیە، وایکردووە ئەو وڵاتە بەتەواوی لەپێشکەوتن و پەیوەندی بەدەوروبەرو دونیاوە دابېڕێت، ئەمە سەرباری توندترکردنی سانسۆرو زیاترکردنی چاودێری لەسەر باری ناوخۆ!

لەعیراقەوە خەڵک بەڕەسمیی بۆ گەشتیاریی یان کارکردن ناچێتە سوریا. ئەوەی هەیە ماوەیەکە گروپی سەردانیکردن لە بەغداو چەند شارێکی ناوچەی شیعە نشینەکان بۆ سوریا دەستپێکردووە لەژێر ناوی گەشتی ئاینی بۆ مەرقەد و مەزاری خاتو زەینەب (ست زینب) کە دەکەوێتە ئاواییەکانی دەوروبەری دیمەشق. هەموو پێنجشەممەو شەممەیەک گروپی تایبەت هەیە، بەڵام لە کوردستانەوە ئەو گروپانە نییە. ئەو گروپانە لەژێر ئەو ناونیشانە سەردانی دیمەشق دەکەن، بەڵام لەراستیدا بەشێکیان بۆ مەبەستی دیکەو گەشتیاریی و کات بەسەربردن دەچن نەک گەشتی ئاینی.

مەزاری خاتو زەینەب یان (ست زەینەب) دەکەوێتە شارۆچکەی ست زەینەب کە 10 کیلۆمەتر لەخوار دیمەشقەوەیەو دەکەوێتە سەر رێگەی فرۆکەخانەی دیمەشق. زۆربەی دانیشتوانەکەی شیعە مەزەبن و بەهۆی ئەو مەزارەوە خەڵکێکی زۆر لەعیراق و ئێران و چەند وڵاتێک ساڵانە سەردان دەکەن.

ئەوانەی لەعیراقەوە دەچن ڤیزەی رەسمیی بۆ ئەو سەردانە وەرناگرن، بەڵکو تەنها رەزامەندی ئەمنییان بۆ وەردەگیرێت و هەفتانە ژمارەیەکی زۆر گەشت لەعیراقەوە بۆ سوریا لەژێر ئەو ناوەوە دەکرێت، بەڵام بۆمن نەدەکرا لەژێر ئەو ناونیشانەوە سەردانی ئەو وڵاتە بکەم و بۆ کاری رۆژنامەوانیی بچم، بەڵکو پێویست بوو هەم ڤیزەیەکی رەسمیی وەرگرم، هەمیش بۆئەوەی بتوانم چاوپێکەوتنی رەسمیی لەگەڵ

کاربەدەست و لایەنی پەیوەندیدار لەسوریا بکەم بەشێوەیەکی رەسمیی بچمە ئەو وڵاتەوە نەک تەنها رەزامەندی ئەمنی وەرگرم.

بەهۆی شەڕوشۆڕو بارودۆخ عیراق بەشێوەیەکی گشتیی، پاسپۆرتی عیراقیی بۆ گەشت و سەردان و وەرگرتنی ڤیزە ئەوەندە متمانەی نییە، هەروەکچۆن پاسپۆرتی سوریا خراپترە بەراورد بەعیراق! هاوشێوەی سەردانی سوریا، بۆ سەردانی میسریش هەفتانە گەشتێکی زۆر بۆ ئەو وڵاتە دەکرێت، تەنها رەزامەندی ئەمنی بۆ چوونە ئەو وڵاتە وەردەگیرێت. واتە ئەگەر هاوڵاتییەکی عیراقیی بیەوێت سەردانی میسر بکات بەمەبەستی گەشتیاریی، ئەوا لەڕێی رەزامەندی ئەمنییەوە دەتوانێت گەشت بکات و لەڕێی کۆمپانیاکانەوە لەفرۆکەخانەکانی میسر مۆری چونە ناو ئەو وڵاتە لەپاسپۆرتەکان دەدرێت نەک پێشوەختە ڤیزەیەکی رەسمیی وەرگیرێت. بۆیە زۆرجار گەشتیار دەگاتە فرۆکەخانەکانی میسر، بەڵام دامودەزگا ئەمنییەکانی ئەو وڵاتە ئەو کەسەیان گێڕاوەتەوە بۆ عیراق بەبیانوی گرفتی ئەمنییەوە، ئەمەش یەکێکە لەکێشە گەورەکان.

هەرچۆنێک بێت لەڕێی پەیوەندی شەخسییەوە توانیم ڤیزەیەک لەباڵیۆزخانەی سوریا لەبەغدا وەرگرم بۆئەوەی بتوانم لەفرۆکەخانەی هەولێر سەفەر بکەم. خۆم پێچایەوەو جگە لەجانتا دەفتەری تێنوسی سەرنج و تێبینیم بەدەستمەوە گرت، تابتوانم هەموو سەرنج و تێبینیەک بنوسمەوە. لای خۆشمەوە لەبەر دۆخی ئەمنی حیسابی ئەوەمکرد سەرنج و تێبینییەکانم بەزمانی کوردی بنوسم و وێنەو دیکۆمێنتەکانی بەدەستی دەخەم خێرا بخەمە سەر تۆڕی ئینتەرنێت تابتوانم بیانپارێزم .

لەچاوەڕوانی فرۆکەدابووم سەرنجمدا جگە لەخۆم و چەند عەرەبێکی عیراقیی، هەموو ئەوانەی دەیانویست گەشت بکەن خەڵکی سوریا بوون. لەچاوەڕوانی کاتی فڕینی فرۆکەکەدا بیرم لەوەدەکردەوە کە بتوانم گەشتەکەم سەرکەوتوو بکەم و بەگبەیەک زانیاریی نوێیوە بگەڕێمەوە، کە چوینە فرۆکەوە بەڕێککەوت کچێکی شۆخ کەوتە تەنیشتمەوە، لەگەڵ دانیشتنی بەخێرهاتنم کرد، بۆئەوەی لەماوەی ئەو سەعات و نیوەی رێگا چەند پرسیارێکی لێبکەم.

ئەو کچە لەڕاڕەوی چاوەڕانی فرۆکەدا لە فرۆکەخانەی هەولێر لەنزیک منەوە بوو، نەیدەتوانی دانیشێت دیاربوو زۆر قەلەق بوو، هەر دەهات و دەچوو. لەوە دەچوو هاتبێتە هەولێرو ئیشوکارەکانی باش رایی نەبوبێت و بگەڕێتەوە.

بەرلەوەی من پرسیاری لێبکەم، ئەو پێی وتم خەڵکی هەولێری؟ وتم بەڵێ، وتی یەکەمجارتە سەفەری شام دەکەیت؟ وتم بەڵێ من یەکەمجارمە. ئەی پێویستت بەیارمەتی هەیە لەدیمەشق لەشوێنی مانەوەت یان کەسێک هەیە رێنوێنیت بکات؟ وتم بەڵێ سوپاست دەکەم.

لەمن وایە ئەو کچە شامییە! پێیم ئەی تۆ؟ بەزەردەخەنەیەکەوە وتی من خەڵکی قامیشلۆم! بۆئەوەی پێی بڵێم من شارەزای قامیشلۆم، وتم دەیباشە کەوایە ئاشیتی یان غەربی؟ وتی ئاخر من کورد نیم و عەرەبم! ئەو قسەیەی ئەو، دەرگای گفتوگۆیەکی درێژی لەنێوانمان کردەوە.

قامیشلۆ دەبێتە دووبەرە، ئاوی جەق جەق (چەق چەق) روبارێکەو ئەو شارەی لەتکردووە، بەشی رۆژهەلاتی تا دەگاتە دێریک پێی دەڵێن ئاشیتی و هۆزو عەشایەرەکانی ئاشیتی لێیە. دیوەکەی دیکەی قامیشلۆ یان بەری رۆژئاوای قامیشلۆ پێی دەڵێن غەربی، ئەو ناوچەیەش لەکۆنەوە چەند هۆزێکی کوردی لێ نیشتەجێ بووە. جۆرێک لەنوکتەو قسەلەسەر یەکترکردنیش هەیە لەنێوانیان، ئاشیتییەکان زیاتر خۆیان بەشارستانتر دەزانن.

بۆ ئەوەی گفتوگۆکەمان گەرم بکەم باسی ئاوی جەق جەق و چوار ریانی مونیر حەبیب و بازاری عەزرا لە قامیشلۆم بۆ کرد. ئەویش هاتە سەر هەولێر دیاربوو بۆ سەردانی کەسێکی نزیکی هاتبوە. بەقسەکانییەوە دیاربوو بەبارودۆخی کۆمەلایەتی هەولێر خۆشحاڵ نەبوو! باسی لەداخرانی هەولێر کرد لەرووی کۆمەلایەتییەوە. منیش دەمویست دەربارەی قامیشلۆ پرسیاری لێبکەم، هەستمکرد ئەو نەیدەویست وەکوخۆی باسی قامیشلۆ بکات، یان لانیکەم باسی هەموو شتێکم بۆ بکات! کەمێک خۆی دەپاراست لەوڵامی پرسیارەکانم، منیش نەمدەویست باسی هەمووشتێکی لەگەڵ بکەم.

هەولێر کە پایتەختی کوردستانە، یەکێکە لەکۆنترین شارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تائێستا ژیانی تێدا بەردەوامە، لەرووی ئاوەدانییەوە باڵەخانەی جوان و سەرنجڕاکێشی لێیە، بەڵام لەرووی کۆمەڵایەتییەوە وەک پێویست پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەبینیوە. کاتێک دەچیتە مۆڵێکی ئەو شارە، جیهانێکی تایبەتە. لەمۆدرێنترین بازاڕەکانی جیهان دەچێت و دیمەنە کۆمەڵایەتییەکانی ناو مۆڵەکانیش رەنگوڕوو جوانن، بەڵام کاتێک دێیتە دەرەوەو بەشێوەیەکی گشتیی لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دیمەنی پێچەوانە دەبینی! جۆرێک لەداخرانی کۆمەڵایەتیی هەیە کە ناچێتەوە سەر ئەو وێنەیەی کە لەناو مۆڵەکان دەیبینی! بەشێوەیەکی گشتیی دیمەنی دەرەوەی بازاڕە مۆدێرنەکان راستیی باری کۆمەڵایەتیی هەولێرە.

دوای سەعاتێک و 35 دەقیقە فرۆکەکە لەفرۆکەخانەی دیمەشق نیشتەوە. فرۆکەخانەیەکی زۆر ماندوو بوو، دیمەنی ناو فرۆکەخانەو چۆڵی هۆڵی پێشوازیی راستیی بونی بارێکی نائاسایی لەو وڵاتە دەردەخست. لەکاتێکدا جاران سوریا وڵاتێکی گەشتیاریی ئاوەدان بوو. لە وڵاتانی دەوروبەرو عەرەبی، گەشتیاران روویان لەشام و کەنارەکانی تەرتوس و لازقیەو بلودان و زەبەدانی دەکرد، کە شوێنی گەشتیاریی زۆر سەرنجڕاکێشن لەسوریا، کەچی ئێستا جگە لەچەند فرۆکەیەک، فرۆکەخانەیەکی چۆڵ و وێران! شێوەی پێشوازیی و مامەڵەکردنیان لەفرۆکەخانە، لەوەنەدەچوو خەڵکێکی زۆر روو لەو وڵاتە بکەن، بەتایبەت لەهەموو سوچێک داوای پارەو بەرتیلیان لێدەکردی.

پێشوەختە پێیان وتبوم ئەگەر گەیشتییە فرۆکەخانە دەبێ ئەوە بزانیت کە لەهەموو سوچ و قوژبنێک داوای پارەت لێدەکەن، پێیان وتم وریابە نەشلەژێیت و گوشارت بۆ دێنن لەپێناو پارەیەو هیچی تر نییە!!

پێشتر لەڕێی پەیوەندی تایبەتەوە کاروباری پێشوازیکردن و رێنوێنیکردن و هەندێ ئامادەکاریی و مەوعیدم لە شام رێکخستبو. هەر ئەوان پێیان وتم دەبێ لەفرۆکەخانە وریا بیت، رەنگە بیانوت پێبگرن و پرسیارو داوای سەیر سەیرت لێبکەن، بەڵام نابێ بشلەژێیت و گوێ بەقسەکانیان بدەی، دەبێ بەبێمنەتیی وڵامیان بدەیتەوە. بەرلەوەی

بگەمە بەردەم کۆنترۆڵ لەڕێی تەلەفۆنەوە ڕێنماییەکانیان پێ وتم، بۆیە دەمزانی لەکۆنترۆڵ چی ڕودەدا.

چومە بەردەم کارمەندی کۆنترۆڵ، فەموو: "لەعیراقەوە هاتووم و چەند ڕۆژێک دەمێنمەوە". کارمەندەکە بەبنی زمانیەوە پرسیاری لێدەکردم وەک ئەوەی بیەوێت داوای شتێک بکات، وتی چ کاردەکەی؟ وتم فەرمانبەرم. وتی کەوایە لە کام هۆتێل دەمێنیتەوە؟ وتم جارێ نازانم بابچمە شار. دیاربوو فۆرمێکی بۆ پڕدەکردمەوەو مافی مانەوەی 15 ڕۆژی لەسەربوو، وتی دەی کێشە نییە بنوسم هۆتێل (ڤینۆس) باشە، وتم خۆ ناوێکی خۆشە بۆ ناینوسیت! وتی کەوایە ئیشەکەت بۆ ئاسان دەکەم هیوادارم کاتێکی خۆش بەڕێبکەیت! بەچرپەوە وتی ئەوە ئەفسەری موخابەراتە با نەیبینیت، دەی شیرینییەک شتێکمان بۆ بەجێبهێڵە؟ مەبەستی ئەوەبوو پارەی پێبدەم!! منیش وتم پارەی سوریم پێ نییە کە گەڕامەوە دەتوانین یەکتر ببینین و کارتەکەم لێ وەرگرت و ڕۆیشتم.

بەهۆی خراپی دارایی و شەڕو شۆڕەوە، باری ئابوریی سوریا لەدۆخێکی زۆر خراپدایە، گەندەڵیی و وەرگرتنی پارە لەهەموو فەرمانگەو شوێنە گشتییەکان نەک ئاساییە بگرە لەهەندێ حالەتدا بەئاشکرا پارە لەخەڵک وەردەگیرێت!

بەهۆی لەدەستدانی بەهای پارەکەیانەوە ئەو پارەیەی وەک بەرتیل لەخەڵک وەردەگیرێت زۆر کەمە، بۆنمونە ئەگەر هەزار لیرەت لێ وەرگرن وەک بەرتیل، ئەوا دەکاتە تەنها دوو دۆلارێک، یان دوو هەزارو چوارسەد دینارێکی عیراقیی.

لەفرۆکەخانە هاتمە دەرەوە ئەو هاوڕێیەی پەیوەندیی و ئامادەکارییەکانی بۆ کردبووم چاوەڕێم بوو. بەرەو شوێنی حەوانەوەم بەڕێکەوتین، لەشوێنێکی تایبەت مامەوە نەیانهێشت بچمە هۆتێل، ئەمەش لەپێناو باشتر ڕاییکردنی ئیشوکارەکان و هاوکات دڵنیابوون لەباری ئەمنی من بوو، چونکە سوریا وڵاتێکی ئەمنیەو لەهەمووشتێک دەکۆڵێتەوە! هەرچەندە من بۆ کاری ڕۆژنامەوانیی و باسکردنی ژیان و مێژوو چارەنوسی کورد لەسوریاو ژیانی کوردانی شام چوبوم.

سەردانیکردنی وڵاتێکی ئەمنی و باسکردنی دوارۆژی حوکمڕانی ئەو وڵاتەو هاوکات باسکردنی کورد بەشێوەیەکی گشتیی، وریاییەکی زۆری دەویست، بۆیە دەبو زۆر وریای خۆم بم. بۆئەوەی نەکێشە بۆخۆم و نە بۆ ئەوانەش دروستبکەم کە هاوکارییان کردم. ئەگەرچی لەو سەردانەدا جگە لەباسکردنی شام لەرووی کۆمەڵایەتی و ژیانی ئەویٚ، هاوکات پێویست بوو بۆچون و تێگەیشتنی هەمووڵایەنە ناکۆک و دژ بەیەکەکان وەرگرم، واتە تێگەیشتنی خۆم تێکەڵ بەنوسین نەکەم و وەک چاوی سێیەم و رۆژنامەنوسێک راستیی روداوەکان و بۆچونی لایەنەکان وەکوخۆی بخەمە روو، بەبیٚ زیادخستنەسەرێک.

ئەم نوسینەی من لەکاتێکدایە کە سوریا پێویستییەکی زۆری بەکرانەوە بەرووی رۆژنامەو میدیا بەشێوەیەکی گشتیی هەیە. داخرانێکی زۆر بەسەر barودۆخ و ژیان لەو وڵاتە هەیە! بەشێک لەو وێنانەی لەبارەی بارودۆخی سوریا بەتایبەت لەرووی ئەمنییەوە دەخرێنە روو لەکەناڵە جیهانییەکان راست نین و بەوشێوەیە نییە! بۆنمونە کاتێک لەفیسبوک شوێنی خۆم دانا (چێک ئین)م کرد لە دیمەشق، هەموو ئەو سەرنجانەی بۆم نوسرابوون ئەوەبوو کە ئاگاداری خۆت بە شتێکت لیٚ بەسەر نەیەت! ئەوەش مانای ئەوەبوو خەڵک پێوابو بارودۆخی دیمەشق نائارامەو شەڕوشۆڕی لێیە، کەچی بەپێچەوانەوە زۆر هێمن بوو! سەرباری خراپی ژیان و باری ئابوریی، خەڵک تا بەرەبەیان لەدەرەوەبوون و ژیان بەشێوەیەکی گشتیی ئاسایی بوو! شەو وابوو درەنگانێکی شەو بەتەنیا دەگەڕامەوە شوێنی مانەوەم، بەشێک لە کافتریاو قاوەخانەکانی سەنتەری شار پڕ لەکوڕو کچی شام تا بەرەبەیان دەمانەوە! شەقامەکانی باب تۆماو سەماخانەکانیش ئەوە وەک جاران رۆژیان بەقەرەبالغی دەکردەوە.

- **دیمەشق پڕە لە شوێنەواری کورد**
- **قەیسەری هەولێرو بازاڕی حەمیدیەی دیمەشق**

من بەشەو گەیشتمە دیمەشق. ئەو شەوە بەخێرایی لەگەڵ یەک دوو هاوڕێی کورد کە خۆیان لە دیمەشق نیشتەجێ بوون یەکترگر بوین و چوینە ناوچەیەک پێیان دەگوت باب شەرقی، یەکێک لەدەروازەکانی دیمەشقی کۆن، کۆڵانی تەنگەبەرو رێ بەڕێ نەدەکەوت، پڕبوو کچی جوان و کوڕی قۆزی شامیی و خێزانی ئەو شارەبوو. دیاربوو ئەو ناوچەیە بەشێوەیەکی گشتیی نیوە شەوان بازاڕیان گەرم دەبوو. ئێمەش لەخواردنگەیەکی بەناوبانگی باب شەرقی لاماندا. بەقسەی ئەو هاوڕێیانەم هەردوو سەرۆکی سوریا حافز ئەسەدو بەشار ئەسەد چەند جارێک لەوێ نانیان خواردوە، بەوپێیەی خوارنگەیەکی کلتوریی و بەناوبانگ بوو.

شەو لەناوچەی (مەزرعە) لەسەنتەری دیمەشق مامەوە، بەیانی زوو لەخەو هەستام و خۆم حازرکرد تا لەگەڵ یەکێک لە هاوڕێکانم بچمە دەرەوەو دەست بەبینینی شارو بینینی ئەوکەسانە بکەم کەپێویستە بیانبینم، دیدارە رۆژنامەوانییەکانم دەستپێبکەم. کەچی تەماشا دەکەم زۆربەی خەڵک لەوشارە تا بەر لەنیوەڕۆ ناچنە سەرکارو دوکان و بازارەکان، بەشێوەیەکی گشتیی دوای 10 و نیوی سەرلەبەیانی دەکرێنەوە! ئەوەیان بۆمن شتێکی نوێ بوو لەو شارە هەبوو.

لەسوریا بەشێوەیەکی گشتیی خەڵک تا درەنگان ناخەون، شەوچەرەو خواردنەوەی شەوانەو پیاسەو قاوەو چاخواردنەوەی چاخانەکان، شەویان لێ وەدرەنگ دەخات! وەنەبێت ئەو دیاردەیە تەنها لەشام بونی هەبێت، کاتێک سەردانی قامیشلۆم کرد لە 2016 بەهەمانشێوە بینیم خەڵک تا نزیک بەرەبەیان دادەنیشتن، سەردانی خزم و هاوڕێ و دۆستان گەرموگوڕە، دەتوانین بڵێین زۆرینەی خەڵک یان رێژەیەک بەرزی خەڵک جگەرەکێشە، بەدیار قاوەو چاخواردنەوە تا درەنگ دەمێننەوە، بۆیە بەیانیان زۆر درەنگ لەخەو رادەبن.

ئەو چەند رۆژەی لەوێ بووم، بۆمن کێشە بوو، من شەوان بەراورد بەوان زۆر زوو دەخەوتم، بۆیە بەیانیان زوو لەخەو رادەبووم، دەبو چاوەڕێ بکەم تا پێش نیوەڕۆ ئینجا دەست بەگەڕان و بینینی خەڵک بکەم، بەگشتیی هەرچی مەوعیدو دیداری رۆژنامەوانیی یان سەردان هەبوو دەکەوتنە دوای نیوەڕۆ، ئەوەش دیسان کێشەبوو،

چونکە رۆژ کورت بوو، کات بەدەستەوە نەدەما بۆ بینین و گەڕانی شوێنەکان لە دیمەشق یان شام! بۆیە ناچار بەیانیان دوای سەعات 10 دەستم بەگەڕان دەکرد، هەندێجار بەپێ، تا نیوەڕۆ یان پێش مەوعیدی بینین و دیدارەکان، دەچومە ئەو شوێنانەی کە پێویست بوو بچم و بیانبینم.

بەیانیی یەکەمی سەردانەکەم بۆ دیمەشق، بەپێی بەدەوروبەری شوێنی مانەوەم دەستمکرد بەگەڕان و بینینی شەقانەکان، بەو شەقامەی بازاڕی حەمیدیە چومە خوارەوەو دواتر شەقامی بەغدا..تد ئەمانە شەقامی ناسراوی دیمەشقن. من بۆخۆم پێشبینی ئەو بارودۆخە خراپەی ئەو شارەم نەدەکرد نەخاسمە گەڕەکەکانی سەنتەری شار! تەواو پەرێشان بوون. دابڕابوون لەپێشکەوتن و ڕەنگ و ژیانی سەردەمیانە! دیمەنەکانی ناوەڕاستی دیمەشق لەدیمەنی شارێکی زۆر کۆنی ماندوو وێران دەچێت، بێزاری لەخراپی باری ئابوریی و ژیانی سەخت ماندوی کردوون، بەڵام هەوڵدەدەن ئەو ماندوێتیە بەپێکەنین و ڕووی خۆشەوە فەرامۆش بکەن. میللەتێکی زۆر زیندوو خاوەن شارستانیەتێکی کۆن و تایبەتن، زۆر ئازان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان .

ئاوهەوای یمەشق زۆر چێژ بەخشە، سەرباری قەربالغی و زۆری شەقامەکانی سەنتەر، بەڵام جموجۆڵێکی سەیر دەبینیت. لەشەقامی بەغدا بووم هێواش ڕێمدەکرد، بینیم قەرەبالغییەکی زۆر لەبەردەم باڵەخانەیەکی زۆر ماندوو هەبوو، هەموو ئەوانەی لەبەردەم ئەو باڵەخانەیە بوون وەک باڵەخانەکە ماندوو بیتاقەت بوون!

تەماشای بیناکەم کرد شڕە تابلۆیەکی پێدا هەڵواسرابوو نیوەی سڕابویەوە. تێنەدەگەیشتی بەتەواوی ئەمە چییە! بەرامبەر ئەو شوێنە چەند پێشانگایەکی (دوکان)ێکی گەورەی فرۆشتنی تابلۆی (وێنەی کێشراو) زۆر سەرنجڕاکیش هەبوو، لەبەردەم دوکانەکان خەڵک لەسەر شەقام دانیشتبون. تومەز ئەو شوێنە فەرمانگەی تۆمارو کاروباری سەربازیی بوو! ئینجا هەبوو تازە یەکەمجاری بوو هاتبو ببێتە سەرباز، هەبوو لەلادێکانەوە لەگەڵ دایک و باوکی هاتبوو شارەزا نەبوون تاوەکو بتوانێت مامەڵەی رایی بکات .

لەسوریا وەک زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵات هەموو کەس پێویستە سەربازیی بکات، واتە خزمەتی سەربازیی (ئیلزامی)یە. بەپێی ئەو قانونەی لە 2007 لەسەردەمی بەشار ئەسەد دەرچووە، هەموو کەسێک لەسوریا لەسەریەتی بەرگی سەربازیی بەناوی خزمەتی ئاڵا بۆماوەی 24 مانگ لەبەربکات، بەڵام ئەوانەی بەهۆی نەخۆشی یان تەمەنیان دەگاتە سەرووی 42 ساڵ، یان لەدەرەوەی سوریا نیشتەجێن، دەتوانن لەبری سەربازیکردن برێک پارەبدەن کە بڕەکەی لەنێوان 150 بۆ 250 هەزار لیرەی سوریە کە ئێستا دەکاتە 300 بۆ 500 دۆلار .

خزمەتی سەربازیی (ئیلزامیی) لە رۆژئاوای کوردستانیش کە پێی دەڵێن (ئەرکی خۆپاراستن) پەیرەو دەکرێت، لە رۆژئاوای کوردستان ئەوەی تەمەنی بگاتە 18 ساڵ پێویستە بەرگی سەربازیی بۆ ماوەی (یەک ساڵ) لەبەر بکات، لەکاتێکدا لەسەرەتادا تەنها شەش مانگ بوو.

لەبەردەم ئەو فەرمانگە سەربازییە، خۆمکرد بەدوکانی فرۆشتنی تابلۆی وێنەکێشراوی دەست و دوای سەیرکردنی چەند تابلۆیەک کە وێنەی چەند شوێنەوارێکی دێرینی شام بوو. لەگەڵ کابرا کە بۆخۆی هونەرمەندێکی دەستڕەنگین بوو کەوتمە گفتوگۆ، پیاوێکی بەسەلیقەو قسەخۆش بوو، کابرا زوو زانی من خەڵکی عیراقم، وتم من کوردم عەرەب نیم، کە زانی عەرەب نیم، حەزیدەکرد باسی هەرێم بکات و هەندێ زانیاریی لەبارەی هەرێمەوە زانیبو دەیویست لەمنی دوپاتبکاتەوە، چونکە بەلایەوە سەیر بوو زانیارییەکان.

لەبارەی هەرێمی کوردستان چەند قسەیەکی کرد بۆمن جێی سەرنج بوو، وتی؛ لای ئێوە گرانییەکی گەورەیە، ئێوە پارەیەکی زۆرتان هەیە، ئەوەی لەسوریا هاتووە بۆ کوردستان بۆ کارکردن قازانجی نەکردووە، چونکە خەرجی مانەوەو ژیان لای ئێوە زۆرە، وتی؛ قانونی وەبەرهێنانتان باش نییە، من خەڵکم بینیوە گلەیی زۆری هەبووەو گەڕاوەتەوە سوریا.

من چەند تابلۆیەکی زەیتیم لێکڕی کە لەسەر قوماش کێشرابوون، وێنەی دەرگای باب شەرقی، باب تۆما، قەڵای سەلاحەدین و شەقامێکی بازاڕی حەمیدیەم لێکڕی، کە هەریەکەیان شوێنەوارێکی دێرینی دیمەشق بوو .

کڕینی ئەو تابلۆیانە دەکەمە دەروازەی باسکردنی سەردانی شوێنەوارە دێرینەکانی دیمەشق بەتایبەتیش ئەو شوێنەوارانەی پەیوەندیان بەمێژووی کوردەوە هەیە لەو شارە. ئەوانەی دەچنە دیمەشق بەر لەهەموو شتێک سەردانی ئەو شوێنەوارو مەزارانە دەکەن کە هی کوردانن یان جێ دەستی کوردیان پێوەدیارە، زۆربەی ئەو شوێنەوارانەش بۆ ئێمە زۆر ناسراون، بۆنمونە مەزاری سەلاحەدینی ئەیوبی، یان قەڵای ئەیوبییەکان، مەزاری جەلادەت بەدرخان، قەدری جان، مەولاناخالیدی نەقشبەندی..هتد. هەمیشە دەمانەوێ لەڕێی ئەوانەوە شانازییەکانی خۆمان دەربخەین، نەخاسمە بۆ یەکێک کورد بێت و هەستی چەوسانەوەی قەومیی بەسەریدا زاڵ بێت! ئەوە زیاتر لەرووداو و شوێنەوارەکان دەکۆڵێتەوە.

بۆ ئێوارەکەی بەپیاسە بەرەو بازاڕی حەمیدییە شۆڕبومەوە. بازاڕی حەمیدیە دەکەوێتە ناوەڕاستی چەند شوێنەوارێکی دیکە، لەوانە قەڵای سەلاحەدین، گۆڕی سەلاحەدینی ئەیوبی، هاوکات مزگەوتی ئەمەوی..هتد.

لەسەروی بازاڕی حەمیدیە بەپیاسە بەشەقامی (سەورە) کە بەبەردەم بازاڕی حەمیدیە تێدەپەڕێت شۆڕبومەوە، ئەو شەقامە یەکێکە لەقەرەباڵغترین شەقامەکانی دیمەشق، بەتایبەت نزیک حەمیدییە. وەک بازاڕی شێخەڵا لەهەولێر یان بەردەم مزگەوتی گەورە لە سلێمانیی، هەزاران کاسبکارو فرۆشیاری کەلوپەلی ناوماڵ و جل و بەرگ و جۆرەها پێویستی لەسەر شەقام دانراون. شتومەکی هەرزانن و زۆربەی دروستکراوی سوریان، هەریەکە لەلای خۆیەوە بانگ دەکاو بەهاوار کاڵای خۆی دەخاتە روو. ناوچەیەکی زۆر قەرەباڵغە رێڕۆشتن زۆر زەحمەتە. کڕیارانی ئەو بازاڕو شەقامانە خەڵکی هەژارو کەم دەرامەتن چونکە شتومەکی لەوناوچەیە دەفرۆشرێت هەرزانە.

ناوبازاڕو شەقامە گشتییەکانی ناوەڕاستی دیمەشق کەم خزمەتگوزارین، ڕەنگی باڵەخانەو بیناو ئاپارتمانەکانی سەنتەری شار زۆر ماندوون، ڕەنگیان پێوەنەماوە، شەقامەکانیش بەتەواوی بێزاربوون لەپیسی و پاشماوەی ڕۆژانەی بازاڕ! چونکە ئەم وڵاتە ماوەی 9 ساڵە بەردەوام لەشەڕو ناخۆشیی بەردەوامدایە. من ئەم دیمەنەم لەبەغدای پایتەختی عیراق بینیوە، لەدوای روخانی سەدام حوسێن لە نیسانی 2004 بەبارودۆخێکی زۆر سەختدا تێپەڕی ئێستاش شوێنەواری ئەو وێرانەییەی پێوەدیارە. دیمەنی سەنتەری دیمەشق ئەو راستییە دوپاتدەکاتەوە کە ئەم وڵاتە لەبارودۆخێکی ئابوری خراپدایەو کاریگەری راستەوخۆی کردۆتە سەر دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.

لەگەڵ دیمەنی قەرەباڵغی و هاتوهاوارو بونی خۆڵ و خاشاکێکی زۆر، پەیکەرو وێنەکانی بەشار ئەسەدی سەرۆکی سوریاو حافز ئەسەدی باوکی و ماهیری برای، لەهەموو شوێنێک لەبەرزی دەبینرێن، هەروەکو چۆن لەعیراقیش لەسەردەمی رژێمی بەعس، وێنەی سەدام لەهەموو شوێنێک دەبینرا، بەڵام جیاواز لەعیراق، تەنها وێنەی ئەسەد وەک سەرۆکی سوریا بونی نەبوو، بەڵکو لە زۆر شوێن وێنەی باوکی و براکەشی لەپاڵی بونیان هەبوو.

بۆئەوەی بچیتە بازاڕی حەمیدییە، دەبێ بەبەردەم قەڵای سەڵاحەدین یان ئەیوبییەکان تێپەڕیت. ئەو قەڵایە لەسەردەمی ئەیوبییەکان یان دەسەڵاتی سەڵاحەدینی ئەیوبی لەساڵی 1076 زاینی دروستکراوە، لەساڵی 1979 یونسکۆ بەڕەسمی خستیە لیستی شوێنەوارە مێژوییەکانی جیهان. چەند دەرگایەکی جیاوازی هەیە، بەڵام نەتوانراوە وەکو پێویست بپارێزرێت و سودی لێ ببیەرێی وەک شوێنەوارێکی مێژویی.

سەڵاحەدینی ئەیوبی لەسەردەمی خۆیدا قەڵای زۆری دروستکردووە، بۆ خۆپارێزی و شەڕکردن، قەڵایەکی دیکەش لە لازقیە هەیە بەناوی قەڵای سەڵاحەدین.

بەتەنیشت قەڵای سەڵاحەدین بازاڕی حەمیدیە هەیە. ئەو بازاڕە یەکێکە لەبازاڕە هەرە بەناوبانگەکانی سوریاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەناوبانگیەکەی پەیوەندی بەناوبانگە مێژوییەکەیەوە هەیە نەک قەبارەکەی. حەمیدیە بازاڕێکی گەورەی

دورودرێژەو دوکان بەتەنیشت دوکانەوەو سەری بازاڕەکەش بەبەردی بازلت بەچاتیی گیراوە. چاتیی شێوازێکی بیناکردنە کە لەکۆندا پەیرەو کراوەو لەشێوەی بازنەیی، جاران سەری خانوی پێدەگیرا بەبێ بەکارهێنانی هیچ راگرێک.

بازاڕی حەمیدیە لە ساڵی 1780 لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانییەوە دروستکراوە، حەمیدییە بازاڕێکی شەعبیە، شتومەک لەوێ هەرزانە. چیت بوێت بۆ پێویستی رۆژانە دەستدەکەوێت. هەر لەکوتاڵ قوماشەوە بگرە تا خواردن و جل وبەرگ و پێڵاو جوانکاری ماڵ و شیرینی و..هتد. لەبەر ترسی تەقینەوەو توندوتیژیی، لەدەروازەی بازاڕی حەمیدیە چەند سەربازێک وەستاون بۆ پشکنینی خەڵک .

لەگەلێک شوێنی دیکە بازاڕی هاوشێوەی بازاڕی حەمیدیەی دیمەشق هەیە، بۆنمونە لەئیستەمبۆل بازاڕی میسری هەیە هەندێک پێی دەڵێن بازاڕی حەمیدیە، هەروەها بازاڕی قەیسەری لەهەولێر کە دووسەد ساڵێکە دروستکراوە، شێوەی دروستکردن و بازاڕکردنەکەیشی هەر لەبازاڕی حەمیدیە دەچێت و لەیەک سەردەمیش دروستکراون، هەموو ئەو بازاڕانە مێژووی خۆیان هەیەو ئەو شتومەک و کاڵایانەی لێیان دەفرۆشرێت وەکو یەکن. ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە سەردەمانێک بازاڕی سەرەکی شاربوون و هەرچی پێداویستی خەڵک هەبووە هەر لەوبازاڕانە فرۆشراوەو دەستکەوتووە.

بەپیاسە و لەسەرخۆ چوومە بازاڕی حەمیدیە، سەیری هەموو کونج و قوژبنێکم دەکرد، بەدیققەت لێیم دەڕوانی تاوەکو بتوانم دواتر وەسفی بکەم. زۆربەی ئەو شتومەک و پێداویستیانەی لەوێ هەن هی ژنانن، بۆیە زۆرترینی ئەوانەی بازاڕی دەکەن ژنانن. بازاڕێکی تا بڵێی قەرەباڵغە، ژنان و کچان، دوو دوو سێ سێ بەیەکەوە بازاڕی دەکەن. لەنێو ئەو بازاڕەدا دوکانی زۆر کۆن هەیە تائێستا بەردەوامە لەسەر هەمان ئەو شتومەک فرۆشتنەی کە لەسەرەتاوە دەستیان بەکارکردن کردووە، بۆنمونە دوکانێکی ساردەمەنی یان مۆتەفرۆش (مۆتە) بەناوی بەکداشم بینی کە تەمەنی 134 ساڵ بوو، مۆتەفرۆشی بەکداش لە ساڵی 1885 وە بەردەوامە.

لەدیمەشق یان شام، مامەڵەی دوکاندارو شێوازی پێشوازی لەکڕیار زۆر جیاوازە لەهەموو وڵات و شوێنێکی دیکە، بەجۆرێک بەخێرهاتنت دەکەن هەر حەزدەکەی شتێک لەدوکانەکە هەڵگریت! هەموو شتێکت دەخەنە بەردەم، بەهیچ شێوەیەک رووگرژو بیتاقەت نابن، بۆ هەمووشتێک دەڵێن بەسەرچاو، ئەمر دەکەی..تد پێموایە ئەم کلتورە زادەی مێژوییەکی دورو کلتوری کۆمەڵایەتییە، لای خۆمان دوکاندار ئەو تاقەتەی نییە کڕیار بەمشێوەیە بلاوێنتەوە !

من بۆ بازاڕکردن نەچووبوم، بەڵام کڕینی زەعتەرم لەبیربوو، چونکە لەوێ باشترین جۆرو شیوەی لێیە. زەعتەر تێکەڵەی جۆرە گیایەکی تایبەتەو لە سوریاو لوبنان بەجۆرەها شێوازو لەدەیان خواردن دەکرێت. دوو جۆری سەرەکی هەیە، قاوەیی و سەوز، ئینجا دەکرێت بەسادەیی یان بۆ بەیانیان لەگەڵ تێکەڵەیەک لەبەهارات و کونجی بخورێت. بۆ بەیانیان لەگەڵ زەیتی زەیتون و گوێز خواردنێکی نایاب و زۆر بەسودە، لەسوریا لەخواردنە هەرە ناسراوەکانە، بەڵام لەکوردستان زۆرکەم پێی ئاشنان !

کە بازاڕی حەمیدیە دەرباز دەکەیت، دەگەیتە مزگەوتی ئەمەوی. ئەو مزگەوتە یەکێکە لەمزگەوتە هەرە کۆنەکانی مێژووی ئیسلامیی، لە 707 لەسەردەمی وەلید کوڕی عەبدولمەلیک دروستکراوە. مزگەوتێکی گەورەو بۆ سەردەمی خۆی پرۆژەیەکی زۆر تایبەت بووە، چونکە ئەو کەرستانەی لێی بەکارهێنراوە هەندێکیان بۆ ئەو سەردەم دەگمەن بوون.

من بۆ سەردانی گۆڕی سەلاحەدینی ئەیوبی چوبومە ئەو شوێنە، چونکە گۆڕی سەلاحەدین لەبەشێکی ئەو مزگەوتەیە. بەڵام لەسەر رێی خۆم وەک خەڵکی چاوێکم بەناو مزگەوتەکەدا گێڕا. وەک خەڵکی پێڵاوەکانم داکەندو چومە ژورەوە، زۆربەی ئەوانەی بۆ سەردانی ئەو مزگەوتە دەهاتنە ژورێ کچان و ژنان بوون، بەتایبەت شیعە! بۆ سەردانی گۆڕ و شوێنەوارە ئیسلامییەکان. نەخاسمە بەپێی ئەو حیکایەتانەی لەمێژوو ئیسلامیی باسکراوە، شوێنێک هەیە لەناو مزگەوتی ئەمەوی گوایە کاتی خۆی کە حوسێنی کوڕی ئیمامی عەلیی خەلیفەی چوارەمی ئیسلامیان سەربڕیوە، سەرە براوەکەیان هێناوتە دیمەشق و لەو مزگەوتە دیانناوە، بۆیە بەشێک لەشیعەکان ئەو

دیوارە بەردەی ناو مزگەوتەکە بەپیرۆز دەزانن و سەردانی دەکەن. لەگەڵ سەردانیکردنیان بەشێک لەوانەی دەهاتنە مزگەوتەکە کە خۆیان توند پێچابویەوە لە ڕەنگی جلەکانیان و عەبا رەشی سەریان، دیاربوو شیعەبوون، لەگەڵ دوعاکردنیان بینیم سێڵفیان لەگەڵ ئەو شوێنانە دەگرت کە بەپیرۆزیان دەزانی.

❊❊❊❊

## • کورد یان موسڵمانی توندرەو یان شیوعییەکی توندڕەوبوون

## • سەڵاحەدین هیچی نەکرد بۆ کورد و ئەوانی دیکەش لەخۆکرد

لەمزگەوتی ئەمەوی هاتمە دەرەوە بەرەو گۆڕی سەڵاحەدینی ئەیوبیی، کە چەند هەنگاوێک لێیەوە دورەو لەشوێنێکی تایبەتەو جیاکراوەتەوە. بەردەم مزگەوتی ئەمەوی قەرەباڵغ بوو، خەڵکێکی زۆر رویان تێدەکرد، بەڵام گۆڕو دوا مەنزڵی سەڵاحەدین زۆر بێناز بوو! ئەوانەی سەردانیان دەکرد کەمتر بوون لەپەنجەی دەست!

ئەو شوێنەی گۆڕی سەڵاحەدینی لێیە زۆر گەورە نییە، لەژورێکی چکۆلانە سێ گۆڕ دەبینی، لە گۆڕی دەستەڕاست نوسراوە گۆڕی سوڵتان سەڵاحەدینی ئەیوبیی، بەتەنیشتیەوە گۆڕێکی بەتاڵ هەیە (واتە بەتاڵە) و راستی نییە، گوایە لەسەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لە ساڵی 1878، مەلیکی ئەڵمانیا گلیۆمی دووەم گۆڕێکی مەرمەڕی بەدیاری پێشکەش بە سەڵاحەدین کردووە، مەڕمەڕی ئەو گۆڕە لەوێ دانراوە. گۆڕی سێیەمیش گۆڕی مەلایەکی کوردە بەناوی محەمەد سەعید رەمەزان بوتیی یان (بۆتی) کە ئەویش کوردەو لە نەورۆزی 2013 لە رێی تەقاندنەوەی مزگەوتەکەی کوشتیان.

من لەسەر مەزاری سەڵاحەدینی ئەیوبی بووم و بەمۆبایل خەریکی وێنەگرتن بووم، دوو کچ بەسەرپۆش و عەباوە دیاربوو تەنها بۆ ناو مەزارەکە لەبەریان کردبو هاتنە ژورەوە، لەژێرەوە جلی مۆدەیان لەبەربوو، یەکێکیان بەکوردی بانگی ئەویدیکەی کرد، بەوە زانیم کوردن !

بۆئەوەی چەند پرسیارێکیان لێبکەم بەکوردی بەخێرهاتنم کردن، بەگەرمییەوە وڵامیان دامەوە، ئەوانیش شادبوون بەوەی منیش کوردم و بەکوردی بەخێرهاتنیان دەکەم. وتم لەکوێوە هاتوون؟ وتیان لەحەلەب لەشێخ مەقسود بۆ بینینی مەزاری سەڵاحەدین هاتوین. وتیان ئەی ئێوە؟ وتم لە کوردستان لە هەولێرەوە هاتوم. پێموتن گۆڕەکەی سەڵاحەدینی ئێمە بێنازە، کەس سەرێکی لێنادات، هەرنا لەبەرخاتری مێژووی ئەو پیاوە لەم وڵاتە، یەکێکیان وتی ما هەر کوردا تێن، ما کێ بێ ڤێدێ! واتە هەر کورد دێن، کێ بێتە سەر گۆڕەکەی!

مێژووی سەلاحەدین و لێکەوتەکانی دواتری قسەی زۆی لەسەرکراوە. پرسیاری زۆری لەبارەوە کراوە، هێشتا پرسیاری زیاتریش دروست دەبێت و ئەنجامی دیکە دەستدەکەوێت، بەلام ئەوەی بۆ ئێمەی کورد گرنگەو هەمیشە دەمانەوێ ولامێکی بڕواهێنەرمان دەستکەوێت ئەویە کە ئەگەر سەلاحەدین کورد بووە، بۆ هیچی بۆ کورد نەکرد؟

دەکرێت سەلاحەدین وەک سەرکردەیەکی کورد بناسرێت یان سەرکردەیەک لەخزمەت مێژووی عەرەب و ئیسلام بناسین؟ باشە ئەگەر لەخزمەت مێژووی ئیسلام و عەرەب بوو، بۆ ئێستا مەزارەکەی وا بێنازەو موسڵمانان و عەرەب گرنگی پێنادەن؟

سەلاحەدین ئەیوبی یەکێکە لەدیارترین سەرکردەی موسڵمانان لەمێژووی ئیسلامدا، گەورەترین دەستکەوت و سەروەریی بۆ ئیسلام بەدەستهێنا، ئەویش دەستبەسەرداگرتنی ئۆرشەلیم بوو کە عەرەب پێی دەڵێن قودس و لێستاندنەوەی لە مەسیحییەکان.

ئەو سەرکردەیەی موسڵمانان بەڕەچەڵەک کوردەو لە 1138 لە تکریت لەباشوری کەرکوک لەدایکبوە، لە 1193 کۆچی دواییکردوە، واتە تەنها 55 ساڵ ژیاوە. سەلاحەدین کۆتایی بەدەوڵەتی فاتمیەکان هێنا کە 262 ساڵ بوو بەردەوام بوو، دەوڵەتی ئەیوبییەکانی دروستکردو لە شام و عیراقەوە درێژدەبویەوە تا دەگەیشتە یەمەن و لەوێشەوە تا خواروی میسر .

بەپێی ولامی ئەو کچە شۆخانەی هاتبون بۆ سەردانی مەزاری سەلاحەدین، جاروبار مەگەر کورد بێن سەرێک لەمەزارەکەی سەلاحەدین بدەن، ئەگینا مەزارێکی بێنازەو ئەوەندە گرنگی پێنادرێت.

بێنازە چونکە کوردەو عەرەبی سوننە نایانەوێ سەلاحەدین بکەنە سیمبولی نیشتیمانیی و بیکەنە بەشێک لەمێژوو سەروەریی خۆیان، چونکە کوردەو عەرەب نییە! هەمیشە دەیانەوێ سەلاحەدین وەک فەرمانڕەواو سەرکردەیەکی ئیسلامیی بناسێنن. کەوایە بەدڵنیاییەوە نایانەوێ گرنگی بەو سەرکردە مێژووییە گەورەیە بدەن کە کوردەو کوردبونی خۆی و خانەوادەکەی نەشاردۆتەوە.

هەروەک لەپاڵ عەرەبی سوننە، عەلەوییەکانیش نایانەوێ گرنگی بەسەلاحەدین بدەن. عەلەوییەکان بەدرێژایی مێژوو رق ئەستوربوون بەرامبەر سەلاحەدین، نەک خۆشەویستیان بۆی نییە، بگرە بەهەموو شێوەیەک ناشرینییەکانی سەردەمی حوکمڕانی سەلاحەدین دەردەخەن! بەپێی سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامیی، کاتێک سەلاحەدین ئەیوبی دەوڵەتی فاتمی (شیعە) لە ساڵی 1171 دەڕوخێنێت، زۆر توند روبەڕووی عەلەوییەکان دەبێتەوە، بەوپێیەی گروپێکی لەئیسلام دەرچوو بوون. بەقسەی عەلەوییەکان لەسەردەمی سەلاحەدیندا لەبارودۆخێکی زۆرخراپدا ژیاون، روبەرووی ستەمی زۆر بونەتەوە. بۆنمونە لەدەسەلات وحوکمڕانی دورخراونەتەوەو مافی خوێندن و شایەت لێوەرگرتنی لێ وەرگرتونەوە، تەنانەت گوایە لەمیسر ژن و پیاوی عەلەوی لەیەکتر دورخستۆتەوە تاوەکو رەچەڵەکیان ببڕێتەوەو نەتوانن نەوەی نوێ بخەنەوە! بەقسەی عەلەوییەکان ئەو توندوتیژییەی سەردەمی سەلاحەدین وایکرد روبکەنە شاخەکان و بەشێکیان لەشکەوت و ناوچە دورەدەستەکان بژین .

ئەوەی باسدەکرێت زیاتر عەلەوییەکان دەیوروژێنن و بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵام بەشێکی دیکەی مێژوونوسانی عەرەب سەلاحەدین بە سەرکردەیەکی مێژوویی پێناس دەکەن و پێیانوایە سەلاحەدین ئەیوبی مێژووی ئیسلام و ناوچەکەی گۆڕیوە.

لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە، عەلەوییەکان رقێکی زۆریان بەرامبەر سەلاحەدین هەیە، ئێستاش کە حوکمی سوریا دەکەن، بەدڵنیاییەوە نایانەوێ گرنگی بە سەلاحەدین و مێژووی سەلاحەدین بدەن.

عەلەوییەکان بۆخۆیان گوایە تایفەیەکی توندڕەوی شیعەن و لە سەدەی نۆیەمی زاینی (سەدەی سیٍّیەمی کۆچی) لەسەردەستی محەمەد کوڕی نەسیر دروستکراوە. هەندێک سەرچاوە دەڵێن عەلەوییەکان گروپێکی توندڕەوی شیعەن، بەڵام هەڵسوکەوت و ئاکاری ئەو گروپە شیکردنەوەو قسەی دیکە هەڵدەگرێت کە رەنگە دوربێت لەئیسلام و دواتر دەکرێت قسەی لەسەر بکەین.

دیسان دەتوانین بڵێین مەزارەکەی سەلاحەدین بۆیە بێنازە، چونکە لەسەردەمی خۆیدا شتێکی بۆ نەتەوەو نیشتیمانە راستەقینەکەی خۆی نەکرد کە کوردو کوردستانە،

ئەمەش بەدرێژایی مێژوو جێی مشتومڕ بووە! هەمیشە گفتوگۆو باسێکی گەرم لەسەر کوردبونی سەڵاحەدینی ئەیوبی هەبووە، کورد بوون بەومانایەی شتێکی بۆ کورد نەکرد بۆیە ناکرێت وەک سەرکردەیەکی کورد بناسێنرێت. ئەمە وایکردووە کوردیش روو نەدەنە سەڵاحەدین و وەک بەشێک لەمێژووی کورد لێی نەڕوانن، بۆیە کوردایش ئەوەندە سەردانی مەزارەکەی ناکەن. سەرەنجام سەرباری ئەوەی سەڵاحەین سەرکردەیەکی زۆر کاریگەربووە لەمێژووی ئیسلام و ناوچەکە، بۆ ماوەیەکی درێژ بارودۆخی ناوچەکەی بەتەواوی گۆڕی، کەچی نە عەرەب دەیەوێ وەک سەرکردەیەکی مەزنی کورد بیناسێنێت و پیرۆز رایبگرێت و نە هیچیشی بۆ کورد کردووە تا کورد وەک سەرکردەیەکی ئازا شانازیی پێوەبکات.

لەپاڵ گۆڕەکەی سەڵاحەدینی ئەیوبی لەو مەزارەدا، گۆڕێکی دیکە هەبوو ئەویش هی کۆڵکە مەلایەکی ناسراوی کورد بوو لەدیمەشق، ئەویش محەمەد سەعید رەمەزان بوتی. ئەو پیاوە کوڕی زانایەکی ناسراوی ئاینی ئیسلامییە کە شێخ سەعید رەمەزان بوتییە.

محەمەد سەعید رەمەزان بوتی (بۆتی) مەلایەکی کورد بوو، خەڵکی بۆتان بوو، لە 1929 لەجەزیرەی بۆتان لەدایکبوەو باوکیشی زانای ئیسلامیی بووە، زانکۆی ئەزهەری تەواو کردووە، لەرژێمی سوریا نزیک بووە لە نەورۆزی 2013 بەهۆی تەقینەوەیەک لە مزگەوتێکی ناسراوی دیمەشق بەناوی ئیمان، خۆی و 42 کەسی دیکە کوژران.

محەمەد رەمەزان بوتی لەرژێمی سوریا نزیک بوو، داکۆکی لەرژێمی بەعسی سوریا دەکرد، خۆی بەئیخوان دەزانی، لەیەکێک لە لێدوانەکانی لەباسی هەرێمی کوردستان قسەی زۆر ناڕەوای دەکرد، بۆنمونە لە وتارێکی رۆژی هەینیدا لەسەرەتای روخانی سەدام، وتبوی "ئەگەر لێم بپرسن ئەوانەی هەرێمی کورستان میللەتی تۆن؟ من دەڵێم میللەتی خۆم لەژێر پێم دەنێم!!" بەوپێیەی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەماهەنگی لەگەڵ ئەمریکا کردووە بۆر وخانی سەدام.

ئەو مەلایە سەربارى ئەوەى دەیگوت من موسڵمانم نەک کورد، بەڵام چەند بەرهەمێکى ئەدەبى ناسراوى کوردى وەرگێڕایە سەر زمانى عەرەبى، وەکو (مەم و زین) و (سیابەندو خەجێ.(

محەمەد سەعید رەمەزان بوتى لەرژێمى سوریا زۆر نزیک بوو، لە 4ى نیسانى 2003 دا واتە لەگەرمەى روخاندنى رژێمى بەعسى عیراق، لەوتارى رۆژى هەینیدا زۆر بەتوندى هێرشیکردە سەر خەڵکى هەرێمى کوردستان و سەرکردەکانى کورد، لەو وتارەدا وتى ئەوەى لەکوردستان دەگوزەرێت بەهاوکاریکردنى ئەمریکا بۆ روخانى سەدام خیانەتە! هێرشێکى زۆر ناڕەواى کردە سەر پێشمەرگەو وتى ئەگەر ئینتیمام بۆ ئەو خیانەتکارانەبێ، ئەوا ئینتیمام دەخەمە ژێر پێڵاوەکانم!! هەروەک هێرشى توندى کردە سەر سەرۆک مامجەلال و مەسعود بارزانى!! دواى ئەو وتارەى، لەلایەن بەشێک لەکوردانى دیمەشقماڵەکەى بەردباران کرا.

ئەو مەلایە کوردە ماڵى لەگەڕەکى کوردان بوو کەئێستا پێى دەڵێن (رکن الدین)، دواى ئەو وتارە هێرشێکى زۆرى کرایەسەر لەلایەن گەنجانى کورد لە گەڕەکەکە، گوشارى زۆریان هێناو ناچار کوڕەکانى رونکردنەوەیان لەبرى باوکیان داو داواى لێبوردنیان لە گەلى کوردستان کرد. وتیان باوکمان پیربوەو لەسەرخۆ نییەو ئەقلى لەدەستداوە! دواتر کەسایەتى و خەڵکى دیارى گەڕەکەکە هاتنە نێوان و ئەوانیش داوایانکرد ئینجا گەنجانى کورد هێوربونەوە، بەڵام دواى ئەو وتارە مەلا محەمەد رەمەزان بوتى بەتەواوى ناشرین بوو لەنێو کورد لە شام.

لەگەڵ ئەوەى مەلا محەمەد سەعید رەمەزان لەگەڵ رژێمى سوریا بوو، پشتیوانى رژێمى بەعسى سوریاى دەکرد، لەبەرامبەردا پیاوێکى وەکو شێخ محەمەد مەعشوق خەزنەوى، پیاوێکى نیشتیمانپەروەرو داکۆکیکارى گەورەى ماف و داواو خواستى خەڵک بوو.

شێخ محەمەد مەعشوقى خەزنەوى شێخى تەریقەتى نەقشبەندى، پیاوێکى زۆر ناسراوى سوریاو رۆژئاواى کوردستان بوو. پێشتر موریدو شوێنکەوتویان لەسەرتاسەرى سوریاو باکورى کوردستان و باشورى کوردستان هەبوو، لە

وتارەکانی خۆیدا بەگژ دەسەڵاتدارانی سوریاو ناهەقیەکان دەچویەوە، بۆیە دوای 10 رۆژ دیارنەمان و رفاندن لە 2005/6/1 بەشەهیدکراوی لەدیمەشق دۆزرایەوە. هەر دوای ئەو رووداوە برایەکەی بەناوی شێخ محەمەد خەزنەوی لە 25ی ئۆکتۆبەری 2005 لەکاتی گەڕانەوەیان لەمەککەوە بۆ مەدینە لەرووداوێکی تەمومژاویی خۆی و دوو کوڕی و ژنەکەی گوایە بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبێل گیانیان لەدەستداوە! لەهەردوو رووداودا پەنجەی تۆمەت بۆ رژێمی سوریا درێژ کراو بکوژەکانیش ئاشکرا نەکران.

تیرۆرکردنی مەعشوق خەزنەوی دوای ئەوەدێت کە ویستی کەمێک لە سیاسەت نزیک ببێتەوەو بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی کوردیی دابمەزرێنێت، بەڵام بەقسەی سەرچاوەکان موخابەراتی سوریا ئەم هەوڵەیان لەناوبرد.

لەپاڵ ئەوەی بەشێک لە پیاوە دینیە ناسراوەکانی سوریا کورد بوون، وەک شێخی خەزنەوی و محەمەد سەعید رەمەزان و ئەحمەد کەفتارۆ کە یەکێکە لەدیارترین زانا ئیسلامییەکان، هاوکات دەبینین کورد لەیەکەمەکانی کەسایەتییە عەلمانیەکانیشن، بۆنمونە خالد بەکداش کە سکرتێری ئەمینداری حزبی شیوعی لە ساڵی 1933 وە تا 1995 واتە بۆماوەی 62 ساڵ!

بەهەمانشێوەی سوریا، لەعیراقیش چوار (سکرتێری) حزبی شیوعی کورد بوون (عەزیز محەمەد، کەریم ئەحمەد، بەهائەدین نوری، حەمید عوسمان). نازانم ئەوە رێککەوتە یان پەیوەندی بەوەوە هەیە کە حزبی شیوعی حزبێکی (ئومەمی) یە، واتە ناقەومییە، کوردیش وەک نەتەوەیەکی بندەست و داماو، ویستبێتی لەرێی حزبی شیوعییەوە بتوانێت هەناسەیەک بدات، چونکە حزبی شیوعی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە داکۆکی لەکەمینەو ستەملێکراوان دەکەن !

لەعیراق کەمینەیەکی وەک سوننە حوکمڕان بوون ماوەی نزیکەی هەشتا ساڵ، لەوماوەیەدا جگە لەکورد زۆرترین سەرکردەو کەسە دیارەکانی حزبی شیوعی شیعە بوون، ئەوەش دیسان دوپاتیدەکاتەوە کە پێکهاتەو میللەتە ستەملێکراوەکان بەدوای دەریچەیەک گەڕاون خۆیان لێ ببینەوەو بتوانن خەم و گرفتەکانیان لێ چارەبکەن، بەڵام بێگومان حزبی شیوعی نەیتوانی ئەو رۆڵە بگێڕێت کە هەم کوردو هەم شیعە

هیوایان لەسەر چنی، بەتایبەت دوای نزیکبونەوەی حزبی شیوعی لە حزبی بەعس لەکۆتایی شەستەکانی رابردوو بەدواوە.

- لێپرسراوانی سوریا مۆبایل بەکارناهێنن.
- چایخانەکانی دیمەشق شوێنی جموجۆڵی سیاسی و ئەدەبی بوون

یەکێک لەئەرکە گرنگ و گرانەکانم بینینی لێپرسراوانی بەعس بوو لە دیمەشق، چونکە بەهیچ شێوەیەک بۆ راگەیاندنی جیهانیی و عەرەبی و ناوچەکە قسە ناکەن مەگەر چەند کەسێکی دیاریکراو، لێدوان و قسەکردنەکانیشیان تەواو سنورداره!

من دەمویست پرسیاری دۆخی ئێستای سوریاو داهاتووی ئەو وڵاتەو چارەنوسی کورد لەنێو ئەو بارودۆخە لە لێپرسراوان بکەم، بۆمن وەک رۆژنامەنوس پێویست بوو بابەتیانە مامەڵە لەگەڵ نوسین و باسکردنی سوریا بکەم. بەدڵنیاییەوە خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی گشتیی پرسیاریان لەبارەی دۆخی سوریاو تێگەیشتنی رژێمی سوریا بۆ دۆزی کورد هەیە. رەنگە پرسیار بکەن بزانن رژێمی سوریا پرۆژەی بۆ کورد چییەو چۆن دەڕوانێتە خواست و داواکارییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد؟ بۆیە هەوڵمداوە وڵامی زۆرترین ئەو پرسیارانە تۆماربکەم کە لای من و خەڵک دروست بووە.

لەشام لێپرسراوانی بەعس بەشێوەیەکی گشتیی بەهۆی دۆخی ئەمنی و ترس لەتۆبباران و موشەک باران یان لێدانیان بەفرۆکە مۆبایل بەکارناهێنن! تەنها تەلەفۆنی بەتەل (تەلەفۆنی بەوایەر) بەکاردێنن! ئەگەر بتەوێ لێپرسراوێکی سوریا ببینی زۆر زەحمەتە، چونکە نازانی لەکوێیەو چۆن دەتوانی ببینی! وڵاتێکی کراوەش نییە بتوانیت بەئاسانی بچیتە نوسینگەکانیان و داوای بینینیان بکەیت! بەڵکو دەبێ کەسێک لەونیوانەدا هاوکاربێت بۆ بینینی لێپرسراوان. جارێ بەهیچ شێوەیەک فەرماندە سەربازییەکان لێدوان بۆ رۆژنامەنوسان نادەن، ئەوەی دەمێنێتەوە بەشێک لەسەرکردایەتی و لێپرسراوانی حزبی بەعس کە بەجۆرێک لەجۆرەکان جار جار قسە بۆ رۆژنامەنوسان دەکەن.

رۆژی دووەمی سەفەرەکەم وەک رۆژانی دیکە زوو لەخەو رابووم، هەرچۆنێک بێت لەڕێی ئەو دۆستانەی لەوێ هەبوون چەند پەیوەندییەکم رێکخست. من مەبەستم بوو خەڵکی جیاواز ببینم، هەر لە ئەندامانی سەرکردایەتی بەعس بگرە تا ئەوانەی ناویان لەخۆناوە ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆو ئەو کوردانەی لەپەرلەمان یان دامودەزگاکانی دەوڵەت کاردەکەن و ناو ناوبانگیان هەیە.

لەو بەعسیانەی کە بینیمن و گفتوگۆیەکی بابەتیانەم لەگەڵیداکرد د. خەلیل مەشهەدی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعس بوو، پارێزگاری پێشوی لازقیەو قنێترە بوو. ئەو پیاوە بۆخۆی پزیشکی نەشتەرگەری گشتیی بوو، دانی بەبەشێک لەو هەڵانەدا دەنا کە لەرابردوو دەرهەق بە کورد لە سوریا کراوە، بەتایبەت دواکەوتنی پێدانی ناسنامەی نیشتیمانیی بەو کوردانەی لەسەرەتای شەستەکانی رابردوو لەچوارچێوەی سیاسەتی بەعەرەبکردن رەگەزنامەی سوریایان لێوەرگیرایەوە یان بێبەشکران، هەروەک چاوم بەچەند کەسایەتییەکی میانڕەوی بێلایەن کەوت، بەڵام ئامادەنەبوون چاوپێکەوتن بکەن.

لەشوێنێکی تایبەتدا لەگەڵ دکتۆر خەلیلدا ماوەیەکی درێژ گفتوگۆمان کرد. ئەوپیاوە لەسەرخۆو هەندێجار واقعیانە دانی بەڕاستییەکاندا دەنا، بەڵام سەرەنجام پیاوێکی بەعسی بوو. لەبەشێک لەبۆچونەکانی وەک بەعسیەکانی عیراق و سوریا بیری دەکردەوە، بوەشێک لەروداوەکانی ناوچەکە، بەسیناریۆی ئەمریکاو جولەکە تێدەگەیشت!

لەگەڵ هەموو ئەوانەی گفتوگۆی سوریاو دۆخی کوردم دەکرد، چ ئەوانەی بەعسی بوون، یان خۆیان بە ئۆپۆزسیۆنی ناوەوە دەزانی هەستت لەبارەی چارەسەری کێشەکانی ناوخۆی سوریا، چ کێشەی داهاتووی ناوخۆی سوریا یان چارەسەری دۆزی کورد لەو وڵاتە هیچ پرۆژەیەکیان نەدەخستەڕوو روون و دیار بێت! لەباشترین بارودۆخدا دەیانگوت ئێمە هاوڵاتی سوریاین و شەریکین لەم وڵاتە، پێویستە بەیەکەوە بژین! بەکورتی خۆیان لەئەسڵی بابەتەکە دەدزیەوە کە پەیوەندی بەمافی نەتەوەیی گەلی کوردەوە هەبوو.

بارودۆخی ناوخۆی سوریا زۆر تایبەتە، چەند جۆرێک ئۆپۆزسیۆن و نەیاری دەسەڵاتی دیمەشق هەیە، یەکێکیان کوردەو جگە لەداواو خواستی دیموکراسی، هاوکات داواو خواستی قەومیشی هەیە. یەکێکی دیکە ئەو ئۆپۆزسیۆنانەن کە لەلایەن سعودیەو قەتەر یان لەلایەن تورکیاوە پشتیوانی دەکرێن و هەندێجار بەشداریان پێدەکرێت لەگفتوگۆکانی جنێڤ و ئەستانە بۆ چارەسەری کێشەکانی ناوخۆی سوریا. بەشێکیشیان ئەو گروپە تیرۆرخواز یان توندڕەوە ئیسلامیانەن کە لەلایەن بەشێک لە

وڵاتانی کەنداو و تورکیاوە پشتیوانی دەکرێن. دوایین ئۆپۆزسیۆنیش ئەوانەن کە لەدیمەشق بونیان هەیەو گوایە دەیانەوێ بەشێک لەواقعی سوریا بگۆڕن، ئەمانە ئەوانەن زیاتر لەرژێمی سوریا نزیکن و پشتیوانی دەکرێن، پێیان دەڵێن ئۆپۆزسیۆنی ناوەوە (موعارەزەی داخل.(

ئەورۆژە چەند دیدارێکی رۆژنامەوانیم تۆمارکرد، بەجۆرێک لەترس مامەڵەم لەگەڵ کۆی بارودۆخەکە دەکرد، بۆیە هەموو یاداشت و تێبیانەی لای خۆم بوو دوبارە بەشێوازی دیکە هەڵمدەگرت و هەوڵمدەدا دڵنیابم لەپارێزگاری لێکردنیان.

کەشوهەوای دیمەشق جیاواز بوو لەلای خۆمان، فێنکیەکەی بەلای ساردیدا بوو، بەڵام بێزاری نەدەکردی. بۆ ئێوارە خواردنگەیەک هەبوو لەلای ئەو شوێنەی لێی دەمامەوە، لەوێ هەم یاداشتەکانی ئەو رۆژەم تۆماردەکردو بەجوانی تێبینی سەرنجەکانم دووبارە دەنوسییەوە، هەمیش وتم تا شەو دادێت و ئەو هاوڕێیەی هاوکاری دەکردم دێتەلام و دواتر دەچینە شوێنی دیکە.

دانیشتن لەخواردنگەکانی شام زۆر خۆشە، هەموو جۆرە خواردنێکی ناوچەیی خۆیانیان هەیەو لەهونەری خواردن دروستکردن زۆر زیرەکن، هەروەها هەرجۆرە خواردنێک بەوشێوەیەی حەزت لێیە بۆت ئامادە دەکەن، رێزو لوتفی بەخێرهێنانیان وەک ئەوەیە خۆت خاوەن ماڵ بیت، ئەمە واتلێدەکات زیاتر چێژ لەدانیشتن وەرگریت.

من لەبەر بارودۆخی ئەمنی نەچومە هۆتێل، ئەو شوێنەی لێی دەمامەوە خۆش نەبوو، بەڵام بۆ کەسێک بیەوێت کارێکی دیاریکراو بکات ئەوا زۆر باش بوو. شوێنێک بوو زۆر لێی دڵنیابووم و گونجاوبوو، نەخاسمە بۆ من وەک رۆژنامەنوسێک کە چومەتە وڵاتێک هێشتا ئاسایشی لێ سەقامگیر نەبووەو خەڵکی لەوڵاتانی دونیاو تەنانەت دەوروبەریش رووی تێناکەن.

بۆ ئێوارە نیوسەعاتێک خەوتم، تابتوانم شەو لەگەڵ ئەو هاوڕیانەم بچمە دەرەوەو لانیکەم شەوانەی دیمەشق ببینم و چەند شوێنێک بگەڕێم. بۆ ئەو شەوە ئەو هاوڕێیەی لەگەڵم بوو پێشنیاری کرد چایخانەیەکی ناسراوی دیمەشق بەناوی (رەوزە) ببینم. ئەو چایخانەیە لە ساڵی 1937 دروستکراوەو یەکێکە لەناسراوترین قاوەخانەکانی دیمەشق،

چاخانە یان قاوەخانەیەکی سادەیەو خەڵک بەدەم دۆمینەکردن و نێرگیلەکێشان خەریکی کات بەسەربردنن.

شەوانە ئەو چایخانەیەو چەند چایخانەیەکی دیکە جمەیان دێت، کە دەچیتە ژورێ چڕەدوکەڵی جگەرەو نێرگەلە بەرچاوت دەگرن، کوڕان و کچان و خێزانەکانی دیمەشق دانیشتون و هەندێکیان نێرگەلە دەکێشن و هەندێکیش هاوار هاواری دۆمینە کردنیتیان !

کچانی دیمەشق زۆر ئازادن لەچونە دەرەوە، بەشێک لەمێزەکانی چایخانەکە کچانی دیمەشق بوون و بەیەکەوە هاتبونە دەرەوەو تا درەنگانی شەویش دەمانەوە. هەندێکیان خەریکی دۆمینەو هەندێکیشیان یاری کۆنکان. بەدەم یاریکردنیشەوە قاوەو چا دەخۆنەوەو هەیشیانە کەم ناکەمێک سەرمێزی یاریکردنەکەیانی دەکردە چڕەدوکەڵی نێرگیلە!

کەس تەماشای کەسی نەدەکرد، ماوە ماوە شاگردێک دەهات و دەیگوت معەلم هیچ خزمەتت نییە؟ بەدەم خەندەوە هەرشتێکت داواکردبا ئەوا دەیگوت توئمور یا معەلم! من نەمدەزانی نرخی چا چەندە، بەڵام هەرجارەی لەچایخانە دانیشتباین لەماوەی ئەو چەند رۆژە، هەزار دوو هەزار لیرەم دەدا کابرا، دەمزانی نرخی چا خواردنەوەکە زۆر هەرزانترە، چونکە خواردن و خواردنەوە لەوێ ئەوەندە هەرزان بوو، بەراورد ناکرێت بەکوردستان.

بێگومان کاتێک دەڵێم هەزار لیرە، بۆ ئێمەمانان زۆر نەبوو، بەڵام بۆ خەڵکی ئەوێ ئەو بڕە پارەیە زۆرە، ئەوکاتەی من لەوێ بووم داهاتیان زۆر کەمەو نرخی خۆراک و شتومەکیش زۆر کەمە. هەر 100 دۆلارێک بە 52 هەزار لیرەبوو. بەراورد بە 2016 کە من چومە رۆژئاوای کوردستان زیاتر لە 20% پارەکەیان دابەزیبو، چونکە ئەوکاتە بە 39 هەزار لیرە بوو! بەڵام بۆ کۆتایی هەمان ساڵ واتە 2019 نرخی لیرە لەپڕ زۆر دابەزیی و گەیشتە نزیکەی 100 هەزارو لە 95 هەزار وەستا، کە ئەمە دابەزینێکی بێوێنەبوو لەمێژووی لیرەی سوریادا.

گۆڕینەوەی دۆلار لەدیمەشق یەکێکە لەگرفتەکان، ئەگەر لەبازاڕو لەو شوێنانەی کەحکومەت مۆڵەتی گۆڕینەوەی دراوی پێداون پارە بیگۆڕیتەوە، ئەوا زەرەرێکی زۆر

دەکەیت، چونکە لەو شوێنانە بە 43 هەزار لیرە بوو، کەچی لەشوێنی تایبەتی دیکە بە 52 هەزار لیرە بوو، ئەمەش جیاوازییەکی گەورەیە کە دەیکرد نزیکەی 18 دۆلار بۆ هەر 100 دۆلارێک!!

کوڕێک هەبو ناوی ئەحمەد بوو، هاوڕێی ئەو هاوڕێیەی من بوو لەدیمەشق، من بە ئەحمەد پارەم دەگۆڕیەوەو دۆلارەکەی لێ وەردەگرتم و بەنرخی بازاڕ بۆی دەگۆڕیمەوە، نەک نرخی بانکەکانی سوریا.

ئەوشەوە بەدەم باسکردنی مێژووی چاخانەکانی سوریاو بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستان و باری کۆمەڵایەتی دیمەشق، درەنگمان بەسەرخۆماندا هێنا. منیش بەردەوام تێبینی و سەرنجی خۆم لەو هاوڕێیەم وەردەگرت و ڕۆژگاری ئەوێم تۆمار دەکرد، بەڵام لەسەر کاغەزی بچکۆلانە تۆمارم دەکرد، چونکە نەدەکرا من دەفتەرێک دانێم و تێبینی و سەرنج بنوسمەوە! دواتر بەیانیان لەسەر مێزی نانخواردن تێبینی و سەرنجەکانم دوبارە دەخستەوە سەر ئەو دەفتەرەی کە کۆی یاداشتی گەشتەکەم تێدا تۆمار دەکرد.

ئەوشەوە لەچاخانەی ڕەوزە سەرنج و تێبینی زۆرم لەسەر باری کۆمەڵایەتی تۆمارکرد، نەخاسمە کچانی شۆخی شام بەیەکەوە یان لەگەڵ یارانیان دانیشتبون و هەندێجار قاقای پێکەنینیان دەوروبەریان وەئاگا دەهێنا! جلوبەرگی مۆدەو کرانەوەیەکی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو !

من لوبنانم بینیوە، لوبنان وڵاتێکی خۆشەو سەرنج ڕاکێشە، بەڵام جیاوازی لەنێوان باری کۆمەڵایەتی لوبنان و سوریادا زۆر دەبینم. لە لوبنان کچان و کوڕانی لوبنان بەجۆرێک لەخۆڕازیبون و لەخۆباییبونەوە تەماشای بیانیان دەکەن، زۆر چاولێکەرن و دەشێت شتێکی نوێ لەتەلفزیۆن ببینن و ڕۆژی دواتر چاوی لێبکەن، بەتایبەت کچانیان! بەڵام کچان و کوڕانی شام بەوشێوەیە نەبوون، وەک ئەوەی بڵێین ئێمە خاوەنی شارستانیەت و جۆرێک لەڕۆشنبیری تایبەتین و پێویستمان بەم نمایشە نییە !

کچانی شام بەوپەڕی متمانەوە دادەنیشتن و هەمیشە بۆ بەرامبەرەکانیان رۆح سوک و بێ فیز بوون، هەمیشە ئەو هەستەیان پێدەدایت کە نەتۆ بیانیت و نەئەوانیش غەریبن، بۆیە مرۆڤ لای خۆیەوە خێرا دەکرایەوەو دەیتوانی بیاندوێنێت. هەر ئەوشەوە چەند وێنەیەکی ناو چاخانەکەم بە مۆبایلەکەم گرت، چەند کچێک لەمێزەکەی بەرامبەر ئێمە دانیشتبون، یەکێکیان زۆر جوان نێرگەلەی دەکێشا. منیش دەمویست وێنەیەکی ئەو نێرگەلە کێشانە بگرم و لەڕێی ئەو وێنەیەوە دیمەنی چاخانەکانی شام پێشان بدەم.

لەکوردستان بەتایبەت لەهەولێر قاوەخانە یان چایخانەی زۆر هەیە کە نێرگەلەی تێدا دەکێشرێت، بەتایبەت چەندساڵێکە بووە بەنەریتێکی باو و چایخانەیەکی ئێجگار زۆر کراوەتەوە کە نێرگەلەی تێدا دەکێشرێت. لەبەشێکیان دەبینین ژمارەیەک کچ و ژن دانیشتون و نێرگەلە دەکێشن! ئەوانە زۆربەیان کچ یان ژنی عەرەبن و بەپارە لەوشوێنانە کاردەکەن نەک خەڵکی شارەکە بن یان میوان بن و هاتبن بۆ کات بەسەربردن! بەڵام لە دیمەشق ئێواران کچان و کوڕانی شار دێنە ئەو شوێنانەو کات بەسەر دەبەن، دیمەنێکی زۆر جوانی شارستانییەو بەبێ دەنگی قسەو گفتوگۆی خۆیان دەکەن.

ئەو چایخانانەی هەن تەنها شوێنی کۆبونەوەی کۆمەڵایەتیی و دیداری خۆشەویستان و کات بەسەربردن نییە، ژمارەیەکی زۆر چایخانەی ناودار هەیە، بۆنمونە چایخانەی نەوفەرە، چایخانەی هافانا کە لە 1945 دروستکراوە، پێشتر خاوەنەکەی ویستی بیکات بەدوکانی جلوبەرگ بەڵام بەبڕیاری حافز ئەسەد کرایەوە چایخانە..تد ئەو چایخانانە هەردەم شوێنی گفتوگۆو راگۆڕینەوەو دیداری ئەدەبی و رۆشنبیریی بووە، لەوە واوەتر زۆربەی بزوتنەوە سیاسییەکانی سوریا لەچایخانەکان لەدایکبون. دەبینین یەکەم کۆنگرەی حزبی بەعسی سوریا لەچایخانەیەک بوە بەناوی رەشید !

ئەوەی من تێبینیم کردو پرسیاری زۆرم لەبارەوە کرد، هیچ چایخانەیەک یان شوێنێکی دیاریکراو بۆ خڕبونەوە یان کۆبونەوەی دەستەبژێری کورد لە دیمەشق نەبوو، هیچ بزوتنەوەیەکی سیاسی یان ئەدەبی کورد لە دیمەشق یان شام بونی نەبوو.

نوسەرانی کورد هەبوون کە بەعەرەبی دەیاننوسی، بەڵام ئەوانە زیاتر لەکۆڕی ئەدەبیانی عەرەبی بەشداریان دەکرد.

تا سەعات 11 ی شەو لە چایخانەی رەوزە دانیشتین، من و ئەو هاوڕێیەم بەدەم نوسینەوەی سەرنج و تێبینی و گفتوگۆی شام کاتمان بردەسەر، جارجارەش نیگای ئەو کچە شۆخانە کاتەکەی زۆر خێراتر دەکرد. چرە دوکەڵی نێرگەلەو جگەرە ژورەکەی داپۆشیبو. گۆرانی کلاسیکی وەک ئوم کەلسوم و جۆرج وسوف و مەیادە حەنناوی، سەباح فەخری..تد سەعات و کاتی لەبیر بردبوینەوە.

شەو درەنگ، هیواش هیواش لەشاقامەکانی سەنتەری شار بەپیاسە دەگەڕاینەوە شوێنی حەوانەوە، بۆمن کاتەکە درەنگ بوو، بەڵام بۆ ئەو هاوڕێیەی لەگەڵم بوو هێشتا سەر لەئێوارەبوو، چونکە شەوی ئەوان درێژە دەکێشێت.

بەدەم رێگەوە بەگفتوگۆو قسەوباسی سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەبەردەم یانەیەکی شەوانە وەستا، وتی دەبا سەرێک لێرە بدەین! منیش قسەیەکم نەکرد. کەچوینە ژورەوە شوێنێکی زۆر بچوک بوو، دە بۆ دوازدە کەسێک دانیشتبون، ژن و پیاو. کە ئێمە چوینە ژورەوە ئەوان لەگەرمەی گۆرانی وتن و شیعر خوێندنەوەدا بوون، ئێمەش بە زۆر شوێنی خۆمان لەسەر مێزێک کردەوە کە تەنها شوێنی دووکەس دەبویەوە.

لەوەدەچو ئەو شوێنە کەمێک تایبەت بێت، تایبەت بەو مانایەی ئەوانەی هاموشۆی ئەو شوێنەیان دەکرد یەکتر بناسن و میوانی بەردەوامی ئەو شوێنەبن. ئەوانەی دانیشتبون هەمویان هونەرمەندو نوسەرو رۆژنامەنوسی دیاری عەرەبی بوون، دانیشتنەکەیان ئەوەندە خۆش بوو حەزتنەدەکرد هەستی! ئەو رەفیقەم وتی ئەوانە دەستەبژێری خەڵکە رۆشنبیرەکەی شارن. بەڕێککەوت یەکێکیان کورد (فەیلی) بوو دەمێک بوو عیراقی بەجێهێشتبو، بەناوی کەوکەب هەمزە کە ئاوازدانەرێکی ناسراوبوو، هەروەها عادل مەحمود رۆمانوسێکی ناسراوی شام بوو.

یەکێک گۆرانی دەوت ئەوانی دیکە بەدوایدا دەیانوتەوە، یەکێک شیعری دەخوێندەوە ئەوانی دیکە بۆیان تەواو دەکرد! زۆرجوان گۆرانییەکانی عەبدولحەلیم حافزو وەدیع سافی و سوهام رفقی و سەعدون جابریان دەگوتەوە. جار جار یەکێکیان

هەڵدەستایەوە سەمای دەکرد، لەهەندێ کۆپلەی گۆرانییەکان دوو دوو دەستی یەکتریان دەگرت و بەرزیان دەکردەوە وەک ئەوەی سەما بکەن.

زۆربەیان بەتەمەن بوون، چیرۆکی عیشیقی خۆیان کردبوە شیعرو بەتامەزرۆوە دەیانگوت، هەیشیان بوو یادەوەرییەکانی لاویێتی و ژوانی یارەکەی تێکەڵ بەگۆرانییەکان دەکردو بەدەنگی زۆر بەسۆزەوە دەیگوت، جارجارەش بێدەنگ دەبوون و یەکێک نوکتەیەکی دەگێڕایەوە ئەوانی دیکە بەپێکەنین و قاقای چێژبەخش تەواویان دەکرد..هتد.

ئەو شوێنە ناوی (رەجا) بوو، من زۆر سەرسام بووم بەو دانیشتنە. لەکوردستان شوێنێکی ئاوهام نەبینیبو کە گروپێک بەیەکەوە هەریەکە لەشوێنێکەوە هاتبێت و ئەوەندە چونیەک بەیەکەوە، شەو بڕازێننەوە، جا نەخاسمە ژن و پیاو بەیەکەوە دانیشتبن و بخۆنەوە.

بەدەم گۆرانی و سەمای ئەوانەوە، خۆم مەشغول کردبو بەتۆمارکردنی ئەو دیمەنانەی لەو شوێنە دەمبینی، ئەوانەی دانیشتبون جار جارەش ئاوڕێکیان لەئێمە دەدایەوە پێکیان بەرزدەکردەوەو جگە لەبەخێر هێنان، دەیانگوت بەخۆشی ئێوەوە، وەک ئەوەی حەزیان بەهاتنی ئێمە کردبێت. لەوشوێنە جگە لەدەنگی ئەو گروپە گوێت لەدەنگی گۆرانی تۆمارکراو نەبوو.

ئێمە زۆر دانەنیشتین، هەم درەنگ بوو، هەمیش بەنیازی مانەوە نەبوین، تەنها من حەزمکرد ئەو شوێنە ببینم. لەگەڵ هەستانی ئێمە بۆ رۆیشتن ئەوانیش لەگەڵ ئێمە خۆیان کۆکردەوە بەیەکەوە و چونە دەرەوە، لەبەردەم دەرگایشەوە هێشتا گفتوگۆیان کۆتایی نەهاتبو! ئیدی بەگەرمی خواحافیزیان لەیەکتر کرد، ئێمەش دوبارە بەپێ بەرێکەوتین بۆ شوێنی مانەوە.

- **سێ ملیۆن کورد لە سوریاو یەك ملیۆن کورد لەشام هەیە.**
- **کورد لەشام کاریگەری گەورەیان هەبووە**

من بەدوای هەموو شوێنەوارێکی کورد لەشامدا دەگەڕام، دەمهەویست هەمووشتێک تۆمار بکەم، ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو، جگە لەباسکردنی مێژوو ژیانی کورد لەوناوچەیە، هاوکات تۆماری ساتێکی مێژوو بوو لەسوریا بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی گفتوگۆکانی کوردو رژێمی سوریاوە هەبوو.

لەبەرئەوەی ژمارەی کورد لەشام زۆرە، ناوی کوردو مێژووی کوردو شوێنەوارو شوێنی نیشتەجێبونی کوردان بۆ هەموو خەڵکی شام ئاشنایە. دەتوانین بڵێین کورد لەشام وەک دانیشتوان ئەوەندە جێی ترسی سیاسی نییە، بۆیە بەئاشکرا ناوی کورد دەهێنرێت و کوردەکانیش بەئاشکرا کوردبونی خۆیانن راگەیاندووە.

تائێستا ئامارێکی ورد یان رەسمیی باوەڕپێکراو لەبارەی ژمارەی کورد چ لەسوریا یان لە شام بەردەست نییە، بەپێی پێشبینی نارەسمیی ژمارەی کورد لەسوریا بەو کوردانەیشی لەحەلەب و شام نیشتەجێن، دەگاتە 3 ملیۆن کەس، واتە نزیکەی لە 16% بۆ 17%ی دانیشتوانی سوریا کە ئێستا 18 ملیۆنی تێپەڕاندووە.

بەقسەی زۆربەی ئەو سەرچاوانەی باس لەبونی کورد لەشام دەکەن، ژمارەی کورد دەگاتە یەک ملیۆن کەس. چەند رۆژێک بەر لە سەردانەکەم، (بوسەینە شەعبان) راوێژکاری سیاسی سەرۆکی سوریا رایگەیاندبوو، کە ژمارەی کورد لەشام دەگاتە یەک ملیۆن کەس، ئەمەش بەڵگەیەکی روونە کە کور لەشام ژمارەیان لەملیۆن زیاترە.

دەکرێت بڵێین کورد لەشام دوو بەشن، ئەو کوردانەی سەدان ساڵە بەهۆکاری جیاواز هاتونەتە شام و نیشتەجێ بوون، ئەو کوردانەیشی کە لەماوەی دوای هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەهۆی بارودۆخی ناوخۆی سوریا هاتون و لەشام نیشتەجێ بوون.

کۆچی کوردان بۆ شام بەر لەسەدان ساڵ دەستی پێکردوە، ئەوەی بەشێوەیەکی بەرچاو هەستی پێکراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ئەیوبیی، واتە سەرەتای کۆچی کورد بۆ شام زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی، دواتر ئەو کۆچکردنە بەردەوام بووە.

دەتوانین بڵێین بونی کورد بەحوکمڕان و دەسەڵاتداری شام و بەشێکی گەورە لەجیهانی عەرەبیی و ئیسلامیی کاریگەری گەورەی هەبووە، بەڵام هاتنی کورد بۆ شام دوای ئەو سەردەمە بەردەوام بووە، بەتایبەت لەسەدەی نۆزدەمی زاینی ژمارەیەکی زۆری کورد لەباکوری کوردستانەوە بەهۆی نەبونی و باری سیاسییەوە روویان لەشام کردووە، لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەوە کە لەشارەکانی باکوری کوردستان کورد روبەرووی چەوساندنەوەو راوەدونانی زۆر دەبونەوە، بۆیە دەبینین دەستەبژێری سیاسی کورد بەشێکیان هاتن لەشام نیشتەجێ بوون، وەک بنەماڵەی بەدرخانیەکان و قەدری جان و ئۆسمان سەبری و جگەرخوێن و ..تد

ئەو کوردانەی لەو سەردەمە هاتن واتە بەر لە 130 بۆ 150 ساڵێک، لەگەڕەکێکی ناوەڕاستی دیمەشق بەناوی ساروجە نیشتەجێ بوون. ئێستاش شوێنەواری نیشتەجێبونی خێزانە دیارەکانی کورد لەوناوچەیە دیارەو ماوە. دواتر ژمارەیان زۆربوو بەکۆمەڵ روویان لەناوچەیەکی دیکەی دیمەشق کردووە ئەویش قەدپاڵی شاخی (قاسیون) کە ئێستا گەڕەکەکە شاخەکەی داپۆشیوەو پێیدەڵێن گەڕەکی کوردان، بەڵام ماوەیەکە رژێمی سوریا ناوەکەی گۆڕیوە بۆ روکنەدین (ركن الدين) ئەو کوردانە زیاتر رەیشەیان دەگەڕێتەوە شارەکانی ئامەدو ماردین و جۆلەمێرگ و غازی عەنتاب و وان، بەشێکیان لەترسی سەرکوتکردنی دەوڵەتی عوسمانیی و شۆڕشی گەلی کورد لەباکور هاتوون. بۆنمونە بنەماڵەی بەدرخانییەکان کە لەخێزانی ئەمیری بۆتان بوون و هاتنە دیمەشق و لەوێ نیشتەجێ بوون.

کۆچی کوردان بەرەوام بوو بەڵام بەکزی، تا گەیشتە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو، ئەوکات دیسان بەشێوەیەکی بەرفراوان کۆچی کوردان بۆ شام دەستی پێکردووە، بەڵام ئەوانەی لەو قۆناغدا بەرەو شام کۆچیان کردووە ئەو کوردانەن بەهۆی برسیکردن و نەبوونی و گەڕان بەدوای ژیان لەشوێێن و واری خۆیان کۆچیان کردووە بەدوای کارکردن. ئەوانە زیاتر خەڵکی ناوچەکانی جزیرە لە رۆژئاوای کوردستان و شارەکانی کۆبانی و عەفرین و ئەو ناوچانە بوون کە بەناوچەی کورستان ناسراوە لە سوریا.

ئەو کوردانەی لەو سەردەمدا هاتن جیاواز لەوانەی گەڕەکی کوردان یان کە ئێستا پێی دەڵێن روکنەدین، هاتنە شام و هەر لەقەد پاڵ شاخی قاسیون، بەڵام لەدیوێکی دیکەی ئەو شاخە نیشتەجێبوون و ناویان نا (زۆراڤا)، بەڵام لەلای دەوڵەت ناوەکەی (وادی مەشاریع)ە .

هەردوو گەڕەکی کوردان لەدیمەشق، هەڕەمەکی دروستکراوەو هیچ جۆرە ئەندازەسازییەک لەڕێگاو بان و دابەشکردنی خانوەکان و لێکچوونیان بەدیناکرێت. گەڕەکی زۆراڤا کە لەسەرەتای هەشاکان لەماوەیەکی کورت دروستبووە، زیاتر بەشەوان کاریان لێکردووە. هەموو بەیانییەک کە رۆژ هەڵاتوە ژمارەیەکی زۆر خانوو لەو گەڕەکە لەلایەن کوردانەوە دروستکراوە بەبێ رێپێدانی حکومەت و ئەندازە سازیی شارەوانیی. وەک دەبینرێت دەبینین شێوەی کۆڵانەکان و دابەشبونی گەڕەکەکە جیاوازە لەزۆربەی گەڕەکەکانی دیمەشق و پێشتر خەڵک بەبێ گەڕانەوە بۆ شارەوانی خانویان دروستکردوە! هەربۆیە کوردان ناویان ناوە زۆراڤا، واتە بەزۆر ئاوەدانکردنەوەو دروستکردن. ئەو گەڕەکە خانوەکانی زۆر گەورەنین و شێوەی دروستکردنەکانیشیان سادەن و لەبارودۆخێکی ناهەموارو پێویستدا دروستکراوە، ئەوانەی لەوێ نیشتەجێن خەڵکانێکی دەستکورت و داهات سنوردارن. ئەو خانوانە تاپۆ یان بەڵگەنامەی بەناوکردنیان نییە، حکومەت وەک ئەمری واقع مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

لەرووی بیناسازییەوە هەردوو گەڕەکی کوردان لەیەکتر دەچن، بەڵام مێژوو شێوەی دروستبونی هەردوو گەڕەک جیاوازە، هەرکەس بیەوێت لێکۆڵینەوە بکات بێگومان جیاوازییەکان روونن.

گەڕەکی کوردان واتە ئەو گەڕەکەی ئێستا لەدەوڵەت بە روکنەدین ناودەبرێت زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن، بەڵام زۆربەی ئەو کوردانەی ئەوێ زمانی کوردی نازانن یان بیریان چۆتەوە! تەنها پەیڕەوی نەریتی کوردەوارییی دەکەن و شانازی بەکوردبونیانەوە دەکەن. زۆربەیان وەک خێزان نازناوێک یان پاشناوێکی کوردیان هەڵگرتوە، بۆنمونە بۆتی، وانی، کیکی، شمدین..تد ئەو کوردانە زیاتر ریشەیان بۆ باکوری کوردستان یان ئەوەی پێی دەوترێت سەرخەت دەگەڕێتەوە.

ئەو کوردانەیشی خەڵکی زۆراڤان، ئەوانە مێژووی هاتنیان بۆ شام دەمێک نییە، بۆیە زۆر وابەستەی رۆژئاوای کوردستانن و هەموویان کوردییەکی رەوانی کرمانجی (ناوچەیی) خۆیان قسەدەکەن، وابەستەی نەریتی کوردەوارین و زیاتر گرێدراوی رۆژئاوای کوردستانن. دەتوانین بڵێن خەڵکی ئەو گەڕەکەی کەپێی دەڵێن گەڕەکی کوردان یان (روکنەدین) خەڵکی سەرخەتن و ئەوانەی گەڕەکی (زۆراڤا)ن خەڵکی ناوچەکانی بن خەتن.

بەپێی ئەوزانیارییانەی بەشێک لەخەڵکی گەڕەکەکە و ئەوانەی ئاگاداری ئەویّ بوون باسیان لەوە کرد کە ئەو گەڕەکە کوردنیشنە واتە (زۆراڤا) لەگەڵ روداوەکانی سوریا لە 2011 ئەوەی پێی دەوترا بەهاری عەرەبیی، دیمەشقیان بەجێهێشتوەو یان بەرەو رۆژئاوای کوردستان واتە قامیشلۆو کۆبانیی و عەفرین کۆچیان کردووە، یان بەرەو ئەوروپا رۆیشتون، ئەو رێژەیەی کە دوبارە شامیان بەجێهێشتوە روون نییە، بەڵام لەوەدەچێت رێژەیەکی بەرز بێت.

لەپاڵ هەردوو گەڕەکی کوردان، گەڕەکێکی گەورەی عەلەوییەکان بەپاڵ شاخی قاسیونەوەیە، واتە کوردو عەلەوییەکان چونەتە بەرزاییەکانی دیمەشق و لەپشتی ئەو گەڕەکانەوە سەرۆکایەتی کۆماری سوریایە، ئەوەش جێی تیڕامانە.

گەر تەماشای سروشتی کورد بکەین هەمیشە پاڵی داوەتە شاخ، ئەمەش رەنگە ریشەیەکی مێژویی و دەرونی هەبێت بۆ کورد، کەزیاتر پاڵ دەداتە شاخ و وەک پەناگەو ژینگەی خۆی. بۆ عەلەوییەکانیش رەنگە لێکچونێک هەبێت، ئەوانیش لەسەردەمی سەلاحەددینی ئەیوبی و دواتر بەهۆی بارودۆخی سیاسی و بەرکەنارکردنی شیعەو لەناوچونی دەوڵەتی فاتیمی کە بەدەوڵەتی شیعەکان ناسرابوو، ئەوانیش رویان کردۆتە شاخ بۆ خۆپاراستن.

کۆبونەوەی کورد لە شام لە شوێنێکی دیاریکراو یان لەدوو گەڕەکی پاڵ یەکتر، هاوشێوەی کۆبونەوەی کوردە لەبەغدا کەلەچەند گەڕەکێکی دیاریکراو، بۆنمونە لەبەغدا

کورد لەسەرەتای هاتنیەوە لەچەند گەڕەک و ناوچەیەکی دیاریکراو نیشتەجێ بوون، وەک گەڕەکەکانی شەقامی کیفاح، جەمیلە، شۆریجە، شەقامی فەلەستین..هتد.

تەمەن و بونی کورد لەهەردوو شاردا (بەغدا و دیمەشق) لەیەکترییەوە دور نییە، هاوکات هۆکاری کۆچی کوردان لەناوچەکانی کوردستان بۆ ئەو دووشارە، ئەگەر لەیەکتریەوە نزیک نەبن ئەوا لێکچونێکی زۆر دەبینین. کورد کە هاتۆتە بەغدا یان دیمەشق لەدەوری یەکتریەوە کۆبونەتەوە، لەلایەک بۆ خۆپارێزیی واتە بوون و خڕبونەوە لەدەوری یەکتر و یەکگرتویی خۆیان پێشانداوە.

بەسروشتیش پێکهاتەی لاواز لەرووی ژمارەو هێزەوە هەوڵدەدات هێز لەیەکگرتویی دروستبکات. هۆکارێکی دیکەی ئەو خڕبونەوەو کۆبونەوەی کورد لەدەوری یەکتر هەوڵدان بووە بۆ پاراستنی زمان و کلتورو نەریتی کوردەواریی، چونکە ئەو سەردەمە کۆمەڵگای کوردەواریی کۆنەپارێزی زۆر پێوەدیاربووە، هەروەک ئێستاش شوێنەواری کۆنەپارێزی نەڕەویتەوە.

لێکچونێکی دیکەی کورد لە بەغداو دیمەشق ئەوەیە کەکورد رووی لەبەغدا کردووە بەتایبەت سەدەی بیستدا، وەک شاگردو کرێکار لای جولەکەکان دەستیان بەکارکردن کردووە، جولەکە خاوەنکارو پارەداربوون، پێویستیان بوو خەڵکانێک لایان کاربکەن کە هەم ئازاو ماندونەناس بن، بەتایبەت کورد چاوتیژو ئەزمونیان لەشەڕکردنی دەستەویەخە هەبوو، هەمیش دەستپاک و ئەمین بن. ئەم دوو خەسڵەتەش بەتەواوی لەکورددا هەبووە، بۆیە دواتر بونە جێگرەوەی جولەکە لەبەغداو تەنانەت دوای دەرکرانیان لەبەغدا زۆربەیان موڵک و ماڵ و سامانیان بۆ ئەو کوردانە بەجێهێشت کە لەلایان کاریان دەکرد.

بەهەمانشێوە، کاتێک کۆچێکی زۆری کورد لەناوەڕاست و کۆتایی سەدەی نۆزدە بەرەو شام دەستی پێکردووە، زۆربەی خاوەنکارەکانی شام، بەتایبەت خاوەنی باخ و شیناوییەکان کوردیان لەخۆ گرت، چونکە کورد زۆر ئازابوون و شارەزاییەکی زۆرباشیان لەپارێزگاریکردنی شەوانە هەبوو، چاوتیژو بازوی بەهێزیان هەبوو، راوچی

بەناوبانگ بوون و لەدێودرنجی شەوانە نەدەترسان، خاوەن باخەکان کوردیان لەخۆدەگرت بۆ پاسەوانیی لەموڵک و سامانیان، هاوکات کورد زۆر دەستپاک و ئەمین بوون، ئەمەش بۆ خاوەنی کارو زەوییەکان زۆرباش بوو. دواتر لەبەرئەوەی دەستپاک بوون و زیاتر تێکەڵی لەنێوانیاندا دروستبوەو خاوەن زەوییەکان، روبەرێکی زۆر زەویان داوەتە ئەو کوردانەی لایان کاریان کردووە.

بونی یەک ملیۆن کورد لەشام بێگومان تەنها بونی ژمارە نییە، بەڵکو کاریگەریی گەورەی هەبووە لە جوڵانەوە سیاسییەکانی باشورو باکورو رۆژئاوای کوردستان، هەروەک رۆڵێکی گرنگیان لەدۆخی سیاسی و ئابوریی و ژیانی کۆمەڵایەتی کلتوریی ئەو ناوچەیە هەبوەو هەیە.

بەنوسینی گەشتێکی رۆژنامەوانیی و سەردانێکی کورتی چەند رۆژە ناتوانرێت تیشک بخەیتە سەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کورد لەوێ، بەڵام دەتوانین هێڵە گشتییەکان بکێشین و گرنگترین ئەو پرس و باسانەی پەیوەندی بەکوردانی شامەوە هەیە چڕ بکەینەوەو باسیان بکەین.

من سێیەم رۆژی سەفەرەکەم دەستمکرد بەئامادەکاریی بۆ سەردانی گەڕەکی کوردان، پێویست بوو هەم ریش سپی و پیاوماقولان و هەمیش خەڵکی گەڕەک ببینم، هاوکات سەردانی ئەو شوێنەوارو مەزارانە بکەم کە لەگەڕەکەکان هەیە.

لەڕێی پەیوەندی تایبەتەوە وەک خۆیان وتەنی ئیختیارو موختاری گەڕەک ئاگادارکرانەوە کە ئێمە دەمانەوێ سەردانی مەزارە پیرۆزەکانی کوردو گەڕەکەکە بکەین. ئەوان وڵامیان داینەوە کە بۆ رۆژی دواتر دەتوانن پێشوازیمان لێبکەن و بیانبینین، کلیلی مەزارەکانیش ئامادە بکەن بۆ سەردانی مەزاری میر جەلادەت بەدرخان و قەدری جان و شێخ خالید نەقشبەندی.

- **ئیختیارو موختاری گەڕەکی کوردان لەپێشوازیدا بوون**
- **گۆرستانی مەولانا خالید، دەیان شاعیرو کەڵەپیاوی کوردی لێ نێژراوە**

بۆ رۆژی دواتر واتە رۆژی چوارەمی سەفەرەکەم سەرلە بەیانییەکەی ئەو هاوکارانەی دیدارو سەردانی گەڕەکی کوردانیان رێکخستبو پێیان راگەیاندم کە ئیختیارو موختاری گەڕەک سەعات 4 چاوەڕێمان دەکەن و مەزارەکانیش ئامادەن بۆ سەردانیکردنیان.

لەو سەفەرەم بۆ شام، کاک عەبدورەزاق کۆیی لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە دیمەشق هاوکاریی زۆرباشی کردم. ئەو پیاوە زیاتر لە 40 ساڵە لەدیمەشق دەژیت، زۆر شارەزای ئەو وڵاتەیە، پەیوەندییەکی زۆرباشی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیمەشق هەیە، بە ئۆپۆزسیۆن و هاوکات فەلەستینی و عیراقییەکانیشەوە. تێگەیشتن و تێبینی و سەرنجی زۆر وردی لەسەر دۆخی سوریاو ئایندەی کورد لەو وڵاتە هەبوو. ئەو هەفتەیەی لەوێ مامەوە، ئەرکێکی زۆرم خستبوە سەر ئەو و ماندوم کرد.

بۆ نیوەڕۆ کاک عەبدورەزاق کۆیی لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی عەرەبی سوریاو عیراق لەنوسینگەی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەعوەتێکی سادەی کردین، پێشتر پێی وتبوم بۆ نیوەڕۆ دەعوەتی خواردنێکی جیاوازتان دەکەم! مەبەستی ئەوەبوو خۆی دروستی دەکات.

نیوەڕۆ بە خواردنی سفێحات داوەتی کردین، خواردنێکی زۆر بەلەزەت بوو، پێشتر خواردنی سفێحاتم لە لوبنان خواردبوو، لەوێ سفێحاتی بەعلبەک ناسراوە، لەزۆر شوێنی بەیروت و شوێنی دیکە دەبینی نوسراوە سفێحات بەعلبەک. من بۆ سەردانی شوێنەواری دێرینی قەڵای رۆمانییەکان چومە بەعلبەک و هەر لەوێ لە نانەواخانەیەک سفێحاتم خوارد. دیارە لە دیمەشقیش هەمان جۆری خواردن هەیە، بەڵام کەمێک شێوازی دروستکردنەکەی جیاوازە. هەردووکی ئەستورکە نانی بچوک کەمێک گۆشتی دەخۆێتەسەر و دەخرێتە فڕنەوە، ئەوەی لوبنان وەک کولیچە وایە بچکۆلانەیە، بەڵام ئەوەی سوریا گەورەترەو جیاوازترە.

بۆ ئێوارە لەگەڵ کاک عەبدورەزاق و سالار ئەوسی نوسەرو رۆژنامەنوس کە ئەویش هاوکارییەکی زۆرباشی کردم لەم سەفەرە، بەیەکەوە چوین بۆ گەڕەکی

کوردان، کۆڵانەو کۆڵان هەوراز دەبوینەوە، ئیختیارو موختاری گەڕەک لەمەزاری شێخ خالید نەقشبەندی چاوەڕێیان دەکردین، بەڵام هەر لەدەروازەی گەڕەک چەند کەسێک بەئۆتۆمبێلێکی تایبەت لەپێشمان چاوەڕێیان دەکردین و بەپێشمانەوە کەوتن و ڕێگاکانیان ئاگادارکردبۆوە کە وەفدێکی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان یان حزبەکەی مامجەلال دێنە گەڕەک و پیاوە دیارەکانی گەڕەک دەبینن.

هاتن و چوون لەو گەڕەکە پڕ زەحمەتە، بۆیە ئەوان زووتر لەشەقامێکی سەرەکییەوە بەپێشمانەوە کەوتن بۆئەوەی ڕێگاکانمان بۆ چۆڵ بکەن و بەئاسانی بگەینە شوێنی مەبەست. کۆڵانەکانی ئەو گەڕەکە هاوشێوەی گەڕەکە کۆنەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک، ڕەمەکی و پێچاو پێچ و لەهەندێ شوێن مەگەر تەنها پیادە بتوانێت ڕێبکات، ڕێی هاتن و چوونی ئۆتۆمبێل زەحمەتە.

لەبەرئەوەی بەشێک لەگەڕەکەکە بەتایبەت ئەوانەی نزیک مەزارەکە بوون ئاگادارکرابونەوە کە وەفدێک دێت بۆ مەزارەکە، بەشێک لەژن و منداڵانی گەڕەک لەچاوەڕوانی ئێمە بوون، ژنانیان لەسەربان لەدورەوە دەیانڕوانیە هاتنی ئێمە.

کە گەیشتین، ئیختیارو موختاری گەڕەک لەسەر مەزاری شێخ خالدی نەقشبەندی چاوەڕێیان دەکردین، مەزاری ئەو پیاوە ئاینییە لەبەرزترین شوێنی گۆڕستانەکەیە، گۆڕستانەکەیشیان هەر بەناوی ئەوەوە ناودەبرد (گۆڕستانی شێخ خالید.(

ئەو گۆڕستانە لەشوێنێکی بەرز بوو، زۆربەی گەڕەکی کوردانی لەوێوە دیاربوو، جاران گۆڕستانی کوردان بوو، بەڵام ئێستا وەک جاران نییەو غەیرە کوردیشی لێ دەنێژرێت. لەو گۆڕستانەدا ژمارەیەکی زۆر نوسەرو کەسایەتیی و پیاو ماقولانی کورد نێژراون، دیارترینیان میر جەلادەت بەدرخان و شاعیری گەورەی کورد قەدری جان، میر عالی جەلادەت بەدرخان، میر زەمیلکان، مەلا عەبدولقدوس زەیلی، مەلا تایەر بوتی، عبد القدوس الزیلی..هتد.

مەولانا خالیدی نەقشبەندی پیاوی ئاینی ناسراو و شاعیری کورد، لە ساڵی 1773 لەسلێمانی لەقەرەداخ لەدایکبووە. زۆر خوی خۆی داوەتە خوێندن و بۆ زیاتر ڕۆچوون لەرۆحانییەت و توانەوە لەخود، چۆتە هیندستان و لەسەرەدەستی شا عەبدوڵڵای

دەهلەوی تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرتوە. دوای سەفەرو گەڕانێکی زۆرو گەڕانەوە بۆ سلێمانی، سەرەنجام بەهۆی خراپی دۆخی سلێمانی و ململانێی میرانی بابان، شارەکە جێدەهێلێت و رووەدەکاتە شام. لە1826 لە دیمەشق نەخۆشی تاعون بڵاوبودەبێتەوەو توشی ئەو نەخۆشیە مەترسیدارە دەبێت و کۆچی دوایی دەکات. لەدوای خۆیدا جگە لە دیوانێکی شیعری بە کورد، دەیان بەرهەمی بەزمانی فارسی و عەرەبی کە زیاتر لێکۆڵینەوەو پرس و بابەتی ئاینی بەجێهێشتوە، بەتایبەت لەبارەی تەسەوفەوە بوون، لەوکاتدا ئەو بەرهەمانەی جێی بایەخ و گرنگی زۆری پێدەدرا.

لەبەر پەنجەرەی ئۆتۆمبێل لەپشتی شۆفێرەکەوە بەبێدەنگی تەماشای کوچەو کۆڵانی گەڕەکی کوردانم دەکرد، کوچەو کۆڵانی تەنگەبەر، هاوشێوەی گەڕەکە کۆنەکانی هەولێر یان سلێمانی. ئێمە لەخوارەوە بەرەو ژور دەڕۆیشتین، ئیدی گەڕەکێک هەموو هەژار نشین و بێدەرەتان بن، بێگومان دیمەنەکانیشی نارێک و خەمبار دەبن.

ناوچەی کوردان کوردان کە پێی دەڵێن گەڕەکی کوردان، چوار گەڕەکی سەرەکییە (ئەسەدەدین، نەقشبەندی، ئەیوبییە، فەیحا).

ئێمە لەئۆتۆمبێل دابەزین خەڵکێکی زۆر پێشوازیان کردین، من نەمدەزانی ئەوانە کێن هاتونەتە پێشوازیمان، ژمارەیەکیان گەنج بوون و هەندێکیان بەتەمەن. رێکخەرانی سەردانەکە هەندێک ناویان پێدابوین، بەڵام نەمدەزانی کامەیان دەمڕاست و ئیختیار یان موختاری گەڕەکە. جل و بەرگ و شێوەی پێشوازیی و سیمایان ماندوو دیاربوو، بەعەرەبی و هەندێ وشەی کوردی تێکشکاو پێشوازی گەرمیان لێکردین. ئەوەی گرنگ بوو من بەدیققەتەوە دەمڕوانییە جل و بەرگ و دەموچاویان و بەروونی دیاربوو رەچەڵەکیان دەگەڕایەوە باکوری کوردستان، نەک رۆژئاوای کورستان.

بەو قەرەباڵغییەوە بەرەو مەزاری مەولانا خالید هەورازبوین و خزمەتکاری مەزارەکە چاوەڕێی دەکردین. دوای زیارەتکردنی مەولانا، لەبەردەم دەرگای مەزار لەگەڵ ئەو ئیختیارو موختارەی ئامادەبوون کەوتینە گفتوگۆ. گفتوگۆ لەبارەی ژیانی کوردانی دیمەشق و خۆشی و ناخۆشییەکانیان .

لەو بەرزاییەوەو لەبەردەم مەزاری مەولانا خالید بازنەیی خڕبوینەوەو دەستمان بەگفتوگۆ کرد. حەسەن قرگیشی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیمەشق لەبارەی شارەکەو گەڕەکی کوردان (ركن الدين) باسوخواسی هێنایە گۆڕێ. ئەو وتی من بەعسیم و لەسەر لیستی بەعسییەکان لەگەڕەکی کوردان خۆم هەڵبژاردووەو ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگام !

باسی لەوەکرد کە وەک گەڕەکەکەیان کێشەیەکی خزمەتگوزاریی ئەوتۆیان نییە جیاواز بێت لەگەڕەکەکانی دیکە، ئەگەر کێشەیەکیان هەبێت ئەوا هەمان کێشە لەگەڕەکەکانی دیکەش هەیە. ئەو نەیدەویست بەهیچ شێوەیەک باسی کەموکوڕی و کێشەکانی گەڕەک یان گرفتی قەومی کورد لەدیمەشق بکات، بەڕونی وتی من بەعسیم، واتە من لەحزبی دەسەڵاتداری دیمەشقم.

لەبەرئەوەی ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا بوو، پێیەوە دیار بوو پیاوێکی بەئاگا لەدۆخی کورد لەسوریا نەبوو، بەڵکو زیاتر ئاگاداری بارودۆخی خزمەتگوزاریی و کاروباری رۆتینی گەڕەک و شار بوو، بۆیە ئەوەندە باسی کوردم لەگەڵیدا نەکرد .

ماهیر وانلی بەناوەکەیەوە دیاربوو بەڕەچەڵەک خەڵکی وان-ی باکوری کورستانن، بۆیە وانلی پاشگری ناوی خێزانەکەی بوو، ئەو ئەندامی ئەنجومەنی گەڕەک بوو، بەقسەی خۆی پاڵێوراوبوو ببێتە موختاری گەڕەک، واتە ببێتە ریشسپی و هەندێک کاروباری گەڕەک بەو بسپێردرێت، بۆیە حەزیدەکرد لەئێستاوە پێی بڵێن موختار، چونکە سەرەتا وتی موختارم دوایی وتی منیان پاڵاوتوە ببمە موختار.

عەلی ئالوسی-یش کە هاتبوە پێشوازیمان موختاری یەکێک لە گەڕەکەکانی (ركن الدين) بوو، ئەویش حەزیدەکرد باسی گەڕەکەکان و کوردان بکات. ئەو وتی ئێرە زۆربەی کوردە، بەڵام ئێستا خەڵکی جیاوازیشی لێ نیشتەجێیە.

ژمارەیەک ئەندامی پارێزگای دیمەشق کوردن، لەکۆی 100 ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا، 8 کەس لەسەر ئاستی گەڕەکی کوردان بونەتە ئەندامی ئەنجومەن، لەو 8 ئەندامە 5 یان کوردن و ئەوانی دیکە غەیرە کورد.

بەپێی ژمارەی ئەندامانی کورد لە پارێزگای دیمەشق بێت، نزیکەی لە 30% دانیشتوانی گەڕەکی کوردان، غەیرە کوردن، بەڵام ژمارەی ئەندامانی گەڕەک لە ئەنجومەنی پارێزگاو هەڵبژاردنی شارەوانیی ناکرێتە پێوانە بۆ ژمارە یان ڕێژەی کورد لەگەڕەکەکە، نەخاسمە هەڵبژاردنی وڵاتێکی وەک سوریا کە ئازادی تێدا زۆر سنوردارەو هەڵبژاردن تێیدا زیاتر ڕێوڕەسمە نەک هەڵبژاردنێکی دروست.

ئێمە لەگەرمەی گفتوگۆو باسی کوردو گەڕەکی کوردان و دیمەشق بوین، لەشوققەکانی نزیک گۆڕستانەکە بوون، ژنان لەبالکۆنەوە دوو دوو وەستابوون تەماشای ئەو خڕبونەوەیەیان دەکرد. تەماشاکردنەکە بەشێوەیەک بوو وەک ئەوەی هەستبکەن روداوێک بوبێت و بزانن چی بووە! دیمەنی ئەو تەماشاکردنەم لە فلمە کۆنەکانی میسر بینیوە کە لەباڵەخانە کۆنەکانەوە ژنان لەبەرزییەوە تەماشای دەرەوە دەکەن و دەیانەوێ بزانن چی رویداوە.

مەبەستم بوو بچمە سەر گۆڕی میر جەلادەت بەدرخان، دیاربوو پێشتر شوێنەکەی یان گۆڕەکەی پێویستی بە پاککردنەوە بوو، کلیلی قەفەسی گۆڕەکەی لەلای موختاری گەڕەک بوو، پاکیان کردبۆوە بۆ سەردانیکردنی ئێمە. بەیەکەوە چوینە سەر گۆڕەکەی و پێشتر لە خەرجی سەرۆک مامجەلال گۆڕەکەی نۆژەنکرابویەوەو دوبارە ڕێکخرابۆوە. لەنزیک گۆڕی جەلادەت بەدەرخان گۆڕی قەدری جانم بینی، هەر ئەوەتا بەهۆی نوسینی سەر کێلەکەیەوە دەناسرایەوە.

میر جەلادەت بەدرخان، یەکێکە لەکەڵە پیاوە هەرە دیارەکانی مێژووی سیاسی و ئەدەب و زمان و رۆژنامەوانیی کوردی، پیاوێک بووە قوربانی زۆریداوە لەپێناو دەرکەوتنی گەلی کوردستان. میر بەدرخان لەساڵی 1893 لەئەستەمبۆل لەدایکبووە، نەوەی بەدرخان پاشای میری بۆتانە. بەهۆی خراپی دۆخی سیاسی و گوشاری کەمالییەکان دوای هاتنە سەر حوکم ناچار لەترسی لەسێدارەدان لە ساڵی 1922 تورکیا جێبهێڵێت و لەگەڵ کامەرانی برای روو لە ئەڵمانیا دەکەن.

دوای ماوەیەکی کەم لەگەڵ کامەرانی برای هاتۆتەوە تورکیا، بۆ بەشداریکردن لە جولانەوەکەی شێخ سەعیدی پیران، دوای شکستی جولانەوەکەی شێخ سەعید، دوبارە ئاوارە دەبێتەوەو سەرەنجام لە 1931 تا کۆتایی ژیانی لە ساڵی 1951 لەشام نیشتەجێ بوو.

ئەو کەڵە پیاوە، لەماوەی مانەوەی لەدیمەشق، بەردەوام لەجولە دابوو. بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان یەکەم کەس بووە کە پیتی لاتینی بۆ زمانی کوردی داناوە، هاوکات لە ساڵی 1932 گۆڤاری هاواری دەرکردووە. دواتر پاشکۆیەکی بەناوی رۆناهی دەرکردووە. بەپێی ئەو زانیارییانەی لەسەری تۆمارکراوە 9 زمانی زانیوە وەکو (کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی، ئەڵمانی، ئینگلیزی، یۆنانی، فەرەنسی، روسی.(

لەماوەی ژیانی لەدیمەشق ناو ناوبانگێکی گەورەی پەیداکرد، لەساڵی 1951 کۆچی دواییکرد. لەرێورەسمی ناشتنیدا زۆربەی وەزیرو کاربەدەستانی سوریا ئامادەبوون و لەسەر گۆڕەکەی چەندین وتاری جیاواز خوێندرایەوەو قەدری جان شیعرێکی کوردی تایبەتی خوێندەوە.

جەلادەت لەدوایخۆیدا چاپکراوی زۆری جێهێشت لەوانە: فەرهەنگی کوردی کوردی، فەرهەنگی کوردی و فەڕەنسی، ئەلیف بێی کوردی، نوێژی ئێزیدیان، نامەیەک بۆ مستەفا کەمال پاشا، مەسەلەی کورد بەزمانی فەرەنسی، رێزمانی کوردی بە فەرەنسی، شانۆنامەی هەڤند، خۆت بناسە بە زمانی عەرەبی، لەگەڵ چەند کۆمەڵە شیعرێک.

شام تەنها لەسەردەمی میر جەلادەت بەدرخان لەخۆگری بەشێک لە سەرکردەو پێشڕەوانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان نەبووە، بەڵکو لەمێژووی نوێی گەلی کوردستان بەتایبەت لەناوەڕاستی حەفتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، شوێنی دەستپێک و کڵپەی بزوتنەوەی کوردایەتی بووە بۆ باشوری کوردستان و باکوری کوردستان.

لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، بەدیاریکراوی 1975، یەکەم بەیاننامەی بزوتنەوە یان شۆڕشی نوێی گەلی کوردستان لە لەلایەن یەکێتیی نیشتیمانیی

کوردستان له دیمەشق دەرچوو، لەوێوە دوبارە کلپەی ئاگرو ئومێدی خەڵکی کوردستان داگیرسایەوەو ئومێدی خەڵک گەشایەوە.

هەروەک چۆن بۆ بزوتنەوەی رزگاریخوازی باکور لەساڵی 1980 وە لەسوریا دەستیان بەکارکردن کردو یەکەم کۆنگرەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ساڵی 1981 لە سوریا کرا. لەوێوە بزوتنەوەی چەکداری باکور دەستی پێکردو نزیکەی 19 ساڵ عەبدوڵلا ئۆجالانی رابەری پەکەکە لەو وڵاتە مایەوە، تا لەساڵی 1998 لەژێر گوشاری تورکیا ئەو وڵاتەی جێهێشت و سەرەنجام لە نایرۆبی پایتەختی کینیا بەپلانی دەزگاکانی موخابەراتی ئەمریکاو ئیسرائیل و تورکیا، دەستگیرکراو رادەستی تورکیا کرایەوە. لەوکاتەوە لەزینداندایە.

- **یەکەم سەرۆك کۆماری سوریا کورد بوو**
- **ناسراوترین نوسەرو هونەرمەندانی دیمەشق کوردن**

دیمەنی کۆڵانەکانی گەڕەکی کوردان لەبری دڵرفێن و جوان و سەرنج راکێش بێت، دەیبردیتەوە نێو دیمەنی ئاوارەیی و ناخۆشییەکانی گەلی کورد کە بەدرێژایی مێژوو

بەسەریهاتووە. سیمای خەڵکەکەو بێ ڕەنگی شەقامەکان و خراپی ڕێگاوبانەکانی، دەیبردیتە ناو مێژویەکی پڕ ناخۆشیی و ئازاری میللەتێکی خاک پارچە پارچەکراو، کە تائێستا لەهیچ پارچەیەکی نەیتوانیوە ئارامبگرێت! خراپتر لەوە بۆ کورد، ئاوارەیی و کوشتن و بڕین و جینۆسایدو خەمی ئایندەی نەوەکانی بۆتە مۆتەکەیەک بەردەوام بەدوای هەموو ئەو میللەتەیە.

بیرم دەکردەوە میللەتێک لەنێو ئەو هەموو ئازارەدا بتوانێت هەم بمێنێتەوەو هەمیش بتوانێت روبەرووی ئەو بارودۆخە نەپساوە ناخۆشە ببێتەوەو رۆڵی کاریگەر لەنێو ئەو هەموو ستەمە بگێرێت، ئەوا ئازایەتییەکی بێوێنەیە. بۆیە دەبینین سەرباری چەوساندنەوەی بەردەوام، کەچی لەسوریا بەگشتیی و لەشام بەتایبەتی، کەڵەپیاوی دیاری مێژوویی سەدان هونەرمەندو نوسەرو رۆژنامەنوس و دەستڕەنگینی لێ هەڵکەوتووە.

لەنێو گۆڕستانی شێخ خالد کەمێک گەڕام تا سەرکێڵی گۆڕەکان بخوێنمەوە بزانم کێی دیکەی ناسراوی لێیە، لەبەرئەوەی زۆربەی گۆڕەکان یان کێلەکانیان هیچی لەسەر نەنوسرابوو، یان زۆر کۆن بوون و نوسینی سەر کێلەکان کاڵ ببونەوەو نەدەخوێندرانەوە

بونی سێ ملیۆن کورد لەسورریا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی بەپێی دوایین ئاماری 2017 کەمترە لە 18 ملیۆن کەس، بەدڵنیاییەوە کاریگەری گەورە دروستدەکات .

لەماوەی دوای دروستبونی دەوڵەتی سوریا لەدوای 1920، دەیان و سەدان کەسایەتی ناسراوی سیاسی و سەربازیی و ئەدیب و شاعیرو ئەستێرەی گەشی کورد لەسوریا هەڵکەوتوون. بۆنمونە محەمەد عەلی عابد، یەکەم سەرۆک کۆماری سوریا لە 1932 – 1936. شوکری قوەتلی سەرۆک کۆماری سوریا لە 1943-1949 بەڕەچەڵەک کوردە. حوسنی زەعیم سەرۆک کۆماری سوریا کە لەڕێی کودەتا لە 1949 هاتە سەرکارو هەمان ساڵ لەکارخرا. فەوزی سلۆ سەرۆک کۆماری سوریا لە 1951 تا 1953. ئەدیب چیچەکلی سەرۆک کۆماری سوریا لە 1953 -1954..تد

لەپاڵ سیاسەتدا، دەیان و سەدان هونەرمەندو شاعیرو دەسترەنگین لەسوریا بەگشتیی کورد بوون، یان کوردن. بۆنمونە محەمەد کورد عەلی بیرمەندو ئەدەب دۆست کەسایەتی ناسراوی دیمەشق، سەرۆکی کۆزانستی زمانی عەرەبی بوو لە 1919 تا 1953، یەکەم وەزیری پەروەردەو زانیاریی بوو، زمانزانێکی زۆر ناسراوی زمانی عەرەبی بوو !

خالید تاجا ئەستێرە یان ناسراوترین هونەرمەندی سوریا بوو لە 2012 کۆچی دواییکرد. ئەو هونەرمەندە مەزنە مەحمود دەروێشی شاعیری عەرەب ناوینابوو ئەنتۆنیۆ کوینی عەرەب، ئەمەش بەهۆی بەتوانایی و لێهاتوییەوە لەنواندن و هونەردا.

سەلیم بەرەکات گەورە رۆمان نوسی سوریا، یەکێکە لەدیارترین رۆماننوس بەزمانی عەرەبیی، ئێستا لەئەوروپا دەژیت. عەبدورەحمان ئال رەش، ئەویش یەکێکە لەناسراوترین هونەرمەندانی سوریاو لە 2014 کۆچی دواییکرد.

تەلحەت حەمدی، یەکێکە لەناسراوترین هونەرمەندانی سوریا، لە گەڕەکی کوردان لەدایکبووە (1946- 2012).

لەنەوەی نوێی هونەرمەندان: کاریس بەشار، وائیل رەمەزان، مونا واسف، نیهاد قەلعی کوردی، عەبیر شەمس، سوزان نەجم، بەسام مەلا کوردی (دەرهێنەر). هەروەک لەهونەری تەشکیلیدا دەبینین لەنەوەی نوێ و کۆندا کورد باڵادەست بووە، وەکو عومەر حەمدی، بەهرەم حاجۆ، بەشار عیسا، سەڵاحەدین محەمەد کە لەدایکبوی عەفرینە، ئەوانە ناسراوترین هونەرمەندانی تەشکیلی سوریان و هەندێکیان لەسەر ئاستی جیهانیش ناسراون.

هەموو ئەوانەی سەرەوە باسمکردوون، یان کوردبونی خۆیان ئاشکرا نەکردووە، یان تەنها لەنوسینی ژیاننامەیاندا نوسراوە بەڕەچەڵەک کوردن، بەڵام بەشێکی دیکەیان بەڕونی وتویانە ئێمە کوردین و بەشێک لەبەرهەمەکانیشیان باسی خەم و ئازاری گەلی کوردی لەسوریا کردووە.

پرسی نوسینی نوسەرانی کورد لە پارچەکانی کوردستان بەزمانی کوردی و لەسەر پرسی کورد، قسەی زۆری لەبارەوە کراوە، هەروەکو چۆن لەباسی سەڵاحەدینی

ئەیوبییدا مشتومڕی ئەوە هەیە کە سەلاحەدین کوردە یان نا؟ چونکە نە کاری بۆ نەتەوەی کورد کردووەو نە لەسەر خاکی کوردستان کاربەدەست بووەو نەشتێکی بۆ کورد جێهێشتوە مۆرکی کوردایەتی پێوەبێت.

بەشێک لەنوسەرانی کورد، لەتورکیا یان سوریا یان ئێران، تەنانەت لەعیراقیش کە ماوەیەکی درێژە پرسی نەتەوەیی کورد کەمێک لەپێشترە، بەکوردی نەیاننوسیوەو لەنوسینەکانیشیان باسی کوردبوونی خۆیان یان کوردیان نەکردووە! هەیشە بەکوردی نەینوسیوە، بەڵام بەشێک لە بەرهەمەکانی تەرخانکردووە بۆ باسکردنی ئازاری نەتەوەکەی، بۆنمونە یەلماز گۆنای گەورەترین دەرهێنەرو فلمسازی تورکیا کە نەیدەتوانی بەکوردی قسەبکات، بەڵام فلمەکانی باسی ئازارو مەینەتی گەلی کوردی دەکرد، هاوکات سەلیم بەرەکات کە گەورەترین رۆماننوسی کوردە بەزمانی عەرەبیی دەنوسی و لەبەشێک لەبەرهەمەکانیدا باسی ئازاری کوردی کردووە.

یەکێک لەگرفتە هەرە گەورەکانی نوسین بەزمانی دایک لەسوریا، ئەو بارودۆخە تەنگ و پڕ ئاستەنگە بووە کە رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی سوریا بەسەر گەلی کوردیان سەپاندووە، بەجۆرێک لەهەموو مافێکی قەومی بێبەشی کردوون و تەنانەت تا چەند ساڵی دوایی رژێمی سوریا نکۆڵی لەبونی کورد دەکرد، چجای زمان و کلتورو مافی نەتەوەیی. بەتێپەڕبونی دەیان ساڵ و نەبونی خوێندن و فێربونی زمانی کوردی و هیچ داموەدەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوەو رۆژنامەی کوردی و رێگری کردن لەهەر نوسینێک کەمۆرکی کوردی پێوەبێت. بێگومان نەوەیەک بەرهەمدێت رەنگە نەک نەتوانێت بەکوردی بنوسێت، بگرە ناتوانێت بەزمانی دایکی قسەبکات. بۆیە سەلیم بەرەکات لەدەربڕینێکی کورتیدا لەبارەی بێتوانایی لەنوسین بەزمانی کوردیدا دەڵێت نوسەرانی کورد لەسوریا، بونەتە دیلی زمانی عەرەبی! واتە ناچارن بەزمانی عەرەبی بنوسن چونکە زمانی خوێندن و نوسین بووەو ناتوانن بەکوردییەکی رەوان و کاریگەر بنوسن، لەکاتێکدا سەلیم بەرەکات کە کورد پێی دەڵێن (سەلیمۆ) بەزمانێکی عەرەبی وەها دەنوسێت، ئەدۆنیس شاعیری گەورەی عەرەب لەبارەیەوە دەڵێت: سەلیم بەرەکات ئەو کوردەی کلیلی زمانی عەرەبی لەگیرفانیەتی! بەومانایەی بەزمانێکی عەرەبی جیاواز

دەنوسێت. مەحمود حوسنی رەخنەگری دیاری عەرەب دەڵێت ئەو زمانەی سەلیم بەرەکات پێی دەنوسێت سامانێکی گەورەی زمانەوانیی زمانی عەرەبییە! تەنانەت مەحمود دەروێش کە شاعیرێکی گەورەو ناسراوی عەرەبە، دەڵێت زۆرم هەوڵدا بە سەلیم بەرەکات کاریگەر نەبم!! بەومانایەی زۆر کاریگەر بووم.

لەپاڵ ئەو هونەرمەند و نوسەرو رۆژنامەنوسانەی کە بەزمانی عەرەبیی نوسیویانەو لەسەر ئاستی سوریا زۆر ناسراون، دەبینین دەستڕەنگینی راستەقینەی کورد لەرۆژئاوای کوردستان کەم وێنەیە. دەبینین ئۆسمان سەبری و جەلادەت بەدرخان، کامەران بەدرخان..هتد. لەماوەی دوای 1991 واتە دوای راپەڕینی باشوری کوردستان بزوتنەوەیەکی کزی سیاسی و ئەدەبی لەرۆژئاوای کوردستان دروستبوو، بۆنمونە گۆڤاری ئاسۆ- گولستان، یان گورزە گول بەزمانی کوردی بەنهێنی دەرکراون، ئەمش لەسەر ئەرکی شەخسی و دوور لەهاوکاری حزبیی، بەڵام درێژەیان نەکێشاوە لەبەر باری سیاسی و دارایی .

لەدوای 2003 واتە روخانی سەدام و دواتر لە 2011 وە بەشێوەیەکی گشتیی زۆربەی هەرەزۆری نوسەرانی کورد هەر بەزمانی کوردی و بەپیتی لاتینی دەنوسن و پێشکەوتنێکی خێرا هاتۆتە دی. ئێستا زانکۆ بەزمانی کوردی کراوەتەوەو خوێندنی کوردی کراوەتە خوێندنی سەرەکیی لەشارەکانی کوردستانی سوریا.

درەنگانی ئێوارە هاتینەوە هیچ مەوعیدێکم نەبوو، ئەوانەی لەگەڵم بوون بۆ سەردانەکەی گەڕەکی کوردان لێم دابڕان و رۆیشتن. بۆ ئێوارەیەکی درەنگ چومە بازاڕو شوێنە قەرەباڵغەکانی دیمەشق، مەبەستم بوو بچمە ئەو شوێنانەی زیاتر ناسراو و شەعبین .

پیاسەی ئێوارانی بازاڕی دیمەشق تامێکی تایبەتی هەیە. بازاڕێکی زیندوو بەجولەیە، جا لەلایەک هاوارهاوار ئەوانەی دەستگێڕو عەرەبانچیانی سەر شەقامەکان بگرە تا پلارو توانجی بەشێک لەدوکانداران لە کچانی نازەنینی دیمەشق، تا دەگاتە بۆن و بەرامەی دوکان و فەرموو فەرمووی شاگردانی خواردنگەو چێشتخانەکان! ئەمانە

بەسەریەکەوە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشەو هەست بەبێزاری گەڕان و پیاسەی ئەو بازاڕانە ناکەیت.

یەکێک لەوشوێنانەی چووم گۆڕەپانی مەرجە بوو، گۆڕەپانێکی گەورەی ماندوو بوو. ئەو گۆڕەپانە لەناوەڕاستی دیمەشقە، دەوردراوە بەخواردنگەو شیرینی و دوکانی جلفرشتن و قاوەخانەی کۆن. وەک گۆڕەپانی و دیمەن، شوێنێکی سەرنجڕاکێش و خوش بوو، بەڵام ماندوێتی ئەو وڵاتە بێگومان بەروخساری ئەو بازاڕەشەوە دیاربوو. لەو گۆڕەپانە مزگەوتی سەیفەدین یەلبەغا یەحیاویی لێیە کە مزگەوتێکی کۆنە لەمێژووی ئیسلامدا، لەبەردەم ئەو مزگەوتەو لەناوەڕاستی گۆڕەپانی مەرجا، دەیان و سەدان کەس دانیشتون. ئەوەی سەرنجمدا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لەوانەی دانیشتبوون عەرەبی عیراقیی بوون نەک خەڵکی دیمەشق. زۆربەیان بەجلێکی شڕو سەروسیمای تۆزاوییەوە، هەژاری بەڕەنگوڕویانەوە دیاربوو !

لەدوای روخانی سەدام، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لەئەندام و لێپرسراوانی باڵای بەعس و هاوکارانی ئەو رژێمە بەتایبەت لە عەرەبی سوننەو هاوکات ئەو کوردانەی بەعسی بوون یان جاش بوون، یاخود هاوکاری رژێمی بەعسیان کردبوو لە تیرۆرکردن و شەهیدکردنی پێشمەرگەو هاونیشتیمانیانی کورد رویان لەسوریا کرد.

زۆرترین سەرکردایەتی و لێپرسراوانی بەعس لەدوای روخانی سەدام، لەسوریا مانەوە. بۆنمونە محەمەد یونس بەئاشکرا لەدیمەشق کۆبونەوەی رێکخستنەکانی بەعسی دەکردو لەوێ پلانی کارو چالاکییە تیرۆرییەکانی ناوخۆی عیراقیان دادەڕشت. بەپێی ئاماری ناڕەسمیی لەگەرمەی شەڕی ناوخۆی عیراق لەدوای 2003 ژمارەی راکردووەکانی عیراق بۆ سوریا گەیشتە نزیکەی یەک ملیۆن کەس، بەڵام ئەو رێژەیە هەمویان بەعسی نەبوون، بەڵکو رێژەیەکی زۆریان بەهۆی توندوتیژیی و شەڕی نیوان شیعەو سوننە لەبەغداو دەوروبەری روویان لەسوریا کرد .

زۆربەی بەعسییەکان یان سوننەکانی عیراق لەناوچەی (جەرەمانا) لە دەورەبەری دیمەشق نیشتەجێ بوون و ئێستا دەیان دوکان و بازاڕیان کردۆتەوەو ئەگەر سەردانی (جەرەمانا) بکەیت بەڕونی هەست بەبونی عەرەبی سوننەی عیراقی لەو ناوچەیە

دەکەیت، تەنانەت عیراقییەکان ناویان لەجەرەمانا نابوو (کەڕادە) وەک چۆن کەڕادە لەبەغدا هەیە، هەروەک ناویان لە ناوچەی سەیدە زەینەب نابوو ئەعزەمییە.

لەدوای 2008 و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعیراق بەپێی رێککەوتنی ستراتیژیی نێوان هەردوو دەوڵەت، هاوکات ئارامبونەوەی دۆخی ئەمنی، زۆربەی ئەو عیراقیانەی رایانکردبوو گەڕانەوە عیراق و شارە سوننە نشینەکان .

کوردەکانیش بەتایبەت مستەشارو جاشە ناسراوەکانی بەعس بیریان لە رووکردنە ئەوروپا یان ئەمریکا نەکردەوە، چونکە دەیانزانی روبەڕووی دەستگیرکردن و راوەدونان دەبونەوە، بۆیە هەندێکیان چونە ئوردن و لەوێ نیشتەجێ بوون، هەندێکیشیان بەنهێنی گەڕانەوە کوردستان و ئێستا بەبێدەنگی دوور لەبینین و دەرکەوتن دەژین! بۆنمونە بەپێی ئەو زانیارییانەی لەدیمەشق وەرمگرت (ق. ئا. کۆیە) کە پێشتر گەورە جاشێکی ناسراوی بەعس بوو، دەستی بەخوێنی پێشمەرگە سور ببوو، ئێستا لەهەولێر دەژیت و کاربەدەستانی حزبیی و حکومەت لێی ئاگادارن.

درەنگانێک و دوای رۆژئاوابوون من هەر لە لەگۆڕەپانی مەرجەو دەوروبەری بووم. دوکان و بازاڕ بەرەبەرە دادەخران، منیش بەپیاسە بەپێ گەڕامەوە بۆ شوێنی مانەوەم. بەلامەوە سەیربوو زوو بازاڕ دادەخرێت، چونکە ئەوان بەیانیان زۆر درەنگ بازاڕ دەکەنەوە، دەبوو درەنگ دایبخەن، کەچی بەپێچەوانەوە بوو. منیش شەو مەوعیدم هەبوو لەگەڵ سالار ئەوسی، نەمدەزانی بۆ کوێیە، بەڵام وەعدی دابومێ بمباتە شوێنێکی نوێ و بۆمن تازەو سەرنجڕاکێش بێت.

- **ئۆپۆزسیۆنی سوریا پەیوەندییان لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان نییە**
- **سەرکردەیەکی ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەڵێت کورد بەنی ئادەم نییە!!**

درەنگانێکی شەو سالار ئەوسی نوسەرو رۆژنامەنوس هاتە بەدوامدا، کوڕێکی لەسەرخۆو هێمن و بێدەنگ بوو، ئەو ماوەیەی لەگەڵم بوو هەوڵیدەدا شوێنەوارو

شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی دیمەشقم پێشانبدات، شەوانەش پەیوەندی دەکرد نەبادا پێویستم بەشتێک بێت و هاوکاریم بکات.

وتی ئەمشەو بچینە باب شەرقی، ئەوێ شوێنێکی زۆر دڵگیرە، ناوچەیەکی دیاریکراوە لەدیمەشقی کۆن. باب شەرقی یەکێکە لە دەرگاکانی دیمەشقی کۆن، ئەو گەڕەکە یان ئەو شوێنە هەر بەوناوەوە کراوە.

دیمەشقی کۆن ژمارەیەکی زۆر دەرگای هەبووە، هەندێکیان شوێنەواریان ماوەو هەندێکیشیان نەماوە. ئێستا هەر دەرگایەک بۆتە ناونیشان و ئەو ناوچەیە بەناوی دەرگاکە کراوە، بۆنمونە باب شەرقی، باب تۆما، باب سەلام، باب موسەللا، باب سەغیر، باب جەبایە..هتد .

درەنگانێک بەکاتی دیمەشق بۆ بەرەو باب شەرقی بەڕێککەوتین. لەزۆربەی شەقامە گشتیی و گرنگەکانی ناو شاری دیمەشق و دەوروبەری، بازگەو کۆنترۆڵی سەربازیی هەبوو، زۆربەی ئۆتۆمبێلەکانیان رادەگرت و پرسیارێکیان دەکرد، یان ناسنامەیان لەشۆفێر وەردەگرت. لەشوێنی مانەوەم دورکەوتینەوە یەکەمجار بوو بمان وەستێنن و پرسیارمان لێبکەن، پرسیارکردنەکە رۆتینیەو لەهەموو خەڵکی دەکەن، زیاتر بۆئەوەیە هەستبکرێت ئەمنیەت لەشارەکە بەرقرارە.

ئەم دیمەنەی دیمەشق هەمان دیمەنی دوای روخانی سەدام بوو، بەتایبەت دوای 2005 زۆربەی شەقامەکانی بەغدا بازگەو خاڵی پشکنینی لێ دانرابوو، لەوە واوەتر هەرهەموو فەرمانگەو شوێنە گرنگەکانی بەغدا بەبەردی گەورە دەوردرابوو، تەنانەت لەڕێگەی فرۆکەخانە، چەندین کیلۆمەتر بەسەریەکەوە رێگا بەو بەردانە گیرابوو. بازگەکان بە ئامێرێک کە تەلێکی پێوەبوو ئۆتۆمبێلیان دەپشکنی، گوایە ئەگەر تەقەمەنی تێدابێت ئەو ئامێرە ئاشکرای دەکات، دواتر دەرکەوت ئەو ئامێرە سەدان ملیۆن دۆلاری پێخوراوەو هیچ نەبوو تەنها بۆ خەڵەتاندنی خەڵک بوو!

هەرچۆنێک بێت کە گەیشتینە ئەوێ شوێنی راگرتنی ئۆتۆمبێل زۆر زەحمەت بوو، ئیدی بەکۆڵانە تەنگەبەر و کۆنەکانی ئەو ناوچەیە تێپەڕین نەک هیچ شوێنێک نەبوو

رابگرین، بگرە ڕێڕۆیشتنی پیادەش زەحمەت بوو، قەرەباڵغییەکی زۆر هەبوو. ئەو شەوە پێنجشەم لەسەر هەینی بوو، هەرچی کوڕو کچی دیمەشق هەبوو هاتبونە دەرەوەو پیاسەو دانیشتنی شەوانە! ئیدی کوڕان بەئۆتۆمبێل جوان و کچانیش دوو دوو، سێ سێ بەیەکەوە بەجلی ئاڵاو واڵاوە بەدەم بزەی شیرین و مەکری شامیانە ڕێیان دەکرد، بەدەم پێکەنین بەو شەقامە تەسک و تەنگەبەرو نیوە ڕووناکانەدا لەشوێنێک دەگەڕان لێی دانیشن.

ئەو شوێنە شاری دیمەشقی کۆنە، لە وڵاتان لەشارە دیارو کۆنەکان ئەو شوێنانە پێی دەڵێن شاری کۆن (Old Town) مەبەست ئەو گەڕەکە یان ئەو گەڕەکانەیە کە ئەسڵی شارەکەن و کۆنن. من لەواشنتن شەوێک چومە ئۆڵد تاون، کاتێک دەچیتە ئۆڵد تاون هەستدەکەیت مێژوو دەگەڕێتەوە دواوە، هەوڵیانداوە نەخشەو سیمای کۆنی ئەو شوێنە وەکوخۆی بمێنێتەوە. ئەو ناوچەیە هەموو خواردنگەو قاوەخانەن لەسەر شێوازو مۆدێلی جارانی واشنتن کە لەفلمە کاوبۆییەکاندا بینیبومان، بەشێوەیەکی گشتیی خەڵکی بەتایبەت ڕوویان تێدەکات.

ئەوەی دیمەشق دەتوانین بڵێین هەمان سیمای هەیە. کۆڵانەکانی زۆر تەنگەبەر و پێچاوپێچی زۆرو ناڕێک، لەهەندێ کۆڵان و کوچەی، ناچار شان دەدەی لەشانان، جار جارەش دوو کچ یان سێ بەیەکەوە بەپێکەنین لێت وەدەردەکەوتن.

ئەوناوە هەر هەموو یانەی شەوانەو شوێنی پشودان بوو، خۆمانکرد بەچەند شوێنێک جێگا نەبوو، چونکە دەبوو پێشتر واتە ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ پێشتر بەتەلەفۆن جێگا بگریت، ئەگینا بەرناکەویت. بۆیە ئێمە شوێنێکمان دەستنەکەوت بەدڵمان بێت و تادرەنگان لێی بمێنینەوە.

ئەو شوێنە جیاواز بوو، زۆربەی ئەو یانەو شوێنانە پەنجەرەیان بەسەر کۆڵانەوە بوو، ئیدی لەو پەنجەرانەوە دیاربوو کچان و کوڕان دانیشتون بەدەم خواردنەوەو نێرگەلە کێشان و گاڵتەو گەپی شەوانەوە خەنی ببون. لەگەڵ هەر سەیرکردنێکیش کچان نیگایەکیان دەکردی، وەک ئەوەی پێت بڵێین بەخۆشی ئێوەوە.

سالار شارەزای کۆڵانەکان و مێژووی بەشێک لەوشوێنانە بوو کە شەوانە شوێنی دانیشتنی درەنگانە. من حەزمدەکرد بچینە شوێنێک کەلتوریی بێت و دانیشتنی تایبەت بێت. خۆمانکرد بەکونێک ژورەوەی زۆر چکۆلانە بوو، شوێنی دانیشتنی تەنها شەش کەس بوو لەروبەری 8 مەترێک چوارگۆشە، دوو کچ لەپشتی ئێمەوە هەر بەپێوە وەستابوون و بەدەم خواردنەوەوە دەیان چپاند بەگوێچکەی یەکتر، ئێمەش دانیشتبوین. دارو دیواری ئەو شوێنە هەمووی نوسین یادەوەریی بوو، هەرچی هاتبوە ئەو شوێنە یادەوەرییەکی لەسەر دیوارەکە تۆمارکردبوو، لەوەدەچو تەمەنی ئەو شوێنە زیاتر لە 60 ساڵ بێت، دووکەسیش لەوشوێنە کاریان دەکرد و دانیشتبوون.

جگە لەباسی دیمەشق و شەوانەی باب شەرقی و باب تۆماو شەقامی ساڵحییەو حەمرا، سیاسەت زۆرترین کاتی پیاسەو گفتوگۆکانی داگیرکردبوین. سالار دوو کتێبی نوسیبو بەناوەکانی(جلال گالبانی، احداپ و مواقف) (الکرد فی الوعی الپقافی العربی) بەدەم گفتوگۆی گەرمەوە باسی کتێبەکانی بۆ دەکردم، بۆمن هەریەکەیان گرنگی تایبەتی هەبوو، چونکە هەریەکەیان بەجۆرێک لەجۆرەکان بابەتەکانیان پەیوەندی بەگەشتەکەی منەوە هەبوو بۆ دیمەشق، بۆیە گفتوگۆکەمان گەرم بوو.

تێگەیشتنی عەرەبی عیراقی بەتایبەت سوننەو عەرەبی سوریا بۆ دۆزو مەسەلەی کورد نزیکە، یان لانیکەم لەشوێنێک یەکترگر دەبن. بەشێوەیەکی گشتیی عەرەبی سوننە لەعیراق تا 10 ساڵێک دوای روخانی سەدام، نەیاندەتوانی لەوە تێبگەن کە کورد نەتەوەیەکەو لەسەرخاکی خۆی دەژیێت و وەک هەموو گەلان داوای مافی چارنوسینی خۆی دەکات! چونکە لەماوەی نزیکەی 90 ساڵی دوای دروستکردنی عیراق لەلایەن بریتانیاوە، سوننە پێکهاتەیەکی دەستڕۆیشتووبون لەعیراق، بۆ ئەوان زەحمەت لەپڕ ببینن کورد قەوارەیەکی جیاوازو نیمچە سەربەخۆی هەیە. نەک عەرەبی سوننە، ئەم حالەتە بۆ شیعەکانیش تاڕادەیەک هەستی پێدەکرا، بەڵام هۆکارگەلێک هەبوون رەنگە ئەو هەستەی لای شیعەکان خاوتر کردبۆوە. جیاوازی نێوان شیعە و سوننە لەعیراق ئەوەیە کە شەقامی سوننە سەرەتا زۆر توند بوون بەرامبەر کورد، ئێستا جۆرێک

لەخاوبونەوە هەستی پێدەکرێت و جارجارەش گوێبیست دەبین ئەوانیش داوای فیدرالییەت بۆ ناوچەکانیان دەکەن، بەڵام شیعە لەسەرئاستی جەماوەریی ئەوجۆرە هەستیارییەیان بەرامبەر کورد نەبووە، مەگەر دەستەبژێری سیاسییان بەهۆی بەرژەوەندی حزبیی و شەخسی جاروبار لێدوانی توند بەرامبەر کورد دەدەن.

بۆ عەرەبی سوریا خراپتر، چونکە حزبی حوکمڕانی سوریا، بەهیچ شێوەیەک نەک دان بەمافی سروشتی ژیانی گەلی کورد لەسوریا دانانێت، بگرە تائێستا بەڕەسمی دان بەبونی نەتەوەییش دانانێت. دەتوانین بڵێین لەسەرئاستی شەقام لەتێنەگەیشتن بۆ دۆزو مەسەلەی کورد هەیە، چونکە دەیان ساڵە بەفیکری عەرەبچێتی توندڕەو جۆشدەدرێن. ئەوان کورد بەنەتەوەیەکی میوان و ئاوارە لەسوریا دەزانن، بۆیە لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوەوە سەدان هەزار کوردیان لەسوریا لەناسنامە بێبەشکرد.

سەرنجێکی جیاواز لەنێوان عەرەبی عیراقی و عەرەبی سوریا سەبارەت بەکورد، دەبینین لەسەردەمی پێش روخانی سەدامدا لێکتێگەیشتنێکی سەرەتایی لەبارەی مافی گەلی کورد لەدوای روخانی سەدام لەنێوان ئۆپۆزسیۆنی عیراقیی هەبوو. تەنانەت بەر لەروخانی سەدام لەچەند کۆنفرانس و کۆنگرەیەکی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆنی عیراقی و کورد لە 2002 لە لەندەن و کۆبونەوەی 2003 لە سەلاحەدین، چوارچێوەی ماف و بەرکەوتەی کورد لەدوای روخانی سەدام دەستنیشانکرا. ئەمە جگە لەوەی سەرکردایەتی حزبە شیعەو سوننەکان پەیوەندییەکی تایبەتیان لەگەڵ کورد هەبوو، تەنانەت ژمارەیەکی زۆریان بنکەو بارەگایان لەکوردستان هەبوو، بەپێچەوانەی رژێمی سەدام کە ئامادەنەبوو مافەکانی گەلی کوردستان بسەلمێنێت.

بەپێچەوانەی عیراق، لەسوریا ئۆپۆزسیۆن زۆر توندڕەوترو شۆڤێنیترن لەرژێمی بەعسی سوریا بەرامبەر مافی گەلی گەلی کورد بەگشتیی! بەدڵنیاییەوە رژێمی سوریا مافی گەلی کوردستان لەسوریا ناسەلمێنێت، کورد لەسوریا لەماوەی رابردوو روبەڕوی توندترین بارودۆخی چەوسانەوە بونەتەوە، بەڵام هەوڵیانداوە زیاتر بێدەنگ بن و خۆیان دوربگرن لەلێدوانی توند بەرامبەر کورد، کەچی لەدوای 2011 بەشێک

لەئۆپۆزسیۆنی سوریا، لێدوانی ئەوەندە شۆڤینییان دژ بەکورد لەسوریا داوە، دەتوانین بڵێین لەوە قێزەونتر نەبیستراوە لەهەر چوار پارچەی کوردستان .

لێدوانەکانی رژێمی سوریا دژ بەگەلی کورد لەسوریا، سیاسیانە بوون و بەبێ ناوهێنان، بەڵام لێدوان و تێگەیشتنی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، هەموو سنورێکی توندڕەویی و شۆڤینی بڕیوە. دەبنین ئەسعەد زوعبی کە سەرۆکی وەفدی ئۆپۆزسیۆنی سوریابوو بۆ جنێڤ، لەلێدوانێکدا بۆ رادیۆی ئۆریەنت لە 23ی ئاداری 2016 وتبوی وڵاتانی زلهێز دەیانەوێ خاکی سوریا بۆ کورد جیابکەنەوە کە لە 1%ی دانیشتوانی سوریا پێکناهێنن!! هەروەک لەو بەرنامەیەدا زۆر قێزەون و دور لەهەموو خوو رەوشتێکی مرۆیی قسەی کردو دەڵێت "لەسەردەمی حافز ئەسەد کورد دەیانویست تەنها نوسراوێکیان دەستکەوێت کە بیسەلمێنێت ئادەمیزادن؟!" مەبەستی زوعبی لەم قسەیە کورد مرۆڤ نین، ئەم قسەیەش ئەوپەڕی بێڕێزیکردن بوو بەگەلی کورد.

هەر لەو لێدوانەیدا ئاماژەی بەوەکردبو کە کورد دەیانەوێ کیانی سیاسی بۆخۆیان دروستبکەن و ببنە مرۆڤ؟؟

لێدوانەکەی زوعبی کاردانەوەی توندی لەلایەن شەقامی کورد لە سوریا لێکەوتەوە، بەڵام لەناو ئۆپۆزسیۆن دەیانویست بێدەنگی لێبکەن، هاوکات ئەو گروپە کوردیانەی کە بەناوی ئەنەکەسەوە (ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردی سوریا) لەناو ئیئتیلافی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بوون، کاردانەوەکەیان وەکو پێویست نەبوو. دواتر ئەم لێدوانە بووەهۆی دورخستنەوەی زوعبی لەسەرۆکایەتی کردنی وەفدی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بۆ دانوستانەکانی جنێڤ.

بەر لەماوەیەکیش هەیسەم مالح یەکێک لەکەسە دیارەکانی نێو ئۆپۆزسیۆنی سوریا لەچاوپێکەوتنێکی تەلفزیۆنی یان کەناڵی 9 کە بارەگاکەی لەتورکیایە، بەجۆرێک لەگاڵتەپێکردنەوە رایگەیاند نە لەمێژوو نە لەجوگرافیای سوریا شتێک نییە بەناوی کوردستان! وتیشی ئەو کوردەی لەسوریا هەیە پێشتر لەتورکیاوە هاتوون و لەلایەن سوریەکانەوە پێشوازیان لێکراوە وەکچۆن پێشوازی لەئەرمەن و چەرکەس کراوە!

بەجۆرێک لەگاڵتە پێکردنیشەوە وتی کورد ئاوێتەی عەرەب بوون و ئێستا پێکهاتەیەکی بێخەوش نەماون! مەبەستی ئەوەبوو بونەتە عەرەب؟!

ئەو لێدوانە شۆڤینیانەی بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی سوریا شەقامی کوردستانی سوریای زۆر نیگەران کرد، تەنانەت هیچ پەیوەندییەکی سیاسی یان حزبیش لەنێوان کاربەدەستانی رۆژئاوای کوردستان و (بەناو) ئۆپۆزسیۆنی سوریادا نییە! ئەمە لەکاتێکدا پێشتر پەیوەندییەکی گەرم لەنێوان سەرکردایەتی بڕیاردەری کوردستان و ئۆپۆزسیۆنی عیراقیی هەبوو، تەنانەت بەشێکیان بنکەو بارەگایان لەکوردستان هەبوو.

لەوە خراپتر، لەگەرمەی شەڕی ناوخۆی سوریا، لەنێوان هێزەکانی (بەناو) ئۆپۆزسیۆن و سوپای رژێمی سوریا، لەناوچەکانی حەلەب و دەوروبەری، دەبینین هێزە میلیشیاکانی ئۆپۆزسیۆن پەلاماری هەردوو ناوچەی کوردی (شێخ مەقسود و ئەشرەفیە) یان دەدا، کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، هەندێک جار تۆپبارانی چڕیان دەکردو زیانی گیانی لێدەکەوتەوە. ئەم پەلاماردانانە کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندیی نێوان کوردو عەرەبی ناوچەکە دروستکردبوو.

بەقسەی بەشێک لەنوسەرو رۆژنامەنوسانی کورد لەسوریا، هۆکاری رق و کینەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، یان ئەو هەستە شۆڤینیەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، بەشێکیان سروشتی تێگەیشتنی بەشێک لەبژاردە (نوخبە)ی عەرەبە لەسوریا، هەروەها بەشێکیشیان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هاندانی گروپە جیاوازەکانی ئۆپۆزسیۆن لەلایەن وڵاتانی دراوسێ بۆئەوەی بەهەموو شێوەیەک دژی کورد بن.

هەر ئەوشەوە کە گەڕاینەوە لەیەکێک لەدیارترین ساردەمەنیەکانی دیمەشق (ئەبو عەبدۆ) لاماندا، خەڵک لەسەرجادە لەسەر کورسی سادە بەو سەرمای زستانە، دانیشتبون و ساردەمەنیان دەخوارد یان دەخواردەوە. جۆرێک ساردەمەنی پێشکەش دەکرد من لەهیچ کوێیەک بەوشێوەیە نەمبینیبوو. ساردەمەنییەکی زۆر نوێ بوو، تێکەڵەیەک لەمیوەو شیرینی بەشێوەیەک زۆر سەرنجڕاکیش بوو. جوانتر لەوە، خێزان، یان کچان و کوڕان بەیەکەوە دادەنیشتن و بەدەم پێکەنینەوە ساردەمنیان دەخوارد،

ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، دەوروبەری ئەو ساردەمەنییە هەموو داخرابوون، تەنها ئەو ساردەمەنییە تا درەنگانێکی شەو کراوەبوو، بەردەوامیش بەردەمی قەرەبالغ بوو.

ساردەمەنی ئەبو عەبدۆ تەمەنی 44 ساڵ بوو، ببوە بەشێک لە یادەوریی و شوێنەوارەکانی ئەوشارە، بەر لەسەفەرەکەم لەزۆربەی ئەوانەی لێم پرسیبون لەدیمەشق سەردانی چ شوێنێک بکەم، پێیان وتبوم ساردەمەنی ئەبو عەبدۆ ببینە! دیارە شوێنێکی زۆر دیاری شام بوو.

- **نامەیەکی سەرسنور، مامجەلالی بە ئەسەد ناساند**
- **یەکەم خانووی نیشتەجێبەنی ئۆجالان لە دیمەشق، یەکێتیی دابینیکرد**

دیمەشق لەمێژووی بزوتنەوەی سیاسی و چەکداریی کورد لەماوەی 45 ساڵی رابردوو رۆڵێکی زۆر گەورەی بینیوە، بەشێک لەبزوتنەوە سیاسی و چەکداریی یان

دوباره ژیانەوەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لەدوای نوشستی 1974 لەوێ دوباره دەستیپێکردەوه.

بۆمن، یەکێک لەو باسانەی بۆ دەبوو گرنگی پێبدەم و لەبارەیەوە شتێک بنوسم، ئەوەی رایچنگم کەوێت بیهێنمەوە، ئەو مێژووە بوو کە پەیوەندی بە دروستبونی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان  لە دیمەشق، هەروەها بونی مامجەلال لەدیمەشق و بینینی ماڵەکەی وەک بەشێک لەشوێنەوارو مێژووی پڕ سەروەریی گەلی کوردستان. هەروەک هەوڵدان بۆ باسکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان بەتایبەت مانەوەی رێبەرەکەیان لەدیمەشق و سەرەنجام جێهێشتنی دیمەشق و دواتر دەستگیرکرانی لەکۆتایی شوباتی 1999 لە کینیا.

دەتوانین بڵێین زیاتر لە 40 ساڵی رابردوو دیمەشق رۆڵێکی زۆر گرنگی گێڕاوه لە بزوتنەوەو جولانەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، جارێک لەدروستبونی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەدوای نوشستی 1975، ئەویدیکەیان لە دەستپێکردنی جولانەوەی چەکداریی کورد لەباکوری کوردستان.

لەوەی یەکەمدا، جولانەوەی باشوری کوردستان راستەوخۆ پەیوەندی بە مامجەلالەوە هەیە. ئەو بەرلە دروستبونی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەماوەیەکی درێژ پەیوەندی لەگەڵ حافز ئەسەد سەرۆکی کۆچکردووی سوریا هەبوو. لەڕێی ئەو پەیوەندییەو بەسود وەرگرتن لەململانێی نێوان عیراق و سوریا کە ئەوکات لەگەرمەدابوو، هاوکات پەیوەندی ئێران و سوریا، رێگەخۆشبکرێت بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لەدیمەشق دەست بەجوله بکاتەوەو دوباره ئەو بێئومیدییەی بەهۆی نوشستی 1975 درەستبوو، بژێیتەوەو دەستپێبکاتەوه.

بەپێی بەشێک لەو راستیانەی لەژیانی مامجەلالدا چ لەکتێبی دیداری تەمەن، یان لەچاوپێکەوتنەکانی خۆی، یان لێرەو لەوێ هاوڕێ و هەڤاڵانی دەیگێڕنەوه، (مام) سودێکی زۆری لەپەیوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بینیوە، بۆ دابینکردنی پشتیوانی بۆ

بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، یان چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک لەو ڕێگەیە هاتبێتە پێشی.

سەرەتای پەیوەندییەکانی مامجەلال دەگەڕێتەوە ساڵی 1970، کاتێک دەیەوێت لەبەغداوە لەڕێی دیمەشقەوە بچێتە بەیروت.  لەسەر سنوری سوریا لەخاڵی سنوری ئەبوشامات رایدەگرن و ڕێگەی دەربازبوون بۆ لوبنان لەڕێی دیمەشقەوەی نادەن! لەو بیابانە بەبێ چارە بڕیار دەدات بگەڕێتەوە بەغدا .

بەهۆی ئەوەی بۆ گەڕانەوە ئۆتۆمبێل نەبووە، چاوەڕێی ئۆتۆمبێلێک دەکات تا دوبارە بگەڕێتەوە بەغدا، بەڕێکەوت ئۆتۆمبێلێکی سەر بەهێزە چەکدارەکانی فەلەستین دەیەوێت سنور دەرباز بکات بەرەو دیمەشق، لەوێ پزیشکێک دەناسێت و بەخێرایی نامەیەک دەنوسێت و دەیدات بەو پزیشکە کەلەگەڵ ئۆتۆمبێلەکە بەرەو دیمەشق دەچن، تا بیداتە حافز ئەسەد کە ئەوکاتە سەرۆک وەزیرانی سوریا دەبێت.

درەنگ دادێت دەبێتەشەو، مامجەلال چاوەڕێی نەدەکرد هەم نامەکە بگات و هەمیش بەوخێراییە وڵامی بدرێتەوە! لەناکاو ئۆتۆمبێلێکی مارسێدس و پاسەوانی تایبەت دەگەنە سنوری سوریاو داوای مامجەلال دەکەن! تومەز حافز ئەسەد بەتایبەت ناردونی بەدوای مامجەلال بۆ دیداری تایبەت. ئیدی بۆ رۆژی دواتر مامجەلال دەگاتە دیمەشق و دەبێتە میوانی حافز ئەسەد لەهۆتێل سەمیرەمیس، چاوی بەسەرۆک وەزیرانی سوریا دەکەوێت و پەیوەندی نێوان مام و ئەسەد لەوکاتەوە دەستپێدەکات. ئەوکاتە ئەسەد لەگرنگی و کاریگەری مامجەلال تێگەیشتبو چ لەناو بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، چ لەناو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق، بۆیە بەخێرایی وڵامی نامەکەی مامجەلالی دایەوەو بەگەرمی پێشوازی کرد.

پەیوەندی نێوان مامجەلال و حافز ئەسەدو کاربەدەستانی سوریا بەردەوام بوو، هەروەک پەیوەندی نێوان مامجەلال و حزب و لایەنە سیاسییە عیراقیی و فەلەستینی و لوبنانییەکان لەسوریا پێشکەوتنی زۆری بەخۆیەوە بینی. بەسود وەرگرتن لەو زەمینەیە، مام لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێ و هەڤاڵانی توانیان یەکێتیی نیشتیمانیی

کوردستان دروستبکەن و یەکەم بەیاننامەی ژیانەوەی کورد لە ناوەڕاستی 1975 لەشام دەربکەن.

هەرچۆنێک بێت لەدوای ئەو شکستە بەسەر کورددا هات لەبەرەنجامی رێککەوتننامەی جەزائیر لەنێوان سەدام و شای ئێران، بێزاریی و بێ هیواییەکی زۆر لەکوردستان هەبوو، بەڵام مامجەلال خێرا جموجۆڵێکی نوێی دەستپێکرد بەسود وەرگرتن لەجموجۆڵ و زەمینەی ناوخۆو ئیقلیمیی و دوای ماندوبوون و هاتوچۆو کۆبونەوەی زۆر چ لەناوخۆ، چ لەدەرەوە، توانرا لەگەڵ شەش لەهەڤاڵانی لەدیمەشق دەستپێکردنەوەی بزوتنی کورد رابگەینن.

رەنگە باسکردنی چۆنییەتی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان قسەی زۆری لەبارەوە کرابێت، بەتایبەت دامەزرێنەرانی ئەو بزوتنەوەیە لەیاداشت و یادەورییەکانیان ئەو باسەیان گێڕاوەتەوە. بۆیە ئەوەی بۆمن گرنگ بوو لەباسکردنی دیمەشق هەندێ لایەنی باسنەکراوی دەستپێکردنەوەی جولانەوەی کورد بوو لەدیمەشق لەو قۆناغدا .

دروستکردنی یەکێتیی نیشتیمانیی کورستان لەناوەڕاستی 1975 زادەی رۆژێک و دووان نەبوو، بەڵکو مامجەلال پێشتر ئامادەکاریی خربونەوەو کۆبونەوەی هەڤاڵانی دانابوو، هەروەک پلانی دابینکردنی شوێنی مانەوەو رێگای هاتن و هاوکاریی مانەوەی هەڤاڵانی دانابوو! ئەمە جگە لەزنجیرەیەکی دورودرێژ لەپەیوەندی لەگەڵ حکومەتی سوریاو لیبیاو گروپ و لایەنە سیاسی و چەکدارییەکانی فەلەستینی و عیراقیی! ئەمانە هەموو بەسەریەکەوە زەمینەی دروستبونی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانی سازاند. بۆیە ناکرێ نەڵێین ئەگەر مامجەلال نەبوایە مومکین نەبوو هەموو ئەو ئەلقانەی سەرەوە باسمکردوون بەیەکەوە گرێبدات، بۆیە ئەگەر ئەو نەبوایە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دروستنەدەبوو.

مامجەلال ماڵی لەگەڕەکی مەزرعە لەناوەڕاستی دیمەشق دادەمەزرێنێ، ئەو ماڵە لەگەڵ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونی خۆی و خێزانەکەی بوو، ئاوارەیی بوو بۆ ئەو، بەڵام خانەخوێی هەڤاڵ و دۆستانی بوو، شوێنی کۆبونەوەو دیدارە تایبەتییەکانی بوو.

هەرلەوێ پلانی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانی داڕشت و دواتر بەهاوکاری هەڤاڵانی لەناوەو دەرەوەی وڵات پلانەکەی جێبەجێکرد. بۆیە بۆ یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دیمەشق گرنگییەکی تایبەتی هەیە، پێویستە ئەو مێژووە بەوردی بنوسرێتەوەو بەووردی تۆماربکرێت.

جگە لەدامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ( مامجەلال، نەوشیروان مستەفا، عادل موراد، عەلی عەسکەری، عومەری شێخ موس، عەبدورەزاق فەیلی، فوئاد مەعسوم) ژمارەیەکی زۆر لەکادرو کەسایەتییە ناسراوەکانی سەردەمی جولانەوەی پێش 1975 و گەنجی تازە پێگەیشتوی خوێنگەرم هاتنە سوریا بۆ بەشداربوون لەبزوتنەوەی نوێی کورد، زۆربەیان لەوێ رێکدەخران و پەیتاپەیتا بەڕێدەکران بۆ شاخەکانی کوردستان و گەرمکردنی خەباتی چەکداری نوێ.

ئەوەی بۆمن گرنگ بوو بینینی ماڵەکەی مامجەلال و هێنانەوە یادی دیمەنێک بوو کە ماوەی زیاتر لە 44 ساڵە وەکوخۆی ماوەتەوە. مەبەستم بوو وێنای ئەو چایخانانە بکەم کە ئەوکاتە کۆبونەوەو دیداری لاوان و خوێنگەرمانی کورد کە هاتبون تا سەرلەنوێ جولانەوی سیاسی و چەکداریی لەباشوری کوردستان دەستپێبکەنەوەو لەتاریکی شەوە زەنگدا ئومێد بۆ میللەتی کورد بگێڕنەوە.

بونی مامجەلال لەدیمەشق و گرنگیەکی گەورەی هەبوو، تەنها دامەزراندنی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان نەبوو، یان ئەلقەی پەیوەندی نەبوو لەگەڵ گروپ و حزبە سیاسییەکانی سوریاو فەلەستین و عیراق، بەڵکو مام لەوێ پەیوەندی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان و سوریا دروستکردو لەو رێگەیەوە بزوتنەوەی چەکداری باکوری کوردستان دروست بوو! سەرەنجام وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو بۆ کورد لەباکوری کوردستان و تائێستا درێژەی هەیە، هەروەک دواتر بەهۆی پەکەکەوە ئەو بزوتنەوە چەکدارییەی لەدایک بوو، کەئێستا کۆنترۆڵی رۆژهەڵاتی فورات یان رۆژئاوای کوردستانیان کردووە.

بەقسەی عەدنان موفتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، ئەو کە) (Travel document) لەبری پاسپۆرت) لەتارانەوە هاتە دیمەشق، لەلایەن مامجەلالەوە پێشوازیکران و شوێنی مانەوەیان بۆ دابنیکرا. عەبدورەزاق کۆییش دەڵێت کە گەیشتینە دیمەشق چونەتە ماڵی مامجەلال و خۆی پێشوازیکردوون، دواتر شوێنی مانەوەو ژیانی بۆ دابینکردوون! هەموو ئەوانەی هاتونەتە دیمەشق و ماونەتەوە مامجەلال شوێنی مانەوەو ژیانی بۆ دابینکردوون، ئەمەش لەڕێی ئەو پەیوەندیە تایبەتیەی پێشتر خۆی لەگەڵ کاربەدەستانی دیمەشق دروستیکردبوو.

ئەوکاتەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەیانی دامەزراندنی لەدیمەشق ڕاگەیاند، ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی و حزب و لایەنی سیاسی کورد لەدیمەشق بونیان هەبوو، هەندێک پێش دروستبونی یەکێتی و هەندێکیش دوای خۆ ڕاگەیاندنی یەکێتی، بۆنمونە چەند حزبێکی ڕۆژئاوای کوردستان یان کورستانی سوریا وەک پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخواز، پارتی دیموکراتی کورد/ سوریا، پارتی چەپی کورد لەسوریا.. تد هەروەک ژمارەیەکی زۆر کەسایەتی و حزبی کوردی باکوری کوردستانیش لەوێ بوون وەک حزبی ئاڵای ڕزگاریی، دەدەقەدە، حزبی پێشەنگ..تد دواتر سەرۆک و سەرکردایەتی پەکەکە هاتنە سوریاو لەوێ دەستیان بەکارکردن کرد.

هۆکاری سەرەکی هاوکاریکردنی بزوتنەوەو گروپە سیاسییەکانی کورد لەلایەن دیمەشق، پەیوەندی بە ململانێی ئیقلیمیی و گرژی پەیوەندییەکانی سوریا لەلایەک لەگەڵ عیراق و لەلایەکی دیکە لەگەڵ تورکیا هەیبو، ئەمەش زەمینەی بۆ بەشێک لەخەباتگێڕانی کورد ڕەخساند تا سود لەو دەرفەتە وەرگرن.

لەدوای نوشستی بزوتنەوەی چەکداری کورد لە 1975 تروسکاییەک بۆ هەستانەوەی کورد بەدینەدەکراو سەدان پێشمەرگەو خوێندەواری کورد ئاوارەی ئێران و ئەوروپاو وڵاتانی عەرەبی بوون. لەگەڵ دەستپێکردنەوەی بزاڤی کورد دیمەشق بووە خاڵی بەیەکگەیشتنەوەی شۆڕشگێڕانی کوردو سودیان لەو گرژییە بینی کە لەنێوان سوریاو عیراقدا هەبوو.

لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو، ژمارەیەک لەخەباتگێرانی کورد روویان لەدیمەشق کرد، بەڵام لەگەڵ کودەتاکەی کەنعان ئیڤریل لە ساڵی 1980 ژمارەیەکی زۆری کوردانی باکور لەترسی راوەدونان و گرتن هاتنە دیمەشق، ئەمە دەرفەتی رەخساند جولانەوەکەیان پێبنێتە قۆناغێکی نوێ. لەدەستپێکردنی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدارانی سوریاو هاوکاریکردنی عەبدوڵلا ئۆجالانی رێبەری پەکەکە، مامجەلال رۆڵێکی گەورەی بینی. مامجەلال پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدارانی سوریاو پەکەکەکە بەتایبەت لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆجالان دروستکرد. یەکەم خانوو بۆ نیشتەجێبونی ئۆجالان لەدیمەشق لەکۆتایی حەفتاکانی رابردوو لەلایەن یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە دابینکرا، یەکەم دیدارو پەیوەندی ئۆجالان و دەسەڵاتدارانی سوریاش هەر لەلایەن یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە رێکخرا.

یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەسەرەتای دروستبونی پەکەکەوە لە 1978 هاوکارێکی سەرەکی ئەو حزبە بوو بۆ پەیوەندی بەوڵاتانی ناوچەکەو گەشەکردنی خێراو دروستکردنی زەمینەی خەباتی چەکداریی، هەروەک یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان هاوکارێکی سەرەکی بوو لەخەباتی رۆژئاوای کوردستان لەدوای روداوەکانی 2011ی سوریاو کۆنترۆڵکردنی ناوچە کوردستانییەکانی سوریا لەلایەن پەیەدە کە هێزێکی لەدایکبونی پەکەکەیە.

یەکێتی یەکەم هێزی سیاسی بوو دانی بەئیدارەی رۆژئاوای کوردستانداناو تاکە هێز بوو یەکەمجار هانی سەرکردایەتی پەیەدەی دا کار بۆ بەهەرێمبونی کوردستانی سوریا لەچوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵدا بکەن. لەماوەی چەند ساڵی یەکەمی بارودۆخی نوێی رۆژئاوای کوردستان، یەکێتی دەیان ملیۆن دۆلارو هەزاران پارچە چەکی جیاوازی بەئاشکراو نهێنی پێشکەشی کوردستانی سوریا کرد. ئەوکاتەی یەکێتی پشتیوانی ئەو پارچەیەی کوردستانی دەکرد، هێزی دیکە دەسەڵاتدار هەبوو، لەبری هاوکاریی، بەدرێژایی سنور خەندەقی لێدەدا بۆ زیاتر ئابلوقەدانی ئەو پارچەیەی کورستان.

لە تێکشکاندنی هێرش و پەلاماری تیرۆرستانی داعش لەکۆتایی 2015 بۆسەر کۆبانیی، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان رۆڵێکی زۆر کاریگەری بینی، بۆیەکەمجار

لەڕێی فرۆکەی C130 لە رۆژی 20ی ئۆکتۆبەری 2014 ژمارەیەکی زۆر چەک و پێداویستی بەرەنگاربونەوەو دەرمان و پێویستی سەرەکی سەربازی بۆ شەڕڤانان لەئاسمانەوە هەڵدایە خوارەوە. ئەو چەک و تفاقە لەلایەن هێزی دژە تیرۆری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دابینکراو لەڕێی فرۆکەی کارگۆ گەیەنرایە ئاسمانی کۆبانیی و بەو هۆیەوە ئابلوقەی سەر شەرڤانانی کۆبانیی شکێنراو هاوکارییان گەیشتە دەست.

هەروەک بریت ماکگۆرک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا لەهاوپەیمانێتی دژی داعش لە12ی ئۆکتۆبەری 2016 بەروونی ووتی ئێمە توانیمان لەڕێی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان چەک بۆ رۆژئاوا بنێرین و لەلێدوانێکی رۆژنامەوانییدا ووتی: "کاتێک داعش لەپێشڕەویدا بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی سنووری سوریا لەگەڵ تورکیا، تەنها یەک شار مابوو داگیری بکەن‌و دوا ئامانجی ئەوان شاری کۆبانێ بوو، داعش بە هەزاران چەکداری رەوانەی ناو شارەکەدەکردو بێهیواییەکی زۆر هەبوو. بۆیە راستەوخۆ من بڕیارمدا لەڕێگەی حزبێکی خاوەن پێگەو خاوەن هێزو سیاسەتی حەکیمانەوە، کاربکەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان‌و رێگریی لە کەوتنی یەکجارەکی کۆبانێ بکەین، ئەو حزبەش یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو لە باشووری کوردستان .

لەوماوەیەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەدیمەشق چەکەرەی کردو دروستبونی خۆی راگەیاند، تاماوەیەکی درێژ ژمارەیەکی زۆر سەرکردەو کادرانی لەوێ مانەوە. لەو ماوەیە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ کوردەکانی دیمەشق و ئەو دەستبژێری سیاسیەی کوردی سوریا دروستکرد کە لەدیمەشق بوون، وەک سەرکردایەتی و کادرانی پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخواز کورد لەسوریا بەسەرکردایەتی حەمید دەرویش، پارتی دیموکراتی کورد لەسوریا (پەدەکەسە) و ژمارەیەکی زۆر لەکەسایەتی دیاری کوردی سوریا کە لەدیمەشق دەژیان. هەروەک لەگەڵ کۆمەڵگای کوردەواریی لە کوردستانی سوریا بەتایبەت قامیشلۆو حەسەکەو دیریک و رمێلان، بەتایبەت یەکێتیی بنکەیەکی مەشق و راهێنانی پێشمەرگایەتی

لەشاری قامیشلۆ کردبۆوەو لەوێوە پێشمەرگەی راهێنراو پۆل پۆل رەوانەی باشور دەکردەوە، ئەمە وایکردبوو پەیوەندی لەگەڵ کوردانی رۆژئاوای کوردستان دروست ببێت.

لێرەدا سەرنجێکم هەبوو، ئەگەر بەراوردێک لەنێوان دەستپێک یان سەرەتاکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورستان لەعیراق و سوریا بکەین، دەبینین جۆرێک لە لێکچون هەیە. لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو تا ناوەڕاستی شەستەکان، زۆربەی دەستەبژێری سیاسی کوردی باشوری کوردستان لەبەغدا دەژیان و لەوێ خەباتی سیاسیان دەکرد. پەیوەندییەکی زۆریان لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئەوکاتەی عیراق هەبوو. بەهەمانشێوە دەبینین لەناوەڕاستی حەفتاکانەوە دەستەبژێری سیاسی و رۆشنبیرە دیارەکانی کورد لەسوریا لەدیمەشق دەژیان و لەوێ پەیوەندییەکانیان رێکدەخست.

رەنگە بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەبووە کە زانکۆو ناوەندەکانی خوێندن و فێربوون زیاتر لە پایتەخت بونیان هەبووەو ئەمە وایکردووە خوێندەوارانی کورد زیاتر لەوێ کۆببنەوە. هۆکارەکەی دیکە رەنگە پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە ویستویانە لەناوەندی بڕیاردان نزیک بن.

- **پێویستە ماڵەکەی مامجەلال لەدیمەشق بکرێتە مۆزەخانە**
- **مامجەلال هەم خەباتی قەومی هەم خەباتی دیموکراتیی دەکرد**

چەند شوێنێک هەبوو بۆمن جێی سەرنج بوو، رەنگە رۆژنامەنوس عادەتەن کەمێک فزولین و حەزیان لەبینین و زانینە، بەشەکەی تر بێگومان بۆئەوەم بوو خوێنەرانیش لەگەڵ خۆم ببەمە ئەو شوێنانەو لانیکەم وێنەی ئەو شوێنانە بگوێزمەوەو پیشانی ئەوکەسانەشی بدەم کە رەنگە گوێیان لەناوی ئەو شوێنانە بوبێت.

ئەو شوێنانە یەکەمیان چایخانەی تولەیتولە بوو کە لەوێدا بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتی نوسرایەوە، ئەویدیکەیان ماڵەکەی مامجەلال بوو لەدیمەشق، حەزمکرد بیبینم .

بۆ ئەوەی یەکەمیان، چایخانەی (تولەیتولە) ئێوارەیەک لەگەڵ سالار ئەوسی رۆژنامەنوس چوینە ناوچەی روممانە بۆ بینینی چایخانەکە. ئەو چایخانەیە دوو ناوی هەیە، هەردوو ناوی لەسەر نوسراوە، یەکیکیان (تولەیتولە) ئەویدیکەیان (تۆلیدۆ.(

بەدڵنیاییەوە ژمارەیەکی زۆر چایخانە یان قاوەخانەی ناسراو لەدیمەشق هەن، لەکۆن و ئێستاش ئەو شوێنانە جگە لەدیداری کۆمەڵایەتیی، دیداری سیاسی گەرم لەوێندەرێیە. بەقسەی عەدنان موفتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەوکاتەی ئەوان لەشام بوون، جگە لەچایخانەی تولەیتولە، لەچایخانەکانی هاڤانا، رەوزە، هەندێکجاریش لە لۆبی یان هۆڵی پێشوازیی ئوتێل ئومەییە، دیدارە سیاسییەکانیان رێکدەخست.

چایخانە یان وەک ئەوان دەڵێن قاوەخانە، رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لەمێژووی بزوتنەوەی سیاسی لەسوریاو بگرە لەهەندێ وڵاتی ناوچەکە، بۆیە دەبینین کۆنگرەی دامەزراندنی حزبی بەعسی سوریا لە ساڵ 1947 لە قاوەخانەی هاڤانا بەڕێوەچووە، ئەوکات ناوی بەناوی (رەشید) بووە، دواتر گۆڕیویانە بۆ بەرازیل ئینجا کردویانەتەوە بەهاڤانای جاران.

ئەورۆژە بۆ هێوارەکەی چوینە چایخانەکە تولەیتولە، تەنها بۆ بینینی چایخانەکە چوین. من حەزمدەکرد بیبینم، بۆ تێرترکردنی چیرۆکی دیداری شام، هاوکات ئەو چایخانەیە بەشێکە لەیادەوەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و زۆرمان لەبارەیەوە بیستبوو یان خوێندبویەوە بۆیە زۆرم مەبەست بوو.

ئەو چایخانەیە لەشوێنێکی دڵرفێنی دیمەشقە، کچی جوان و کوڕی قۆزی شامیی لێ دانیشتبون، ئەوان بۆ ژوان و باسی دڵداریی و پێکەنین و کەیفی شامیانە، قاوەو چایەی شرینیان دەخواردەوە، ئێمەش بەدەم باسکردنی سیاسەت و دامەزراندنی یەکێتی و ژیانی سیاسی و مێژووی بزوتنەوەی سیاسی و چەکداریی لەباشوری کوردستان قاوەیەکی تاڵمان خواردەوە. بەکابرای چایچیم وتم پرسیارێکت لێ بکەم، تۆ لەبارەی دروستبونی حزبێکی سیاسی لەم چایخانیە هیچ دەزانیت؟ برۆی هێنایە یەک بەجۆرێک لەسەرسوڕمانەوە وتی حزبی چی، ئێرە چایخانەیە !

دیاربوو ئەوانەی لەچایخانەکە کاریان دەکرد شتێکیان لەبارەی ئەو پرسیارەی منەوە نەدەزانی، ئەگەر پێشتر ئەو روداوەیان بزانیایە، بەدڵنیاییەوە وەک بەشێک لەمێژووی چایخانەکە باسیان دەکرد. لەڕاستیدا دروستبونی حزبێکی کوردی (عیراقیی بەتێگەیشتنی ئەوان) روداوێک نییە لەوانەوە نزیک بێت، بۆیە ئاساییە ئەگەر لای ئەوان وەک روداوێکی مێژوویی تۆمار نەبێت.

دواتر چەند رەسمێکی ئەوێم گرت، بەڵام کەمێک بەئاگاییەوە! دەترسام یەکێک بڵێت ئەوە بۆ رەسمی ئەوناوچەیە دەگریت، ناچار بەخێرایی وێنەم گرت.

بەدەم پیاسەی ناوچەی ئەبو رومانە شۆڕبوینەوە، ناوچەیەکی تابڵێی خۆش بوو. پاک و خاوین و پڕ سەوزایی و جیاوازتر بوو لەو ناوچانەی پێشوو بینبیوم. لەوەدەچو گەڕەکێک بێت دەوڵەمەندو پارەدارەکان لێی نیشتەجێی بن. دیمەنەکانی ئەو گەڕەکە لەدیمەنی گەڕەکە جیاواز بوو. باڵەخانەکانی پاک و خاوێنترو جوانتربوون بەراورد بەناوچەکانی دیکەی دیمەشق، شەقامەکانی هێمنتر بوون، ئۆتۆمبێلەکانی لەو گەڕەکە دەبینرا زۆربەی مۆدێلی بەرزو گرانبەها بوون. خەڵکەکەیشی کە لەشاقام و جادەکانی بینیم، خەڵکێکی پاک و خاوێن و پۆشتەو جوانتر بوون. ئەو گەڕەکەو چەند گەڕەکێکی دیکەی دەوروبەری وەک مەززەو مالکی، گەڕەکی کۆنی دیمەشقن، ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەپیاوانی حوکمڕان و ئەفسەرانی باڵای سوپاو بازرگانان لەوێ نیشتەجێن، بۆیە هەم باڵەخانەو ڤێلای گەورەو سەرنجڕاکێشی لێ دەبینرێت و هەمیش وەک چەند گەڕەکێکی بەغدا یان موسڵ کە بارودۆخی ئەمنی دوای روخانی سەدام لەبار نەبوو،

زۆربەی دەروازەکانی گەڕەکەکانیان دادەخست و تەنها لە چەند شوێنێکی دیاریکراو هاتوچۆ هەبوو، ئەمەش بۆ کۆنترۆڵی ئەمنی گەڕەکان. ئەو گەڕەکەی من بینیم بەهەمان شێوە، لەڕووی ئەمنیەوە زۆر پارێزراو بوو.

که گەڕاینەوە شوێنی حەوانەوەم، دوای حەسانەوەیەکی کورت، کاک عەبدورەزاق کۆییم بینی. وەک هەمیشە بەزەردەخەنەیەکەوە وتی وەرە بابڕۆین، وتم بۆ کوێ؟ وتی وەرە زەرەر ناکەیت و شتێکی نوێت پێشان بدەم. با پیاسەیەک بکەین و بەپێ دەچینە شوێنێک.

بەدەم پیاسەو هەنگاوی وردی کاک عەبدوڕەزاق هێدی هێدی لەشەقامێکی گەڕەکی مەزرەعە کەنزیکەی ناوەندی شارە شۆڕبوینەوە. ئەو پیاوە چیرۆکی سەیرو بەسەرهاتی زۆر نایابی لەبارەی کوردو پەیوەندی حزبە سیاسیەکانی هەرێم و دیمەشق لایە، بەومانایەی هەندێ نهێنی لای ئەو هەیە، رەنگە هێشتا باسنەکرابێت.

من بۆخۆم زۆر سودم لەزانیارییەکانی عەبدورەزاق کۆیی بینی، پیاوێکی لەسەرخۆو هێمن، ڕێزێکی زۆری میوان و خزمەتێکی زۆری دەکرد. چونکە زیاتر لە 40 ساڵ بوو لەدیمەشق نیشتەجێ بوو، خەڵکێکی ئێجگار زۆری دەناسی! کە بەپیاسە بەو ڕێگەوبانەدا دەڕۆیشتین، بەڕاست و چەپ سڵاوی دەکرد، زۆربەی دوکاندارو کاسبکارانی ئەو ناوە بانگیان دەکرد کاک عەبدورەزاق، ڕێزێکی زۆری ئەو پیاوەیان دەگرت.

گەیشتینە نزیک مزگەوتی ئیمان یان ئەو مزگەوتەی محەمەد سەعید رەمەزان بوتی بەهۆی تەقینەوە لێی کوژرا، وتی دەچینە ماڵی مامجەلال، حەزدەکەم ماڵەکەی ئەو ببینیت. من زۆرم پێخۆش بوو، دیاربوو دەیزانی من دەمەوێ ئەو داوایەی لێبکەم .

بەدەم باسکردنی ژیانی دیمەشق و کێشەو گرفتەکانی ژیان، لەماڵەکەی مام نزیک دەبوینەوە، ماڵەکەی کاک عەبدورەزاقیش هەر لەنزیک ماڵی مام بوو. ئەو پیاوە هەموو ڕۆژێک بەپێ لەماڵەکەی خۆیەوە دەهاتە نوسینگەی پەیوەندییەکان، ئیدی خەڵکی ئەو سەر ڕێگاوبانە ئەویان باش دەناسی.

ماڵەکەی مامجەلال لەگەڕەکی مەزرعەیە لەپشت مزگەوتی ئیمان، شوققەیەکە لەنهۆمی حەوتەم. بالیۆزخانەی روسیا لەوناوە نزیکە، ئەمنیەتی ناوچەکە لەژێر چاودێرییەکی تونددایە، بەتایبەت بارەگای سەرەکی حزبی بەعس هەر لەوناوچەیەیە، بۆیە چاوی زۆری لەسەرە.

بەمەسعد سەرکەوتین و چوینە ماڵەکەی مام، شوققەیەکی مامناوەند 150 مەترییە، لە ساڵی 1974 وە کڕاوە، تا کۆتایی حەفتاکان، ئەو شوقەیە شوێنی زۆرترین کۆبونەوەو دیداری سیاسی بووە لە نێوان مامجەلال و سەرکردایەتی سیاسی کوردو پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ دەوروبەر، سەرباری بارگرانی و ئەرکی خێزان، بەڵام هەمیشە ماڵەکەی لەدوای شکستی 1974 کۆکەرەوە بووەو لەوێ نەخشەی دەستپێکردنەوەی خەباتی سیاسی و چەکداری لەباشوری کوردستان داڕێژراوە.

شوققەیەکی سادە جگە لەکەلوپەل و پێداویستییەکانی ماڵ، کتێبخانەیەکیشی لێبو. بێگومان مامجەلال خوێندەوارێکی بەردەوام بوو، هەموو کات و لەهەر شوێنێک بوبێت، کتێبی خوێندۆتەوە، بەبێ کتێب نەبووە. دوایین کتێب کە لەوێدا خوێندویەتییەوە نامیلکەیەک بووە بەناوی (ماهی مبادئ الاشتراکیە) لەنوسینی (کلیمینتییڤ ڤاسیلیڤا).

لەخوێندنەوەی ناونیشانی ئەم کتێبە، دەکرێت بڵێن مامجەلال لەپاڵ خەباتی قەومیی لەپێناو رزگاریی نیشتیمانیدا، خەباتێکی دیکەی دەکرد ئەویش هەوڵدان بوو بۆ گۆڕینی واقعی کۆمەڵایەتیی، واتە خەباتی مەدەنی و دیموکراتیی. بۆیە دەبینین بەردەوام پەیوەندییەکی گەرم و نەپساوەی هەبوو لەگەڵ دەستەبژێری رۆشنبیر و خوێندەوار. تەنانەت ئەوکاتەی لەدیمەشق بوو پەیوەندییەکی بەتینی هەبووە لەگەڵ نوسەرو رۆشنبیران و خوێندەوارانی کوردو عەرەب. هەر ئەوکاتانە پەیوەندیی گەرمی هەبوو لەگەڵ گروپ و پارتە سیاسیە سوری و فەلەستینی و عیراقییەکان. هەر لەدیمەشق یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ژورێکی وەرگرتبو لەبارەگای تەجەموعی دیموکراتی کە چوارچێوەیەکی سیاسی کراوەبوو. بەقسەی عەدنان موفتی ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، هەرکاتێک مامجەلال هاتبا ئەو بارەگایە، ئیدی گەرموگوڕی و جموجۆڵێکی زۆر دەکەوتە بارەگاکەو جیاواز دەبوو لەهەموو کاتێکی

دیکە، چونکە هەر لەویّ بەشێک لەدیدارە سیاسی و تایبەتییەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەڕێوە دەچوو.

لەدوای دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی و گۆڕانی ژیانی سیاسی و گواستنەوەی خەبات لەدەرەوە بۆ ناوەوەی کورستان، مامجەلال لەشامەوە دەگەڕێتەوە کوردستان، بەڵام ئەوماڵەی یادەوریی و مێژوییەکی تایبەت لەخۆ دەگرێت کە پەیوەندی بەژیانی تایبەتی مامجەلال خۆی و هاوکات مێژویەکی دیکە لەخۆ دەگرێت کە مێژووی گەلێکی ستەم دیدەیەو لەو ماڵەوە دەیان کۆبونەوەو دیداری سیاسی و بڕیاری گرنگ دراوە .

لەدوای بونە سەرۆک کۆماری لە 2006 دووجار سەردانی ماڵەکەی خۆی لەدیمەشق دەکات و لێی دەمێنێتەوە، لەو سەردانانەدا جگە لەمیوانداریکردن و رێکخستنی خوانی گەورە بۆ دراوسێکانی و خەڵکی گەڕەک، هاوکات چاوی بەدۆست و هاوڕێیانی لەدیمەشق دەکەوێت.

لێرەوە پێشنیار دەکەم ماڵەکەی مامجەلال لەدیمەشق بکرێتە بەشێک لەخاکی کوردستان و بکرێتە مۆزەخانەیەکی تایبەت، یان لانیکەم وەک بەشێک لەمێژووی کوردستان بپارێزرێت، هەروەک چۆن

لە وڵاتان ماڵ و خانوی سەرۆک و کەسایەتییە کاریگەرەکان دەپارێزرێت و دەکرێتە مۆزەخانە، کەلوپەل و پێویستییەکانی ژیانی ئەو کەسەی تێدا دەپارێزرێت. دەبینین هەر لەسوریا گۆڕی (شا سلێمان) کە دەکەوتە رۆژئاوای شاری کۆبانیی، تا دەستپێکردنی شەڕی داعش  تێکچونی باری ئەمنی سوریا، هێزێکی تایبەتی تورکیا بەرێککەوتن لەگەڵ حکومەتی سوریاو پەیەدە هاتنە خاکی سوریاو روفاتی شا سلێمانیان دەرهێناو گوێزایانەوە بۆ شوێنێکی دیکە لەترسی زیان پێگەیشتنی. گۆڕی شا سلێمان، ئاڵای تورکیای لەسەر دەشەکایەوەو بەبەشێک لەخاکی تورکیا دادەنرا. بڕیارە لەگەڵ ئاسایی بونەوەی دۆخی سوریا، دوبارە بیگەڕێننەوە هەمان شوێن.

ماڵەکەی مام-مان بەجێهێشت و پیاسەیەکی کورتمان کرد، لەگەڵ پیاسەکردن شوێنە گرنگەکانی شارەکەو شوێنی تەقینەوەکان و روداوە گرنگەکانی ئەو چەند ساڵەی دوایی نائارامیی دیمەشقی بۆ باسدەکردم، هەنگاوی وردی کاک عەبدورەزاق هێوارە

پیاسەکەی تەشویقتر کردبوو، پیاوێکی لەسەرخۆو هێمن، بەسەرهات و چیرۆکەکانی تەواو نابن. یەک لەیەک گرنگترو سەرنجڕاکێشترن، بەشێک لەحیکایەتی ژیانی کوردی لەدیمەشق لایە، بەتایبەت ئەو زیاتر لە 40 ساڵە لەو وڵاتەو لەشام دەژیت، چەند جارێک پێی وتم من یەکێتیی نیم من جەلالیم، لەدوای کۆچی دوایی مامجەلال زۆربێتاقەت بووم، کاریگەری خراپی کردۆتەسەر باری دەرونیم .

- **روسیا فەرماندەیی سوپای سوریایان گۆڕی بۆ بەرژەوەندی خۆیان**
- **دەیان گروپی میلیشیای شیعە لە سوریا جێگیرکراون**

ئەو چەند رۆژەی لەدیمەشق بووم، ئەوەندە بەپێ گەڕابووم شارەزای زۆربەی ناوچەکانی سەنتەری شار ببوم. ئەو ئێوارەیە کە لەگەڵ کاک عەبدورەزاق جیابوینەوە، بەپێی گەڕامەوە بۆ شوێنی حەوانەوەم، بەڵکو بتوانم شەو بەرنامەیەک رێکبخەم یان سەردانی شوێنێکی دیکە بکەم.

بەدەم رێگەوە جارجار وێنەی شوێنێکم دەگرت، چونکە دەمزانی چیرۆکی دیمەشق بەزنجیرە بڵاودەکەمەوە، بۆ هەرزنجیرەیەکیش پێویست دەکات وێنەی جیاواز هەبێت، ئەمە جگە لەوەی بۆ باسی هەرشوێنێک پێویست بوو وێنەی تایبەت هەبێت. جارجار مۆبایلم لەگیرفانم دەردەکردو وێنەیەکم دەگرت، بەتایبەت ئەو شوێنانەی گشتیی بوون و سەرنجڕاکێش بوون. گەیشتمە کۆتایی شەقامی بەغدا بەرامبەر بارەگای سەرەکی حزبی بەعس، شوێنێکی کراوەو دیاربوو، مۆبایلەکەم دەرکردو چەند وێنەیەکم گرت، دەمویست مۆبایل بخەمەوە گیرفانم و بەردەوامبم لەپیاسەکردن، مۆتۆرسکیلێک لەتەنیشتمەوە وەستاو وتی ئەوە وێنەی چی دەگریت؟؟

ئەو پرسیارە بۆ من زۆر لەناکاو بوو! رەنگە پێشبینی ئەوەم کردبێت کێشەی ئەمنی یان یەکێک رێگریم لێبکات لەوێنەگرتن یان سەردانی شوێنێک. گەنجێکی چڵکنی سەروسیما ماندوو لەسەر پشتی ماتۆڕسکیلەوە وەک ئەوەی پێم بڵێ تۆ کێیت وێنەی ئەو شوێنە دەگریت و من پیاوی ئەمن پرسیاریکرد! وتم من خەڵکی عیراقم و بەسەردان هاتووم بۆ ئێرەو وێنەی دیمەشق دەگرم. وتی باشە ئێرە ناوچەیەکی گەشتیاریی نییە، وێنەی چی دەگریت؟! وتم وێنەی شار دەگرم دەشتوانی سەیری مۆبایلەکەم بکەیت. وتی لێرە قەدەغەیە وێنەگرتن نابێ وێنە بگریت، بۆیە ئاگادارت دەکەمەوە! بێ ئەوەی چاوەڕێی من بکات، پێی هەڵگرت و رێگەی خۆی گرت و منی جێهێشت.

ئەم روداوە دەکەمە دەروازەیەک بۆ قسەکردن لەسەر باری ئەمن و ئاسایشی سوریا. قسەیەکم لەوێ گوێ لێبوو رۆژنامەنوسێک وتی "سوریا بۆتە دیلی دۆخی ئاسایش" ئەم قسەیە لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت، دەکرێت لەچەندین سوچ و روەوە شیکردنەوەی بۆ بکەین .

باسکردنی وردەکاری بارودۆخی سوپای سوریاو چارەنوسی ئەو رژێمە باسێکی دورو درێژ بێت، بەڵام ئەوەی گرنگە لەدوای روداوەکانی 2011 کە دواتر ناونرا بەهاری عەرەبیی، چەند وڵات و هێزێک رۆڵی کاریگەریان لەسوریا بینیوە، بگرە گەیشتە ئەو ئاستەی چارەنوسی رژێمی سوریاو هەر گۆڕانێک بەندە بەبڕیارو ئەجێندای ئەو هێزە کاریگەرانە.

روداوەکانی 2011 لە 9ی ئادار دەستی پێکرد کاتێک سەرۆکی دەزگای هەواڵگری شاری درعا ژمارەیەک مندالی تەمەن 8 بۆ 11 ساڵی دەستگیرکرد کە چەند دروشمێکیان لەسەر دیوارەکانی ئەو شارە لەدژی بەشار ئەسەد نوسیبوو. دەزگای ئەمنی ئەو شارە بەجۆرێک ئەشکەنجەی ئەو منداڵانەی دابوو، لەمێژووی مرۆڤایەتی روداوی لەوشێوەیە نەبووە! جەستەیان سوتێنرابوو، نینۆکیان دەرهێنرابوو، روبەڕوی دڕندانەترین شێوەی ئەشکەنجە ببوونەوە..هتد. بەهۆی ئەو روداوەوە گرژی و ئاڵۆزی دروستبوو، تا کۆتایی مانگی ئادار بارودۆخەکە لەدەست دەرچوو، بووە خۆپیشاندانی سەرتاسەری لەزۆر شارو شارۆچکەی سوریاو دروشمی روخانی رژێمیان بەرزکردەوە. سەرەتا خۆپیشاندانەکان تەنها لەپارێزگای درعا بوو، دواتر پەڕیەوە بۆ حمس و حەما، ئینجا شارەکانی حەلەب و دیمەشقی گرتەوەو پاشان لەشارەکانی رۆژئاوای کوردستانیش خۆپیشاندان دەستی پێکرد، بەڵام جیاواز بوو لەشارەکانی دیکەی سوریا، دواتر بەوردی باسی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینی رۆژئاوای کوردستان دەکەین.

ترسی روخانی رژێم، روسیاو ئێرانی ناچارکرد بێنە سوریا و پارێزگاری لەرژێمی بەعس بکەن و راستەوخۆ هاوکاری سەربازیی پێشکەش بکەن، لەوکاتەوە سوریا زیاتر کەوتە ژێر کاریگەری و هەژموونی روسیاو و ئێران و دۆخەکە بەجارێک ئاڵۆزبوو.

لەنێو خاکی سوریا هێزی چەند وڵاتێکی دیکە هەن، روسیاو ئێران دوو هێزە کاریگەرەکەن، هاوکات هێزێکی زۆری میلیشیای عیراقیی و حزبوڵلای لوبنانی..هتد.

گەورەترین هێزی بیانی لەسەر خاکی سوریا، هێزەکەی روسیایە. تائێستا ژمارەیان بەتەواوی دیار نییە، بەپێی لێدوانی رەسمیی وەزارەتی بەرگری روسیا لە 22ی ئابی 2018 ژمارەی سەربازانی روسیا لەسەر خاکی سوریا زیاتر لە 60 هەزار سەرباز دەبێت. فرۆکەخانەی تایبەت و بنکەی گەورەی سەربازیی و موشەکی پێشکەوتوو، هەروەها کەشی هەڵگری چەکی ناوەکی روسیا لەکەنارەکانی تەرتوس و لازقیە هەیە.

بەپێی رۆژنامەی کۆمسولوسکایا پراڤدا-ی روسیا، جگە بونی کەشتیگەلی سەربازیی کە کڵاوەی ئەتۆمیان هەڵگرتوەو لەکەنارەکانی دەریای ناوەڕست لەسنوری سوریا وەستاون، هاوکات دەیان فرۆکەو سەدان پارچەچەکی جۆراوجۆری روسیا لەسەرخاکی سوریا هەیەو لەهەردوو بنکەی سەربازیی حمێمین و تەرتوس جێگیرکراون. بۆ پارێزگاری لێکردنیشیان موشەکی S400 و S300 جێگیرکراوە کە دژە موشەکی بالیستین. لەپاڵ ئەو هێزە سەربازییە گەورەیە، ژمارەیەکی زۆر بنکەی تایبەتی هەواڵگریی و روبەڕوبونەوەی ئەلیکترۆنیی و چاودێریی تایبەت.

لەدوای روداوەکانی 2011 کە بە راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی ناسرا، ئەگەر روسەکان نەبونایە رژێمی ئێستای سوریا تەنگژەیەکی گەورە دەبویەوەو لەوەیە خێرا بڕوخابوا، بەڵام هاوکاری روسەکان بە پشتیوانی ئێرانییەکان دۆخەکە کۆنترۆڵکرا.

لەهەندێ ناوچەی سوریا پۆلیسی سەربازیی روسیا ئەمنیەتی شارو شارۆچکەکانی سوریایان بەدەستەوەیە، بۆنمونە لەدرعاو سوێدا، تەنانەت لەزۆربەی جومگە سەرەکییەکانی سوپای سوریا راوێژکاری تایبەتی روسەکان هەن و بڕیاربەدەستن. بەشێک لەفەرماندە باڵاکانی سوپای سوریا، پاسەوانی تایبەتی روسیایان هەیەو لەلایەن هێزێکی تایبەتەوە پاسەوانیی دەکرێن. ئەوکاتانەی کە بارودۆخی ناوخۆی سوریا گرژو ئاڵۆزتر بوو لەئێستا، فەرماندە باڵاکانی سوپای سوریا بەبێ رەزامەندی روسەکان نەیاندەتوانی مۆڵەت وەرگرن، چونکە روسەکان بەتەواوی کۆنترۆڵی سوپای سوریایان کردبوو .

بەپێی ئەو قسانەی لەبارەی سوپای سوریاو کاریگەرییەکانی روسیا دەکرێت، ئێستا بارودۆخی ئەمنی و پاراستنی دەوروبەری شام لەلایەن روسەکانەوە ئیدارە دەدرێت،

ئەمەش مانای ئەوەیە کە سوپاو باری ئەمنی سوریا بەتەواوی لەلایەن روسەکانەوە کۆنترۆڵکراوەو کاریگەری گەورەیان لەسەری هەیە.

لە ساڵی 2016 روسەکان سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای سوریایان گۆڕی، ژمارەیەکی زۆر ئەفسەری باڵای نوێیان دامەزراند، ئەمەش لەترسی روخانی رژێمی سوریابوو، بۆئەوەی لەئەگەری گۆڕانی رژێمی سوریا بتوانن سوپا لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بمێنێتەوە. بۆیە ژمارەیەک ئەفسەریان گۆڕی کە گومانیان هەبوو پابەند نابن پێیانەوە.

لەمیسر سوپا بەوە ناسراوە کە لەژێر هەژموون ئەمریکادایە، ئەمە بۆیەوەیە ئەگەر حوکمڕان یان حوکمڕانی گۆڕانی بەسەرداهات، سوپا لەژێر هەژمونی ئەمریکادابێت و بەردەوام لەو رێگەیەوە کاریگەری لەسەر حوکمڕانیی دروستبکات. پێدەچێت روسەکان هەمان سیاسەت لەسوریا جێبەجێبکەن، واتە سوپا وەک دامەزراوە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا بێت و ئەگەر هەر گۆڕانێک لەسوریا دروستبوو ئەوا بەرژەوەندییەکانیان نەکەوێتە مەترسییەوە.

سوپای سوریا لە 4 فەیلەقی سەرەکی پێکهاتووە، لە دوای روداوەکانی 2011 فەیلەقێکی نوێ بەناوی فەیلەقی (5) لەلایەن روسەکانەوە کرایەوە، بۆ لەخۆگرتنی چەکدارانی پێشووی بەناو ئۆپۆزسیۆن. ئەو فەیلەقە پێداویستی و چەکدارکردنی لەلایەن روسەکانەوە کراوەو سوهەیل حەسەن فەرماندەی ئەو فەیلەقەیە کە نزیکە لەروسەکان. سوهەیل حەسەن بەپیاوی روسەکان ناسراوەو ماوەیەکی درێژیش کێشەو گرفتی لەگەڵ (ماهر ئەسەدی برای بەشار ئەسەد سەرۆکی سوریا) هەبوو، بەوپێیەی سوهەیل حەسەن پابەندی بڕیارو رێنماییەکانی سوپای سوریا نەدەبوو، بۆیە جێی نیگەرانی ئەسەد بوو .

جگە لەهێزی روسیا لەسەر خاکی سوریا، هێزێکی گەورەی ئێرانیش لەسەر خاکی سوریا هەیە، ئەمە جگە لەهێزی دیکەی نزیک ئێران وەک حزبوڵلای لوبنانی و چەندین هێزی جیاوازی حەشدی شەعبیی و هێزی چەکداری عیراقیی کە زیاتر ئێرانییەکان سەرپەرشتیان دەکەن.

جیاوازی لەنێوان کاریگەری ئێران و روسیا لە سوریا هەیە، روسەکان بەچەک و جبەخانەو هێزی سەربازییەوە لەوێن، بەڵام ئێرانییەکان جگە لەهێزی سەربازیی، هاوکات هەژمونێکی گەورەیان بەسەر عیراق و لوبنان و ئەفغانستاندا هەیەو ژمارەیەکی زۆر هێزی میلیشیایی ئەو دوو وڵاتەیان هێناوەتە سوریاو لەژێر کۆنترۆڵی ئێراندان. لە لوبنان میلیشیاکانی حزبوڵڵا-یان هێناوەو لەعیراق و ئەفغانستانیش دەیان گروپی میلیشیایی لەژێر ناوی جودا، وەکو: لیوای ئەبو فەزل عەباس، فەیلەقی بەدر ، کەتائیب زولفیقار، سەرایا خوراسانی، سەرایا عاشورا، سەرایای سەما، سەرایا موختار، کتائیب حزبوڵلا، سەرایا زەهرا، لیوای ئەلحەمد.هتد.

ژمارەی هێزەکانی ئێران یان ئەو هێزانەی لەژێر هەژمونی ئێراندان و لەعیراق و لوبنان و ئەفغانستان هێنراون ئاشکرا نەکراوە، بەڵام بەپێی ئەو راپۆرتە رۆژنامەوانییانەی بڵاودەکرێنەوە، ژمارەی چەکدارانی هێزەکانی ئێران یان ئەو میلیشیایانەی لەژێر هەژمونی ئێراندان نزیکەی 70 هەزار چەکدارە، بەڵام ئەو ژمارەیە هیچ سەرچاوەیەکی رەسمیی پشتڕاستی نەکردۆتەوە.

ئەو میلیشیایانەی عیراق لەسوریا لەنێوان 15 بۆ 20 هەزار چەکدار دەبن، چەکدارانی حزبوڵلا لەنێوان 7 بۆ 10 هەزار چەکدار، میلیشیاکانی شیعەی ئەفغانستانیش لە5 بۆ 7 هەزار چەکدار، ئەمە سەرباری چەند هێزێکی میلیشیایی بچوکی شیعەکانی پاکستان.

زۆرترین ئەو هێزەی لەسەر بەناوی ئێران لەسوریان سەر بەفەیلەقی قودسن، بەشێوەیەکی گشتیی لە فرۆکەخانەی لەقەلەمون و لە بنکەی شعیراتی ئاسمانیی لەنزیک حمس و فرۆکەخانەی تیاس (T4) لەنزیک تەدمور هەن. ئەو هێزانەی دیکەش کە میلیشیاکانی شیعەی لوبنان و عیراق و ئەفغانستانن زیاتر لەچەند ناوچەیەک کۆبونەتەوە، لەنزیک سەیدە زەینەب لەدەوروبەری دیمەشق، لەرێگەی فرۆکەخانەی دیمەشق، بەشێکی گەورەشیان لەسەر سنوری عیراق و سوریا لەبەری رۆژئاوای فورات بەتایبەت لە دێرزۆر، مەیادین، ئەلبوکەمال، ئەمانە هەموو لەبەری رۆژئاوای فورات.

لەگەرمەی ئەو بارودۆخەی بەسەر ئەو وڵاتەدا هات، بەتایبەت لەناوەڕاستی (2012 تا 2015) ئەو هێزانەی لەژێر هەژمونی ئێراندابوون لەسوریا، شوێنە زۆر هەستیارەکانی رژێمیان بەدەستەوە بوو، بەڵام دواتر لەگەڵ هێوربونەوەی دۆخی ناوخۆی سوریا بەتایبەت دورخستنەوەی چەکدارانی بەناو ئۆپۆزسیۆن لەدیمەشق و دەوروبەری، ئەو هێزانەش لەشوێنە گشتییەکان دورخرانەوەو لەبەرچاو نەمان .

بەشێوەیەکی گشتیی حزبوڵلای لوبنانی لەدیمەشق و دەوروبەری و فرۆکەخانەی دیمەشق جێگیرکرابوون، هێزەکانی دیکەش لەشوێنە هەستیارەکانی ناو شام و دەوروبەری جێگیرکرابوون و روبەڕووی چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن دەبوونەوە.

هێزەکانی ئێران و ئەوانەی لەژێر هەژمونی ئێراندان، لەناوچەکانی دێرزۆرو بوکەمال لەرۆژئاوای فورات، شەڕی مان و نەمانی داعشیان کرد، لەبەرئەوەی ئەو ناوچانە لەسنوری عیراق نزیکە بۆیە هاوکاریی و یارمەتی سەربازییان خێراتر دەگەیشتێ، هاوکات بەهۆی هاوسێیەتی لەگەڵ عیراقەوە زۆربەی ئەو هۆزانەی لەوسنورەن خزمایەتی و تێکەڵیان لەگەڵ هۆزو تیرە عەرەبییەکانی عیراق هەیە. ئەو هۆزانەی لەوێن وەکو شعێتات، بەگارە (بەقارە)، عنزە، شەممەر، شەرابین، فەزل، بەنی زەید..تد ئەمانە هەموو هاوکاری سەرەکی گروپی تیرۆرستی داعش بوون و یارمەتی زۆریان دەدان، ژمارەیەکی زۆر چەکداری داعش لەو هۆزانە بوون، بەڵام ئێرانییەکان پەیوەندییان لەگەڵ دروستکردن و دوای لەناوبردنی داعش ئێستا زۆربەیان لەژێر هەژمونی ئێراندان و هاوکارییەکی زۆریان لێوەردەگرن. بەپێی ئەو زانیاریانەی لەبارەی ئەو ناوچەیە باسدەکرێت، بەشێک لەو تیرەو هۆزو عەشیرەتانە خۆیان لەشیعەگەری نزیککردۆتەوەو بەشێک رێورەسمەکانی شیعە جێبەجێدەکەن.

لەپرسی دەستێوەردان لەبارودۆخی سوریا ئێرانییەکان جیاواز لەروسەکان هەوڵدەدەن لەرووی کۆمەڵایەتییەوە کاریگەری دروستبکەن. بۆیە دەبینین هەوڵێکی زۆر بۆ بەشیعەکردنی خەڵک و زیندوکردنەوەو پەرەپێدانی مەزهەبی شیعە لەسوریا. هەموو ئەو مەزارو شوێنانەی لەسوریا بۆنی شیعەی لێبێت گرنگییەکی زۆری

پێدەدرێت، هەروەک هەفتانە هەزاران کەس لەعیراقەوە بەناوی سەردانی مەزاری سەیدە زەینەب دەبرێن بۆ سوریا .

لەبەرامبەردا روسەکان تێکەڵ بەبارودۆخی کۆمەڵایەتی سوریا نابن و کاریگەری گەورەیان لەسەر سوپای سوریایەو دەیانەوێ لەو رێگەوە بەرژەوەندییەکانیان مسۆگەربکەن.

بەهەمانشێوەی سوریا، دەبینین ئێران لەسەر خاکی عیراق بەتایبەت لەبەغداو باشوری عیراق کاریگەرییەکەی رۆچۆتە باری کۆمەڵایەتیی و سیمای شیعەگەرایی و کاریگەریی ئێران بەروونی بەشەقامەکانی بەغداوە دیارە، ئێستا ئێران بۆتە بەشێک لەباری کۆمەڵایەتی عیراق و بەخێرایی دەتوانێت لەرێی جوڵاندنی شەقامەوە گوشار لەسەر کۆی باری سیاسی بەغدا دروستبکات، بەڵام ئەمریکا کە خۆی عیراقی لەدەست رژێمی سەدام رزگارکرد، ناتوانێت تێکەڵ بەشەقامی عیراق بکات و هەموو کاریگەری ئەمریکا لەعیراق لەناوچەی سەوزدا کۆبۆتەوەو ناتوانێت بچێتە دەرەوە! لەبەرامبەردا دەبینین بەدەیان و سەدان وێنەی خومەینی کە رابەری رۆحی ئەو سیستمە حوکمڕانیەی ئێرانە، لەشەقامەکانی بەغداو بەسرەو شارەکانی دیکەی عیراق لەبەرزی هەڵواسراون.

- **مامجەلال داوای لەئاپۆ کرد ئیتاڵیا جێنەهلێت، بەڵام بەقسەی نەکرد**
- **ئۆجالان وتی 5 وڵات پێشوازیم دەکەن، بەڵام هیچ وڵاتێك ئامادەنەبوو**

باسکردنی ئۆجالان ناسراو بە (ئاپۆ) یەکێکە لەباسە زۆر گرنگەکانی دیمەشق، ئەو مێژووە پێویستی بەلێکۆڵینەوەو بەدواداچونی زۆر هەیە. لەوانەیە بەشێک لەو نهێنی و رابردووە دەستڕاگەیشتنی ئاسان نەبێت، بەڵام باسێکی زۆر گرنگەو گرێدراوی دۆخی گشتیی کوردە بەتایبە رۆژئاوای کوردستان و باکوری کوردستانە.

نوسینەوەی ئەو مێژووە ئاسان نییە، پڕ نهێنیەو دیوە شاراوەکانی ئاسان نییە دەستت پێڕابگات، بەڵام هەوڵێکەو دەکرێت چنگەڕنێ هەندێ روداو و بەسەرهاتی ناو ئەو مێژووە بگێڕنەوەو لە لەناوچوون دەربازی بکەین.

عەبدوڵلا ئۆجالان لەگەڵ ژمارەیەک لەهاوڕێکانی، لەشەوەزەنگی ئومێدی گەیشتن بەخەونی نەتەوەیی، لەکۆتایی 1978 رێکخراوێکیان دامەزراند بەناوی پارتی کرێکارانی کوردستان .(PKK) ئەو رێکخراوە لەیەک کاتدا رێکخراێکی چەپی رادیکال و هاوکات نەتەوەیی بوو، خێرا لەتورکیا ناوبانگی دەرکردو دەوڵەتی تورکیا بەدرێژایی ئەو ماوەیە بەتوندی دژایەتی ئەو رێکخراوەی کردووە، چونکە پەکەکە داوای مافی نەتەوەیی گەلی کوردستان دەکات، بۆیە دەوڵەتی تورکیا بەمەترسی بۆسەر یەکپارچەیی دەوڵەت ناوزەدی دەکات.

بەهۆی کودەتا سەربازییەکەی تورکیاو راوەدونانی چالاکوانانی سیاسی و توندترکردنی باری ئەمنی، عەبدوڵلا ئۆجالان تورکیا جێدەهێڵێت و روو لەسوریا دەکات. یەکەمجار لەلایەن یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان پەیوەندی بۆ دروستدەکرێت لەگەڵ سوریا، یەکەم شوێنی مانەوەی لەدیمەشق هەر لەلایەن یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە بۆ دابین دەکرێت.

هاتنی ئۆجالان بۆ دیمەشق قۆناغێکی نوێی خەباتی سیاسی رێکخراوەیی بوو، کە هاتە دیمەشق چالاکی و کاریگەرییەکانی پەکەکە لەنێو کوردانی سوریا بەگشتیی و دیمەشق بەتابیەتی چەکەرەیکرد. لەساڵی 1984 پەکەکە بۆ گەیشتن لەپێناو گەیشتن بە رزگاریی نیشتیمانیی، خەباتی چەکداریی لەتورکیا دەستپێکرد، ئەمەش قۆناغێکی نوێ بوو لەمێژووی ئەو حزبە، لەوکاتەوە پەکەکە وەک نوێنەری داخوازی مافی گەلی کوردستان لەتورکیا ناسراوە.

لەپاڵ کاری سیاسی و بەڕێوەبردنی حزبەکەی لەدیمەشق، هاوکات جموجۆڵێکی زۆری ڕێکخراوەیی لەناو کوردانی دیمەشق دەستپێکرد. ڕۆژئاوای کوردستان و کوردانی دیمەشق زەمینەیەکی لەباربوو بۆ کاری ڕێکخراوەیی و ڕێکخستنی کوردانی ڕۆژئاوا بۆ خەباتی چەکداریی، هاوکات لەپاڵ کاری حزبیی دەتوانین بڵێین سوریا هەم بووە پەناگەیەکی لەبار بۆ مانەوەی ئۆجەلان و کارکردنی، هەمیش کوردانی ڕۆژئاوا توانایەکی زۆریان بۆ پەکەکە ڕەخساند بۆ کارکردنی دواتری.

بۆمن چەند باسێکی گرێدراو بە پەکەکەو ئۆجالان جێی سەرنج بوو، بۆیە دەمەوێ لێرەدا باسیبکەم. گرنگترینیان باسکردنی ڕۆڵی پەکەکە لەسوریا لەوشیاری نەتەوەییەوە تا ڕەخساندنی زەمینەی جموجۆڵی تێکەڵبون بەژیانی سیاسی، هاوکات ڕۆڵی ئەو حزبە لەهۆشیاریی نەتەوەیی و ئەدەبی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان بەگشتیی و لەدیمەشق بەتایبەت، هاوکات چەند دیمەنێک لەژیانی ئەو سەرکردەیەی کوردو پرسی جێهێشتنی سوریا بەهۆی گوشاری تورکیا، هەروەک باسکردنی هەوڵێکی تیرۆرکردنی لەلایەن پزیشکێکی کورد کە خەڵکی باشوری کوردستان بوو.

کە ئۆجەلان هاتە سوریا بارودۆخێکی نوێ و قۆناغێکی نوێ لەخەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بۆ باکور و بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دەستپێکرد. بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی باکوری کوردستان زۆر گرنگ بوو پەناگەیەک هەبێت و هێزێکی گەورەی ئیقلیمیش پشتیوانی ئەو بزوتنەوە سیاسییە نوێیەی بکات، تەنانەت پشتیوانی سەربازیشیان پێشکەش بکات، هەروەک بۆ ڕۆژئاوای کوردستانیش گرنگ بوو چونکە بۆشاییەکی زۆر گەورەی سیاسی هەبوو بۆ جولاندنی شەقامی کورد لەڕۆژئاوای کوردستان و ڕێکخستنیان لەبزوتنەوەیەکی چەکداریی.

حکومەتی سوریا هاوکاری زۆری ئەو هێزە نوێیەی کوردی باکوری (PKK) کرد. بێگومان هەموو ئەو هاوکارییانەی حکومەتی سوریا بەهۆی ململانێی ئەو وڵاتە بوو لەگەڵ عیراق و تورکیا، بۆیە هاوکاری هێزی نەیارو چەکداری دەکرد و یارمەتی زۆری پێشکەش دەکردن. یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەساڵی 1975 کە دروست بوو، سورییەکان هاوکارییەکی زۆری یەکێتیان کرد، لەلایەک چەک و تفاقێکی زۆریان

پێشکەش کرد، هاوکات سەربازگەو بنکەی مەشقکردنیان بۆ یەکێتیی کردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا یەکێتی چەکێکی زۆری لەوڵاتانی دیکەوە لەڕێگای سوریاوە بۆدەهات، تەنانەت کۆگای گەورەی چەکی لەسوریا هەبوو. هەروەک سورییەکان بەشێک لەپەیوەندییە سیاسیسیەکانیان بۆ یەکێتیی نیشتیمانیی ڕێکدەخست. بۆنمونە دیداری نوێنەرانی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو روسیا، ئەمەش کاریگەری زۆر ئەرێنی هەبوو بۆ خێرا گەشەکردنی یەکێتیی. هەروەک ڕێکخستن و ئاسانکاریی سەفەرو هاتن و چونی سەرکردایەتی یەکێتیی هەر لەلایەن سورییەکانەوە بوو. بێگومان هەموو ئەمانە هاوکاریی گەورەبوو بۆ ئەو سەردەمەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، هەموو ئەو هاوکارییانە لەچوارچێوەی ململانێی ئیقلیمیی نێوان سوریاو وڵاتانی دەوروبەر بوو، سورییەکان دەیانویست بزوتنەوەی چەکداریی کورد وەک کارتێک بەکاربێنن، بۆیە هاوکارییان پێشکەشی کورد کرد.

بۆ پارتی کرێکارانی کوردستانیش بەهەمان شێوە، ڕێگەدان بەنیشتەجێبەنی ئۆجالان و کردنەوەی سەربازگەی تایبەت لە لوبنان لە (بیقاع) لەسوریا لە (شەعبا، سپێنە، سەحنایێ) پێشکەوتنێکی گەورەبوو لەڕێی خەباتی سیاسی و چەکداریی. سوریا بووە پەناگەیەکی گرنگی ئۆجالان بۆ ئیدارەدانی شاخ و شار، هەروەک بونی ئەو لەسوریا رەنگدانەوەی گەورەی هەبوو لەسەر جموجۆڵی بزوتنەوەی کورد لە رۆژئاوا.

ئۆجالان نزیکەی 18ساڵ لەسوریا مایەوە، لەو ماوەیەدا جگە ئیدارەدانی شاخ و شار-ی باکور، هاوکات کاریگەری گەورەی لەسەر باری کلتوریی و سیاسی شەقامی کورد لەسوریا هەبوو. دەبینین ئەوماوەیەی ئۆجالان لەوێ بوو، ڕێکخستنەکانی پەکەکە شارو لادێکانی رۆژئاوای کوردستان و هاوکات نێو کوردانی رۆژئاوای گرتەوە. ڕێکخستنێکی نوێ بوو، بەڵام کاریگەری گەورەی هەبوو. لەپاڵ ڕێکخستنی گەنجانی کورد چ لەشام، چ لەرۆژئاوای کوردستان بۆ چەکدارکردن و رەوانەکردنیان بۆ شاخ، هاوکات جموجۆڵێکی نوێی گێڕانەوەی زمان و کلتوری کوردی بۆ کۆمەڵگای کورد چ لەشاخ و چ لەرۆژئاوای کوردستان دەستی پێکرد.

سەبارەت بە ڕێکخستنی کوردانی ڕۆژئاوا، زەمینەیەکی لەبار هەبوو بۆ چەکدارکردنی گەنجانیان و رەوانەکردنیان بۆ شاخ. یەکێک لەکاریگەرترین هۆکارەکانی کە وایکرد خێرا سەدان گەنجی کورد بچنە ریزەکانی پەکەکە، ئەو بێ ناسنامەیی و بێ شوناسەی دەیان هەزار کوردی رۆژئاواو شام بوو! بەشێکی گەورەی کوردانی رۆژئاوای کوردستان و شام، لەبارودۆخێکی سیاسی کۆمەڵایەتیی زۆر سەختدابوون، لەپاڵ ئەوەی وەک هەموو کوردانی دیکە زمان و کلتوری دایکی خۆیان لێ قەدەغەکرابوو، هاوکات هیچ بەڵگەنامەیەکی هاوڵاتیبونیشیان نەبوو، ئەمە وایکرد خێرا لەڕێی پەکەکەوە دەریچەیەک ببیننەوەو هەست بەبونی خۆیان بکەن و خەونی گەیشتنیان بە نیشتیمانێکی رزگارکراو ببێتە سەنتەری هزرو بیرکردنەوەیان. ئەو بێهیواییەی گەنجانی کورد لەسوریا یەکێک بوو لەهۆکارە هەرە سەرەکییەکان، بۆیە بەخێرایی دەچونە پاڵ ڕێکخستنەکانی پەکەکە. رژێمی سوریاش لەو ماوەیەدا نیوە دەرگایەکی کردبۆوەو چاوپۆشی لەو گەنجانە دەکرد کە دەچونە ریزەکانی پەکەکە، تەنانەت دوای دەستپێکردنی خەباتی چەکداریی پەکەکەو بەرفراوانبونی چالاکییەکانی ئەو حزبە لەناوخۆی تورکیا، جۆرێک لەبێدەنگی ئەمنی لەرۆژئاوای کوردستان هەستی پێدەکرا، واتە خاوبونەوەیەکی گوشارەکانی رژێمی سوریاو دامودەزگا ئەمنییەکانی بەسەر هاوڵاتانی کورد لەرۆژئاوای کوردستان هەستی پێدەکرا.

دەکرێت بڵێین ئەوکاتە بۆشاییەکی گەورە هەبوو بۆ کۆبونەوەی گەنجان و وڵاتپارێزانی کورد لەسوریا، پەکەکە هات بەشێک لەو بۆشاییەی پڕکردەوە. لەو سەردەمە ژمارەیەکی زۆر پارت و لایەنی سیاسی کوردی هەبوو، بەڵام زۆربەیان درێژکراوەی بارودۆخی سیاسی باشوری کوردستان بوون، واتە لەژێر کاریگەری هەردوو حزبی سەرەکی کوردستان (یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان) و (پارتی دیموکراتی کوردستان) بوون. بۆنمونە: حزب یەکێتی کورد لەسوریا، پارتی دیموکراتی کوردستانی/ سوریاPDKS ، پارتی دیموکراتی کورد/سوریا ئەلپارتی، پارتی دیموکراتی پێشڤەڕۆی کورد لەسوریا.. ژمارەیەکی زۆری دیکەی حزب و گروپی سیاسی.

لەبواری کلتورو زمانیشەوە، بونی ئۆجالان لەشام بۆ ئەو ماوە درێژە، کاریگەری زۆری هەبوو. سەرەتای هاتنی ئۆجالان بۆ دیمەشق، پەیوەندی لەگەڵ ئۆسمان سەبری دروستکرد. ئۆسمان سەبری نوسەرو زمانناس و شاعیری بەناوبانگی کورد بوو، ئەو کەڵەپیاوە لە ساڵی 1905 لەدیاربەکر لەدایک ببوو، نەهامەتی و ناخۆشی زۆری لەژیان بینیبوو، لە ساڵی 1925بەشداری شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانی کردبوو، دواجار لەشام گیرسابویەوە. بەشداری زۆرترین بزوتنەوەی سیاسی کوردی کردبو، لەساڵی 1993 لەشام کۆچی دوایی کرد.

بۆ فێرکردنی زمان و نوسین و ئەدەبیاتی کوردی لەگەڵ ئۆسمان سەبری خوێندنگەی تایبەتیان لەماڵان لەگەڕەکی کوردان دامەزراند. ئۆسمان سەبری زمانزانێکی ناسراوی کورد بوو، کتێبی ئەلف و بێی کوردی بەلاتینی داناوە.

بەپێی ئەو بەدواداچونەی کردم، لەماوەی بونی ئۆجالان و رێکخستنەکانی پەکەکە لەشام، بەتایبەت نەوەی دوای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بەدواوە تا ماوەیەکی درێژ ناوەکانیان کوردی بووە، بۆنمونە هێڤرۆن، هێڤی، سیار، سوار، رۆ، رۆک، رۆندک، ئاری..تد

لە حەفتاو هەشتاکانی سەدەی رابردوو یادی نەورۆز لەشام بەڕەسمیی نەدەکرایەوە، قەدەغەبوو، بەڵام رژێمی سوریا ناوێکی بۆئەو رۆژە داتاشی بوو بەناوی رۆژی دایک، بۆیە کوردانی شام یان رۆژئاوای کوردستان خواردنیان ئامادە دەکردو دەچونە دەرەوە لەژێر ئەو ناوەوە نەورۆزیان دەکرد. لەدوای هاتنی ئۆجالان، رژێمی سوریا دەرفەتێکی بێدەنگی دابووە کوردانی شام تاوەکو بتوانن بۆنە نەتەوەییەکان کەمیک ئاشکراتر بەڕێوە ببەن و لەو بۆنانە جۆش و خرۆشێک بدەنە خەڵک.

لەو ماوەیەی ئۆجالان لەشام بوو، لەچەند قۆناغێکی جیاواز بڵاوکراوە یان گۆڤاریان دەردەکرد، بۆنمونە گۆڤارێکیان بەناوی (ئۆج) دەردەکرد، بەڵام مۆڵەتی ئەو گۆڤارە لەقوبرس وەرگیرابوو، گوایە دیمەشق لە دابەشی دەکەن! ئەمەش لەبەر ئەوەبوو هەم خۆیان دوربگرن لەباری قانونی دەرکردنی گۆڤار لەشام، هەمیش رەچاوی بارودۆخی سوریاش بەرامبەر تورکیا بکەن، ئەمەش لەپێناو ئەوەبوو لێکەوتەی قانونی دروست

نەبێت. لەلوبنانیش (سۆرگول)یان دەردەکرد، لە رۆژئاوای کوردستانیش چەند رۆژنامەو گۆڤارێکیان دەردەکرد، بەڵام نهێنی بوون و تەمەنیشیان کورت بوو.

هەر لەوماوەیەی لەدیمەشق بووە، دەیانجار تاڵەبانی چاوی مامجەلال کەوتووە. مامجەلال هاوکارێکی بەردەوام و گەورەی بزوتنەوەی کوردایەتی باکور بووە، جگە لەهاوکاریی ماددی هاوکارێکی گەورەی سیاسی بووەو بەشێک لەدیدارو پەیوەندییە سیاسییەکانی پەکەکە لەڕێی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بووە.

ئەوماوەیەی ئۆجالان لەدیمەشق بوو، لەترسی باری ئەمنی و تیرۆرکردن، چەند جارێک شوێنی مانەوەی خۆی گۆڕیوە، سەرەتا لەگەڕەکی مەزێ لەباکوری دیمەشق نیشتەجێبووە، دواتر چەند ناوچەیەکی دیکەی کردووە، ئەو چەند رۆژەی لەوێ بووم یەکێک لەو شوێنانەم بینی کە ئۆجالانی لێ ماوەتەوە، ئەویش لەنزیک گۆڕەپانی نەجمە لەدیمەشق، کە شوققەیەکی ئاسایی بوو، هیچیتر.

وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەت تورکیا لەچاودێریکردنێکی وردی ئۆجالان بوو، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی لەرۆژنامەکانی تورکیاو لەیاداشتی رۆژنامەنوسانی تورکیا بڵاوکراوەتەوە، تورکەکان شوێنی ئۆجالانیان لەسوریا زانیوە، بۆیە چەند جارێک هەوڵی تیرۆرکردنیانداوە.

یەکێک لەهەوڵەکانی تیرۆرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجالان لەلایەن کوردێکی باشوری کوردستانەوە بووە بەناوی دکتۆر (ف. ت) لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، بەڵام سەرینەگرتووە. ئەم چیرۆکە یەکەمجارە بڵاودەبێتەوەو تائێستا باسنەکراوە، کە چیرۆکێکی ئاڵۆزەو لە ئەڵمانیاوە دەستپێدەکات و لەدیمەشق دەگیرسێتەوە.

سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو دکتۆر (ف . ت) پزیشکێکی زیرەکی کورد دەبێت لەیەکێک لە وڵاتانی ئەوروپا. دێتەوە عیراق و لەگەڵ دەزگای جاسوسی عیراق (موخابەرات) دەست تێکەڵ دەکات. سەرەتا رادەسپێردرێت بەتیرۆرکردنی مامجەلال لەشاخ، بەڵام سەرکەوتوو نابێت و کە دێتەشاخ و چاوی بەمام دەکەوێت، خۆی ئیعتیراف دەکات کە راسپێردراوە بەتیرۆکردنی مام. دواتر بۆماوەی چەند ساڵێک ون

دەبێت و دیار نامێنێت. دکتۆر (ف ت) لەکۆتایی ساڵی 1989 لەعیراقەوە دەچێتە ئوردن و لەوێشەوە بەئۆتۆمبێلێکی تایبەت دەیەوێت بچێتە سوریا، لەسەر سنور لەلایەن هێزی ئەمنی سوریا گومانی لێدەکرێت! گومانەکەش لەوەوە دەستپێدەکات کە لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا 25 هەزار جونەیهی ئیستەرلینی و 70 هەزار دیناری عیراقی و ژمارەیەکی زۆر ئامێری تایبەتی پشکنین و چارەسەری پزیشیکی دەدۆزنەوە. ئەمە وادەکات لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت و ببرێتە دەزگای موخابەراتی سوریا لە دیمەشق.

دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت دکتۆر (ف ت) بۆ مەبەستی تیرۆرکردنی ئۆجالان هاتووە! بەپێی زانیارییەکان ئەو پزیشکە بەنیازبووە لەدیمەشق نەخۆشخانەیەکی تایبەت دابمەزرێنێت و نەخۆشی لایەنگرو رێکخستنەکانی پەکەکە بەبێ بەرامبەر چارەسەر بکات، لەو رێگەیەوە پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەری ئۆجالان دروستبکات و متمانە دروستبکات. دواتر ئۆجالان لەڕێی دەرمانەوە تیرۆر بکات!

بەپێی ئەو لێکدانەوەی دەکرێت، پێدەچێت ئەو پزیشکە لەچوارچێوەی پرۆسەیەکی هاوبەشی موخابەراتی تورکیاو عیراق راسپێردرابێت بۆ تیرۆرکردنی ئۆجالان. دوای چەند ساڵێک مانەوە لەبەندیخانەی موخابەراتی سوریا لە 1992 ئازاد دەکرێت و دەگەڕێتەوە ئەوروپا، بەڵام دواتر ون دەبێت و نازانرێت چی بەسەردێت.

ئۆجالان لەسوریا مایەوە تاوەکو کۆتایی 1998، ئەوکاتە رژێمی تورکیا هێزێکی گەورەی لەسەر سنوری سوریا کۆکردەوەو هەڕەشەی توندی لەسوریا کرد ئەگەر ئۆجالان دەرنەکەن، ئەوا هێرشێکی بەربڵاو دەکەنە سەر ئەو وڵاتە، ناچار سوریا داوای لەئۆجالانکرد دیمەشق جێبهێڵیت.

لە 13ی تشرینی یەکەمی 1998 عیسمەت سیزین رایگەیاند ئەوان هەواڵیان هەیە کە ئۆجالان سوریای جێهێشتووە، لە 19 هەمان مانگ، دەرکەوت ئۆجالان گەیشتۆتە روسیا، بەڵام روسیا لەخۆیان نەگرت و ناچار رووی لەئیتاڵیا کرد، لە 12ی تشرینی دووەم بەفرۆکە گەیشتە ئیتاڵیا، وای مشتومڕێکی توند لەنێوان تورکیاو ئیتاڵیا، ئۆجەلان بۆماوەیەکی کورت لەئیتاڵیا لەژێر چاودێری مایەوە. لەوماوەیەدا لە 18ی کانونی

یەکەم یۆنان ڕەتیکردەوە دالّدەی ئۆجالان بدات! هەر لەوماوەیەدا لەئەڵمانیا فەرمانی دەستگیرکردنی ئۆجالان هەبوو، تورکەکان ویستیان لەو ڕێگەیەوە دەستگیربکرێت، بەڵام ئەڵمانیا لەسەر زاری گێرهارد شرۆیدەر سەرۆکی ئەڵمانیا دوپاتیانکردەوە کە ئەوان لەوکاتدا نایانەوێ دەستگیری بکەن، ئەمەش لەترسی دروستبونی گرژی و شەڕ لەنێوان کورد و تورک لەسەر خاکی ئەڵمانیا.

لە16ی کانونی دووەمی 1999، ئیتاڵیا ڕایگەیاند کە ئۆجالان ئیتاڵیای جێهێشتووە، لەو ماوەیە ئۆجالان ون بوو، بەڵام دەرکەوت ئەمریکاو ئیسرائیل ڕۆڵێکی زۆر کاریگەریان هەبووە لەدەستنیشانکردنی شوێنی مانەوەو جموجۆڵەکانی ئۆجالان، هەروەک هۆڵندا ڕەتیکردەوە پێشوازی لێبکات تاوەکو لەدادگای نێودەوڵەتی لەلاهای کەیسی ئۆجالان بخرێتە بەر باس و وەربگیرێت! دوبارە یۆنان لە 18ی کانونی دووەم ئامادەنەبوون پێشوازی لەئۆجالان بکەن !

لەماوەی ئەو چەند مانگە، لەسەرانسەری دونیا هیچ وڵاتێک ئامادەنەبوو بەڕەسمیی پێشوازی لەو سەرکردەی کورد بکات، ئەمەش لەژێر گوشاری ئەمریکا بەپلەی یەکەم دواتر تورکیا، تا ئۆجالان بەنهێنی گەیشتە نایرۆبی پایتەختی کینیا، ڕۆژی 16ی شوبات کاتێک لەباڵیۆزخانەی یۆنان دەردەچێت، لەلایەن موخابەراتی ئەمریکاو تورکیاو ئیسرائیل، ئۆجالان دەستگیردەکرێت و دەرمانخوارد دەکرێت. بۆ ئێوارە ئەم هەواڵە لەلایەن بولَند ئەجەوید سەرۆک وەزیرانی ڕژێمی تورکیا ڕاگەیەنرا.

ئەوەی گرنگە لێرەدا باس بکرێت، بەر لەدەرچوونی لەسوریاو لەماوەی دوو هەفتەی گوشارەکانی تورکیا بۆسەر سوریا، ئۆجەلان خەڵکێکی زۆری لەدیمەشق بینی. ڕاوێژی دەکرد بۆ چۆنیەتی دەربازبوون لەو کێشەیەو خۆ بەدورگرتن لەدەستگیرکردن.

بەپێی زانیارییەکان یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەتایبەت خودی مامجەلال هەواڵی بۆ ناردبوو ئۆجالان بچێتە شاخەکانی کوردستان، ماوەیەک خۆی لەهەموو شتێک بەدوربگرێت و دواتر چارەسەرێک بدۆزرێتەوە. ئۆجالان لەدیداری نوێنەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان وتبوی 5 وڵاتی ئەوروپا ئامادەن پێشوازیم لێبکەن! ئەم پێشبینیەی ئۆجالان لەجێی خۆیدا دەرنەچوو، بگرە یەک وڵات ئامادەنەبوو پێشوازی

لێبکات! هەروەک سورییەکان لەگەڵ ئۆجالان کۆببونەوەو داوایان لێکردبو ئۆجالان ماوەی شەش مانگ خۆی حەشاربدات و دورکەوێتەوەو بەنهێنی بمێنێتەوە. ئەوان مەبەستیان بوو سوریا جێبهێلیت و بچێتە شاخ، لەوەدا هاوکاریشیان دەکرد، بەڵام ئۆجالان بەقسەی نەکردن، چونکە متمانەی پێیان نەبوو.

ئەوکاتەی لەئیتاڵیا بوو لەمانگی 12ی 1998 تاوەکو ناوەڕاستی مانگی یەکەمی 1999 جارێکی دیکە مامجەلال لەڕێی نوێنەری تایبەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەدیمەشق پەیامێکی روون بۆ ئۆجالان دەنێرێت و داوای لێدەکات چەند کارێکی بەپەلە بکات. یەکەم؛ ئیتاڵیا بەجێنەهلێت، دووەم؛ بەیاننامەیەک دەربکات و رایبگەینێت کە دەستدەکەن بەخەباتی مەدەنی و دەستبەرداری چەک دەبن. سێیەمیش؛ لەهەموو وڵاتانی ئەوروپاو هەموو وڵاتان دەستبکەن بەخۆپێشاندانی گەورەو بەرفراوان، بەڵام ئۆجالان دیسان بەقسەی مامجەلالی نەکرد. دوای ماوەیەک دەرکەوت مەحمود عوسمان کەسایەتی ناسراوی سیاسی لەئیتاڵیا کە سەردانی ئۆجالانی کردووە پێی وتوە ئارام بگرەو ئیتاڵیا جێمەهێڵە دوای چەند هەفتەیەکی دیکە ئەمریکییەکان خۆیان دێن سەردانت دەکەن بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ! بەڵام ئۆجالان متمانەی نەبووەو نەیکردووە.

کاتێک ئۆجالان دەستگیرکرا، جگە لە (هەولێر و دهۆک) ناڕەزاییەکی توندی کورد لەهەموو کوردستان و دونیا دروستبوو، پەنابەرانی کورد لەوڵاتان جگە لەخۆپێشاندان، پەلاماری باڵیۆزخانەو کونسڵخانەکانی تورکیا و چەند وڵاتێکیان لەئەوروپادا.

یەکێک لەگرفت و هۆکارە سەرەکییەکانی زانینی جموجۆڵەکانی ئۆجالان ئەو سیخوڕیکردنە بەردەوامەی تورکیا بوو بەسەر ئۆجالانەوە. پێشتر چەند جارێک ئۆجالان لەو مەترسییە ئاگادارکرابویەوە. عەبدورەزاق کۆیی دەڵێت لەبەهاری 1998 لەگەڵ چەند هەڤاڵێکی چۆتە لای ئۆجالان، لەوێ یەکێک کە گوایە سەرکردایەتی پەکەکە بووە بەناوی ماهیر وڵات چەند وێنەیەکیان لەگەڵ ئۆجالان دەگرێت گوایە بۆ یادەوەرییە، دوای چەند مانگێک مامجەلال سەردانێکی تورکیا دەکات، سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا گلەیی لەیەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەکات کە هاوکاریی پەکەکە

دەکات، مامجەلالیش بێئاگایی خۆی لەو هەواڵە پێڕادەگەیەنێت. لەبەرامبەردا سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا ئەو وێنانەی پێشان دەدات کە نوێنەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەسوریا لەگەڵ ئۆجالان گرتویەتی. واتە ئەو وێنانەی کە ماهیر وڵات بەکامیراکەی گرتویەتی، لەوێدا ئاشکرابوو کە ئۆجالان سیخوڕی بەسەرەوە دەکرێت.

دوای هاتنەوەی بۆ کوردستان، مامجەلال نوێنەری یەکێتی لەو پرسە ئاگادار دەکاتەوە، ئەویش ئۆجالان لەسیخوڕیکردن ئاگاداردەکاتەوە، بەڵام بڕوا ناکەن، دواتر دەرکەوت ئەو کەسە (ماهیر وڵات) سیخوڕەو رادەکات و بەپێی زانیاریی نوێ ئێستا لە روسیا دەژیت.

- **دوای 15 ساڵ لە رووداوەکەی یاریگای قامیشلۆ، بە سرودی ئەی رەقیب سەرکەوتن راگەیەنرا**
- **پرسی مامەڵەکردن لەگەڵ ژن و منداڵانی داعش ئاڵۆزە**

ئەوکاتەی من لەوێ بووم، لەبەری رۆژهەڵاتی فورات داعش لەدوایین رۆژانی لەناوچونیدا بوو، هێزەکانی سوریای دیموکرات گوندی باغۆزیان لەسەر روباری فورات لەبەری رۆژهەڵات بەتەواوی گەمارۆدابوو. رۆژانە هەزاران ژن و منداڵ و سەدان چەکداری داعش بە (شکستخواردوو)یی خۆیان رادەستی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەکرد.

ئەو سەرکەوتنەی باغۆز، سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ ئەو هێزەی کورد رابەرایەتی دەکرد. سەرکەوتن بەسەر هێزێک کە بەدرێژایی مێژوو مایەی چەوساندنەوەی گەلانی ناوچەکە بووە بەتایبەت کورد. ئەوکاتە لەتۆڕەکانی کۆمەڵایەتی باس لەوەدەکرا کە یەکەمجارە مێژوو پێچەوانە دەبێتەوە. ئەوانەی بەناوی ئیسلامەتییەوە کوردیان دەکوشت، ئەمجارە کورد ئەوان لەکونان دەردەکەن و یەخسیریان دەکەن.

نزیکەی هەفتەیەک بەر لەسەردانەکەی دیمەشق، هەڤاڵێکی نزیکم لە شنگال پەیوەندی پێوەکردم و پێشنیاریکرد سەردانێکی دوو رۆژەی باغۆز بکەین، بەڵکو بتوانین وێنەی شەڕی باغۆزو پرسی بونی کچ و ژنانی ئێزدی لەو ناوچەیە تۆماربکەین، بەڵام دەرفەت نەبوو بتوانم ئەو سەفەرە بکەم، بەتایبەت پەڕینەوە بۆ خاکی سوریا ئاسان نەبوو .

ئەو چەند رۆژەی لەدیمەشق بووم، شەوانە پەیوەندیم بەچەند رۆژنامەنوسێکی کورد لەرۆژئاوای کوردستان و نزیک باغۆز دەکرد بۆ زانینی دوایین پێشکەوتنەکانی روبەڕوبونەوەو راونانی تیرۆرستان لەباغۆز. مەبەستم بوو سروشتی خۆبەدەستەوەدان و وێنەی شکستی ئەو رێکخراوە تیرۆرخوازە بزانم و تێکهەڵکێشی باسی دیمەشق و دوارۆژی سوریای بکەم.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەوێ هەبوو، تیرۆرستانی داعش لەدوایین پێگەیان لە گوندی لەباغۆز، خۆیان لەژێر زەمینی ئەو گوندە شاردبۆوە، ژن و منداڵ و پەککەوتەکانیشیان رەوانەدەکرد بۆ خۆبەدەستەوەدان بە هێزەکانی سوریای دیموکرات.

رۆژانە تەماشای میدیاکانی جیهانمان دەکرد کە چۆن ژن و منداڵەکانی داعش خۆیان رادەستی هێزەکانی سوریای دیموکرات دەکرد. لەپاڵ ئەواندا سەدان تیرۆرستی ریش درێژی چڵکن خۆیان رادەستی ئەو هێزە دەکرد. بەشێک لەوانەی خۆیان رادەست دەکرد دەیانگوت (دولة الاسلام باقية) واتە دەوڵەتی ئیسلامیی هەر دەمێنێت، هەیش بوو پەشیمانی خۆی دەردەبڕی و رەخنەی لەداعش دەگرت.

لەنێو ئەو گیراوانەدا، جگە لەعەرەب کە زۆرینەی رەهای پێکدەهێنا، هاوکات ژمارەیەک چەکداری دیکە هەبوون وەک تورک، چینی، تاجیکی، ئەوروپی، روسی،

چاچان..هتد. زۆربەی ئەو چەکدارانە پەشیمان بوون لەوەی بۆماوەیەکی درێژ لەگەڵ تیرۆرستانی داعش بوون. هەندێکیان رەخنەی توندیان دەگرت و دەیانگوت دەرفەتی راکردنمان نەبووە بۆیە ئەو ماوە درێژە ماونەتەوە.

یەکێک لەگرفتە زۆر مەترسیدارەکان، جێی مشتومڕی میدیاو ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەبوو، چارەنوسی ئەو هەموو ژن و منداڵەی داعش بوو کە خۆیان بەدەستەوەدابوو. بەپێی زانیارییەکان ئەوانەی خۆیان بەدەستەوەداوە زیاتر لە 72 هەزار کەس دەبن و لەنێوانیاندا 4 هەزار عیراقیین، لەچادرگەی (هۆل) لەنزیک حەسەکە کۆکراونەتەوەو تائێستا نازانرێت چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

دیارترین پرسیاری زۆربەی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر چارەنوسی ئەو دەیان هەزار ژن و منداڵە بوو، بەتایبەت زۆربەیان خەڵکی سوریا نەبوون و وڵاتەکانیان وەریاندەگرتنەوە! پرسیاریان دەکرد ئەگەر ئەوانە لەرۆژهەڵاتی فورات لەسوریا بمێننەوە، نابنە مەترسی لەسەر داهاتووی ئەو ناوچەیە؟ ئەی چۆن دەتوانرێت دەیان هەزارکەس لەئۆدوگایەک بۆماوەیەکی درێژ بەخێوبکرێن و نەزانرێت چارەنوسیان چییە؟ کێ خەرجی و پێداویستیان دابین دەکات؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری دیکە..هتد.

بەر لەرزگارکردنی باغۆز، هێزەکانی سوریای دیموکرات سەرکەوتنێکی گەورەتریان لەدێرەزۆر راگەیاند، ئەویش سەرکەوتن بوو بەسەر داعش لەتەواوی بەری رۆژئاوای فورات، تەنها ناوچەیەکی بچوک نەبێت لەسەر روباری فورات لەباغۆز.

راگەیاندنەکەی دێرەزۆر جێی سەرنج بوو، بەتایبەت بەمۆسیقای سرودی ئەی رەقیب سەرکەوتنی هێزەکانی سوریای دیموکرات راگەیەنراو وتار بەزمانی کوردی لەبارەی سەرکەوتنەکەوە پێشکەشکرا! لەسێیەم رۆژی نەورۆزدا لە 23ی ئاداری 2019، ئەو هێزەی کورد رابەرایەتی دەکات لەجەرگەی ناوچەیەکی بارگاویی بەرەگەزپەرستیی عەرەبی سەرکەوتنی بەسەر هێزێکی عەرەبی رەگەز پەرست و کۆنەپەرست راگەیاند.

نازانم چ قەدەرێک بوو پێچەوانە بویەوە، بەر لە 15 ساڵ، ئێمە بینیمان لە 12ی ئاداری 2004 بەشێک لەو عەرەبانەی رەفتار شۆڤینی بوون، لە دێرزۆرو دەوروبەری

بەناوی هاندەرانی تیپی تۆپی پێ هاتنە قامیشلۆو بەکاروانی ئۆتۆمبێلەکانیان لەناو شارەکە دەسوڕانەوە، بەپشتیوانی رژێمی سوریا بەجنێودان و سوکایەتی کردن بەنەتەوەی کورد و سەرکردەکانی کورد بەتایبەت (مامجەلال و مەسعود بارزانی) لەشەقامەکان هاواریان دەکرد، سوکایەتیان بەئالآی کوردستان و سیمبولەکانی نەتەوەیی و خاک و نیشتیمانی کورد دەکرد، هەر ئەورۆژە لە یاریگای قامیشلۆ بەهۆی هەڵسوکەوتی شۆڤینیانەو پەلاماردانی هاندەرانی کوردەوە، شەڕێکی خوێناوی دروستبو. بەهۆیەوە 36 لاوی کورد شەهید بوون و سەدانی دیکە بریندار بوون !

ئەوکاتە ئەو روداوە هەموو شارەکانی رۆژئاوای کوردستانی کردە ئاگر، هەر لە دێرکەوە تا عەفرین خەڵک لەماڵەکانیان رابوون و هاتنەگۆ، بەڵام رژێمی سوریا زۆرتوند خەڵکی رۆژئاوای کوردستانی سەرکوتکرد و سەدان لاوی کوردی خستە زیندانەوە.

دوای 15 ساڵ بەسەر ئەو روداوە نەخوازراوەوە، مێژوو پێچەوانە بویەوە، هەر لەمانگی ئازارو لەسەرخاکی ئەوانەی بەکاروان هاتنە قامیشلۆو بەکۆرس جنێویان بەپیرۆزیەکانی کورد دەدا، دەبینین لە 23ی ئادار شەرڤانانی کورد بەمۆسیقای سرودی ئەی رەقیب، ئالآی سەرکەوتن لەسەر دوایین پێگەی تیرۆرستان و شۆڤینیانی عەرەب هەڵدەدەن.

بەدڵنیاییەوە نامەوێ شۆڤینی بم و شۆڤینیانەش بیربکەمەوە، پێموایە ئەو سەردەمە گوزەشت، بەڵام ئیرادەو خۆڕاگری هەر میللەت و هێزێک، بەدڵنیاییەوە تەواوی مێژووی سەراونخون دەکاتەوە! بەڵێ ئەوەی رویداوە قەدەرێکی سەیرە، هیچ کەسێک پێشبینی نەدەکرد لەماوەی چەند ساڵێکی کەم، گەلی کورد لەسوریا لەگەلێکی بندەست و مەزلوم و ستەملێکراوەوە، ببێتە گەلێکی سەردەست و جگە لەناوچەو سنوری جوگرافیای قەومیی خۆی، بگاتە سەر روباری فورات لەباشوری سوریا، بەڵام بەشێک لەهۆکاری دروستبونی ئەم قەدەرە، رێککەوت نییە، بەڵکو باشتر سیاسەتکردن و هەڵکردنە لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆو نێودەوڵەتی، بۆیە لەهەڕەتی هێزدا لەبری باسی سەربەخۆیی و

هەڵگرتنی دروشمی موزایەدەئامێز، ناوی فیدرالیەتەکەیان ناوە باکوری رۆژهەڵاتی سوریا!

بەپێچەوانەی رۆژئاوای کوردستان، لەباشوری کوردستان جگە لەنازو نیعمەتی پارەوپولی نەوت و سامانێکی نەبڕاوە، پشتیوانییەکی زۆر گەورەی نێودەوڵەتیمان هەبوو، رۆژ هەبوو 3 سەرۆک و 3 وەزیری دەرەوەو بەرگری سەردانیان دەکردین، کەچی دەستماندایە دروشم و دروشمبازیی و پرۆژەی ناکۆک لەگەڵ هەڵوێست و بەرژەوەندی نێودەوڵەتیی و مەنتقی سیاسەتکردن لەژێر ناوی ریفراندۆمی سەربەخۆیی، لەپێناو ناوبانگی شەخسی و مانەوە لەدەسەڵات و بەهۆی غروری دەسەڵاتداریێتیەوە، ئەم میللەتەمان بێئومێد کرد.

لەگەڵ ئەوەی هێزەکانی سوریای دیموکرات لەگەڵ پاککردنەوەی باغۆز تەواوی رۆژهەڵاتی فوراتیان لەتیرۆرستانی داعش پاککردەوە، بەڵام لەبەری رۆژئاوای فورات داعش ناوچەیەکی بەرفراوانیان بەدەستەوەمایەوە، هێشتا نەتوانراوە ئەو ناوچەیە بەتەواوی کۆنترۆڵ بکرێت، ئەمە سەرباری بونی چەندین هێزی جیاوازی وڵاتان و ناوچەکە لەسەر خاکی سوریا.

بەپێی زانیارییەکان تا ئێستا داعش ناوچەیەکی فراوانی لە ڕۆژئاوای فورات لە ژێردەستدایە کە ڕووبەرەکەی بە چوار هەزار کیلۆمەتر دەخەملێنرێت، نیوەی ڕووبەری وڵاتێکی وەک لوبنانە. ناوچەی دەسەڵاتی داعش دەکەوێتە دەشتایی شام لە ڕۆژهەڵاتی پارێزگای حومس ، هەروەها باکوری تەدمور و ڕۆژئاوا و باشوری پارێزگای درێرەزور و پارێزگای ئیدلب.

گرنگترین ناوچەش کەلە ژێر دەستی داعشدایە ناوچەی شاخی ئەبو رەجمین (جبل ابو رجمين) کە ناوچەیەکی شاخاوی سەخت و داپۆشراوە بە دارستان و بە تۆرابۆرای سوریا ناسراوە. لەو ناوچەیەدا نزیکەی ٩ هەزار چەکدار و سەرکردەی داعش کە زۆرینەیان بیانین خۆیان تێدا جێگرکردوە، لەناویاندا ئەگەرێکی بەهێز هەیە ئەبو بەکر بەغدادی خەلیفەی داعش هەبێت.

زۆربەی ئەوانەی لەدیمەشق بینیمن پرسیاری ئەوەم لێدەکردن دوارۆژی بەری خۆرهەڵاتی فورات چۆن دەبینن؟ زۆربەیان لەژێر کاریگەری تێگەیشتنی قەومیی و فکری بەعس، پێیانوابو ئەو بارودۆخەی لەرۆژهەڵاتی فورات کاتییەو زوو تێدەپەڕێت و ئەو ناوچانە دەکەونەوە دەست هێزەکانی سوریا، بۆیە بەشێوەیەکی گشتیی ئامادەنەبوون باسی فیدرالیی یان حوکمی خۆجێیی یان شێوەیەکی دیکەی حوکمڕانیی بۆ ئەوناچانە بکەن، بەڵکو هەوڵیاندەدا بڵێن پێویستە هەندێک مافی سەرەتایی سنوردار بدرێت بەکورد، بەتایبەت باسی زمان و کلتوری کوردیان دەکرد. خۆیان لەباسکردنی فیدرالیەتی جوگرافیی و سیاسی بەدوردەگرت.

تائیستا لەزەینی بەعسییەکانی سوریا بەهیچ شێوەیەک سیستمی فیدرالیی یان هاوشێوەی فیدرالیی بۆ بەیەکەوە ژیان لەگەڵ کورد بونی نییە. لەدوای کۆنترۆڵکردن و لەناوبردنی داعشیش هیچ رێککەوتنێک لەنێوان کورد و رژێمی سوریادا نەکراوە و هیچ بەرچاو رونییەک نییە لەوبارەیەوە.

بەشێوەیەکی گشتیی بەری خۆرهەڵاتی فورات ناوچەی نفوزیی ئەمریکایەو بەری رۆژئاواش ناوچەی نفوزو هەژمونی روسەکانە. هەردوو وڵاتی زلهێز هێزێکی زۆرو گەورەیان لەسەر خاکی سوریا هەیە. سورییەکان رۆڵێکی ئەوتۆیان لەسەر دەستنیشانکردنی چارەنوسی سوریا نییە، بەڵکو هەموو چارەسەرێک یان گۆڕانێک لەو وڵاتە بەندە بەرێککەوتنی ئەمریکاو روسیا!

بەری رۆژئاوای فورات ناوچەی حوکمڕانی رژێمی سوریایە بەسەرۆکایەتی بەشار ئەسەد، بەڵام جگە لە روسیاو ئێران و چەند وڵاتێکی دیاریکراو، وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو عەرەبی مامەڵە لەگەڵ ئەو رژێمەدا ناکەن و داوای گۆڕینی دەکەن .

لەبەری رۆژهەڵاتی فوراتیش هێزەکانی سوریا دیموکراتی لێیە کە پارتی یەکێتیی دیموکرات حوکمڕانیی دەکات و بەڕێوەی دەبات، بەڵام وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا کە هاوپەیمانن و هاوکاریی پێشکەشی ئەو سنورە دەکەن، تائێستا مامەڵەی سیاسی لەگەڵ ناوچەکەو حوکمڕانەکانیدا ناکەن، بەڵکو تەنها هاوکاریی سەربازییان پێشکەش دەکەن.

- **بڕیاربوو 15 هەزار پێشمەرگە ببریتە ڕۆژئاوا**
- **سوریا بەقۆناغ ناوچەکەی تەسلیمی پەیەدە کرد**

پرسی چارەنوسی ڕۆژئاوای کوردستان یەکێکە لەباسە زۆر گرنگەکانی دیمەشق، ئەوەی من تێیگەیشتم ڕژێمی سوریا هیچ پرۆژەیەکی بۆ ئایندەی ناوچەکانی ژێر هەژمون و کۆنترۆڵی پەیەدە نییە، واتە هیچ پلانێکی بۆ چارەسەری ڕۆژئاوای کوردستان کە ئێستا پێی دەڵێن باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا پێ نییە! هاوکات پەیەدەش هیچ پرۆژەیەکی لەبارەی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان بەروونی نییە تا بتوانێت لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵە لەگەڵ دیمەشقدا بکات.

سەرەتای راپەڕینەکانی سوریا لە ئاداری 2011، رژێمی سوریا زوو هەستی بەمەترسی دەستوەردانی تورکیا لەڕێی گروپە توندڕەو تیرۆرستەکان کرد لەژێر ناوی ئۆپۆزسیۆن. یەکەم خۆپێشاندان و روبەروبونەوە لەگەڵ هێزەکانی رژێمی لە 1ی نیسانی 2011 بوو. سەرەتا وەک هەموو ناوچەکانی دیکەی سوریا لە خۆپێشاندانەکان باسی چاککردنی ژیان و فراوانکردنی ئازادیان دەکرد، لەم خۆپێشاندانانەدا کوردو عەرەب بەشداربوون، لەشارەکانی قامیشلی، عامودا، سەرێکانی.

لەگەڵ بەردەوامبونی خۆپێشاندان و نارەزاییەکان دروشم و داخوازییەکانی خۆپێشاندەران گۆڕانی زۆری بەسەردا هات. لەباشترکردنی ژیان و فراوانکردنی پانتایی ئازادییەوە گۆڕا بۆ روخاندنی رژێم، پێدەچوو دەستوەردانێکی راستەوخۆ لەلایەن تورکیاو چەند وڵاتێکی عەرەبییەوە هەبووبێت! لەو خۆپێشاندانانە، ئاڵای سعودیەو قەتەر بەرزدەکرایەوەو دروشمی دژ بەئەسەدو رژێمەکەی دەوترایەوە، ئەمە وایکرد ئیستێک لەلایەن کوردەوە دروستبێت و هەڵوەستەیەک لەخۆپێشاندانەکان بکات، بەتایبەت رێکخستنەکانی پەکەکە بەشێوەیەکی بەرفراوان بونیان هەبوو، لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کورد لە رۆژئاوای کوردستان ئەزمونی خۆپێشاندان و روبەڕوبونەوەی رژێمی سوریایان نەبوو، هەروەک جۆرێک لەترس و دودڵیشیان هەبوو.

تورکیا تەنها بەوە نەوەستا رێڕەوی خۆپێشاندانەکان بگۆڕێت لەڕێی چەند گروپێکی عەرەبیی لەقامیشلۆو چەند شارێکی دیکەی رۆژئاوای کوردستان کە رێژەیەک عەرەبی لێیە، بەڵکو هەوڵیدا لەڕێی ئەو گروپانەی گوایە ئۆپۆزسیۆنن و لەلایەن تورکیاوە چەکدارکرابوون پەلاماری هێزەکانی سوریا بدەن، بەتایبەت لەوناوچانەی کە رێژەی عەرەبی زیاتر لێیە، بۆنمونە لە گرێ سپی و چەند گوندێکی ئەو سنورە.

لەگەڵ ئەو گۆڕانە نوێیە، کورد لەخۆپێشاندانەکان هەڵوەستەیەکی نوێی کرد، چونکە داخوازیی و خواستی گەلی کوردستان لەگەڵ داواو خواستی بەشێک لەخۆپێشاندەرانی عەرەب یەکدیگر نەبوو. کورد داوای مافی نەتەوەیی و پێدانی ناسنامەو باشترکردنی رەوشی ژیانی رۆژئاوای کوردستانی دەکرد، دواو خواستەکانی پەیوەندی بەمافی

نەتەوەیی و خۆبەڕێوەبردنەوە بوو، بەڵام ئەوانی دیکە دروشمی روخاندنی رژێمی بەعسیان بەرزکردبۆوە.

لێدوانی چەند کەسێکی نێو گروپەکانی بەناو ئۆپۆزسیۆنی سوریاو هەوڵدانیان بۆ قۆستنەوەی توڕەیی کورد لە رۆژئاوای کوردستان وایکرد کورد خێرا لەخۆپێشاندانەکان دوربکەوێتەوەو دروشم و ئەجێندای خۆی تێکەڵ بەئەجێنداو داواو خواستی بەناو ئۆپۆزسیۆنی سوریا نەکات .

بەپێی زانیارییەکان خێرا دامودەزگا تایبەتییەکانی رژێمی سوریا هەوڵیاندا رێگەیەکی نویٚ بدۆزنەوە تا بتوانن رۆژئاوای کوردستان کۆنترۆڵ بکەن و مەترسی دەستوەردانی تورکیا کەمبکەنەوەو دروشمی روخاندنی لەخۆپێشاندەران دوربخەنەوە! ئەمەش لەپێناو پاراستنی رژێمی بەعس چونکە فشارێکی زۆر لەناوخۆدا دروستببوو .

دورکەوتنەوەی کورد لە خواستی ئۆپۆزسیۆنی سوریا رێگەیەکی کردەوە تا رژێمی سوریا بتوانێت لەڕێی کوردەوە گوشاری ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستان کەمبکاتەوەو لانیکەم ئەوان داوای روخاندنی رژێم نەکەن. سورییەکان پێیانوابو دەتوانن بەپێدانی رۆڵی سنوردار بەکورد دەتوانن بۆماوەیەک ناوچەکە کۆنترۆڵ بکەن و پاشان بارودۆخەکە بگێڕنەوە ژێر رکێفی خۆیان.

سەرەتا رژێمی سوریا بیریان لەوە کردەوە کە داوا لەباشوری کوردستان بەتایبەت (یەکێتیی نیشتیمانیی و پارتی دیموکراتی کوردستان) بکەن پێشمەرگە بنێرنە رۆژئاوای کوردستان و کۆنترۆڵی شارو شارۆچکەکان بکەن.

لەسەرەتای دەستپێکی راپەڕین یان روبەڕوبونەوەکانی سوریا، ئێرانییەکان خێرا کەوتنەخۆ بۆ دورخستنەوەی دەستێوەردانی تورکیا لەبارودۆخەکە، لانیکەم بۆ پارێزگاریکردن لەناوچەی نفوزی خۆیان لەسوریا، بۆیە لەهەموو ئاستێک دەستیان بەجموجۆڵ کرد. بەپێی زانیارییەکان لەناوەڕاستی 2011 قاسم سلێمانی لەبەیروت چاوی بەدوو لێپرسراوی باڵای یەکێتیی و پارتی دەکەوێت، لەوێ پێشنیارێکیان دەخاتە بەردەم تا هێزێکی هاوبەشی پێشمەرگەی باشوری کوردستان رەوانەی شارەکانی رۆژئاوای کوردستان بکەن بۆ سەقامگیرکردنی باری ئاسایشی ناوچەکە، یان لانیکەم رێگریکردن لەدەستوەردانی تورکیا لەڕێی گروپە توندڕەو و تیرۆرستییەکان. دوای

چەند رۆژێک لەبەیروت کۆبونەوەیەکی دیکە دەکرێت بەئامادەبونی عەلی مەملوک لێپرسراوی ئاسایشی نەتەوەیی سوریا. دوای ئەو کۆبونەوەیە، عەلی مەملوک دێتە هەولێرو چاوی دەکەوێت بە لێپرسراوانی باڵای پارتی کە پێدەچێت مەسعود بارزانی بوبێت، لەگەڵ لێپرسراوانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان، بۆئەوەی ئەو پلانەی ئێران بخەنە چوارچێوەیەکی سیاسی و رێککەوتنێکی لەسەر بکەن.

لەماوەی ئەو گفتوگۆیانە، بەشار ئەسەد دەیەوێت نامەیەک بۆ مامجەلال بنێرێت تاوەکو نێوانگیری بکات لەنێوان رژێمی سوریاو گروپ و لایەنە سیاسییە کوردییەکان و بیانبینیت، لەچوارچێوەی بەرنامەیەکی دیاریکراودا گفتوگۆ نێوان کورد و رژێمی سوریادا بکرێت، دیمەشقیش بەشێک لەمافەکانی کورد بدات. ئەمەش بەرامبەر پشتیوانی کردنی رژێمی سوریا یان لانیکەم خۆ بەدورگرتنی کورد لە گرژییەکانی ناوخۆو بەرزکردنەوەی دروشمی روخاندنی رژێمی سوریا، بەڵام پێدەچێت ئێرانییەکان رازی نەبوون بەوەی ئەسەد لەگەڵ کورد گفتوگۆ بکات، بۆیە بەشار ئەسەد نامەکەی نەنوسی.

بەپێی زانیارییەکان دوای ماوەیەکی کورت، مەحمود گەرگەری نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان دێتە دیمەشق بۆ دیداری لێپرسراوانی سوریا، لەگەڵ عەبدورەزاق کۆیی نوێنەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان چەند جارێک چاویان بە عەلی مەملوک لێپرسراوی ئاسایشی نەتەوەیی سوریا دەکەوێت.

لەیەکێک لەدانیشتنەکان وەزیری بەرگریی سوریا ئامادە دەبێت. پلانەکە بەوشێوەیە بووە کە هێزێکی هاوبەشی وەزارەتی پێشمەرگەی باشوری کوردستان بۆماوەیەکی کاتی بنێردرێنە رۆژئاوای کوردستان بۆ پارێزگاریکردنی ئاسایش و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە، چونکە رژێمی سوریا لەوە گەیشتبو کە ناتوانێت ئەو سنورانە کۆنترۆڵ بکات، هەم بەهۆی دەستێوەردانی تورکیاو رەوانەکردنی چەکدارانی بەناو ئۆپۆزسیۆن، هەمیش بەهۆی گەرمبونی شەقامی کوردیی و هەوڵدان بۆ دەرکردنی دەسەڵاتداریێتی رژێمی سوریا لەرۆژئاوای کوردستان.

سەرەتا بڕیاربوو 15 هەزار پێشمەرگە بنێردرێتە رۆژئاوا بەچەک و تفاقەوە، بۆ کۆبونەوەی دووەم مەحمود گەرگەری بەناوی پارتی پێی راگەیاندن کە ناتوانرێت ئەو

ژمارەیە بنێردرێت کەمی دەکەنەوە بۆ 10 هەزار پێشمەرگە. بۆ کۆبونەوەی سێیەم کە وەزیری دەرەوەی سوریا ئامادە دەبێت کەمکرایەوە بۆ 5 هەزار پێشمەرگە. بڕیاربوو چەک و تفاق و پێداویستی سەربازیی ئێرانییەکان دابینی بکەن، بۆ هەر پێشمەرگەیەک دەمانچەیەک و کلاشینکۆفێک.

یەکێک لەگرفتەکانی ئەم پلانە ئەوەبوو کە چۆن دەکرێت هێزێکی پێشمەرگە بهێنرێتە رۆژئاوای کوردستان پرس بەحزب و لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوای کورستان بەتایبەت پەکەکە نەکرێت کە ئەوکاتە جۆرێک لەهەژمون و رێکخستنی لەوێ هەبوو. لە وڵامدا مەحمود گەرگەری کە نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە دیمەشق، دەڵێت "هەموویان لەباخەڵی ئێمەن! ئێمە دەتوانین هەموویان لەتەیارەیەک بکەین و لەئاسمانەوە فڕیاندەینە خوارەوە" مەبەستی گەرگەری لەم قسەیە ئەوەبوو کە هەموو حزبە کوردستانییەکانی رۆژئاوا (جگە لە پەکەکە) لەژێر کۆنترۆڵی پارتی دیموکراتی کوردستاندان و ئەوان دروستیان کردوون!

بەپێی ئەو زانیارییانەی هەن، زانیارییەکانی ناو کۆبونەوەکەو ئەو گفتوگۆیانەی لەبارەی هێنانی هێزێکی پێشمەرگە بۆ رۆژئاوا گەشتۆتەوە تورکەکان، بۆیە دواتر ئەوان پلانەکەیان لەباربردووە. لەلایەکی دیکە خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ دەکرێت کە ئەمریکییەکان پێشتر زانیاریان لەسەر زۆربەی جموجۆڵەکانی ناوچەکە زانیوە، ئەوانیش دژی ناردنی هێزی پێشمەرگەبوون لەلایەن هەرێمەوە بەپشتیوانی ئێران، بۆیە پرۆژەکە خێرا شکستی هێنا.

دوابەدوای شکستی ئەو پرۆژەیە، ئێرانییەکان و رژێمی سوریا بەدوای بەدیلێکدا گەڕان، تا بتوانن ئەو سنورە بپارێزن و شارە کوردستانییەکان لەدروشمەکانی روخاندنی رژێمی سوریا دوربخەنەوە. پەنایان برد بۆ رێکخستنەکانی پەکەکەو پەیوەندیان بەقەندیلەوە کرد. چونکە لەدوای ناچارکردنی ئۆجالان بە جێهشتنی دیمەشق لە 1998، پەیوەندی لەنێوان قەندیل و دیمەشق پچرابوو، بگرە ژمارەیەک کادری پەکەکە لەدوای ئەو روداوە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی سوریاوە دەستگیرکران.

لەسەرەتای دروستبونی بارودۆخی سوریا، پەکەکە خێرا دەستیکرد بەچالاککردنی پەیەدە کە خۆی بەر لەنزیکەی 10 ساڵ دروستیکردبوو، رێکخستنەکانی زیندوو

کردەوەو پەیوەندیان بەشارو گوندەکانەوە کرد. بێگومان رژێمی سوریاو ئێران پێیانوابو دەتوانن لەڕێی پەکەکەوە بۆماوەیەکی کاتی ئەو سنورە لەدەستوەردانی دەرەکی و هاوکات لەدروشمی روخاندنی رژێمی سوریا بپارێزن.

لەناوەڕستی 2011 تورکیا خێرا بەرەیەکی بەناوی هاوپەیمانیی ئۆپۆزسیۆنی سوریا دروستکرد، زۆربەی حزب و گروپە سیاسییە کوردییەکانی رۆژئاوای کوردستان خێرا چوونە پاڵ هاوپەیمانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، پێیانوابو رژێمی سوریا دەڕوخێت و ئەو رێکخراوە دەبیتە بەدیلی رژێمی لەسوریا. ئەوکاتە ئەو گروپە ناونرابوو ئۆپۆزسیۆنی تورکیاو سعودیە. زۆربەی حزبە کوردیەکانی ئەو سەردەمە چونە پاڵ ئەو هاوپەیمانییە، وەک پارتی دیموکراتی کوردستان/ سوریا، پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخواز (حەمید دەروێش)، حزبی یەکیتی، حزب تیار المستقبل (مەشعەل تەمۆ)..هتد. ئەمریکا پشتیوانی گەورەی پێشکەشی ئەو گروپانە کردو لەڕێی تورکیاوە بەشێک لەو گروپانەی چەکدارکرد. هاوکاری زۆری پێشکەشکردن، بەڵام مامەڵەیان لەگەڵ پەیەدە نەکرد کە بەچەند قۆناغێک شارەکانی رۆژئاوای کوردستانی کۆنترۆڵ کرد.

بەپێی ئەو زانیارییانەی بەردستن، رژێمی سوریا بەهەماهەنگی لەگەڵ ئێران قۆناغ بەقۆناغ شارەکانی رۆژئاوای کوردستانی رادەستی هێزەکانی پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە) دەکرد لەڕێی هێزێکی نوێ کە بەناوی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) دروستی کردبوو. لەگەڵ ئەوەی شارو شارۆچکەکانیان رادەست دەکرا، ئێرانییەکان لەڕێی سوریاوە هاوکارییەکی زۆری پەیەدەیان کرد، تەنانەت لەشەڕی سەرێکانی، چەند تانکێکی پێشکەوتویان بەهاوکاری پێدان بۆ شکاندنی ئەو هێزەی بەناو ئۆپۆزسیۆن کە لەو ناوچەیە بوون.

بۆ سەرەتای 2012 پەیەدە زۆربەی ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستانی کۆنترۆڵکرد کە زۆرینەی کوردنشین بوون، بەڵام ئەو ناوچانەی عەرەب نشین یان زۆرینەی عەرەب بوون لەدەست هێزەکانی بەناو ئۆپۆزسیۆن بوون، لە سەرێ کانیەوە تا دەگاتە گرێ سپی بەرەو کۆبانیی، کە لێوارو لێواری سنوری کوردستانی باکورە. لە ساڵی

2012 بەپیشتیوانی تورکیا، هێزێکی ئۆپۆزسیۆن هەوڵیاندا پەلاماری چەند شارۆچکەو گوندێک لە سەرێکانیەوە بدەن، بەڵام خێرا بەرپەرچ درانەوەو سەرکەوتوو نەبوون.

لە 2013 بەرەی تیرۆرخوازی نوسرە لەڕێگەی چەند هۆزێکی عەرەبیی بەتایبەت هۆزی (تەی) هەوڵیدا پەلاماری چەند ناوچەیەکی رۆژئاوای کوردستان بدات، هێزەکانی یەپەگە روبەڕویان بونەوەو رێگەیان لەو هەوڵە گرت. لە 2014 هێرش و پەلاماری یەپەگە بەرەو کۆبانی دەستی پێکردو توانیان لەسەرێکانیەوە تا کۆبانیی ئازاد بکەن و دەریان بکەن. دواتر ئاراستەی پەلامارەکانیان بەرەو باشوری قامیشلۆ گۆڕیی و توانیان چیای کەزوان کە عەرەب کردبویان بە جەبەل عەبدولعەزیز بەرەو رۆژهەڵات تا سنوری باشوری کوردستان ئازاد بکەن .

- **لەژێر گوشاردا، دروشمی فیدراڵی بۆ رۆژئاوا گۆڕدرا**
- **پەیەدە نەیتوانیوە بیسەلمێنێت کە هێزێکی کوردی نییە، یان درێژکراوەی پەکەکە نییە**

سەرەتای بارودۆخی سوریا، ئەمریکییەکان زیاتر هاوکاریی ئەو بەرەیەیان دەکرد کە تورکیاو چەند وڵاتێکی کەنداو پشتیوانیان لێدەکردن. بەشێک لەو گروپانەی لەنێو ئەو بەرەیەدا بوون، تیرۆرست و توندڕەو بوون! ئەمریکا خەرجییەکی زۆری لێکردن، پێیانوابوو دەتوانن لەو رێگەیەوە رژێمی سوریا بگۆڕن، بەڵام بارودۆخەکە بەوشێوەیە نەبوو. روسەکان و ئێرانییەکان راستەوخۆو بەهەموو هێزێکەوە هاوکاریی رژێمی بەعسی سوریایان کرد، هێزی سەربازییان لەسەر خاکی سوریا جێگیرکردو رێگەیان لە هەوڵی روخاندنی رژێمەکە گرت.

ئەو هێزەی بەناوی کورد ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستانی کۆنترۆڵکردبوو، زیاتر پەیوەندییان لەگەڵ روسیاو ئێران هەبوو، هاوکارییان لێوەردەگرتن. جۆرێک لە پەیوەندیشیان لەگەڵ رژێمی بەعسی سوریا هەبوو، بەڵام لەگەڵ رزگارکردنی کۆبانیی لە کۆتایی 2015 کە تیرۆرستانی داعش ویستیان کۆنترۆڵی بکەن، پەیەدە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا بۆ دروست بوو لەڕێی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە.

ئەو شەڕەی هێزەکانی یەپەگە لەناو شاری کۆبانیی کردیان، جێی سەرنجی ئەمریکا و هەموو جیهان بوو، بۆیە رووی خۆیان کردە کورد. ئەوکات ئەمریکییەکان بێئومید لە بەناو ئۆپۆزسیۆنی سوریاو گۆڕینی رژێمی ئەو وڵاتە، بۆیە رووی خۆیان کردە کورد بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەکۆنترۆڵکردنی سنورێکی بەرفراوان لەسوریا، تا بکەوێتە ژێر هەژموونی خۆیان. ئیدی پشتیوانیی و هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هێزەکانی یەپەگەو دواتریش هێزی سوریای دیموکرات دەستی پێکرد تا وایلێهات توانیان بەری رۆژهەڵاتی فورات بەتەواوی کۆنترۆڵ بکەن.

سەرەتای کارکردنی پەیەدە لەرۆژئاوای کوردستان ناویان لە ئیدارەی ناوچەکانیان نا (رێڤەبەری خۆسەری)، واتە نزیک لەخودموختاریی. دوای کۆنترۆڵکرنی کۆبانیی و عەفرین، شێوەی رێڤەبەرەییەکەیان گۆڕی بۆ سێ کانتۆن یان هەرێمی جیاواز (جزیرە، کۆبانی، عەفرین) چونکە نێوانی ئەو ناوچانە لەدەست هێزی کورد دا نەبوو، بۆنمونە نێوانی جزیرەو کۆبانیی هەر لە سەرێکانیەوە تا دەگاتە گرێ سپی لەدەست تیرۆرستانی داعش و گروپە تیرۆرخوازەکاندا بوو! هەروەک نێوان کۆبانیی و عەفرینیش بەهەمانشێوە رژێمی سوریاو گروپە تیرۆرخوازەکانی لێبوو، بۆیە لەشێوەی دابەشکردنی کانتۆن کردبویانە سێ ئیدارەو ئەنجومەنێکی هەماهەنگیان بۆ دامەزراندبوو.

لەدوای کۆنترۆڵکردنی نێوان جزیرەو کۆبانیی و هەندێ ناوچەی دیکەی خوار کۆبانێ، دامەزراوەیەکی نوێیان بەناوی ئەنجومەنی سوریای دیموکرات لە 2015 دامەزراند، ئەم ئەنجومەنە لەڕێی هەڵبژاردنی جەماوەرییەوە نەبوو، بەڵکو نزیکەی 100 ئەندامێکەو راستەوخۆ کراونەتە ئەندامی ئەنجومەنەکە، کە لە کورد و پێکهاتەکانی دیکە

پێکدێت، جگە لەئەندامانی پەیەدە، ئەندامی گروپ و لایەنی دیکە لەخۆ دەگرێت، بەڵام پەیەدە زاڵە بەسەر بڕیاردانی ئەنجومەنەکە.

دوابەدوای کۆنترۆڵکردنی شارو شارۆچکەی زیاترو کۆنترۆڵکردنی نێوان جزیرەو کۆبانیی و هەروەها ناوچەکانی تەبقەو لێواری فورات و پێشڕەویکردن بەرەو رەققەو دێرزۆر. پەیەدە ئەنجومەنێکی نوێی بەناوی ئەنجومەنی (ئەنجومەنی فیدرالی رۆژئاوا/ باکوری سوریا) راگەیاند، لەپاڵیدا لیژنەیەکی تایبەتیان راسپارد بۆ نوسینەوەی دەستوری رۆژئاوای کوردستان لەژێر هەمان ناونیشان.

واتە پەیەدە دروشمی رۆژئاوای کوردستانی لە رێڤەبەری خۆسەرییەوە گۆڕی بۆ فیدرالیەت دەستیانکرد بە نوسینەوەی دەستوری هەرێمەکە، بەڵام ئەو هەنگاوەی پەیەدە کاردانەوەی لەناوخۆو ناوچەکە دروستکرد. لەگەڵ ئەو راگەیاندنە هەیسەم مەنناع هاوسەرۆکی ئەنجومەنی سوریای دیموکرات کە عەرەبێکی سوننەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بوو، دەستی لەکارکێشایەوەو ناڕەزایی خۆی بەرامبەر پرۆژەکەی پەیەدە دەربڕی، ئەمەش بەڵگەی ئەوە بوو کە زەمینەی دەستبردن بۆ پرۆژەیەکی وەها یان لەبار نەبوو، یان ئامادەسازیی بۆ نەکرابوو !

دوای ماوەیەک، هێزەکانی یەپەگەو سوریای دیموکرات توانیان ناوچەیەکی بەرفراوانی رۆژهەلاتی فورات لەدەستی داعش رزگاربکەن و کۆنترۆڵی بکەن. ئەمریکییەکانیش لەڕێی باشوری کوردستانەوە بەئاشکرا هەفتانە دەیان بارهەڵگر هاوکارییان دەگەیاندە رۆژئاوای کوردستان، ژمارەیەک سەربازگەو خاڵی چاودێریان لە مەنبەج و کۆبانیی و شەدادییەو رمێلان و قامیشلۆو عێن عیساو چەندین شوێنی دیکە دروستکرد.

بەتێگەیشتن بۆ کاردانەوەکان و خوێندنەوەی واقعی دوای کۆنترۆڵکردنی ناوچە زۆرینە عەرەب نشینەکان و  بۆ خۆ گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی نوێ و تێگەیشتن بۆ ناڕەزایەتییەکانی ناوخۆو دەرەوە، پەیەدە کۆمەڵێک گۆڕانی نوێی کرد، لەوانە لیژنەی نوسینەوەی دەستور یان ئەوەی پێی دەوترا پەیمانی کۆمەلایەتیی لەبەرچاوان نەهێشت بەبێ ئەوەی هەڵوەشاندنەوەی رابگەینێت و چیتر باسیان نەکرد. (ئەنجومەنی فیدرالی

ڕۆژئاوای کوردستان/ باکوری سوریا) هەڵوەشاندەوەو لە 6ی ئەیلولی 2018 دروشمێکی نوێی بەرزکردەوەو ناوی ناوچەکەیان کردە (ڕێڤەبەری خۆسەری باکورو ڕۆژهەڵاتی سوریا) هەردوو وشەی (فیدرالیی و ڕۆژئاڤا)یان هەڵگرت.

چەندجارێک گۆڕینی دروشم و ناونیشانی هەرێمی ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن بەڕێوبەرو کاربەدەستانی پەیەدە، دوو خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. یەکەمیان تێنەگەیشتن لەواقعی ناوچەکەو پەلەکردن لەهەندێ دروشم و خواستی نەتەوەیی کورد، بەبێ خوێنددنەوەی دۆخی هەرێمەکەو گوشاری وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتیش تورکیا. هەندێکی دیکە پێیانوایە گۆڕینی دروشمەکان لەماوەی چەند ساڵێکی کەم و پاشەکشە لەهەندێ دروشم و ناونیشان، بەتایبەت خۆ بەدورگرتن لەناوی کوردستان، یان لابردنی وشەی ڕۆژئاڤا، پەیوەندی بەو پێشکەوتنە چاوەڕواننەکراوەی ڕۆژئاوای کوردستانەوە هەیە کە کورد توانی بگاتە قوڵایی ناوچە عەرەب نشینەکان، بەتایبەت کورد توانی ڕەققە کە پایتەختی قەومەچیانی عەرەب و تیرۆرستان بوو کۆنترۆڵ بکات و هەژمونی هێزەکانی سوریای دیموکرات بگاتە سەر روباری فورات لەباشوری سوریا.

ڕەنگە دیارترین هۆکاری ئەو گۆڕانانەی پەیەدە کردی پەیوەندی بەدۆخی دوای لەدەستدانی عەفرینەوە هەبوو، ئەو دۆخەی دوای شکستی ریفراندۆمی باشوری کوردستان لە ئەیلولی 2017 دروستبوو، ترسێکی زۆری دروستکرد کە دەشێت وڵاتانی ڕۆژئاواو بەناو پشتیوانی کورد، لەپڕ بەهۆی ناکۆکبونی بەرژەوەندی جێمان بهێڵن و پشتمان تێبکەن، هەروەکچۆن لەباشوری کوردستان بەهۆی ریفراندۆمی نا وەختەوە زیانێکی گەورە بەر کوردستان کەوت و کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان لەرووی سەربازییەوە لەدەست کورد نەما، چونکە هەم عیراق و وڵاتانی نەیاری کوردستان واتە دراوسێکانی عیراق زۆر دژی کورد وەستانەوە، هەمیش ئەمریکا هیچ پشتیوانیی لە کورد نەکرد.

یەکێک لەو گلەییانەی لەپەیەدە دەکرێت وشەی کوردستانیان بەناونیشانی هیچ دەزگاو دامەزراوەیەکی حزبیی و ئیدارییەوە نەلکاندوە، واتە هیچ دامەزراوەو

دەزگایەکی رۆژئاوا ناوی کوردستانی پێوەنییە! رەنگە ئەم کارەی پەیەدە هەوڵدان بێت بۆ ئەوەی بەناوەو دەرەوەی سوریا بڵێین ئەو هێزەی داعشی لەناوبردو ناوچەکانی رۆژهەڵاتی فوراتی کۆنترۆڵ کردووە کوردی نییەو هێزی هەموو پێکهاتەکانە، بۆیە لەم قۆناغە دەیانەوێ خۆ لەوشەی کوردستان بەدور بگرن، نەخاسمە تورکیا کە زۆر هەستیارە بەرامبەر دۆزی کورد لەناوچەکە بەگشتیی. لەلایەکی دیکەوە دەبینین هەموو داودەزگاکانی رۆژئاوای کوردستان زیاتر پاشناوی دیموکراتیان پێوە لکێنراوە، بۆنمونە پەیەدە کورتکراوەی (پارتی یەکێتی دیموکرات) یەپەگە کورتکراوەی (یەکینەی پاراستنی گەل) یەپەژە کورتکراوەی (یەکینەی پاراستنی ژنان) هەسەدە کورتکراوەی (هێزی سوریای دیموکرات)..هتد.

لە 6ی تشرینی یەکەمی 2016 ئێمە وەک وەفدێکی نیمچە رەسمیی کە لەژمارەیەک پارێزەری شارەزا سەر بە (سەنتەری هزری یاسایی) لەگەڵ (بەندە) وەک رۆژنامەنوس بەئاگا لەبارودۆخی رۆژئاوای کوردستان سەردانی قامیشلۆمان کرد، بۆ گفتوگۆکردنی پرۆژەی دەستوری رۆژئاوای کوردستان کە ئەوان ناویاننابوو پەیمانی کۆمەڵایەتیی (العقد الاجتماعی).

ئەوکاتەی ئێمە سەردانەکەمان کرد، سنوری باشوری کوردستان بەڕووی رۆژئاوا لەلایەن کاربەدەستانی پارتییەوە داخرابوو، تەنها ئەوکەسانە دەیانتوانی بپەڕنەوە کە رەزامەندی پارتیان هەبوایە! ئێمە پێشوەختە هەوڵماندا رەزامەندی رەسمیی لەڕێی حکومەتی هەرێمەوە وەرگرین، بەڵام سودی نەبوو، رەزامەندیمان پێ وەرنەگیرا! هەوڵماندا لەڕێی پارتیشەوە وەریگرین دیسان رەزامەند نەبوون و وڵامی نەرێنیان هەبوو، بۆیە ناچار بەڕێگەی دیکە خۆمان گەیاندە رۆژئاوای کوردستان.

ئەوەی ئێمە سەرنجماندا لەدیدارو کۆبونەوەکانمان لەبارەی نوسینەوەی دەستوری رۆژئاوای کوردستان و گفتوگۆ لەبارەی ئەزمونی باشوری کوردستان سەبارەت بەکێشەکانی نێو پرۆژەی دەستوری هەرێم و هاوکات ئەو مشتومڕانەی لەسەر دەستوری عیراقیدا هەبوو، ئەزمونێکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵام نەیاندەشاردەوە کە

تێگەیشتن و تێروانینەکانی عەبدوڵلا ئۆجالان بۆ ژیان و مامەڵەکردن لەگەڵ دەوڵەتی سوریا (ناوەند) سەرچاوەی ئیلهامی کارکردنیانە بۆ نوسینەوەی دەستورەکەیان. لەهەموو بڕگەو بابەتێکی پرۆژەی دەستورەکەیان یاداشت و ڕێنماییەکانی ئۆجالانیان دوپاتاندەکردەوە! بۆیە بوارو دەرفەتی گۆڕینی بڕگەو ماددەکانی دەستورەکەیان ئەوەندە نەبوو، تا ئێمە گفتوگۆ  لەسەر بابەتە بنگەهییەکانی پرۆژەی دەستورەکە بکەین. بۆنمونە لەپرۆژەکەی ئەواندا هاتبو کە هەرکەسێک تەمەنی گەیشتە 18 ساڵ مافی خۆ پاڵاوتنی هەیە بۆ پەرلەمان، لەکاتێکدا ئێمە پێمانوابوو کە ئەو تەمەنە زۆر کەمە بۆئەوەی گەنجێک بچێتە پەرلەمانەوە، چونکە لەلایەک لەوانەیە تەمەنی هەرزەکاریی تێنەپەڕاندبێت، هاوکات خوێندنی تەواو نەکردبێت، جگە لەوە ئەو کەسەی دەبێتە ئەندامی پەرلەمان پێویستە ئەزمونێکی باش و دیاریکراوی لەبوارێک هەبێت. کەچی ئەوان لەسەر بنەمای تێگەیشتنەکانی ئۆجالان ئەو بڕگەیەیان جێگیر کردبوو!

لەمەسەلەی دادوەرییدا کەموکوڕی و گرفتی جددی هەبوو، ئەو مۆدێلەی ئەوان دەیانویست جێبەجێی بکەن، نەیدەتوانی دادگاکان بەسەربەخۆیی بهێلێتەوە، بەڵکو دەتوانین بڵێین لەهەندێ باردا هیچ بەهایەک بۆ دادوەر نەدەمایەوە بڕیار لەسەر سزادانی تاوانبار بدات، چونکە دواجار بڕیاری کۆتایی دەهێڵرایەوە بۆ ئەنجونی گەڕەک یان ناوچەکان، ئەمەش پێچەوانەی بنەما سەرەکییەکانی دەسەڵاتی دادوەریی و سەقامگیریی دەسەڵاتی دادوەریی بوو.

ئەو چەند ڕۆژەی لەوێ ماینەوە، سەردانی حکومەت و پەرلەمان و دامەزراوەی دادوەریی ڕۆژئاوای کوردستانمان کرد. جگە لەخۆشحاڵیمان سەبارەت بەئیدارەو ئەمنییەتی ڕۆژئاوای کوردستان، هاوکات تێبینی و سەرنجام لەسەر کۆمەڵێک بارودۆخ و دیاردە هەبوو کە دواتر بەشێک لەتێبینیەکانی ئێمە هەمانبو، گۆڕین یان دەستکارییان کرد. دەرکەوت ئەو تێبینیانە هەر هی ئێمە نەبوو، خەڵکانی دیکەش هەمان سەرنجیان هەبووە.

یەکێک لەو سەرنجانەی ئێمە بونی ئەو هەموو وێنەیەی عەبدەڵلا ئۆجالانی ڕێبەری پەکەکە بوو لەشوێنە ڕەسمیی و ناڕەسمییەکان و لەشەقام و گشتییەکان، پێمانوابوو

بەهۆی بونی واقعێکی تایبەتی ناوچەکە، بەتایبەت هەستیاریی تورکیا پێویستە بارودۆخەکە لەبەرچاوبگیرێت، بەڵام ئەوان بەئاسانی نەیاندەتوانی لەوە تێبگەن، بۆیە رەتیاندەکردەوە! دواتر دوای نزیکەی دوو ساڵ لەناکاو زۆربەی ئەو وێنانەیان لابرد. دواتر دەرکەوت لەسەر داوای ئەمریکییەکان ئەو هەنگاوەیان ناوەو پێیان راگەیاندبوون ئەوان توشی پرسیاری زۆر دەبنەوە لەبەرامبەر تورکیا بۆیە داوادەکەن وێنەی ئۆجالان لەشوێنە گشتیی و رەسمییەکان لاببەن.

بەدرێژایی نزیکەی 9 ساڵی دوای روداوەکانی سوریاو رزگارکردنی رۆژئاوای کوردستان، پەیەدە لەدوو پرسدا سەرکەوتوو نەبووە، یەکەمیان نەیتوانیوە بیسەلمێنێت پەیەدە درێژکراوەی پەکەکە نییە، یان سەر بەپەکەکە نییەو سیاسەتەکانی لەقەندیلەوە ئاراستە ناکرێت. دووەمیشیان سەربارى لێکردنەوەی پاشناوی کوردستان و خۆ بەدورگرتن لەکوردبوون، نەیانتوانیوە بیسەلمێنن کە یەپەگە یان هێزەکانی سوریای دیموکرات هێزی کوردی نین.

ئەوکاتەی ئێمە سەردانی رۆژئاوای کوردستانمان کرد لەچوارچێوەی وەفدێکی سەنتەری هزری یاسایی، هێشتا هێزەکانی یەپەگە نەگەیشتبونە ناوچەکانی باشوری سوریا. سەردانی کۆبانیمان کرد تازە ئاوەدانیی دەستی پێکردبوو. بەقسەی رێڤەبەرو کاربەدەستانی شارەکە نزیکەی 8 هەزار خانووی شارەکە وێران ببو، نزیکەی 80 هەزار لەدانیشتوانی ناوەندی شاری کۆبانی گەڕابونەوە.

ئەوەی ئێمە لەوێمان بینی، گیانی ورەو بەرگریکردنی خەڵکی شارەکەبوو، زۆر جێی سەرنج بوو! بەقسەی خۆیان تەنها لەکۆبانیی 1500 شەهیدیان داوە لەروبەڕوبونەوەی تیرۆرستانی داعش، لەو ژمارەیە 700 کەسیان بێ سەروشوێنەو 300 مەدەنی شەهید بوون! بەڵام لەماوەی ئەو چەند مانگەی روبەڕوبونەوەی تیرۆرستانی داعش، تەنها لەکۆبانی نزیکەی 6 هەزار تیرۆرستانی کوشتوەو زیاتر لە 40 دەبابەیان تێکشکاندووە.

یەکێک لەتێبینی و سەرنجەکانی لەزاری بەشێک لە لێپرسراوانی رۆژئاوای کوردستان چەند جارێک بیستمان و دوبارەیان دەکردەوە، رێنمایی و پەیامێکی

عەبدوڵلا ئۆجالان بوو کە پێویستە پارێزگاریی لەشنگال بکەن و هاوکات کەناڵیکی هاتن و چوون لەنێوان شنگال و سلێمانی دروستبکەن لەڕێی کەرکوک، تاوەکو بتوانن لەو رێگەیەوە سود ببینن و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دونیای دەرەوە درێژە پێبدەن و ئەو هێڵە ئابلوقەی سەر رۆژئاوای کوردستان سوکتر دەکات کە لەلایەن تورکیاو سوریاو هاوکات پارتی دیموکراتی کوردستانەوە خرابویە سەر رۆژئاوای کوردستان، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە جێی سەرنج بوو عەبدوڵلا ئۆجالان چۆن لەبەندیخانەوە ئەو پەیام و ستراتیژییەتەی گەیاندۆتە پەیەدەو هاوکات لە بەندیخانەوە چۆن لەواقعی نوێی ناوچەکە بەگشتیی و باشورو رۆژئاوای کوردستان ئاگادارکراوەتەوە!

- **لە 31٪ جوگرافیای سوریا لەژێر کۆنترۆڵی ئەنجومەنی سوریای دیموکراتدایە**
- **بۆ خۆبەدورگرتن لەگوشارەکان، پەیەدە دروشمی فیدرالی لابرد**

هەڕەشەی هێرشکردن و داگیرکردنی رۆژئاوای کوردستان لەلایەن تورکیاوە زیاتر دوای بەرزکردنەوەی دروشمی فیدراڵی لەلایەن پەیەدەوە دەستیپێکرد. لەماوەی 2017 بۆ 2018 چەند جارێک تورکیا هێزی سەربازیی لەسەر سنوری رۆژئاوای کوردستان کۆدەکردەوەو تۆبپارانی شارەکانی سەر سنوری دەکرد، ئەمەش گوشارێکی زۆری بۆسەر رۆژئاوا دروستکردبوو. ئەمریکیەکان لەژێر گوشاری تورکیادا بوون، بەڵام چاوسورکردنەوەو هەوڵی پەلاماردانی تورکیایان رەتدەکردەوە و بەئاشکرا چەند شوێنێکی دیاریکراو لەسەر سنورو بەرامبەر هێزەکانی تورکیا، تیمە تایبەتییەکانی ئەمریکا بەچەکی قورس و بەئاڵای وڵاتەکەیان دەستیان بەچاودێرکردنی سنورکردو

لەراگەیاندنەکانی خۆیان بڵاویان کردەوە. هەروەک لە بارەگاکانیان لە گرێ سپی و کۆبانێ و مەنبەج ئاڵای ئەمریکایان بەرزکردەوە، ئەمەش وەک ئاماژەیەک کە ئەگەر تورکیا هێرش بکاتە سەر رۆژئاوای کوردستان، بەمانای هێرشکردنە سەر هێزەکانی ئەمریکا دێت.

لەگەڵ ئەو تورکیا ئەمریکا، پەیەدە هەندێ گۆڕانی لەشێوەی مامەڵەکردن لەگەڵ واقعی ناوچەکە کرد، وێنەی ئۆجالانیان داگرت و خۆیان بەدورگرت لە دروشمی فیدرالییەت و کەوتنە پەیوەندیی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ سوریا، وەک ئاماژەیەک کە ئەوان نایانەوێ لەسوریا جیا ببنەوە و مەبەستیان جیاخوازیی نییە.

لەو سەردانەمان بۆ رۆژئاوای کوردستان، شەوانە لەشوێنی حەوانەوەمان لێپرسراوانی رۆژئاوا سەردانیان دەکردین، هەردولامان حەزمان دەکرد گفتوگۆی کراوە لەسەر کۆی بابەتە سیاسی و ئابوریی و تەنانەت فکرییەکانیش بکەین. ئەوەی ئێمە هەستماندەکرد ئەوان لەژێر کاریگەری شەرعیەتی شۆڕشگێڕیدا بوون، لەبەرئەوەی ناوچەکانیان رزگارکردبوو شەهیدێکی زۆریشیان بەخشی بوو. رادیکال بوون لەبارەی هەندێ پرس و شێوەی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا توند بوون، ئەمەش بێگومان کاریگەری لەسەر دۆخی گشتیی هەرێمەکە هەبوو. ئەوکاتە رۆژئاوای کوردستان لەدۆخێکی ئابوریی پەرێشاندابوون و پێویستیان بەهاوکاریی بەپەلە هەبوو هەم بۆ روبەڕوبونەوەی تیرۆرستانی داعش کە لەشەڕێکی گەرمدا بوون لەگەڵیان، هەمیش بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکان کە بەهۆی سیاسەتی رژێمی سوریاو شەڕو ماڵوێرانی چەند ساڵی رابردوو وێران ببوو.

بەقسەی خۆیان بودجەی هەردوو کانتۆنی کۆبانیی و جزیرەو هێزی چەکداریان بەمشێوەیە دابینکردبوو:

کۆبانی: 18%

جزیرە: 32%

هێزی چەکدار (یەپەگە): 50%

یەکێک لەو پرسیارە هەرە گرنگانەی ئەوکات و ئێستاش بۆ هەمووومان گرنگە، پرسی چارەنوسی رۆژئاوای کوردستان لەسوریا بەشێوەیەکی گشتیی، هاوکات شێوەی مامەڵەی پەیەدە لەگەڵ ئەو ناوچانەی دانیشتوانەکەی زیاتر عەرەب نشینن کە دەکەوێتە خۆرهەلاتی فورات؟

وڵامی هەردوو پرسیار وردەکاریی و قسەی زۆری لەبارەوە کراوەو دەکرێت. ئەوەی گرنگە ئێمە بتوانین بابەتیانە دۆخەکە وەکوخۆی بخەینە روو .

سەبارەت بەچارەنوسی رۆژهەلاتی فورات کە ئێستا هێزەکانی یەپەگەو سوریای دیموکرات کۆنترۆڵیان کردووەو حوکمڕانیی خۆجییان هەیە، هێشتا روون نییە شێوەی حوکمڕانیی و پەیوەندییان لەگەڵ دیمەشق چۆن دەبێت. هەروەک دیار نییە ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی غەیرە کورد نشینن هەر بەمشێوەیەی ئێستا لەژێر حوکمڕانی پەیەدە دەمێننەوە یان مامەڵەیەکی دیکەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئەوەی روونە واقعێکی نوێ لەسوریا هاتۆتە پێش و ئەمریکاو روسیا بەئاسانی ناگەنە ئەنجامێک سەبارەت بەئایندەی سوریاو حوکمڕانیی لەدیمەشق.

روسەکان سورن لەسەر ئەوەی حوکمڕانی دیمەشق لەژێر هەژموون و کۆنترۆڵی ئەودابێت و ئەوان پێیانوایە رژێمی ئێستای سوریا کە حزبی بەعسی عەرەبییە بەدیلی نییە، لەبەرامبەردا ئەمریکا نایەوێ مامەڵە لەگەڵ رژێمی ئێستای سوریادا بکات کە بەشێکە لەنفوزی روسیا، بۆیە گەیشتنە رێککەوتنی روسیاو ئەمریکا بەندە بە بەدیلی حوکمڕانیی لەدیمەشق، ئەمەش بەمزوانە دەستەبەر نابێت.

ئەمریکا رۆژئاوای کوردستانی وەک ناوچەی هەژموون و نفوزی خۆی دەپارێزێت، تائێستا مامەڵەی سیاسی لەگەڵ ناوچەکەو لەگەڵ حوکمڕانانیدا ناکات! ئەوەی هەیە مامەڵەیەکی سەربازییە لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات. رەنگە لێرەو لەوێ دیدارو سەردانی پەیەدەو چەند حزب و لایەنێکی رۆژئاوای کوردستان بۆ ئەوروپاو ئەمریکا کرابێت، بەڵام نەتوانراوە مامەڵەیەکی سیاسیان لەگەڵدا بکرێت. یەکێک لەهۆکارە سەرەکیەکان ئەمریکا رەچاوی بەرچەوەندییەکانی لەناوچەکە دەکات بەتایبەت

تورەبونی تورکیا لەبەرچاودەگرێت بۆیە تا پەیوەندییەکانی ئەمریکاو تورکیا بێ گرفت بێت ئەمریکا بەسارددییەوە مامەڵەی سیاسی لەگەڵ رۆژئاوای کوردستان دەکات.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژئاوای کوردستان، جگە لەئەمریکا هەریەکە لە فەرنسا، ئەڵمانیا، بریتانیا، چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپا نوسینگەو بارەگای پەیوەندییان لە (عێن عیسا) داناوە کە دەکەوێتە باکوری شاری رەققەو باشوری کۆبانیی. ئێستا بارەگای سەرەکی ئەنجومەنی سوریای دیموکراتی لێیەو وەک سەنتەری بڕیاردانی رۆژئاوای کوردستان تەماشا دەکرێت، ئەو بارەگاو نوسینگەی پەیوەندی وڵاتان، بەگشتیی نهێنییەو زیاتر نوسینگەی وەرگرتن و گۆڕینەوەی زانیارییە نەک نوسینگەی پەیوەندی.

لەدوای کۆتایی کۆنترۆڵکردن و لەناوبردنی تیرۆرستانی داعش لەبەری خۆرهەڵاتی فورات لەلایەن لەلایەن هێزەکانی یەپەگەو هێزەکانی سوریای دیموکرات، بەپشتیوانی ئەمریکاو هاوپەیمانان، لەکۆتایی 2018 دۆناڵد ترامپ-ی سەرۆک ئەمریکا نیازی کشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لەسوریا بەڕەسمیی لەلاپەڕی خۆی لەتویتەر راگەیاند! ئەو راگەیاندنە، دۆخی ناوچەکەی بەگشتیی و سوریای بەتەواوی شێواند! سەرکردایەتی پەیەدە روبەرووی شلەژانێکی زۆر بونەوە، چونکە بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا نەک بۆ کورد، بەڵکو بۆ خودی ئیدارەکەشی جێی سەرسوڕمان بوو، بۆیە بەشێک لەکاربەدەستانی باڵای ئیدارەکەی دەستیان لەکارکێشایەوە، لەوانە جیم ماتیس وەزیری بەرگریی، برێت مەکگۆرک نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ شەڕی روبەڕوبونەوەی داعش لە سوریاو عیراق و ژمارەیەک لەکاربەدەستانی وەزارەتی بەرگریی.

رۆژنامەو میدیاکانی جیهان بڵاویانکردەوە کە ئەمریکا دۆستەکانی لەسوریا بەجێدەهێڵێ! چیرۆکی نوشستی 1974 یان بەبیر دەهێنایەوە کە ئەمریکا هەمیشە پشت لەکورد دەکات! ئەمە وایکرد تورکیا جموجۆڵەکانی لەسەر سنور زۆر زیاتر بکات و حکومەتی سوریاش لێدوانی توند بەرامبەر پەیەدەو هێزەکانی سوریای دیموکرات بدەن.

لەبەرامبەر ئەو بڕیارە لەناکاوەی ئەمریکا، هەریەکە لە فرەنساو ئەڵمانیاو چەند وڵاتێکی دیکەی ئەوروپا، بەپەلە هێزی تایبەتیان رەوانەی رۆژئاوای کوردستانکرد بۆ جێگرتنەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئەو هێزانەی وڵاتانی ئەوروپا بەژمارە زۆر کەم بوون، زیاتر وەک ئاماژەو دوپاتکردنەوەیەک بوو بۆ ئەوەی کە ئەوان دەستبەرداری رۆژئاوای کوردستان نابن! هەروەک چەند وڵاتێکی کەنداو و میسر، ئەمریکایان ئاگادارکردەوە کە ئەوان پشتیوانی لە ئیدارەی رۆژئاوای کوردستان دەکەن، چونکە ئەوان دەترسان ئەمریکا بکشێتەوە تورکیا بێتە خاکی سوریا.

راگەیاندنەکانی سوریا باسیان لەپێویستی رادەستکردنەوەی ئاشتیانەی بەری خۆرهەڵاتیان لە پەیەدە دەکرد، هاوکات پرۆپاگەندەی زۆریان لەبارەی گەڕانەوەی هێزەکانی سوریا بۆ بەری خۆرهەڵاتی فورات دەکرد! شارەکانی رۆژئاوای کوردستان روبەڕوی شلەژانێکی دەرونیی و ئابوریی گەورە بونەوە، ماوەی چەند رۆژێک دۆخی ناوچەکە بەتەواوی شێوا، بەڵام دوای دوو هەفتە لێدوانەکانی ئەمریکا گۆڕانی گەورەیان بەسەرداهات.

لەگەڵ راگەیاندنی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، نوێنەرانی پەیەدە کەوتنە پەیوەندی لەگەڵ رژێمی سوریا سەبارەت بەئایندەی خۆرهەڵاتی فورات و چارەنوسی رۆژئاوای کوردستان. وەفدێکی پەیەدە بەسەرۆکایەتی نەسرین عەبدوڵلا سەردانی دیمەشقیان کرد. ئەم سەردانە وایکرد ئەمریکییەکان خێرا ئیستێک لەبارەی ناوچەکەوە بکەن، ئەم هەوڵی گفتوکردنەی پەیەدە، رێڕەوی تێگەیشتنی ئەمریکای لەبارەی خۆرهەڵاتی فورات یان رۆژئاوای کوردستان خێرا گۆڕی! ئەمریکاییەکان نیگەرانی خۆیان بۆ گفتوگۆی کوردو دیمەشق بەبێ ئامادەبونی ئەمریکا دەربڕی، لەبەرامبەردا کورد داوای گرەنتیان لەئەمریکا کرد.

ئەو پرۆپاگەندەی پەیەدە بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ دیمەشق، خێرا ئەمریکیەکانی خاوکردەو لێدوانەکانی پێچەوانەکردنەوە، چەند لێدوانێکی دڵنیاییان دا کە ئەگەر لەسوریا بکشێنەوە ئەوا پێویستی بە کاتێکی درێژ هەیە. هەندێک پێیانوابو کە وڵاتانی کەنداو بەتایبەت سعودیە رۆڵی هەبوو لەپەشیمانکردنەوەی ئەمریکا. هەندێک

لەو بڕوایەبوون ئەو لێدوانانەی ترامپ لەبارەی کشاندنەوەی هێزی وڵاتەکەی لەسوریا بۆ گوشار خستنە سەر وڵاتانی کەنداو بوو تا هاوکاریی دارایی زیاتر پێشکەش بەئەمریکا بکەن بۆ بەردەوامیدان بەکارو چالاکییەکان و مانەوە لە سوریا.

دوای چەند مانگێک، گوشارەکانی ناوخۆی ئەمریکا زۆر زیادیکرد بۆسەر سەرۆکی ئەمریکاو لایەنە پەیوەندیدارەکانی بڕیاردان لەئەمریکا، بەوپێیەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا جگە لەزیانگەیاندن بەناو ناوبانگی ئەمریکاو خستنە مەترسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، هاوکات هاوکێشەی هێزو هەژمونی وڵاتان بەسەر سوریا بەتەواوی گۆڕانی بەسەردا دێت، بەتایبەت زیاتربونی هەژمونی ئێران و روسیا بەسەر سوریاو لەدەستدانی سنورێکی بەرفراوانی ناوچەی هەژموون (نفوز)ی ئەمریکا ئەویش بەری ڕۆژهەڵاتی فوراتە.

دوای گوشاری ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەو (think tank) هێدی هێدی دۆناڵد ترامپ خۆی لەپرسی کێشانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لەسوریا دەدزیەوەو بیانوی بۆ درێژەدان و مانەوە لەسوریا دوپاتدەکردەوە، تا وایلێهات بەتەواوی لێی بێدەنگ بوون و بگرە ئێستا هاوکارییەکانیان بۆ ڕۆژئاوای کوردستان بەردەوامەو سەربازانیشیان لەو وڵاتە نەکێشایەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی بڵاوکراونەتەوە لە 31% ی خاکی سوریا لەژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سوریای دیموکراتدایە کە دەکاتە نزیک 55 هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، هەروەها 18 سەربازگەی ئەمریکا لەبەری خۆرهەڵاتی سوریادایە کە شەش سەربازگەی گەورەن. تائێستا دیار نییە ژمارەی سەربازانی ئەمریکا لەسوریا چەندە، بەڵام پێی ڕۆژنامەکانی ئەمریکا ژمارەی سەربازانی ئەمریکا لەبەری ڕۆژهەڵاتی فورات دەگاتە 4 هەزار سەرباز. ئەو سەربازانەی ئەمریکا لەسوریا جگە لە هاوکاریکردنی هێزەکانی سوریای دیموکرات بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تیرۆرستانی داعش، هاوکات لەدوو ساڵی رابردوو زیاتر ئەرکی چاودێریکردنی سنورەکانی ڕۆژئاوا بەرامبەر تورکیایان لەئەستۆدابووە، چونکە ئەنقەرە بەردەوام دوپاتیدەکاتەوە کە ڕۆژئاوای کوردستان

مەترسییە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاو ئیدارەی ئەو هەرێمە ڕەتدەکاتەوەو هەڕەشەی پەلاماردان دەکات.

- **ڕۆژهەڵاتی فورات لەبەردەم ئاڵۆزییدایە، پێویستە پەیەدە هەنگاوی دیموکراتی بۆ سەقامگیریی بگرێتەبەر**
- **هەڵبژاردنێکی تەندروست بۆ ڕۆژئاوا، گرەنتی پشتیوانی نێودەوڵەتی دەکات**

پرسیارێکی دیکەی گرنگ بۆ هەمووان ئەوەبوو پەیەدە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو ناوچانەدا دەکات کە دانیشتوانەکانیان زۆرتر عەرەب نشینن، دانیشتوانی کورد تێیاندا زۆر کەمە. وەک تەبقەو ڕەققەو دێرزۆرو ناوچەکانی باشوری هەرێمی خۆرهەڵاتی فورات.

هەر لەسەرەتاوە پەیەدە هەوڵیداوە خۆی بەدور بگرێت لە وروژاندنی هەستی نەتەوەیی، دروشم و خواست و گوتاری حزبییان بەجۆرێک بووە خۆیان بەدورگرتوە

لەجولاندنی هەستی نەتەوەیی و تۆڵەکردنەوە لەرابردووی گەلی کورد لەرۆژئاوای کوردستان .

دروشمی سەرەکی پەیەدە لەماوەی چەند ساڵی رابردوو بریتی بووە لە (برایەتی گەلان و گەلانی دیموکراتخواز) جگە لە خۆ بەدورگرتن لە ناوهێنانی کوردستان لەگوتارەکانیان و هاوکات خۆیان بەدورگرتوە لەبەرزکردنەوەی ئالای کوردستان و هیچ دامەزراوەیەکی رەسمیی و نارەسمیشیان بەناوی کوردستانەوە نەکردووە. لەپاڵ ئەمانە، هەوڵیانداوە لە زۆربەی هەرەزۆری دامەزراوە رەسمییەکان و بەشێک لەدامەزراوە نارەسمییەکان هاو سەرۆکەکان عەرەب بن. هەر لەهاوسەرۆکی هەرێمەکەوە بگرە تا هاوسەرۆکی حکومەت و پەرلەمان و ئەنجومەنی سوریای دیموکرات و هێزەکانی سوریای دیموکرات و ..هتد.

سەرباری ئەو هەولانەی پەیەدە بۆ رەخساندنی پێشاندانی زەمینەی بەیەکەوە کارکردن و بەشدارییپێکردنی نەتەوەکانی دیکە بەتایبەت عەرەب لەئیشوکارو بەرێوەبردنی هەرێمەکە، بەلام کێشەی زۆر لەوبارەوە هەیە، بەتایبەت بەشێک لەو کێشانەی پەیوەنی بەبەشداریکردنی نەتەوەو پێکهاتەکانی دیکەوە هەیە، دەگەرێتەوە بۆ تێگەیشتن و عەقلیەتی پەیەدە لەحوکمرانیی رۆژئاوای کوردستان.

دیارترین ئەو کێشەیەی هەیە بریتیە لەوەی پەیەدە هێزێکی رادیکاڵی چەکدارییە، لەدوای روداوەکانی 2011 هەزاران شەهیدو قوربانیانداوە لە هێزەکانی یەپەگە، بۆیە ئاسان نییە بتوانن بەفیعلی لایەن و سیاسییەکان بەشداریی پێبکەن لە حوکمرانیی و دۆخی سیاسی و بریاردانی هەرێمەکە ، ئینجا چجای بەشدارییپێکردنی نەتەوەو گروپەکانی دیکە.

سروشتی گروپی رادیکاڵ و ئەو حزبانەی لەرێی خەباتی چەکدارییەوە دەسەلات دەگرنە دەست، هەمیشە لەبیرکردنەوەدا دەگەرێنەوە بۆ ئیستحقاقی قوربانیدانی شۆرشگێریی، ئەم کێشەیە تەنها پەیەدە نییەتی، بەڵکو لەباشوری کوردستانیش هەمان گرفت هەیە! بۆیە ئەگەر بەشدارییپێکردنێکی عەرەب هەبێت لە رۆژئاوای کوردستان،

بەشدارییپێکردنەکە ئەگەر لەرووی ژمارەیشەوە یەکسان بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەمەسەلەی دەسەڵات پێدان و بڕیاردان گرفت هەیە.

دەتوانین بڵێین ئەو هەرێمەی ئێستا پەیەدە تێیدا قەڵەمڕەوە، گرفت و کێشەی دێتەڕێ، بەڵام ئەگەر بتوانن مامەڵەیەکی واقعیانە لەگەڵ ناوچەکان بکەن، بەدڵنیاییەوە کێشەو گرفتەکانی کەمتر دەبێت و کۆنترۆڵکردنیشیان زەحمەت نابێت.

ئەوکاتەی من لەدیمەشق بووم، حەزمدەکرد سەردانێکی دیکەی رۆژئاوای کوردستان بکەم. جگە لەهاتن و چونی وشکانیی، بەفرۆکە هاتن و چون لەنێوان شام و رۆژئاوای کوردستان دا هەبوو. لەڕێی ئۆتۆمبێلەوە رێگایەکی دوورو درێژەو نزیکەی 7 بۆ 8 کاتژمێرە. هەم بەهۆی دوری و زەحمەتی رێگاکە، هەمیش بەهۆی رێکاری ئەمنی و بونی ژمارەیەکی زۆر بازگەی سەربازیی رێگاکە کاتی زۆری دەوێت.

فرۆکەخانەی قامیشلۆ لەژێر کۆنترۆڵی رژێمی سوریایە کە فرۆکەخانەیەکی لۆکالەو نێودەوڵەتی نییە، بەڵام بۆمن زەحمەت بوو بەفرۆکە بچمە رۆژئاوای کوردستان، بەتایبەت هاتن و چون بۆ هاوڵاتیەکی عیراقی جێی پرسیاری دامودەزگا ئەمنییەکان بوو. بەپێی زانیارییەکان ئەوەی لەشامەوە بچێتە رۆژئاوای کوردستان لەڕێی فرۆکەخانەوە، بەتایبەت ئەگەر خەڵکی رۆژئاوای کوردستان نەبێت، پێویستدەکات کەفیلێکی هەبێت بۆئەوەی لە قامیشلۆ یان هەر شارێکی دیکەی کوردستان بمێنێتەوە. لەسەر رێگەی فرۆکەخانە بەرەو قامیشلۆ، خاڵێکی کۆنترۆڵ و پشکنین هەیەو هەرکەس بچێتە فرۆکەخانە یان لەشامەوە بێتە رۆژئاوای کوردستان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەن و لەوێ داوای کەفیل یان گرەنتی بۆ مانەوە دەکەن.

لەهەرێمی کوردستانیش بەهەمانشێوە بۆ ئەو عەرەب و ئەوانەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان نین، کاتێک دێنە کوردستان پێویستدەکات کەفیل یان کەسێک هەبێت گرەنتی مانەوەیان بکات.

لەدوای ریفراندۆمی کوردستان لە ئەیلولی 2017 ئەو رێوشوێنە توندەی دەگیرایەبەر زۆر کەمتر بۆتەوە، تەنانەت جاران بەهیچ شێوەیەک موڵک بەناوی

عەرەبەوە نەدەکرا، ئێستا بەشێوەیەکی کراوە موڵک و سامانی نەگوێزراوە (غیر منقول) بەناوی هاوڵاتیان عەرەبی خەڵکی شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عیراق دەکرێت.

بەهەرحاڵ ئێستا شەڕو روبەڕوبونەوە لەگەڵ تیرۆرستانی داعش کۆتایی هاتووە، هێزەکانی سوریا ناتوانن پەلاماری ئەو سنورانە بدەن کە هێزەکانی سوریای دیموکرات کۆنترۆڵیان کردووە، ئەمەش بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسی و سەربازییەی لەو ناوچەیە هەیەو هێزی هەریەکە لەئەمریکاو روسیا لەسەر خاکی ئەو وڵاتە بونیان هەیە، بۆیە قۆناغێکی نوێ لەناوچەکە دەست پێدەکات و چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا بۆ پەیەدە نوێیەو پێویستدەکات بە وریاییەوە مامەڵە بکات.

دەکرێت چەند هۆکارێک دەستنیشان بکەین کە زەمینەیەک هەیە بۆ نا سەقامگیریی ئەمنی و سیاسی لەوناوچانەی زۆرینەی عەرەب نشینن و ئاستەنگی تێدا، کە دەکرێت لەچەند خاڵێک کورتیبکەینەوە:

یەکەم: ئەوناوچانە زۆرینەی دانیشتوانەکەیان عەرەب نشینن و تێگەیشتنیان بۆ حوکمڕانیی لەتێگەیشتنی شۆڤینییەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆیە ئاسان نییە لەوە بگەن کە هێزێکی دیکەی کە میدیای تورکیاو سوریا تۆمەتباریان دەکات بەهێزێکی شۆڤینی کورد، حوکمڕانیان بکات.

دووە: ئەو ناوچانە لەرووی ئاینیەوە موسڵمانی سوننەی توندڕەون، هەمووکاتێک ئامادەن بۆ لەخۆگرتنی گروپە توندڕەو تیرۆرستییەکان، باشترین نمونە لەماوەی بونی داعش لەوناچانە تێکەڵاوییان لەگەڵ داعش هەبوو لەحوکمڕانییەکەیدا، بۆیە ژینگەیەکی لەبارە بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی دراوسێ و هاندانی توندڕەوی تێیدا.

سێیەم: بەهۆی بونی تورکیاو سوریا و هاندانی قەومیی، دەشێت هەمووکات لەڕێی جولانەوەی قەومیی سەقامگیریی هەرێمەکە تێکبدەن، هەر بۆیە بەرلەماوەیەک حکومەتی سوریا سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکەی بانگهێشت کرد بۆ دیمەشق وەک ئاماژەیەک کە دەتوانین لەڕێی هۆزە عەرەبەکانەوە سەقامگیریی ناوچەکە ئاڵۆز بکەین. واتە دەستێوەردانی ئیقلیمی و ناوخۆ لەسوریا کاریگەری لەسەر ناوچەکە دەبێت و لەداهاتوودا زیاتر رەنگدانەوەکانی دەردەکەوێت.

ڕەنگە لەنێو ئەو ئاڵۆزییەی ڕۆژئاوای کوردستان پرسیارێک بۆ هەموومان گرنگ بێت، ئەویش پێویستە پەیەدە چی بکات تاوەکو خۆی لەو ئەگەرانە بەدور بگرێت و هاوکات سود لەئەزمونی کوردستانیش وەرگرێت؟

لەدوای نەمانی داعش و بێدەنگ بونی تفەنگ لەڕۆژئاوای کوردستان، قۆناغێکی نوێ دەستپێدەکات، ئەویش بریتیە لەبنیاتنان و بەهێزکردنی بنەماکانی حوکمڕانیی لەڕۆژئاوای کوردستان و دروستکردنی واقعێکی نوێ لەو ناوچەیە.

گرنگترین هەنگاو لەسەر ڕێی ڕاست بۆ باشترکردنی هەرێمەکە، بریتیە لە پێکهێنانی دەستەیەکی گفتوگۆو دامەزرێنەر بۆ سازکردنی هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری لەڕۆژئاوای کوردستان، بەجۆرێک دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو کەس و گروپێک بڕەخسێنێت بتوانێت ئازادانە بەشداری لەهەڵبژاردنەکەدا بکات. ئەم هەڵبژاردنە ببێتە بنەماو دەستپێکی دامەزراندنی دامەزراوەکانی حوکمڕانیی. هەڵبژاردنێک بێت جگە لەبەشداری چاودێریکرنی ناوخۆیی واتە گروپ و پێکهاتە سیاسی و ئیتنییەکان، هاوکات ڕێکخراو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش لەنزیکەوە چاودێریی بکەن، تاوەکو شەرعیەتی دەنگدانی هاوڵاتیان وەرگرێت. لەو چوارچێوەیەدا ئاشتەواییەکی گشتیی لەگەڵ هەموو گروپە سیاسییە کوردستانییەکان و گروپەکانی دیکەی عەرەبی ڕابگەینێت بۆئەوەی بەشداری لەهەڵبژاردنەکەدا بکەن. ئەگەر هەموو بەشداریان لەهەڵبژاردنەکەدا کردو چاودێریان هەبوو، بێگومان ڕەخنەو گازندە کەمتر دەبێت و هەنگاوەکانی دوای هەڵبژاردنیش ئاسانتر دەبێت.

ئەگەر هەڵبژاردن بەوشێوەیە بەڕێوەبچێت، بەدڵنیاییەوە پەرلەمانێک دێتە کایەوە، دەتوانێت نوێنەرایەتی خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان بەگشتیی بکات. واتە هەموو ڕەنگە سیاسییەکان و هەموو نەتەوەو پێکهاتەکان، بەکوردو عەرەب و ئەوانیدیکە بەپێی ژمارەی کورسی و سازانی نیشتیمانیی جێی خۆیان دەگرن.

پێکهێنانی حکومەت یان ڕێڤەبەرییەک جێگەی هەموو گروپە سیاسی و پێکهاتە نەتەوەییەکانی تێدا ببێتەوە مەرجێکی سەرەکی سەقامگیریی سیاسی و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ وەدەستهێنانی پشتیوانی ناوخۆو نێودەوڵەتی، بەتایبەت ماوەیەکە

بەبێدەنگی کار بۆ ئەوە دەکرێت وڵاتانی ئەوروپاو کەنداو مامەڵەی سیاسی لەگەڵ ئیدارەی رۆژئاوای کوردستاندا بکەن و پشتیوانی لیبکەن. ئەگەر ئیدارەیەک دروستبکرێت هەموو رەنگ و گروپێک لەخۆبگرێت، بەدڵنیاییەوە هاندەرێکی گرنگ و کاریگەر دەبێت تاوەکو پشتیوانی نێودەوڵەتی زۆرتر بێت.

لەوە گرنگتر، پێویستە پەیەدە یان ئیدارەی رۆژئاوا هەوڵبدات پێکهاتەکان نوێنەرایەتی راستەقینەی خۆیان بکەن لەئەنجومەنی قانوندانان و هاوکات دەسەڵاتی جێبەجێکردن، نەک بەشداریان پێبکرێت و نوێنەرانی نەتەوەکانی دیکە لەلایەن کوردەوە دەستنیشان بکرێن. پێویستە بەشداریکردنی ئەوان زەمانەتێک بێت بۆ بەتاڵکردنەوەی هەر هەوڵێک بۆ ناسەقامگیریی لەهەرێمەکە. ئەگەر پێکهاتەکانی دیکە بەتایبەت عەرەب لەشارو ناوچەکانی خۆیان بەشداری راستەقینەی دەسەڵات بن و ئەمنیەتی ناوچەکانی خۆیان لەچوارچێوەی رێڤەبەری خۆسەر بگرنە ئەستۆ، بەدڵنیاییەوە ئەگەرو زەمینەی دەستێوەردانی دەرەکی لاوازو کەمتر دەبێتەوە .

پێکهاتەو نەتەوەکانیش بەشداردەبن لەدابینکردنی ئاسایشی ناوچەکانی خۆیان و هەستی یەکسانبونیان لەماف و ئەرک بەهێز دەبێت، نەک وەک ئێستا کە گلەییەکی زۆر دەکرێت و هەم گروپە سیاسییە کوردییەکان وەک پێویست بەشدارنین لەرێڤەبەری رۆژئاوا چ ئەوانەی لەناو ئەنەکەسەدان کە تۆمەتبارن بەلایەنگریان بۆ تورکیاو چ ئەوانەیشی نە لەگەڵ ئەنەکەسەو نە لەگەڵ تەڤدەم (تەڤگەری دیموکراتی)دان کە سەر بەپەیەدەیە.

بێگومان واقعی کۆمەڵایەتیی و قەومیی رۆژئاوای کوردستان زۆر جیاوازە بەراورد بە هەرێمی کوردستانی عیراق. ئەگەر لەباشوری کوردستان چەند شارو شارۆچکەیەک بەشێک لەدانیشتوانەکەیان عەرەب و تورکمان بێت، ئەوا لەرۆژئاوای کوردستان بەشێک لەجوگرافیاکەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی عەرەب نشینن و بەشێوەیەکی گشتیی دانیشتوانەکانیان یان لانیکەم دەستەبژێری ئەو ناوچانە نەتەوە پەرستیی و شۆڤینیزم بەسەر بیرکردنەوەیاندا زاڵ بووە، بۆیە ئەمڕۆ کە دەسەڵاتدارێتیەکی نوێ لەناوچەکەیان

دروستدەبێت و مۆرکی نەتەوەی کوردیان پێوەدیارە، ئاسان نییە مامەڵەکردن لەگەڵیان و پێویستدەکات زۆر بەهەستیارییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێت.

رەنگە پرسی دورکەوتنەوە لەبیری نەتەوەپەرستیی و هەوڵدان بۆ دڵنیاکردنەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە لەوەی روبەڕوی چەوساندنەوەی قەومیی نابنەوە لەسەردەستی کورد، پرسێکی گرنگ بێت و پێویستدەکات پەیەدە گرنگی زۆری پێبدات. دەکرێت مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەوناوچانەدا بکرێت و خۆبەدوربگرن لەهەندێ سیماو هەڵسوکەوت کە دەشێت لەقامیشلۆو سەرێکانی و حەسەکەو کۆبانییدا بکرێت، بەڵام بۆ ئەو شوێنانە بەدڵنیاییەوە جۆرێک لەکاردانەوە دروستدەکات. بۆنمونە خۆبەدورگرتن لەسرودو سترانی شۆڕشگێڕیی پەیەدە کە زیاتر لەزمانی کوردییەو هاوکات بەرزنەکردنەوەی وێنەی عەبدوڵلا ئۆجالانی رابەری پەکەکە، کە هەمووومان دەزانین بەرابەری خەباتی قەومیی کورد لەباکوری کوردستان و رۆژئاوای کوردستان ناسراوە .

هاوکات لەپاڵ هەڵبژاردنێکی بێ خەوش و بەشداریکردنێکی یەکسانی گروپ و پێکهاتە قەومییەکانی رۆژئاواو دروستکردنی دامەزراوە دەستورییەکان، پێویستدەکات زەمینەیەکی ئارام بۆ ئازادی رادەربڕین و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە برەخسێت و هەموو پێکهاتەو گروپە جیاوازەکان بەگشتیی بتوانن بۆچونی خۆیان لەمەڕ پێویستی و خواستەکانیان دەربڕن.

فراوانکردنی پەراوێزی رادەربڕین و ئازادیی، بەدڵنیاییەوە پشتگیرییەکی بەهێز دەبێت بۆئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پشتیوانی زیاتری رێڤەبەری خۆسەری رۆژئاوای کوردستان بکەن، نەخاسمە هەموو دامەزراوە حزبیی و ئیدارییەکانی رۆژئاوا، پاشناوێکی دیموکراتیان پێوەیە، بۆیە پێویستدەکات ئەو پاشناوە بەپراکتیک و عەمەلی ببێتە بنەماو پێشناوی کارکردن لەرۆژئاوای کوردستان،

- **بیرۆکەی دروستکردنی ئەنەکەسە لەلایەن رژێمی سوریاوە پێشنیارکرا**
- **ئەنەکەسە لەهەولێرو ئەنقەرە، پەیەدە لەقەندیل بڕیار وەردەگرن**

جگە لە پەیەدە کە لەساڵی 2004 لەلایەن پەکەکەوە لە رۆژئاوای کوردستان دروستکراوە، دەیان حزب و لایەنی سیاسی دیکە هەن. یەکەمین حزبی سیاسی لە ساڵی 1957 دروستکراوە بەناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان) ئێستا دەیان حزب و گروپی سیاسی هەن، بەشێک لەو حزبە سیاسیانە خۆیان بە رێژکراوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەزانن، بەڵام ئێستا پەیەدە باڵادەستەو حوکمڕانی تەواوەتی رۆژئاوای کوردستان دەکات.

جولانەوەی سیاسی کورد لەسوریا یان لە رۆژئاوای کوردستان مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، بەڵام دروستبونی حزب و گروپی سیاسی زیاتر بەپشتیوانی هێزو لایەنی

سیاسی دیکە بووە یان لە باشورو باکوری کوردستان. دەکرێت بڵێین جگە لەپەیدە دروستبونی حزب و لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان زیاتر کاریگەری حزب و لایەنە سیاسییەکانی باشورو باکوری کوردستانیان بەسەرەوەیە. ئەوانەی ئێستا هەن، زۆربەیان لەژێر هەژموون و رکێفی پارت و لایەنە سیاسییەکانی باکورو باشوری کوردستانن. رەنگە یەکێک لەتێبینی و سەرنجە دیارەکانی لەسەر بارودۆخی حزبیی رۆژئاوای کورستان بێت .

بەکورتی دەکرێت گروپ و لایەنە سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان دابەشی چوار بەرەی جیاواز بکەین، کە بەمشێوەیەیە:

-1 ئەنەکەسە: چوارچێوەیەکی سیاسییەو کورتکراوەی (ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی لە سوریا)یە، دروستکردنی ئەو چوارچێوەیە بیرۆکەو پرۆژەی رژێمی سوریابوو بۆ کۆکردنەوەو حزب و دەنگە ناڕازییەکانی بەرەنجامی هەرای سوریا کە لەبەهاری 2011 دەستی پێکربوو. ئەوکاتە ژمارەیەکی زۆر لیژنە کە پێیان دەگوت (تەنسیقیات)ی لاوان دروست ببوو. دروشمی روخاندنی رژێمیان هەڵگرتبو سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو یان سەنتەرێکی بڕیاردانیان نەبوو. رژێمی سوریا لەڕێی موخابەراتەوە پێشنیاری دروستکردنی هێزێکی کوردی تایبەت لەباشورەوە بۆ رۆژئاواو هاوکات ئەنجومەنێک یان چەترێکی سیاسی بۆ حزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد کرد، تابتوانێت هەم ئەو بزوتنەوەو ئەو گروپانەی (تەنسیقیات) لاوان کەدروستببوون لەبار ببات، هەمیش دروشمیان لە روخاندنی رژێمەوە بگۆڕێت بۆ دروشمی دیکەو کورد لەپرسی روخاندنی رژێم بێلایەن بکات. لەبەرامبەردا دان بەمافە کلتوریی و رۆشنبیرییەکان و هەندێک مافی ئیداریی خۆجێیی (محەلی) بەکورد بدات.

بۆئەم مەبەستە بەپێی ئەو زانیارییانەی ئێستا بەدەرکەوتوون، دیمەشق (عەلی مەملوک) کە بەڕێوبەری دەزگای موخابەرات و ئەنجومەنی ئاسایشی سوریایە دەنێرێتە هەولێرو لەگەڵ پارتی و یەکێتی کۆدەبێتەوە، ئامانجی دروستکردنی ئەو ئەنجومەنەیان پێ رادەگەینێت. بەپێی لێکدانەوەکان ئەگەر هەیە سوریا پەیمان و سۆزی بە سەرکردایەتی کورد لەباشوری کوردستاندا بێت کە مافە رۆشنبیریی و کلتورییەکانی

کورد لەسوریا بسەلمێنێت و هاوکات هاوکاربێت لەپێدانی جۆرێک لە حوکمی لامەرکەزیی سەرەتایی یان محەلیی بەکورد. بەکورتی سوریا ویستی جۆرێک لەکۆنترۆڵی سەرهەڵدانی ئەو راپەڕینە بکات وەک ناوچەکانی دیکەی سوریا لەرۆژئاوای کوردستانیش دروست ببوو، سەرکردایەتی نەبوو. ویستی ئەو گەنجانەی رۆژانە لەشەقامەکان خۆپیشاندانیان دەکرد کۆبکاتەوەو بیانهێنێتە سەر مێزی گفتوگۆو چوارچێوەیەک بۆ بارودۆخی سیاسی رۆژئاوای کوردستان دابنێت و بتوانێت گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات و کەفوکوڵی گەنجانی کورد دابمرکێنێتەوە و حزبە سیاسییەکانیش کۆبکاتەوە.

بەپێی زانیارییەکان لەوکاتدا رژێمی سوریا گفتوگۆی لەگەڵ ژمارەیەک حزب و گروپی سیاسی و کەسایەتی کورد کرد، لەوانە (حەکیم بەشار سەرۆکی پارتی دیموکراتی سوریا، حەمید دەرویش سکرتێری پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی سوریا، شێخ ئالی، نەسرەدین ئیبراهیم..تد) تەنانەت بڕیاربوو هەموو گروپ و لایەنە سیاسییەکانی کورد بەفرۆکەیەکی تایبەت بەیەکەوە بچنە دیمەشق و بەشار ئەسەد ببینن و گفتوگۆی رەسمی لەنێوان کورد و دیمەشق دەستپێبکات. رژێمی سوریا فرۆکەیەکی تایبەت دەنێرێتە قامیشلۆ بۆ هێنانی وەفدی رۆژئاوای کوردستان بۆ دیمەشق، بەڵام دواتر سەردانەکە هەڵوەشایەوەو گوترا کە چەند کەسێک لەنێو وەفدی کوردی بیروبۆچونی جیاواز یان ئامادەنەبوون ئەو سەردانە بکەن! فرۆکەکەش بەبەتاڵی گەڕایەوە دیمەشق، هۆکاری هەڵوەشانەوەی سەفەرەکە بەروونی نەزانرا.

ئەگەرچی لەوانەیە سوریا راستەوخۆ دەستی لەدروستکردنی بەرەیەکی کورددا نەبووبێت، بەڵام دەکرێت بڵێین لە پرۆژەو پلانەیدا سەرکەوتوو بوو، چونکە دوای دروستبونی ئەنەکەسەو لەخۆگرتنی ئەو گەنجانە لەلایەن حزب و لایەنە سیاسییەکان، ئیدی کێشەی خستە نێوان گەنجان لەسەر پۆست پارەو ئیمتیاز! تا وایلێهات پرسە گرنگەکە کە پرسی روخانی رژێمی سوریا بوو یان مافی گەلی کوردستان بوو، لەبیرچۆوە.

هەرچۆنێک بێت لە ئۆکتۆبەری 2011 ئەنجومەنی نیشتیمانی کورد لەسوریا (ئەنەکەسە) لەژێر چاودێری مەسعود بارزانی کە ئەوکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان بوو لەهەولێر راگەیەنرا. ئەوکاتە ئەنەکەسە لە 11 لایەنی سیاسی پێکدەهات، تەنها یەک لایەنیان لە(پارتی دیموکراتی کورستان/ عیراق) نزیک بوو ئەویش پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا .(PDKS)

سەرەتای دروستبونی ئەنەکەسە بەو نیازە دروستکرا کە لەژێر چەتری هەرێمی کوردستاندا بێت و پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان رۆڵی کاریگەیان هەبێت لە ئاراستەکردن وکۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان، هاوکات هەردولایەن هاوکارییان بکەن .

دوای ماوەیەک گرفت و ناکۆکییەکانی ناو ئەنەکەسە دەرکەوتن. دەستێوەردانی پارتی دیموکراتی کوردستان/عیراق لەکاروباری ئەنەکەسەو هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو چوارچێوە سیاسییە یەکێک بوو لەهۆکارە سەرەکییەکان. هەر بەوهۆیەوە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەتەواوی دەستی لەپشتیوانی ئەو بەرەیە یان چوارچێوەیە کێشایەوە، ئەمەش دەرفەتی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق رەخساند زیاتر دەست وەربداتە ئەنەکەسە، وایکرد دابەشبوون لەناو حزبەکانی بەشدار لەئەنەکەسە دروست بێت و هەندێک لایەنیش لەو هاوپەیمانییە بکشێنەوە. هۆکارێکی دیکەی ناکۆکییەکانی ئەنەکەسە پەیوەندی بەچونە پاڵی ئۆپۆزسیۆنی سوریاوە هەبوو. بەپێی ئەو رێککەوتنە ناوخۆییەی ئەنەکەسە نەدەبوو ئەنەکەسە بچێتە ناو هیچ چوارچێوەیەکی سیاسی تایبەت بە ئۆپۆزسیۆنی سوریا.

ئەوکاتە دوو بەرەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا هەبوو، یەکەمیان ئەنجومەنی نیشتیمانی سوریا کە لەلایەن تورکیاو قەتەرەوە دروستکرابوو، هاوکات دەستەی هەماهەنگیی سوریا (هيئة التنسيق) کە زیاتر لەرژێمی نزیک بوو یان زۆرترینیان ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆیان پێدەوتن.

ئەنەکەسە لە کۆتایی 2013 بڕیاریدا بچێتە ناو ئەنجومەنی نیشتیمانی سوریا یان ئیئتیلافی نیشتیمانی سوریا، ئەمەش وایکرد بەشێک لەحزب و لایەنەکانی ناو ئەنەکەسە ناڕەزایی خۆیان دەرببڕن و لەئەنەکەسە بکشێنەوە .

لەدوای چونە ناو ئەو پرۆژەیەی ئۆپۆزسیۆنی سوریا، ئیدی تورکیا بەتەواوی کۆنترۆڵی ئەنەکەسەی کردو خستیە ژێر رکێفی خۆی. بۆیە بەشێک لەکەسە دیارەکانی ناو ئەنەکەسە روویان لەتورکیا کردو لەوێ نیشتەجێ بوون. ئەوکاتە وەک تەنزێک لە میدیاکانی کوردستانی بە ئۆپۆزسیۆن یان سەرکردایەتی ئەنەکەسەیان دەگوت (موعارەزەی فەنادق) واتە ئۆپۆزسیۆنی هۆتێلەکان.

دوای تێپەڕبونی چەند ساڵێک و بەهێزبونی پەیەدە لەسوریا، حزبەکانی ناو چوارچێوەی ئەنەکەسە روبەرووی دابەشبونی زۆر بوون، ئینشیقاق و جیابونەوەی زۆر لەناو ئەو حزبانە دروستبوو. حزب هەبوو بووە دوو لەت، هەشبوو بووە سێ حزب! زۆربەی دابەشبونەکان بەهۆی دەستێوەردانی ناوخۆی باشوری کوردستان بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بوو! سەرەنجام ئەوانەی لەناو ئەنەکەسە مانەوە، زۆربەی هەرە زۆریان نەک بونە بەشێک لەئەجێندای پارتی دیموکراتی کوردستان، بەڵکو ئێستا زۆربەیان رەنگ و لۆگۆی ئاڵای پارتی دیموکراتی کورستانی/ عیراق-یان هەڵکردووەو وێنەی سەرۆکی پارتی و مەلا مستەفای بارزانی باوکیان لەبارەگاو نوسینگەکانیان هەڵواسیوە! هاوکات پارتی دیموکراتی کوردستانیش بەشێک لەئیشوکارەکانی کەمپ و ئۆردوگاکانی کوردەکانی رۆژئاوای لێ نیشتەجێە لەباشوری کوردستان رادەستی ئەو حزبانەی کرد، بەتایبەت بە پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا (PDKS) بەسەرۆکایەتی سعود مەلا، هەروەها پارتی یەکێتی کوردستانی سوریا بەسەرۆکایەتی ئیبراهیم برۆ. بۆنمونە پێدانی ئیقامە لەهەولێر یان گەڕانەوە بۆ سوریا یان هەر پێویستییەک کە کە کوردانی ئاوارەی باشوری کوردستان پەیوەندی بەکەمپەکانەوە بێت، ئەگەر لەلایەن ئەو حزبانەوە پشتگیریی نەکرێت بۆ ئاسایش یان دامەزراوەکانی دیکەی هەولێرو دهۆک ئەوا ئیشوکارەکان جێبەجێ نابێت!

دەکرێت بڵێین ئێستا هاوپەیمانیی ئەنەکەسە، بەشێوەیەکی گشتیی لەژێر رکێفی پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکیادایە کە لەبنەڕەتدا پارتی دیموکراتی کوردستان لەچوارچێوەی نفوزو ئەجێندای تورکیا هەژماردەکرێت، بۆیە دەبینین بارەگای پارت و لایەنەکانی ناو ئەنەکەسە لەهەولێرو ئەنقەرە هەن.

سەرەتای دروستبونی، ئەو چوارچێوە سیاسییە بەهێز بوو، چونکە جگە لەپەیەدە زۆربەی گروپ و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی لەخۆ دەگرت، کە مێژوویەکی درێژیان لەخەباتی سیاسی لەرۆژئاوای کوردستان هەبوو، بەڵام بەهۆی ناکۆکی ناوخۆی حزبەکان و دولەت بوون یان سێ لەتبوونیان و کشانەوەی بەشێکی زۆربەی گروپە سیاسییەکان لەنێو ئەنەکەسە ئەو چوارچێوەیە زۆر لاواز بوو! تەنانەت ئێستا هەندێک پێیانوایە هەردوو تەلفزیۆنی پارتی (روداو) کە هی نێچیرڤان بارزانییەو (K 24) کە هی مەسرور بارزانی ئامۆزایەتی، ئەوا ئەو گروپە بوونی نییە! تەنها لەلایەن ئەو دوو تەلفزیۆنەوە باسدەکرێن ئەگینا هیچ کاریگەرییەکیان نە لەشەقامی رۆژئاوا نە لەپرسی چارەنوسی رۆژئاوادا نەماوە.

2- تەڤدەم: ئەو بەرەیەیە کە لەدوای رووداوەکانی سوریا لە 2013 لەلایەن پەیەدە (پارتی یەکێتی دیموکرات) بەناوی تەڤگەری کۆمەڵگایی دیموکرات (تەڤدەم) دروستکرا. دروستکردنی ئەو بەرەیە لەوڵامی دروستکردنی ئەنەکەسە بوو کە پەیەدە بەدروستکراوی پارتی و تورکیای دەزانی. سەرەتا تەڤدەم لە پەیەدەو پێنج حزبی دیکەی رۆژئاوای کوردستان پێکهاتبوو. پەیەدە بۆخۆی درێژکراوەی پارتی کرێکارانی کوردستان بوو، بڕیارو رێنمایی کارو رێکخستنەکانی لەقەندیلەوە بۆ دەردەچوو. پێنج حزبەکەی دیکەش دروستکراوی پەیەدە بوون. دروستکردنی ئەو حزبانە لەلایەن پەیەدەوە بۆ دروستکردنی فرەییەکی سیاسی بوو، بەتایبەت بۆ رووی دەرەوە پێویستیان بەپێشاندانی بارودۆخێکی کراوەو دیموکرات بوو، ئەگینا هیچ حزبێکی سیاسی رۆژئاوای کورستان نەیتوانی ببێتە هاوبەش و شەریکی حوکمڕانیی لەرۆژئاوای کوردستان، تەنانەت پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی کورد

بەسەرۆکایەتی حەمید دەرویش کە حزبێکی نزیکی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بوو، خاوەن جەماوەرێکی تەقلیدی بوو، ئەویش نەیتوانی ببێتە شەریکی پەیەدە لە ئیدارەدانی رۆژئاوا.

بەهۆی ئەوەی پەیەدە لەشاخەوە هاتبون و ناوچەکانی رۆژئاوای کوردستانیان وەرگرت یان رزگارکرد، ئاسان نەبوو بتوانن گروپ و لایەنەکانی دیکەی کورد لەسوریا بکەنە شەریکی بڕیاردان، نەخاسمە بەشێک لەگروپەکانی ناو ئەنەکەسە داوای دروستکردنی هێزی سەربازیی یان پێشمەرگەی تایبەت بەخۆیان دەکرد! ئەمەش بە ئەجێندای پارتی و تورکیا بۆ بالادەست بوون لەرۆژئاوای کوردستان لێکدەدرایەوە، بۆیە پەیەدە بەهەموو شێوەیەک بەشداریکردنی حزبەکانی ئەنەکەسەی رەتدەکردەوە .

لەماوەی چەند ساڵی یەکەمی دوای روداوەکانی سوریا چەند جارێک گفتوگۆ بۆ ئاشتەوایی نێوان پەیەدە و ئەنەکەسە بەڕێوەچوو، چەند جارێک بەچاودێری مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان رێککەوتن کرا، یەکەمیان لە هەولێر تەمموزی 2012 کە بەڕێککەوتنی (هەولێر یەک) ناودەبرێت، دووەم هەر لەهەولێر لە کۆتایی 2013 بەڕێککەوتنی (هەولێر دوو) ناودەبرێت، دواترینیشیان لە دهۆک لە کۆتایی 2015 رێککەوتن کرا، بەڵام هیچ کام لەرێککەوتنەکان نەک جێبەجێنەکرا، بەڵکو بەمردویی لەدایک بوون.

3- هەڤبەندی:

جگە لە ئەنەکەسەو تەڤدەم، چوارچێوەیەکی سیاسی دیکە بەناوی (هەڤبەندی) کە لە پێنج لایەنی پێکدێت، لە شوباتی 2016 لەقامیشلۆ راگەیەنرا. سەرەتا ئەو حزبانە بەشێوەیەکی گشتیی لەلایەن یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە پشتیوانی دەکران و هاوکاریی کراون. بەقسەی خۆیان وەک پرۆژەیەکیی سیاسی لەنێوان هەردوو بەرەی هەولێرو قەندیل لەناوخۆی رۆژئاوای کوردستان خۆیان راگەیاندووە. ئەم بەرەیە کەمتر جێی باسی میدیاو ناو ململانێ سیاسییەکانی رۆژئاوای کوردستان بووە.

4- حزبەکەی حەمید حاجی دەرویش:

لەگەڵ بونی بەرەی سیاسی جیاواز لە رۆژئاوای کوردستان و دەرەوەی سوریا، هاوکات لایەنی سیاسیش هەیە لە دەرەوەی چوارچێوە سیاسییەکان کاردەکات. بۆنمونە پارتی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی سوریا کە حزبێکی تەقلیدی خاوەن جەماوەرێکی دیاریکراوە لەرۆژئاوای کوردستان، لەناو هیچ چوارچێوەیەکی سیاسیدا نییە. سەرەتای دروستبونی ئەنەکەسە حزبەکەی حەمید دەرویش کە دەیان ساڵە خەباتی سیاسی دەکات و یەکێک بوو لەکەسایەتییە دیارەکانی سوریاو لەکۆتایی 2019 لەقامیشلۆ کۆچی دواییکرد، ئەندامێکی سەرەکی پێکهێنانی ئەنەکەسە بوو، بەڵام وای ماوەیەک لەئەنەکەسە کشایەوە.

ئەم حزبە، بەوە ناسراوە کە لەیەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە نزیکە، بەدرێژایی مێژووی ئەو حزبە، راستەوخۆ لەلایەن مامجەلال-ەوە پشتیوانی زۆردەکران، ئێستا بارەگایەکی سەرەکیان لە سلێمانی هەیە.

لەنێو جەنجاڵی ئەو بارودۆخە سیاسیەی رۆژئاوای کوردستان، بەسەرنجدان لەگفتوگۆو سیاسەتکردنی هەردوو گروپی سەرەکی یان بەرەی سەرەکی، دەبینین بەرەیەکیان لەهەولێر یان لەتورکیا فەرمان یان رێنمایی وەردەگرێت و بەپێی ئەجێندای (هەولێرو ئەنکەرە) تێروانینی خۆی لەمەڕ رۆژئاواو چارەسەری دۆزی کورد لەسوریا دەردەبڕێت، هاوکات بەرەیەکیشیان لەقەندیلەوە رێنماییەکانی وەردەگرێت و تەنانەت گفتوگۆکانی رۆژئاوای کوردستان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک ئەمریکا و سوریا ناڕاستەوخۆ لەلایەن قەندیلەوە بەڕێوە دەبرێت! لەو نێوانەدا دەگەینە ئەو راستییەی کە خەڵکی رۆژئاوای کوردستان بەشێوەیەکی گشتیی وەک پێویست بەشدار نین لەبڕیاردانی هەرێمەکەیان! ئەو هێزانەی دەرەوەی هەردوو چوارچێوەی سیاسی ئەنەکەسە و تەڤدەیش کاریگەریی ئەوتۆیان لەسەر بارودۆخی سیاسی رۆژئاوا نییە .

سەرنجێکی دیکە لەسەر تێگەیشتن و سیاسەتی حزب و لایەنەکانی رۆژئاوا، دەبینین تێگەیشتنێکی یەکگرتویی نیشتیمانی دەرهەق بەچارەنوس و رێگەچارەی گەیشتن بەمافی گەلی کوردستان لەرۆژئاوای کوردستان بەدیناکەین. هەر گروپە تێگەیشتنێکی تایبەتی هەیە، جاریش هەیە لەنێو گروپێکدا تێگەیشتنی جیاواز هەیە! تائێستا

ڕێککەوتنێکی سیاسی سەبارەت بەچۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی سوریا نییە. لەنێو ئەنەکەسەدا هەیە داوای فیدرالیی دەکات و هەیشە ڕەنگە ڕێگەچارەی دیکە بەباشتر بزانێت بەتایبەت ئەنەکەسە لەئیئتیلافی ئۆپۆزسیۆنی سوریا ئەندامە کە بڕوایان بەچارەسەری خودموختاریی یان فیدرالیی بۆ گەلی کوردستان لەسوریا نییە. هاوکات پەیەدە کە سەرەتا باسیان لە ڕێڤەبەری خۆسەر دەکرد، دروشمەکەیان گۆڕی بەفیدرالیی، دواتر پاشگەزبونەوەو ئێستا باس لە لامەرکەزییەت دەکەن. گروپەکانی دیکەش هەریەکە بەجۆرێک تێروانینی خۆی لەمەڕ چارەسەری پرسی کورد لەسوریا دەردەبڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی هیچ کام لەلایەنەکان باسی سەربەخۆیی کوردستانی رۆژئاوا ناکات.

- **ئەمریکا ڕێگانادات تورکیا خاکی ڕۆژئاوای کوردستان ببەزێنێت**
- **جگە لەعەفرین لە حەلەب و لازقیە، زیاتر لە 400هەزار کورد هەیە**

لەگەرمەی نوسینی دیداری شامدا، دەنگوباسی دروستکردنی ناوچەی ئارام "وەک تورک ناوی دەبەن" بەگەرمی هاتەگۆڕێ. پرۆژەی دروستکردنی ناوچەی ئارام بەدرێژایی سنوری رۆژئاوای کوردستان بەر باکوری کوردستان، چەند ساڵێکە لەزاری

لێپرسراوان و میدیای تورکیا باسدەکرێت، ئەم ماوەیە دوبارە ئەوباسە گەرمکراوەتەوەو ئەمریکاو تورکیا چەند کۆبونەوەیەکیان لەوبارەیەوە کردووە.!

سەبارەت بەدروستکردنی ناوچەیەکی ئارام، مشتومڕێکی زۆر لەنێوان تورکیاو ئەمریکا لەلایەک و پەیەدەو ئەمریکا لەلایەکی دیکە هەبوو، ئەمریکییەکان بەراوێژ لەگەڵ پەیەدە گفتوگۆکانیان لەگەڵ تورکیا دەکرد، هەوڵدەدرا بۆ جێگیرکردنی پرۆژەکە گفتوگۆ لەنێوان پەیەدەو تورکیا رێکبخەن. تورکەکان مەسەلەی گفتوگۆی راستەوخۆیان لەگەڵ پەیەدە رەتدەکردەوە، ئەمریکییەکانیش بۆ دواخستنی پرۆژەکەو خاوەخاوی کردن، هەوڵیاندەدا هێزەکانی سوریای دیموکرات بکەنە دەمڕاستی پاراستنی سنورکانی رۆژئاوای کوردستان کە پەیەدە وەک هێزی سەرپەرشتیاری رۆژئاوای کوردستان یان رۆژهەڵاتی فورات دروستی کردووە.

تورکەکان داوایاندەکرد هێزەکانی سوریای دیموکرات و ئاسایشی رۆژئاوا بەقوڵایی 30 کیلۆمەتر بەدرێژایی سنوری رۆژئاوای کوردستان بکشێنەوەو لەوناوچەیە ئیدارەیەکی پاراستنی ئاسایشی تایبەت لەخەڵکی ناوچەکە (وەک خۆیان دەیانگوت) دروستبکرێت. هێزی ئاسمانی تورکیا یان فرۆکە هاوبەشەکانی تورکیاو ئەمریکا بەدرێژایی ئەوناوچەیە تا قوڵایی 30 کیلۆمەتر بەئاسمانی ناوچەکە بسوڕێنەوە. ئاوارەو لێقەوماوانی ناوخۆی سوریا کە زۆربەی هەرە زۆریان عەرەبن لەوناوچانە نیشتەجێ بکرێن کە بەناوچەی ئارام ناودەبرێت، تا ئەوکاتەی ناوچەکانی خۆیان ئارام دەبێتەوە ئینجا بگەڕێنەوە ناوچەکانیان. هاوکات هێزێکی هاوبەشی گەڕۆکی ئەمریکاو تورکیا لەوناوچانە بەردەوام بسوڕێنەوە بۆ چاودێری کردنی ئاسایشی ئەو ناوچانەو دڵنیابوون لە ئاسایشی ناوچەکان.

لەبەرامبەر ئەو پێشنیارەی تورکیا، ئەمریکاو پەیەدە بەوە رازی ببون کە ناوچەی ئارام بەدرێژایی 100 کیلۆمەتر لە سەرێکانیەوە تا گرێ سپی لەرۆژئاوای کوردستان بەقوڵایی تەنها 5 کیلۆمەتر بگرێتەوە. هێزەکانی سوریای دیموکرات و یەپەگە لەوناوچانە بکشێنەوەو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ کە بەهێزی ئاسایشی پەیەدە ناسراون، ئاسایشی ئەوناوچانە بپارێزن یان هێزێکی نوێ لەخەڵکی ئەوناوچانە

دروستبکرێت و ئەرکی پاراستنی ئەوناچانەیان پێ بسپێردرێت. هەروەها فرۆکەکانی تورکیا تەنها بۆیان هەبێت لەسەر سنوری تورکیا بەرامبەر رۆژئاوای کوردستان بسوڕێنەوە، بەوپێیەی لەئاسمانەوە لانیکەم بینایی 5 کیلۆمەتریان هەیەو پێویست ناکات بپەڕنەوە ناو خاکی رۆژئاوای کوردستان. ئەمریکاییەکان پێیانوابو ئەگەر فرۆکەی تورکیا بتوانێت بپەڕێتەوە قوڵایی خاکی رۆژئاوای کوردستان ئەوا دەتوانێت وێنەی سەربازگەکانی ئەمریکا بگرێت کە لەناوچەکانی کۆبانیی و حەسەکەو رمێلان و قامیشلۆ دروستیکروون. دەتوانین بڵێین ئەمریکا پشتیوانی لەپێشنیاری پەیەدە دەکرد.

بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵی رۆژئاوای کوردستان، ئەمریکاییەکان پێشنیاریان کردبو چەند خاڵێکی چاودێری هاوبەش بەسەرپەرشتی هێزی هاوپەیمانان دروستبکرێت و نەیەنە ناو شارەکان، وەکچۆن لە مەنبەج دروستکراوە. چەکی گرانی هێزەکانی سوریای دیموکرات و پەیەدە تا قوڵایی 20 کیلۆمەتر بکشێنرێتەوە. خەڵکی ئەو ناوچانەی کە بەهۆی بارودۆخی سوریا ئاوارەی تورکیا بوون، دەتوانن بگەڕێنەوە ناوچەکانی خۆیان کە ناوچەی ئارام دەیگرێتەوە، واتە خەڵکی ناوچەکانی سەرێکانی تا دەگاتە گرێ سپی کە ئاوارەی تورکیا بوون، دەتوانن بگەڕێنەوە ناوچەکانیان دوای دروستکردنی ناوچەی ئارام، نەک خەڵکی ناوچەکانی دیکەی سوریا واتە عەرەبی ناوچەکانی دیکەی سوریا لە رۆژئاوای کوردستان نیشتەجێ بکرێن.

ئەمریکا بۆخۆی دەمڕاستی گفتوگۆکردن بوو لەبارەی پرسی ناوچەی ئارام لەرۆژئاوای کوردستان، لەبەرامبەردا پەیەدە جۆرێک لەناڕازیی بوون و گومانی لەهەڵسوکەوتی ئەمریکا دەکرد، بۆیە چەند وەفدێکی بەنهێنی و ئاشکرا رەوانەی هەریەکە لەدیمەشق و قاهیرەو مۆسکۆ کرد. ئیلهام ئەحمەد هاوسەرۆکی ئەنجومەنی سوریای دیموکرات سەردانی دیمەشقی کردو عەبدولکەریم عومەر کە کاروباری دەرەوەی رۆژئاوای کوردستانی لەئەستۆدایە سەردانی مۆسکۆی کردو بەرپرسێکی دیکەی پەیەدە کەنەزانرا ناوی چییە سەردانی قاهیرەی کرد بۆ بینینی لێپرسراوانی میسرو سعودیە.

ئەو زنجیرە پەیوەندی و سەردانەی پەیەدە بەو خێراییە پێشاندانی ترس بوو لەپلانی ئەمریکا، دەستبەجێ پەیوەندیان بەرژێمی سوریاوە کرد نەوەک تورکیا لەناکاو هێرش بکاتە سەر ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک جۆرێک لەدڵنیاییان پێدرا لەلایەن ئەمریکاوە کە بەهیچ شێوەیەک ڕێگا بەتورکیا نادەن خاکی ڕۆژئاوای کوردستان ببەزێنێت. ئەم دڵنیاکردنەوەی ئەمریکا لەکاتێکدابوو کە لێپرسراوانی تورکیا لەسەر ئاستی باڵا وەک سەرۆک و وەزیری دەرەوەو بەرگری تورکیا بەردەوام هەڕەشەی هێرشی سەربازییان بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان دەکرد، ئەگەر لەگەڵ ئەمریکا نەگەیشتنە ڕێککەوتن.

هاوتەریب لەگەڵ ئەو گرژی و ئاڵۆزییانەی سەر میدیاکان، جێگری وزیری بەرگری سوریا (لیوا عەلی ساڵح) هاتە قامیشلۆو لەگەڵ لێپرسراوانی پەیەدە کۆبویەوەو سەردانی ئەو هێزانەی سوپای رژێمی وڵاتەکەی کرد لەقامیشلۆو حەسەکە هەبوون. ئەمەش وەک ئاماژەیەک کە رژێمی سوریا بەو پلانەی تورکیا بۆ دابڕینی سنورەکانی باکوری سوریا رازی نییە. بێگومان هاتنی ئەو لێپرسراوە باڵایەی سوریا بەڕێککەوتنی پێشوەختەی پەیەدە بوو لەگەڵ رژێمی سوریا. بەپێی چەند زانیارییەک پەیەدە پێشنیاری دروستکردنی چەند خاڵێکی چاودێری سوپای سوریای کردبوو لەسەر سنوری ڕۆژئاوای کوردستان بەرامبەر تورکیا لەحاڵێکدا ئەگەر نەیانتوانی لەگەڵ تورکیا بگەنە ڕێککەوتن، بەڵام سوریا ئەو پێشنیارەی بەمشێوەیە رەتکردبۆوە.

ئەو ڕووداوانەی باسمکردن لە سەرەتای ساڵی 2019 بوو، ئەوکاتە ئەمریکا پرسی کشانەوەی لەسوریا خستە ناو میدیاو باسی ڕۆژ، دوای کەمتر لەمانگێک ئەو هەواڵانە دامرکانەوە، بەڵام مخابن لەناوەڕاستی 2019 دەنگوباسی دوبارە پەلاماردانی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان سەریهەڵدایەوە، ئەوەش دوای ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا وەک جارەکانی دیکە سەرشێتانە رایگەیاند هێزەکانیان لەسوریا دەکێشنەوە.

هەموو میدیای جیهان ڕووی لەڕۆژئاوای کوردستان کردو زوومی کامیرای میدیای جیهانیی لەسەر هێزەکانی سوریای دیموکرات و چارەنوسی ڕۆژئاوای کوردستان بوو. لە ئەمریکا مشتومڕێکی توند لەنێوان لایەنگرانی کشانەوەو دژەکان دروست بوو.

بەهۆی ئەو نارۆشنییە لەسیاسەتی ئەمریکاو بڕیاری کشانەوەی هێزەکانیان لە سوریا، ژمارەیەکی زۆر لە کاربەدەستانی ئەمریکا دەستیان لەکارهەڵگرت، لەنێوانیاندا وەزیری بەرگریی و نوێنەری تایبەتی سەرۆکی ئەمریکا بۆ سوریاو عیراق..تد

گوشارەکانی تورکیا بۆسەر رۆژئاوای کوردستان زیادی کرد، تورکیا هێزێکی زۆری لەسەر سنورەکان کۆکردەوە، تا لەسەتای ئابی 2019 دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمریکا لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر بەکورتی ئاماژەی بە رێککەوتن لەگەڵ تورکیا کرد لەسەر رێگەدان بە پەلاماردانی سوریاو داگرکردنی بەشێک لەخاکی رۆژئاوای کوردستان لەلایەن تورکیاوە .

رۆژی 9ی ئۆکتۆبەری 2019 هێزەکانی تورکیا پاڵپشت بە چەتەو رێگرو گروپە ئیسلامییە تیرۆرخوازەکان دەستیان بەپەلاماردان کردو دوای 9 رۆژ لە شەڕێکی زۆر سەخت و روبەرووبونەوەی توند، لە 17 ئۆکتۆبەر بەنێوانگیری ئەمریکا شەڕەکە وەستێنرا.

لەماوەی ئەو 8 رۆژەدا گوشارەکانی ناوخۆی ئەمریکا تا دەهات زیاتر دەبوو، بۆیە ناچاردۆناڵد ترەمپ وەزیری دەرەوەی ناردە تورکیاو رێککەوتنێکی لەگەڵ کردن تا رۆژی 17 ئۆکتۆبەر شەڕەکە رابگرن. بەپێی رێککەوتنەکە تورکیا تا قوڵایی 30 کیلۆمەتر لەنێوان سەرێکانی تا گرێ سپی کە نزیکەی 120 کیلۆمەترە داگیر دەکات، هەروەک رێنادرێت تورکیا دیموگرافیای ئەو سنورە بگۆڕێت.

لەو روبەرووبونەوەدا نزیکەی 500 شەڕڤان و مەدەنی شەهید بوون و سەدانی دیکە برینداربوون، ئەمە جگە لە وێرانبونی زۆربەی شارو دێهاتەکان بەدرێژایی ئەو سنورە.

بەهۆی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆبانی و مەنبەج و ئەو سنورانەی دەکەوتنە خۆرئاوای گرێ سپی، تورکیا هەڕەو گوشاری خستە سەر کۆبانیی و مەنبەج، کە دەکەونە خۆرئاوای گرێ سپی. ئەوە بوو هێزەکانی سوریای دیموکرات گفتوگۆیان لەگەڵ رژێمی سوریا دەستپێکرد بۆ جێگیرکردنی هێزی هاوبەشی سوریاو سوریای دیموکرات، ئەوەبوو هێزێکی زۆری سوریا هاتنە ئەو سنورانە، لەپاڵ ئەو

گفتوگۆیەی نێوان پەیەدەو سوریا، روسەکان بۆ جێگیرکردنی هێزەکانیان و کشاندنی نفوزیان بۆ ئەوناوچانە، رۆژی 22ی ئۆکتۆبەر رێککەوتنێکیان بەئاگاداری هێزەکانی سوریای دیموکرات لەگەڵ تورکیا ئیمزاکرد .

بەپێی رێککەوتنەکە یەکەم؛ هێزەکانی سوریای دیموکرات تا قوڵایی 30 کیلۆمەتر چەکە قورسەکانیان دەکێشنەوە. دووەم؛ هێزەکانی سوریای دیموکرات 30 کیلۆمەتر لەو سنورانە دووردەکەونەوەو هێزی ئاسایش و پۆلیس ئەرکی پاراستنی ئەو ناوچانە دەگرنە ئەستۆ. سێیەم؛ هێزەکانی تورکیاو روسیا هێزی هاوبەش دروستدەکەن و تا قوڵایی 5 کیلۆمەتر گەڕی هاوبەش دەکەن، ئەمەش بەگەڕانەوە بۆ رێککەوتنی ئەدەنە ساڵی 1990.

## دەستپێشخەرییەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان

لەگەڵ دەستپێکی گرژییەکانی سنورەکانی رۆژئاوای کوردستان و هەڕەشەی تورک لەخاکی کوردستان، یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان چەند جارێک پەیوەندی بەپەیەدە کردبوو بۆئەوەی بتوانرێت بەر لەو هەڕەشەیە بگیرێت و رێگری لەپەلاماری تورک بگیرێت .

جاری یەکەم لەسەرەتای کانونی دوومی 2018 بەرلەداگیرکردنی عەفرین لەلایەن میلیشیا ئیسلامییە تیرۆرخوازەکان و جەندرمەی تورک، یەکێتی پێشنیاری بۆ پەیەدە

کرد ڕێککەوتنێک لەگەڵ ڕژێمی سوریا بکات وەک چارەسەری ناچاریی، واتە سوپای ڕژێمی سوریا لەچوارچێوەی ڕێککەوتنێکی ڕوون لەسنوری عەفرین جێگیر بکرێن و دامودەزگا ئیدارییەکانی ئیدارەی خۆسەری ڕۆژئاوا لەوێ بمێنن، بەڵام پەیەدە ئەو پێشنیارانەی ڕەتکردەوەو سەرەنجام لە 20ی کانونی دووەم تیرۆرستان بە پاڵپشتی جەندرمەی تورک هێرشیان کردوو تا 18ی ئادار واتە دوو مانگ بەرەنگاربونەوە، سەرەنجام لەلایەن جەندرمەی تورکیا داگیرکرا.

جاری دووەم لەگەڵ لەسەرەتای ئۆکتۆبەری 2019 بەر لەهێرشی دووەمی تورک بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان، دووبارە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان پێشنیاری بۆ پەیەدەو ڕژێمی سوریا کرد دەرگای گفتوگۆ بکەنەوە بۆ ڕێککەوتن لەسەر پرسی پاراستنی سنورەکان لەلایەن هێزی ڕژێمی سوریا یان هێزێکی هاوبەشی سوریای دیموکرات و هێزی ڕژێمی سوریا.

بەقسەی عەبدورەزاق کۆیی نوێنەری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەدیمەشق، دەستپێشخەری گفتوگۆی نێوان هەردوولا سەرەتا لە 7ی ئۆکتۆبەر لەلایەن یەکێتییەوە دەستی پێکردووەو لاهور تاڵەبانیی پەیوەندی بە مەزلوم عەبدیی لێپرسراوی هێزەکانی سوریای دیموکراتەوە کردووەو دواتر ئەو پەیوەندییە لەگەڵ لێپرسراوانی باڵای سوریا ڕێکخراوە.

بەقسەی عەبدورەزاق کۆیی لاهور تاڵەبانیی ڕۆڵی گرنگی لەسازکردنی دانیشتنی نێوان هەردولادا گێڕاوە هەوڵەکانی ئەو گفتوگۆی هەردوولای لێکەوتۆتەوە.

دوابەدوای ڕەزامەندبوونی هەردوولا، لێپرسراوانی پەیەدە داوایانکردووە لەدانیشتنی نێوان هەردوولا نوێنەری ڕوسەکان ئامادەبن، ئەوەبوو 11 بۆ 12ی ئۆکتۆبەر دوای چەند دانیشتنێک وەک زەمینەسازکردن، هەردوولا بەئامادەبوونی لێپرسراوانی باڵای ڕوسیا لە بنکەی سەربازیی ڕوسیا لە حمێمیم لەباشوری لازقیە.

پێشتریش چەند جارێکی دیکە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان هەوڵی نێوانگیری نێوان پەکەکەو ڕژێمی سوریای داوە لەسەر پرسی ڕۆژئاوای کوردستان، بەپێی زانیارییەکان لە ناوەڕاستی 2017 یەکێتیی نیشتیمانیی پێشنیاری گفتوگۆی

راستەوخۆی پەکەکەو دیمەشق دەکات، ئەوەبوو نوێنەری یەکێتیی لە دیمەشق سەردانی کوردستان بۆ گەیاندنی نامەی رەزامەندی دیمەشق بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ پەکەکە. لەو هەوڵەدا بەقسەی عەبدورەزاق کۆیی، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و مەلابەختیار زۆریان پێباش دەبێت، بەڵام د. بەرهەم خۆی بەدوور دەگرێت و دەڵێت من وازم لەسیاسەتهێناوەو خۆی لەپرسەکە بەدوور دەگرێت! عەبدورەزاق دەڵێت بەو قسەیەی د. بەرهەم ساڵح زۆر بێتاقەت بووم .

بەقسەی عەبدورەزاف کۆیی، دواتر لاهور شێخ جەنگی گەورە لێپرسراوی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان دەبینێت و ئەو پێشنیار دەکات هەر لەسلێمانی ساڵح موسلیم ببینێت و گفتوگۆی زەمینەسازکردنی لەگەڵ بکات، لەوێدا ساڵح موسلیم خێرا گفتوگۆ رەتدەکاتەوە، بەڵام دوای ئەوەی نوێنەری یەکێتی سەردانی قەندیل دەکات و گفتوگۆی راستەوخۆ لەبارەی پێشنیارەکەی یەکێتیی و رەزامەندی دیمەشق دەکات، جەمیل بایک پێشنیارەکە قەبوڵ دەکات و رێکدەکەون وەفدێک رەوانەی دیمەشق بکەن، بەڵام دواتر پەکەکە لەرەوانەکردنی وەفد بۆ دیمەشق پەشیمان دەبێتەوە.

پێشتر گفتوگۆی نێوان رژێمی سوریاو پەکەکە لەرێی یەکێتییەوە کراوە، جارێکی دیکە وەفدێکی پەکەکە بەسەرۆکایەتی سەبری ئۆک لەزستانی 2016 لەرێی سلێمانیەوە دەگەیەنرێنە قامیشلۆ، لەوێشەوە بەفرۆکە دەچنە دیمەشق و بەئامادەبونی نوێنەری یەکێتی گفتوگۆی نێوان هەلادوولا دەستپێدەکات .

وەفدەکەی پەکەکە بەسەرۆکایەتی سەبری ئۆک و وەفدی رژێمی سوریا بەسەرۆکایەتی عەلی مەملوک لێپرسراوی ئاسایشی نەتەوەیی سوریا.

لەو گفتوگۆیەدا نەگەیشتنە رێککەوتن، سوریا دەیویست دانوستانەکەیان لەسەر پەیوەندی پەکەکەو دیمەشق بێت و پەکەکەش دەیویست لەسەر ئایندەی رۆژئاوای کوردستان بێت، سەرەنجام وەفدەکە بەبێ ئەنجام گەرانەوە دیمەشق و دواتر لەرێی یەکێتیی گەرانەوە باشوری کوردستان.

## گەڕەکە کوردنیشینەکانی حەلەب

لەماوەی مانەوەم لەدیمەشق حەزمدەکرد سەردانی چەند ناوچەیەک بکەم لەحەلەب و لازقییە کە دانیشتوانیان زۆرینەی کوردن، لەوانە شێخ مەقسود و ئەشرەفییە لە حەلەب و جەبەل ئەکراد لە لازقییە، بەڵام بارودۆخی ئەمنی لەبار نەبوو تا بتوانم ئەو شوێنانە ببینم.

گەڕەکی شێخ مەقسودو ئەشرەفیە بەتەنیشت یەکەوە دەکەونە باکوری شاری حەلەب و نزیکەی 200 بۆ 300 هەزار کەس دانیشتوانەکەیەتی، زۆرینەی رەهایان کوردن. دوای داگیرکردنی عەفرین لەلایەن سوپای تورکەوە، ژمارەی دانیشتوانی گەڕەکەکە زۆر زیادی کردووە، ئەمەش بەهۆی ئاوارەبونی کوردانی عەفرین بۆ سەنتەری شاری حەلەب و گەڕەکە کوردەکان. لەسەرەتای پێکدادان و گرژی نێوان رژێمی سوریاو گروپە تیرۆرستە ئیسلامییەکان زیانی زۆر بەو گەڕەکانە کەوت، بەتایبەت لەسەرەتای 2016 بەچڕی لەلایەن تیرۆرستانەوە تۆپباران دەکران و ژمارەیەکی زۆر مەدەنی کورد لەو گەڕەکانە شەهید بوون.

هەردوو گەڕەکی کوردان لەحەلەب، لەلایەن هێزەکانی پەیەدە دەپارێزران و بەتوندی روبەڕوی تیرۆرستانی داعش دەبونەوە. حەزم دەکرد سەردانی ئەو دوو گەڕەکە بکەم و واقعی ژیان وەکوخۆی ببینم، مخابن نەمتوانی ئەو سەردانە بکەم.

لەناو سوریاو تەنانەت لە لوبنانیش ژمارەیەکی زۆری کورد لەناوچە جیاوازەکان هەن، واتە بەشێوەیەکی پەرتەوازەو لەگەڕەک و شوێنی جیاواز کۆبونەتەوە، ئەمەش بەڵگەی ئەو راستیەیە کە هەموو ئەو شوێنانەی کورد تێیدا بەکۆمەڵ نیشتەجێن، پێشتر ئاوارەبوون و دوای دەربەدەربونیان لەدەوری یەکتر کۆبونەتەوە. ئەم واقعە تاڵە لەهەرچوار پارچەی کوردستان و وڵاتانی ناوچەکە بەڕوونی دەبینرێت .

نەک سوریا بەڵکو لەلوبنانیش ژمارەیەکی زۆر کورد هەن. تائێستا ژمارەکە دیار نییە، بەڵام پێشبینی دەکرێت ژمارەیان بگاتە زیاتر لە 120 هەزار کەس. خێزانەکانی کورد لەلوبنان ناوبانگی گەورەو ناسراویان هەیە، وەک خێزانی جان پۆلاَت کە دواتر بووە بە(جونبولاَت) هەروەک خێزانە ناودارەکان بۆنمونە خانەوادەی (سینۆ، مەرعەبی، حەمۆ – حمیَ، سەیفۆ، مەکتەبی) وەک ڕێما مەکتەبی کە یەکێکە لە بێژەرە بەناوبانگەکانی لوبنان.

ئەو کوردانەی لەلوبنانن دەکریَ بیانکەینە سیَ بەش، یەکەمیان؛ ئەو کوردانەی کە لەسەرەتای سەدەی رابردوو بەتایبەت لە سییەکانی رابردوو بەهۆی بارودۆخی تورکیا دەرکران و ئاوارەبوون و رویان لە لوبنان کرد! لەدەست رژێمی ئەتاتورک رایانکرد. دووەم؛ ئەو کورانەی بەهۆی شەڕوشۆڕو کودەتای سەربازییەوە لەتورکیا رایانکردووەو بەشێکیان لەلوبنان گیرساونەتەوە. سێیەمیشیان ئەو کوردانەی لەشەستەکانی سەدەی رابردوو بەهۆی دۆخی سیاسی، لەسوریا رایانکردو لەلوبنان نیشتەجیَ بوون.

لەدیمەشق ژمارەیەکی زۆر خێزانی ناوداری کورد هەن، بەهۆی خەباتی سیاسی و دۆخی سیاسی سوریاوە زۆرجار روبەرووی واقعی تاڵ بونەتەوەو بەشێکیشیان ئاوارەی لوبنان بوون. خێزانە ناودارەکانی کورد لەشام بۆنمونە خێزانی: ئالوسی، ئال رەش، مەلا، کیکی، شمدین، کەلحۆ..تد

چیایَ کوردان (جبل اکراد)یش دەکەوێتە پارێزگای لازقیە، شوێنێکی بەرزەو ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە 120 هەزار کەس دەبێت لەهەردوو شارۆچکەی (سەلما – کەنسبا). چیایَ کوردان ناوچەیەکی سەوزو جوانەو دارستانی چڕو گیانداری کێوی زۆری لێیە. لەدوای روداوەکانی 2011 لەبارودۆخێکی ناخۆش دەژین بەهۆی پەلاماری گروپە تیرۆرخوازەکانی کە تورکیا پشتیوانیان دەکات.

بونی ژمارەیەکی زۆری کورد بەدرێژایی باکوری سوریا (رۆژئاوای کوردستان) تا دەگاتە سەر دەریای سپی، ئەگەرچی بەشێوەیەکی پچڕ پچڕە لەهەندیَ شوێن، بەڵام بەڵگەی ئەو راستیەیە کە خاکی کوردستان لەرۆژئاوای کوردستانەوە درێژدەبێتەوە تا

دەگاتە سەر دەریای سپی، ئەم راستییە تورکیای زۆر نیگەران کردووەو ترسێکی زۆری هەیە لەداهاتوودا کورد بگاتە سەر دەریای سپی، بۆیە دەبینین لە سەرەتای 2018 سوپای تورکیا بەپشتیوانی تیرۆرستانی ئیسلامیی تورک و عەرەب، پەلاماری شاری عەفرینیانداو داگیریان کرد، ئەمەش لەپێناو رێگرتن لەخەون و ئەجێندای گەیشتنی کورد بە دەریای ناوەڕاست.

کاتێکیش تورکیا پرسی دروستکردنی ناوچەی ئارام-ی بەدرێژایی سنوری رۆژئاوای کوردستانی دێنێتەگۆڕێ، یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکان ترسی تورکیایە لەدروستبونی کیانی کوردستان لەرۆژئاوای کوردستان و گەیشتنیەتی بەئاوی دەریای ناوەڕاست! ئەوان پێیانوایە ئەگەر قەڵەمڕەوی کورد بگاتە دەریای ناوەڕاست ئەوا دەریچەیەکی ستراتیژیی دەبێت بۆ هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەت باشوری کوردستان کە ئێستا هەرێمێکی فیدراڵە لەچوارچێوەی خاکی عیراق.

- **لێکچونێکی زۆر هەیە لەنێوان نەریتی عەلەوییەکان وکورد**
- **ئەنجومەنێکی عەلەویی، بڕیارە چارەنوسسازەکانی سوریا دەرەکات**

یەکێک لەو کەسایەتیانەی لە دیمەشق بینیم و جێی سەرنج بوو بۆمن، عومەر ئۆسێ بوو. عومەر ئۆسێ گوایە پێشتر لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆجالان بووە لەدیمەشق، بەقسەی خۆی یەکێک بووە لەوکەسانەی نزیک بووە لێی، بەڵام دەوترا کە پەکەکە زۆر متمانەیان بەو پیاوە نەبووە، تەنها زۆرجار وەک وەرگێڕی زمانی عەرەبی لەکۆبونەوەکان ئامادە دەبوو، ئەمە قسەی بەشێک لەوکەسانە بوو کە عومەر ئۆسێیان

دەناسی. بەقسەی ئۆسێ ئەو لەگەڵ ئۆجالان لەنێو ئەو فرۆکەیە بووە کە ئۆجالانی لەسوریا گواستەوە بۆ روسیا، بەڵام هیچ سەرچاوەیەک ئەو زانیارییەی دوپات نەکردەوە، تەنها قسەی عومەر ئۆسێ بوو.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەسەر ئۆسێ دەوترا، ئەو تاکە کوردە لەپەرلەمانەکەی رژێمی بەعس بەئاشکرا دەڵێت من کوردم و باسی مافی کورد دەکات. ئەوەی من لێی تێگەیشتم ئەو پیاوە لەرژێمی بەعس نزیکەو پەیوەندی لەگەڵیان هەیە، بەڵام بۆ هەندێ کاروباری پەیوەندی لەگەڵ لایەنە کوردییەکان رادەسپێردرێت.

بەیانییەک بەیەکەوە قاوەیەکمان خواردەوە. بەکوردییەکی خاوێن و لەسەرخۆ قسەی دەکرد. بەشێک لەتێروانینەکانی هاوسەنگ و بەتێگەیشتنی من لەجێی خۆیدا بوو. لەوڵامی هیچ پرسیارێکم نەدەترسا، بەئاشکرا باسی پەیوەندی خۆی بەئۆجالان و تەنانەت بەشێک لەسەرکردایەتی پەیەدە دەکرد. لەماوەی زیاتر لەکاتژمێرێک گفتوگۆو قسەکردن لەسەر دۆخی سیاسی سوریا بەگشتیی و کورد بەتایبەت، ئەو بەروونی وتی پێم دەڵێن تۆ پیاوێکی نزیکی لەرژێمی ئەسەدو تەنانەت خیانەتکاریشی، بەڵام من بەردەوام دەبم لەکارکردن و وتی پێموایە باشترین چارەسەری دۆزی کورد لەسوریا رێککەوتنە لەگەڵ دیمەشق. هەروەک پێیوابو ئەمریکا داگیرکەرەو خاکی سوریای داگیرکردووە.

کاتێک لەقسەکانی عومەر ئۆسێم وورد دەبومەوە، بێگومان بەشێک لەو کوردانەم بیردەهاتەوە کە لەسەردەمی سەدام حوسێن لەنێو حزبی بەعس کاریان دەکردو هەندێک دەستەواژەی بەعسیەکانیان دوبارە دەکردوە، وەک سەهیۆنیەت و ئیمپریالزمی ئەمریکاو برایەتی کوردو عەرەب. لەوانەیە جیاوازیی لەنێوان ئەو پیاوەو بەعسییەکانی عیراق هەبێت، لانیکەم عومەر ئۆسێ لەدیمەشق و لەناو جەرگەی رژێمی سوریا هەندێجار باسی مافی گەلی کورد دەکات و نەترسە، بەڵام دوبارەکردنەوەی دەستەواژەکانی بەعس، دەیگەڕاندینەوە سەردەمی بەعس لەعیراق.

من هەر لەدیمەشق بووم، دەمویست یەکێکی بەدەموزاری و شارەزای عەلەوییەکان ببینم و شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتیی و سیاسی لەگەڵدا باس بکەم، سەرکەوتوو نەبووم

لەوەی یەکێک بدۆزمەوە لەرژێمی سوریا نزیک نەبیت و قسەم بۆ بکات. بەڵام بۆخۆم لەچەند کەسێکی عەلەویی کە لیرەو لەوێ دەمبینین و قسەم لەگەڵ کردن رەنگە چەند تێبینییەکم لای خۆم تۆمارکرد.

بەپێی ئەو زانیارییانەی باس دەکران، لەسوریا جومگە سەرەکییەکانی حوکمڕانیی بەتایبەت ئەمنیی و ستراتیژییەکان بەدەست عەلەوییەکانەوەیە، بۆنمونە سەرۆکایەتی کۆمار، وەزارەتی بەرگریی، ئاسایشی ناوخۆ، بەڵام دەشێت سەرۆک وەزیران سوننە بێت و وەزیرێکی دیکەی خزمەتگوزاریی مەسیحی بێت..هتد.

بەڕواڵەت رژێمی حوکمڕانی سوریا مەزهەبیی یان تایفی نییە، بەڵام بەشێوەیەکی کردایەکی و لەناوەرۆکدا کاریگەری تایفیی بوون بەتەواوەتی بەسەریدا زاڵە. لەرابردوودا ئەگەر رژێمی سوریا تەنها کەمینەیەکی عەلەویی لەدەسەڵاتدا بوبن و کەمینەیەکی عەلەوی پاڵپشتی دەسەڵاتیان کردبێت، ئەوا ئێستا بەهۆی ئەو ململانێ توندە تایفیی و مەزهەبییەی سوریا بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی 2011 زۆرینەی عەلەوییەکان پشتیوانی لەدەسەڵاتی ئێستای ئەسەد دەکەن.

بەشێوەیەکی گشتیی گروپە ئیسلامییە توندڕەو دەمارگیرەکان بەسەر ئۆپۆزسیۆنی سوریادا زاڵن، کە لەلایەن وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت تورکیاو هەوەها چەند وڵاتێکی کەنداو پشتیوانیی دەکرێن. ئەو گروپانە تایفیی و دەمارگیرن و نەک دژی گەلی کوردستانن لەسوریا، بەڵکو گروپی تایفیی زۆر توندڕەون! لەدوای 2011 بەهۆی لێدوانە توندەکانیان دژ بەپێکهاتەی عەلەویی و ئەو پەلامارە تیرۆریانەو توندڕەوانەیان و ئەو کوشتارانەی لەناوچە جیاوازەکانی سوریا لەسەردەستی ئەو گروپانە رویدا، عەلەوییەکانی سوریای روبەڕوی ترسێکی زۆرکرد، وایکرد ئەوانەیشی کە لەرژێمی سوریا نزیک نەبوون، پاڵ بدەنە رژێم و پشتیوانیی بکەن. واتە عەلەوییەکان ئەو ترسەیان هاتەوە یاد کە لەسەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی لەسەر عەلەوییەکانی سوریا هەبوو، کە ئەوکاتە سەڵاحەدین عەلەوییەکانی لەدەسەڵات دورخستەوەو زۆرینەی راگوێزان و ڕووبەڕووی ئازارێکی زۆری کردنەوە! ئەوانیش ترسیان هەبوو رژێمی

بەعسی سوریا بڕوخێت و ئیسلامییەکان ببنە قەڵەمڕەو حاکمی سوریاو عەلەوییەکان رووبەڕووی مەرگەسات بکەنەوە.

قسەیەک هەیە لەسوریا کە ئەنجومەنێکی باڵای عەلەوییەکان هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنوسسازەکانی سوریا، ئەم دەنگۆیە ماوەی چەند ساڵێکە لەلایەن ئۆپۆزسیۆن و میدیاکانەوە قسەی لێدەکرێت، گوایە ئەنجومەنێکی نهێنی هەیە بەناوی ئەنجومەنی میللەتی عەلەویی، یان ئەنجومەنی نهێنی عەلەویی.

لەهەشتاکانی سەدەی رابردوو، پرسیاری زۆر لەبارەی ئەو کەسانە دەکرا کە حوکمڕانی راستەقینەی سوریان، پرسیاری زۆر لەسەر هەندێک کەسی نزیک حافز ئەسەد دروست بوو. چەند وتارێک لەوبارەیەوە نوسران، لەوانە نوسەری بەریتانی (باتریک سیل) کە هاوڕێی نزیکی حافز ئەسەد بوو لەکتێبی (ململانێ لەسەر سوریا) دوپاتیدەکاتەوە کە ئەنجومەنێکی نهێنی عەلەوییەکان لەسوریا هەیە کە ژمارەیەک لە کەسایەتی خوێندەوارو پیاوی ئاینی و کۆمەڵایەتیی لەخۆدەگرێت. هەروەها نوسەری بەناوبانگی هۆڵەندا نیکۆلاس ڤاندام کە خۆی لەباڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لەبەیروت کاریکردووە خاوەنی کتێبی (ململانێی لەسەر دەسەڵات لەسوریا) ئەویش دوپاتیدەکاتەوە کە ئەنجومەنێکی نهێنی عەلەوییەکان هەیە لەسوریاو حوکمڕانی راستەقینەو بڕیاردەرن لەسوریا.

ئەیمەن عەبدونور کە پێشتر راوێژکاری سەرۆکایەتی کۆماری سوریا بوو، دوای راکردنی لەسوریا ئاشکرایکرد کە ئەنجومەنێکی نهێنی هەیە کە مامۆستایانی زانکۆو شارەزایانی ئاین و خوێندەوارانی عەلەویی لەخۆدەگرێت، راوێژ پێشکەشی سەرۆکی سوریا دەکەن.

بۆیەکەمجار ڤلادیمێر فیۆدۆرۆف پاشکۆی سەربازیی لەباڵیۆزخانەی روسیا لەدیمەشق راستی بونی ئەو ئەنجومەنەی لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا ئاشکراکرد. ئەو ژەنەڕاڵەی روسیا لە 2015 بەروونی وتی ئەنجومەنێکی نهێنی عەلەوییەکان هەیەو

ئێمە وەک روسیا پەیوەندیمان لەگەڵیان هەیە، بەڵام ئامادە نەبوو ناوی ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە ئاشکرا بکات. بەقسەی ئەو کاربەدەستەی روسیا ئەو ئەنجومەنە دەمێکە هەیەو حافز ئەسەدی باوکی بەشار کە پێشتر سەرۆکی سوریا بوو، پرس و راوێژی زۆری بەو ئەنجومەنە دەکردو بڕیارەکانی ئەوانی بەگرنگ وەردەگرت. بۆنمونە لەمەسەلەی جێگرتنەوەی بۆ سەرۆکایەتی سوریا، حافز ئەسەد پێی باش نەبوو بەشار یان هیچ کام لەکوڕەکانی ببنە سەرۆک، بەتایبەت دوای مردنی باسلی کوڕی کە جەرگی سوتابوو، کاریگەری دەرونی زۆری لەسەر جێهێشتبو، بەڵام ئەنجومەنی عەلەوییەکان پێداگریان کردووە کە بەشار ببێتە سەرۆک و حافز ئەسەد لەسەر راسپاردەی ئەنجومەنی عەلەوییەکان کوڕەکەی خۆی پاڵاوتوە تا لەدوای خۆیدا ببێتە سەرۆک.

ئەو ژەنەراڵەی سوپای روسیا نەیویست شوێنی کۆبونەوەو بارەگای ئەو ئەنجومەنە ئاشکرا بکات، بەڵام وتی لەکەنارەکانی سوریایە. مەبەست لەو قسەیە پێدەچێت بارەگای ئەنجومەنی نهێنی سوریا لەیەکێک لەشارەکانی سەر کەناری دەریای ناوەڕاست بێت.

هەر سەبارەت بەعەلەوییەکان کە گروپێکی ئیتنی یان تایفیی دینین لەسوریا، نزیکیی زۆریان لەگەڵ کورد هەیە، بەتایبەت لەگەڵ ئێزدییەکان لێکچونێکی زۆر لەشێوەی هەڵسوکەوت و جلوبەرگ و نەریتە کۆمەڵایەتیی و دینیەکانیان هەیە .

من ژمارەیەکی زۆر عەلەوییم دواند، کەمێک خۆیان لەپرس یان باسکردنی کورد دەدزییەوە، بەڵام دانیان بەوەدادەنا کە لێکچون لەنەریت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی هەیە. یەکێک لەو تێبینیانە ئەوەبوو کە بەشێک لە عەلەوییەکان دەیانگوت ئێمە ریشەمان یان جۆرێک لەتێکەڵاوییمان لەگەڵ کورد هەیە، یان دەکرێت بڵێن بەشێک لەخونەریتی کۆمەڵایەتیان لەکورد دەچوو. بەشێک لەبۆنەو نەریتەکانی ئاینەکەیان لەئاینی ئێزدی زۆر نزیکە.

بەپێی قسەی مێژوو نوسان، چیای شنگال پێگەیەکی زۆر دیاری هەیە لەکلتورو مێژووی زۆربەی گەلان و ئاینە کۆنەکانی ناوچەکە، بۆنمونە گەورەترین کەسایەتیی و

ڕێبەری عەلەوییەکانی سوریا میر حەسەن یوسف مەکزون سنجاریی (1187 – 1240 زایینیی) دوا نازناوی بە سنجاریی کۆتایی دێت. پێدەچێت ریشەی عەلەوییەکان لەئاینی ئێزیدییەوە هاتبێت یاخود لەژێرکاریگەری راستەوخۆی ئەو ئاینەوە بوبێت، مەراسیم و ئاکاری ئاینیان لەیەکتر دەچێت. بۆنمونە دابەشبونی چینایەتی، هەروەها داخراویی ئاینەکە واتە کەس ناتوانێ ببێتە عەلەوی، رەنگی جلی بۆنەی ئاینی و ژن مارەکردن و بۆنە ئاینییەکان و بەردانەوەو هێشتنەوەی سمێڵ و ڕێوڕەسمە جیاوازەکانیان. هەروەک دروزەکانیش کە زۆربەیان لەسوریاو لوبنان و تورکیاو ئوردن و فەلەستینن، ئاکارو سیمای ئاینی ئێزیدیان هەیە، بۆیە پێدەچێت ریشەی هەمویان یەک ئایین بێت و بەشێوەیەکی گشیتی لەئێزیدییەوە نزیکن.

مێژوونوسانی عەرەب رەچەڵەکی عەلەوییەکان دەگەڕێننەوە سەر 12 ئیمامی شیعە، ژمارەیان 10 ملیۆن کەسێک دەبێت لەسەرتاسەری جیهان، ئەو بەڵگانەی بەرەستن ئاماژەن بۆ ئاینێکی سەربەخۆ، بەڵام بەشێک لە هەڵسوکەوتی ئاینیان لەئاینی ئیسلام دەچێت، ئەگینا بۆنەو جەژن و کاروبارەکانی دیکەیان دوورە لەئاینی ئیسلام. ئەمە جگە لەوەی لەمێژووی ئیسلامدا چەندین جار لەقۆناغی جیاجیادا فەتوای کوشتن و لەناوبردنی شوێنکەوتوانی ئاینەکانی غەیرە ئیسلام دراوە، لەنێوانیاندا عەلەوییەکان بەوپێیەی ئاینێکی سەربەخۆن .

دیارترین فەتوا کە درابێت لەلایەن ئیبن تەیمیە بووە کە بەدیارترین رابەری ئاینی ئیسلام. ئەو فەتوایەی ئیبن تەیمیە لەمێژوودا ناسراوەو کە فەتوای کوشتن و لەناوبردنی چەند تایفەیەک یان گروپێکی دیاریکراوی ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئیسلامیی دەرکردووە، لەوانە ئێزدی، عەلەویی، دروزیی، ئیسماعیلییەکان ..هتد .

لەهەندێ پرسی تایبەت بەخۆیان عەلەوییەکان بەشێک لەکاروبارەکان بەنهێنی دەکەن! ئەمە هەڵسوکەوت و کاروبارانە بەتەواوی لەئاینی ئیسلام جیایان دەکاتەوە. هەروەک بەشێک لەپێکهاتەی کورد بەتایبەت ئێزدییەکان بەشێک رێورەسم و کاروبارەکانی ئاینی بەنهێنی دەکەن! ئەمە رەنگە پەیوەندی بەو کوشتارو مەرگەساتە

مێژووییانەوە هەبێت کە گروپە چەوساوەکانی ناوچەکە لەسەردەستی موسڵمانان ڕوبەڕوویان بونەتەوە. بۆئەوەی خۆیان بپارێزن لە لەناوچوون، بەشێک لەبڕیارو کاروبارەکانیان هەر بەنهێنی کردووە. ئێستاش پێکهێنانی ئەنجومەنێکی نهێنی عەلەویی لەسوریا، شوێنەواری ئەو هەستکردنەیە بەترس کە بەدرێژایی مێژوو ئاینە جیاوازەکانی ناوچەکە بەهۆی ستەم و پەلامار فەرمانی موسڵمانان ڕووبەڕووی بونەتەوە. دوایین ئەو پەلامارە لەلایەن دڕندەکانی تیرۆرخوازانی دەوڵەتی ئیسلامیی (داعش) کرایە سەر کوردانی ئێزدیی و کوشتارو مەرگەساتێکی گەورەی لێکەوتەوە.

## لەناو وێرانەیی شارو دێهاتەکان،
## وێنەی ئەسەدی باوك و کوڕ لەبەرزی هەڵواسرابوون

هەر لەسەرەتای چونم بۆ دیمەشق نامەیەکم بۆ نوسینگەی بوسەینە شەعبان ڕاوێژکاری بەشار ئەسەد سەرۆکی کۆماری سوریا نارد بۆ ئەوەی چەند پرسیارێکی لەبارەی دۆخی سوریاو تێگەیشتنی ڕژێمی سوریا سەبارەت بەکورد لێبکەم، بەڵام نامەکە بەبێ وڵام مایەوە.

بەرلەوەی بگەڕێمەوە حەزمکرد چەند ناوچەیەکی دەوروبەری دیمەشق ببینم، یان بەشێک لەو ناوچانە ببین کە روبەڕوبونەوەی چەکداریی تێیدا بووەو دیمەنی وێرانکارییەکانی ناوچەکان ببینم. رۆژێک بەر لەگەڕانەوەم، لەگەڵ چەند هاوڕێیەک کە بەشێک لەئیشوکارەکانیان بۆ رێکخستبووم و هاوکارم بوون، بەرەو بلودان و زەبەدانی بەڕێککەوتین. ئەو شوێنانە بەتەنیشت یەکەوەن و لەباکوری دیمەشق ماوەی دوو سەعاتێک بەئۆتۆمبێل دوورن.

لەو رێگەیە هاوڕێیانم هاوکارم بوون لەپێشاندانی شوێنەکان و باسکردنی روداوەکانی دوای 2011 لە سوریا. منیش کامیرایەکم پێبو بەڵکو بتوانم وێنەی ئەو شوێنانە بگرم کە گرنگن و دواتر لەزنجیرە وتارەکاندا بەکاریان بێنم .

ئەو رێگایەمان گرت کە بەرەو لوبنان دەچێت. بەپێی قسەی ئەوانەی لەگەڵم بوون، سنوری لوبنان هەر سەعاتە رێگەیەک لەدیمەشقەوە دوور بوو. رۆژانی هەینی رێگاوبانی دیمەشق کەمتر قەرەبالغ بوو، سەوزایی رێگاکەو هێمنیەکەی جوانییەکی زۆری بەناوچەکان دا بوو .

بەدەم باسکردنی شوێنەکان و گێڕانەوەی روداوەکانی ئەو دواییە، کات خێرا دەڕۆیشت. جارجار ئاگاداریان دەکردمەوە کە کامیراکەی دەستم بخەمە لایەک تا لەبازگەدا نەیبینن و نەبێتە مایەی کێشە بۆمن. ئێمە تەواوێک دورکەوتبوینەوە لەدیمەشق، لەدورەوە بازگەیەک وەدەرکەوت شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە وتی ئەم بازگەیە هێزەکەی ماهر ئەسەدی برای بەشار ئەسەدی لێیە، زۆر توندن و پشکنینی وردو پرسیاری زۆر دەکەن، بۆیە دەبێ کامیراکە بخەینە شوێنێک نەیبینن.

ماهر ئەسەد پێنجەم منداڵی حافز ئەسەدەو چوارەم کوڕییەتی، لەبەشار بچوکترەو لەدایکبوی 1967، پلەی لیوای هەیە و فەرماندەی تیپی (فرقە)ی چوارەمە لەسوپای سوریا. یەکێکە لەکەسە زۆر دیارەکانی ئێستای رژێمی سوریا، ئەندامی سەرکردایەتی حزبی بەعسی سوریایە .

ماهر هێزێکی تایبەتی هەیەو لەشەڕەکانی روبەڕوبونەوەی ئۆپۆزسیۆن رۆڵێکی گەورەی گێڕاوە، بەیەکێک لەپارێزەرانی رژێمی سوریا دەزانرێت و قسەیەک هەیە کە

یەکێکە لەراوێژکارە هەرە نزیکەکانی بەشار ئەسەدی برای کە ئێستا سەرۆکی سوریایە.

بەدەم ئەو ڕێگەیەوە بینینی وێنەی حافز ئەسەدو بەشار ئەسەد بەدرێژایی ڕێگاکان دوبارە دەبویەوە، لەکوچەو کۆڵان و شەقامە سەرەکییەکان وێنەی سەرۆکی باوک و کوڕی لێ هەڵواسرابوو. وێرانەیی و کاولکاریی ئەو ڕێگاو بانە دیمەنێکی خەمئامێز بوو، بەتایبەت بلودان و زەبەدانی کە دوو ناوچەی زۆر دڵگیری گەشتیاریی بوون و بەتەواوی وێرانکرابوون. نمەی باران و ئاو و هەوای ناوچەکەو کوچەو کۆڵانی ئەو شارانە زۆر سەرنجڕاکێشکردبوو، هەستت دەکرد ئەو بارانەی لەو ناوچانە دەبارێت، فرمێسک و ئەشکی پڕ گریانی ئەو شارانەیە لەتاو ماڵوێرانیی و خەمی قوڵی وڵاتەکەیان کە بەدەست شەڕی ناوخۆو رژێمی حوکمڕانییەوە گیرۆدە بووە.

لەڕێگە لە دوکانێکی مامناوەند ئەوەی پێی دەوترێت (مینی مارکت) لاماندا، ئەو هاوڕێیانەی لەگەڵم بوون شارەزا بوون، هەندێ کەلوپەل و خۆراکیان کڕی، ئەوەی بەلامەوە سەیربوو کڕینی هەندێ جۆر پسکیت و نەستەلە بوو، پرسیارمکرد بۆ لێرە دەیکڕن؟ وتیان ئەو کەلوپەلانە تورکین و لەشام قاچاخە، بەڵام لەناوچەکانی دەوروبەری شام بەدەست دەکەوێت. حکومەت یان ڕێگا نادات بێتە ناو سوریا، یانیش باجێکی زۆری خستۆتەسەر، ڕێگا دەگرێت لەهاوردەکردنی! بەتایبەت جگەرەو هەندێ خۆراک. نازانم ئەو ڕێگرتنە پەیوەندی بە پشتیوانی بەرهەم و پیشەسازیی ناوخۆوە هەبوو یان بڕیاری سیاسی، ئەوەی دیاربوو لەدەرەوەی شام کەلوپەل و خۆراکی بەقاچاخ هاتوو زۆربوو، حکومەتیش کەمێک چاوپۆشی لێدەکرد چونکە لەدوکان و بازاڕەکان بەئاشکرا هەبوو.

لەو ڕێگەیە لەچەند شوێنێک کە زیاتر خاپورکرابوو دابەزیم و سەرنجی زیاترم دەدا ناوچەکان، لەزۆربەی ناوچە تەواو وێرانبوەکان کە گەڕەک و شاری گەورە گەورەبوون، خەڵک هێشتا ئومێدی ژیانی مابوو، بەشێک لەدانیشتوانی ناوچەکان

گەڕابونەوە سەر وارو شوێنی خۆیان، بەڵام لەبارودۆخێکی زۆرخراپدابوون، بەتایبەت ئەو ناوچانە لەبەرزایی بوون و لەزستاندا ساردن.

بۆ نیوەڕۆ گەیشتینە بەرزترین ناوچەی زەبەدانی، لەسەر شاخی شێخ (جبل شیخ) خواردنگەیەکی گەورە بەناوی جدودنا هەبوو، نیوەڕۆکە لەوێ ماینەوە، ژمارەیەکی زۆر خێزانی شام هاتبونە ئەو خواردنگەیە بۆ کات بەسەربردن. من خەڵکی بیانیم لەو خواردنگەیە نەبینی، واتە گەشتیاری بیانیم لەو خواردنگەیە نەبینی. لەوانەیە تەنها من خەڵکی سوریا نەبووم و لەوێ دانیشتبوم.

جاران سوریا وڵاتێکی گەشتیاریی ناوچەکە بوو، شوێنە دڵرفێنەکانی سوریا ناوبانگیان هەبوو، شام و حەلەب و لازقیەو تەرتوس و بلودان و زەبەدانیی و دەیان ناوچەو شوێنی گەشتیاریی دیکە، هاوشانی ناوچە گەشتیارییەکانی تورکیا و لوبنان ساڵانە گەشتیارێکی زۆر رویان تێدەکردن، بگرە زۆر سەرنجڕاکێشترو لەبارتر بوون. ئێستا بەهۆی شەڕەوە فرۆکەخانەکانی سوریا چۆڵن و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و جیهان گەشتی ئاسمانیان بۆ سوریا راگرتووە.

هەر ئەو رۆژە دوای نیوەڕۆکەی هەنگاو بەهەنگاو بەرەو دیمەشق گەڕاینەوە، لەڕێگەدا سەردانی شوێنێکمان کرد بەناوی ئەشکەوتی موسا لە شارۆچکەی بلودان، ئەو ئەشکەوتە لەشێوەی ئەشکەوتی سەهۆڵان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر رێگەی مهاباد بەرەو بۆکان و هەروەها ئەشکەوتی جعێتا لەبەیروت. ئەو ئەشکەوتە بەشێکی دەستکردبوو، ناوەوەشی سروشتی بوو روبارێکی بچکۆلانەی تێدابوو لەگەڵ چەند بەلەمێک کە گەشتیارانیان دەبردە قوڵایی ئاوەکە.

ئەوەی جێی سەرنج بوو لەو شوێنە گەشتیارییە کە بەپارەیەکی زۆر رەمزی دەچویتە ژورەوە بۆ بینین ئەشکەوتەکە، ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری عەرەبی عیراقی هاتبوون، ئەوانە نەهاتبون بۆ بینینی ناوچە گەشتیارییەکانی سوریا، بەڵکو ئەوانە شیعەی عیراق بوون و هاتبون بۆ بینینی مەزاری سەیدە زەینەب کە دەکەوێتە خوار دیمەشق، لەوێشەوە هاتبون بۆ ئەشکەوتی موسا گوایە ئەشکەوتی پێغەمبەر موسایە.

ژمارەیەکی زۆری ژن کە تەواو رەشپۆش بوون، پیاوەکانیش تەنکە ریشێکی (ماش و برنج) بەیەکەوە بوون.

بۆ ئێوارە گەیشتینەوە دیمەشق، چەند ناوچەیەکی دیکەی ناو دیمەشقیش گەڕام، وەکو غۆتەو ریفی دیمەشق واتە گوندەواریی دیمەشق. لەگەرمەی شەڕی نێوان چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن و سوپای رژێمی سوریا، ئۆپۆزسیۆن دەستی بەسەر ئەو ناوچانە داگرتبوو، بەڵام بەهۆی بۆمباران و شەڕو پێکدادانی لەنزیکەوە، ناوچەکە تەواو پەرێشان ببوو! دواتر چەکدارانی ئۆپۆزسیۆن کە زۆرینەی بزوتنەوەی تیرۆرخوازی ئیسلامیین، لەلایەن رژێمی سوریاوە دەرکرابوون.

بۆ شەو هاورێیانم بەجێیانهێشتم و پێیان وتم بۆ سبەی ئیدی دەگەڕێیتەوە پشوو بدە، منیش خۆم پێچایەوەو بارگەم تێکنا. ئەو شەوە بەشێک لەیادەوەرییەکانم بە ووردی لەدەفتەرەکەم تۆمارکرد، تا درەنگانێک بەدیار نوسینەوە بووم. ئەو دەفتەرە زۆر گرنگ بوو، بۆیە زۆر باش پێچامەوەو خستمە ناو جانتای سەفەرم، بەجۆرێک پێچامەوە بەئاسانی نەیدۆزنەوەو دەرینەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو لاپەڕەکانیشم بەمۆبایل وێنەگرت و رەوانەی ئیمەیلم کرد، تا ئەگەر دەفتەرەکەشم لەدەستدا، ئەوا وێنەیەک لەلاپەڕەکانم هەبێت و کێشەم بۆ دروستنەبێت.

شەو درەنگ داهات. بەرێککەوت هەر لەفیسبوک وێنەی هاورێیەکم بینی لەدیمەشق بوو! هیچ ئەدرەسێکی ئەوم پێ نەبوو، هەر بەفیسبوک نامەیەکم بۆناردو ئەویش خێرا وڵامی دامەوە. بۆمن دەرفەتێکی باش بوو ئەو هاورێیەم ببینم، بۆیە ئەو شەوە ناونیشانی چایخانەیەکی نوێی سەنتەری دیمەشقم پێدا تا لەوێ یەکتر ببینین.

وەک دیمەشقیان لەماوەی تەنها هەفتەیەک ناوی چایخانەو شوێنە ناسراوەکانم لەبەرکردبوو. بەپێ بەرەو ئەو شوێنە بەڕێککەوتم و لەوێ چاوەڕێم کرد، درەنگی شەو بوو، بەڵام مەبەستم بوو کەسێکی دیکە ببینم کە دەتوانم گفتوگۆو سەرنجی جیاواز تۆمار بکەم.

عامر هەلوش پێشتر و لە سەرەتای 2016 لە قامیشلۆ بینیبوم، بازرگانێکی عەرەبی خەڵکی قامیشلۆیە، پیاوێکی لەسەرخۆو سەر راستە، بەگەرمیی بەخێرهاتنی کردم.

لەماوەی دانیشتمان تا درەنگانێک گفتوگۆی زۆرمان کرد. ئەو پیاوە لەو کەسانەیە کە لەلایەن رژێمی سوریا بەشێوەیەک لەشێوەکان تۆمەتبار دەکرێت بەنزیک لەکوردو پەیەدە، لەلایەن پەیەدەو بەشێک لەکوردانی قامیشلۆ تۆمەتبار دەکرێت بەنزیک لەرژێمی سوریا! ئەوەی من بیناسم هەلوش پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کورد هەیە، مەیلی عەرەبچێتی کەمە، بەڵام بڕوای بەیەکپارچەیی خاکی سوریاو دەوڵەتی مەرکەزیی هەیە، بەکورتی بەشێک لەتێگەیشتنەکانی لە رژێمی ئێستای سوریا نزیکە.

ئەو پێی وابو چارەسەری دۆزی کورد بەوشێوەیە نابێت کە ئێستا پەیەدە بڕوای پێیەتی، بەڵام ئەویش وەکو هەموو ئەوانی دیکە لەئاست وڵامی پرسیاری چارەسەری پرسی کورد لەسوریا چییە، ئیستێک دەکات. ئەو بێ وڵامییەی رژێمی سوریا لەبەرامبەر چارەسەری دۆزی کورد وادەکات گەیشتن بەچارەسەر کاتێکی زۆری بوێت، چونکە لەبنەڕەتدا یان لەزەینی کاربەدەستانی رژێمی سوریا تەنانەت ئۆپۆزسیۆنی سوریا، پێدانی مافی خۆبەڕێوبەری یان فیدرالیی بەهیچ شێوەیەک بوونی نییە! تەنانەت ئامادەنین گفتوگۆی ئەو باسە بکەن. ئەمەش خودی چارەسەرەکە ئاڵۆزتر دەکات، چونکە کورد لەسوریا گەیشتۆتە قۆناغێک بڕوا ناکرێت بەئاسانی پاشەکشێ بکات. لەگەڵ ئەو هاوڕێیەم تا درەنگانێک دانیشتین و من وەعدم پێیدا ئەوجارە یان لەشام یان لەقامیشلی بیبینمەوە.

بۆ رۆژی دواتر ئیدی کاتی گەڕانەوەم بوو، خواحافیزیم لەهەموو ئەو هاوڕێ و هەڤاڵانەم کرد کە هاوکارییان کردبووم، بەتایبەت کاک عەبدورەزاق کۆیی و سالار ئەوسی، زۆر بەمنەوە ماندوو بوون ئەو چەند رۆژە. بۆمن جێی رێزو پێزانینی زۆر بوو، تا فرۆکەخانە لەگەڵم هاتن و دوبارە لێرەوە سوپاسیان دەکەم.

بۆمن، بینین دیمەشق تام و چێژێکی زۆری هەبوو، دەتوانم بڵێم لەچەند سوچێکەوە دەکرێت باسی بکەم. یەکەم؛ من یەکەمجارم بوو دیمەشق ببینم، شارێکی زۆر خۆش و دڵگیر بوو، کەلتورو دونیایەکی تایبەت بوو. دووەم؛ نوسین لەسەر کورد لەسوریا ئەزمونێکی نوێی من بوو ، بەتایبەت لەوڵات و شارێک کە رەنگە نەک نوسین بەڵکو بەهۆی خراپی دۆخی ئەمنیەوە هەر سەردانیکردنی ئاسان نەبێت، بۆمن دەرفەتێک بوو

که بتوانم قۆناغێکی دیاریکراو لەژیانی کوردو سوریا تۆماربکەم. تۆمارکردنێک دوور لەلایەنداربوون، یان لانیکەم بابەتیانە نوسین. هەرچەندە لەبەرئەوەی من کوردم و بەسروشت زۆربەمان کەمێک جۆرێک لەدەمارگیریمان هەیە لەوانەیە لەنوسیندا هەندێ جار خۆمان لەبیر بکەین و لایەنداریی بکەین، بەڵام ئەوە مانای ئەوەنییە نەتوانین بابەتیانە لەروداوەکان بڕوانین. سێیەم؛ لەهەمووی گرنگتر پێشتر من لەسەر قامیشلۆو ژیان لە رۆژئاوای کوردستانم نوسیبو، بەنوسین لەسەر دیمەشق هەستمکرد چیرۆکەکەم ئەگەر تەواویش نەبوبێت، ئەوا توانیومە هەردوو دیوی ژیان لەسوریا وەرگرم و لەسەری بنوسم. هەروەک گرنگتر لەو سێ خاڵەی سەرەوە، ناسین و ئاشنابوون بوو بەژمارەیەک کەسایەتی و خەڵکی جیاواز لە دیمەشق، ئەمەش بۆ من گرنگییەکی زۆری هەبوو.

# چاوپێکەوتن



# عەبدورەزاق کۆیی

- یەکەمجار لەشام لەماڵی عادل عەبدولمەهدی مامجەلالم بینی
- شەهید عەلی عەسکەری وتی؛ ئێستا دەچیە دەرەوە دەستگیر دەکرێت.

**لەچوارچێوەی دیداری شامدا، زنجیرەیەك چاوپێکەوتن و دیداری سیاسی و مێژوویی سازکراوە، عەبدورەزاق کۆیی لێپرسراوی نوسینگەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لەدیمەشق. سەربردەو مێژوویەکی گرنگی کوردو بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان دەگێڕێتەوە. بەتایبەت باسی هەوڵی تیرۆرکردنی مامجەلال، یان هەوڵی تیرۆرکردنی عەبدوڵلا ئۆجالان، هەروەك هاوکاریی سوریا بۆ بزوتنەوەی چەکداریی کورد، لەگەڵ ئەگەرو پێشهاتەکانی دۆخی سوریا. هەوڵدەدەین لەچەند ئەلقەیەك وەکوخۆی بیخەینە روو.**

- **کەی هاتیە سوریا؟**

- من لە 1976 هاتومەتە سوریا. لەئابی 1976 هاتم.

- **کە هاتی کێی لێ بوو؟**

- ئەو حزبە کوردییانەی ئەوکات کە لە گۆڕەپانەکەبوون، حزبی دیموکراتی پێشکەوتنخوازیی کاک حەمید دەروێش، حزبی دیموکراتی کورستانی هەبوو. سۆسیالست لێرەبوون، چەند حزبێکی دیکە هەبوون، بەڵام ناوەکانم باش بیر نەماوە. حزبە کوردیەکانی عیراق، کەسیان لێرە نەبوون .

- **وەك ؟**

- بەس ئەوانەی یەکێتی لێرەبوون، وەک سەرۆک مامجەلال کاک نەوشیروان د. فوئاد ، عادل موراد، د. خدر مەعسوم، ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە لەوانە حەسەن خۆشناو، مولازم جەمال، فوئاد چەلەبی، عەدنان موفتی، ژمارەیەک پێشمەرگەی گەنجی سلێمانیی..تد شوێنێک هەبوو پێیان دەگوت تەجەموعی وەتەنی عیراقیی، لەوێ کۆدەبوینەوەو یەکترمان دەبینی.

- **تۆ لەسەرەتای دروستبونی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لێرە بووی؟**

- نەخێر من لەسەرەتاوە لێرە نەبووم. پێش ئەوە من لەکوردستان بووم، خۆت دەزانی رێکخستنێکی دیکە دامەزرا بزوتنەوەی سۆسیالستی کوردستان لەبەغدا

دامەزرا، ئەوکاتە من ئاگاداری ئەوەبووم، من یەکێک بووم لەوانەی نامەکانیانم دەهێناو دەبرد، لەبەغداوە بۆر ومادی بۆ روفاعییە بۆ هەرشوێنێک بوایە.

یەکەم نامەیان دا بەمن چووم بۆ روفاعییە بۆلای شەهید عەلی عەسکەری، برادەران کاک عومەر دەبابە، شەهید د. خالید، رەسول مامەند، سەعدی گچکە، ئەوانە هەموو خۆیان ئامادەکربوو بچنە دەرەوە. مەفرەزە پەیادا ببون لەشاخ، ئەوانیش دەبو پەیوەندی بکەن بەوانەوە. نامەیەکیان دا بەمن ببیەم بۆلای شەهید عەلی عەسکەری لە روفاعیە. من لەبیرمە ئەورۆژە 14ی تەمموزی 1976 بوو. من قەت نەچوبومە ئەو شوێنە، چومە روفاعییە ویستم ببینمەوە، لەشەقامێک دوو کوردم بینی خەڵکی بادینان بوون، ماڵی شەهید عەلی عەسکەریم لێ پرسین؟ پێشانیاندام .

کەچوومە ماڵی شەهید عەلی عەسکەری، ئەو بەتەنها لەماڵەوە بوو. نامەکەم رادەستی کرد و خوێندیەوە، دوای کەمێک دانیشتن و پشودان، لەوەختی عەسر وتی هەستە برۆ. وتم ئەی وڵامی نامەکە؟ وتی نامەکە وڵامی نییە، بەڵام بە برادەران بڵێ زووە! وتم ئەی بۆ نامەیەکیان بۆ نانوسی؟ وتی ئاخر کوڕی خۆم ئێستا لێرە دەچیتە دەرەوە دەگیرێیت، ئەگەر گیرایت بڵێ ئەوە هاتووم بۆ لای کاک عەلی داخوازیی کچی خزمێکی ئەو بکەم. وتی کچە برایەکم هەیە ناوی لەیلایە، بڵێ چومەتە داخوازی لەیلا .

ئیدی من لە روفاعیە چوومە دەرەوە هێزێکی تایبەت دەورەیان گرتم و وتیان ئەوە تۆ چیت دەکرد لای عەلی عەسکەریی؟ منیان پشکنی هیچم لانەبوو! وتیان تۆ چیت دەکرد لەوێ؟ مەسەلەکەم بۆ گێڕانەوە کە من هاتووم بۆ داخوازیی کچێک! ئیدی بەریاندام. من سەعات هەشت و درەنگتربوو گەیشتم، نەچومەوە تا کات بووە 12ی شەو، کە چوومەوە لەماڵی شەهید د. خالید، رەحمەتی عومەر دەبابە لەباخچەی ماڵەکە زۆر بیتاقەت بوو، کە منی بینی زۆر قسەی پێ وتم!! بەڵام کە چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە دەستخۆشی لێکردم. منیش نامەکەم گەیاند کە شەهید عەلی عەسکەری وتویەتی هێشتا زووە.

بۆ رۆژی 3ی 1976 ئاب واتە دوو هەفتەیەک دواتر، بۆ سەعات 6 دەبوو ئێمە بچین بۆ فرۆکەخانە، کاک کەمال محێدین هات وتی کاک عەلی عەسکەری هاتووە. من

منداڵەکانی شەهید د. خالیدیشم لەگەڵ بوو. بەمنیان گوت ئێوە تازە دەبێ بڕۆن ناتوانن سەفەرەکەتان دوابخەن، بەڵام ئێمە لەوانەیە چەند رۆژێک دوادەکەوین، کەچی ئەوان دوای ئێمە بەئۆتۆمبێل گەڕانەوە کوردستان.

من لە 9ی ئاب گەیشتمە دیمەشق، چووم بۆلای سەرۆک مامجەلال، ئەو لەماڵەوە بوو. خۆم ناساندو وتم لەلای برادەران هاتووم، دوای هەواڵپرسین، وتم لەوانەیە برادەران دوابکەون هەتا کاک عەلی خۆی ئامادە دەکات. مامجەلال لەمە زۆر توڕەبوو، وتی من دووسێ جار هەواڵم بۆ عەلی عەسکەری ناردووە نایەتە دەرەوە. برادەران خۆیان بەعەلی دەبەستنەوەو ئێستا ئێوە هاتونەتە دەرەوەو ئاشکرابوونەو لەوانەیە هەموو دەستگیرکرابن. وتی لێرە بوەستە، سەرەوە خەڵکی لییە ناتوانین قسەبکەین، دوایی دیمە خوارێ و دەچینە شوێنێک دادەنیشین.

کە هاتە خوارێ رەحمەتی عادل مورادی لەگەڵ بوو، کە منی بینی ئەوە چی دەکەی لێرە؟ وتم تەواوی بکە تەواوی بکە..

کاک عادل موراد رەحمەتی لێبێت خۆی لێپرسراوی یەکێتی قوتابیان بوو، منیش لەلقی 5 بووم، هەمووجارێ منی دەبینی دەیگوت چۆنی جەلالی! وتم دەبێ تەواوی بکەی.. وتم مامە ئەوە هەمووکات دەیگوتە من جەلالی، ئێستا بزانم کاممان جەلالین؟ مام وتی کوڕی خۆم ئەو (مەبەستی عادل موراد بوو) هەر لەکۆنەوە جەلالی بووە.

مام وتی ماڵەوە زۆر قەرەباڵغە بەکەڵک نایەت خەڵکی زۆری لێیە، بۆیە باشترە بچینە شوێنێکی دیکە قسەبکەین، ئەوەبوو چوینە ماڵی عادل عەبدولمەهدی لەوێ دانیشتین و قسەکانمان تەواو کرد، لەوێ من مامجەلالم بینی.

**- ئەوکاتە ئۆپۆزسیۆنی عیراقیی هاوکاری یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بوون؟**

• بێگومان، ئۆپۆزسیۆنی عیراقیی کێ بوون؟ بەعسییەکان و شیوعییەکان هەبوون.

- **شیعەکان لەوێ هەبوون؟**
- ئەوکاتە حزبی ئیسلامیی شیعە نەبوون.
- **عادل عەبدولمەهدی ئەوکاتە شیوعی بوو؟**
- ئەوکاتە عادل عەبدولمەهدی مارکسی بوو.
- **دواتر چیتان کرد.؟**
- مامجەلال وتی ئێوە نابێت کەس بتانبینێت. بۆیە ماوەی 10 رۆژێک کەس ئێمەی نەدەبینی، تەنها د. خدر نەبێت ئاگادار بوو. وتی خدر بەس تۆ بیزانە، ئەوکاتە عادل عەبدولمەهدیش زانی. دوای 10 رۆژێک محەمەدی د. فوئاد نامەیەکی هێناو دەڵێت برادەران گەیشتنە شاخ و کاک عەلی عەسکەریش گەیشتۆتەشاخ لەگەڵیان. ئینجا ئێمە ئازادبوین.

لەدوای ئەوە دەستکرا بەکۆکردنەوەی پێشمەرگە، کادری پارتی کۆن و پێشمەرگە کۆنەکانی پارتی و سەدەها کوڕی کورد لەئێرانەوە هاتن بۆ سوریا. کۆمەڵێک ئەفسەری سوپای عیراق بوون، لەوانە ئیبراهیم عەزۆو گروپێک، حەسەن خۆشناو، فوئاد چەلەبی، ملازم جەمال. سەربازگەیەکیان بۆ کردنەوە لەقامیشلی کە لەلایەن سوریاوە بۆیان کرابویەوە.

من هەر لەوێ بووم دوای نزیکەی مانگ و نیوێک، د. مەحمود عوسمان هات، خۆی و ماڵو منداڵی دوای ماوەیەک رێکخستنێکی دروستکرد بەناوی (حركە تصحيحية للحزب الديمقراطى الكردستاني) شتێکی لەو بابەتە حەرەکەی تەسحیحیان پێدەگوتن. د. مەحمود بوو، عەدنان موفتی بوو، فوئاد چەلەبی چووە پاڵ ئەوان..تد مامجەلال هاوکاریی کردن. سەرەتا مامجەلال لەگەڵ ئەوە نەبوو د. مەحمود بێتە ناو یەکێتی، بەڵکو حزبێکی دیکە دروستبکات بەناوی (حزب الديمقراطى الكردستاني – حركة تصحيحية)

بۆساڵی داهاتوو، ژمارەیەک کادری کۆمەڵە بەپێ هاتنە قامیشلی و هاتنە دیمەشق لەوانە سەلاح چاوشین، دانا ئەحمەد مەجید، شەهید ئەنوەر عەبدولا، مامۆستا ئەنوەر، ئەسکەندەر عەقراویی، ئاوات قارەمانیی، ئازاد حەمە غەریب و چەند کەسێکی دیکە

بوون. هاتن لێرە مەشقیان کرد لای جەبهەی دیموکراتی فەلەستینی جەماعەتی نایف حەواتمە، دوای ماوەی نزیکەی ساڵێک، لەو ماوەیە شەهید د. خالید و عومەر دەبابە هاتن، هەر لەو ماوەیە مەسعود بارزانیش هاتە دیمەشق. دوای شەهید کردنی ئیبراهیم عەزۆو هاوڕێیانی بوو.

ئەوکاتە ژمارەیەک کۆبونەوە کرا، نامەیەکیان بۆ مەسعود بارزانی نارد، ئەو هاتە دیمەشق. رێککەوتنێکیان کرد کە رێگری لەپێشمەرگەی یەکێتیی نەکرێت و بەیەکەوە شۆڕش دەستپێدەکەینەوە، هەر وردەکاری رێککەوتنەکە نازانم، بەڵام لەماڵی مامجەلال ئیمزاکرا. ئەوەی لەبیرمە مامجەلال و د. خالید دانیشتبون، وتی مامجەلال تا کاک مەسعود لێرەیە فرسەتە با کۆمەڵێک پێشمەرگە بنێرین.

حەسەن خۆشناو و مولازم جەمال و کۆمەڵێکیان نارد، کەچی دیسان لەڕێگە رێیان لێگرتن و شەهیدیان کردن، ئیدی رێککەوتنەکە تێکچوو! رێگا سەخت بوو برادەران کە بڕیاربوو بگەڕێنەوە ماوەیەکی دیکە لەدیمەشق مانەوە. دواتر نازانم بەچ رێگەیەک گەڕانەوە کوردستان.

هاوینی ساڵی 1977 هێرۆخان دوو گیان بوو بەقوباد، کاتی منداڵ بوونی بوو، مامجەلال علی ئەساس لەگەڵ هێرۆخان چۆتە لوبنان بۆئەوەی هێرۆخان لەوێ منداڵەکەی ببێت، ماوەیەکی درێژی پێچوو. برادەران و کادرانی یەکێتی بێتاقەت بوون و کەوتنە جموجۆڵ و بۆڵە بۆڵ، کە بۆ مامجەلال چی دەکات لە لوبنان و بۆچی بۆ تەنها مەسەلەیەکی ئاوها چۆتە لوبنان و ..هتد.

کەچی دوای ماوەی مانگ و نیوێک و بۆڵە بۆڵ زیادی دەکرد، رۆژێک لەژورێک دانیشتبوین کەمال خۆشناو هاتە ژورێ و وتی مژدەیەکتان بدەمێ، گوتمان چییە؟ گوتی مامجەلال گەیشتە کوردستان!! گوتمان باشە ئەی مامجەلال لە لوبنان نەبوو؟ وتی کاکە ئەوە بۆئەوەبوو نهێنییەکە ئاشکرا نەبێت ئەگینا مامجەلال بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان دیمەشقی جێهێشت مەسەلە لەدایکبونی کوڕەکەی نەبوو، ئێمە ئەو پرۆپاگەندەیەمان بڵاوکردەوە. دوای ئەو هەواڵە بەهەفتەیەک ئینجا قوباد لەدایک بوو.

مامجەلال گەیشتە کوردستان و دواتر وردە وردە پێشمەرگەکانی لەقامیشلی مەشقیان دەکرد دەنێردرانەوە کوردستان.

- **باشە سوریا تەنها مەشقی پێدەکردن؟**

- نا چەکێکی زۆریشی بەیەکێتی دەدا. بێگومان پارەش.

- **تۆ مایتەوە لەوێ؟**

- من خێزانی شەهید د. خالید و پێنج منداڵی کە گەورەکەیان پۆلی شەشی سەرەتایی بوو من سەرپەرشتیم دەکردن، چونکە خزمی خۆم بوو، کوڕی پورم بوو. مامجەلال گوتی دەبی سەرپەرشتیان بکەیت. من نزیکەی حەوت ساڵ لەگەڵیان مامەوە، ئیشی مەکتەبی یەکێتیشم دەکرد وەک ئەندامی مەکتەب. ئەوکاتە من لێپرسراوی چارەسەری نەخۆش و بریندااران بووم کە لەکوردستانەوە دەهاتن، هەر لەدابینکردنی شوێن بگرە تا چارەسەر. نەک بۆ ئەوان، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەی دەهاتن. مامجەلال نوسراوێکی بۆمن کردبوو بەناوی یەکێتیەوە من سەرپشک بووم بۆ دابینکردنی شوێن بۆ ئەوانەی روویان لەدیمەشق دەکرد، تەنانەت من یەکەم خانوو کە بۆ عەبدوللا ئۆجالان من بۆم بەکرێگرت.

- **مانای ئەوەیە تەنها هاوکاری کوردانی عیراقتان نەدەکرد؟**

- ئەوکاتە بوو کە پەکەکە هێدی هێدی پەیدا دەبوون، یەکێتی هاوکاریی دەکردن. ئەوانیش ڕێگەیان بۆئێمە پاکدەکردەوە واتە ڕێپێشاندەربوون، ساڵی 1977 - 1978 ئەوانە ئاسانکارییان بۆ دەکردین بەوپێیەی ئەوان کوردی تورکیان. کۆمەڵێکیان لەگەڵ ئێمە شەهید بوون، بیرمە کوڕێکیان لەگەڵ بوو شەهید بوو ناوی موحتەرەم بوو، کوڕێکی تا بڵێی قۆزو موحتەرەم بوو. ئەوکاتە پەکەکە و ئاڵای رزگاریی پەیدا بوو، ئێمە هاوکاریی ئەوانیشمان کرد .

- **حکومەتی سوریا هاوکاریی دەکردن؟**

- سەرەتا هاوکاریی نەدەکردن، دواتر پەیوەندیان دروستکردو حکومەت دەستیکرد بەهاوکاریکردنیان.

- **تۆ تاکەی لەدیمەشق مایتەوە؟**

- من تا ساڵی 1984 لەدیمەشق مامەوە. کە گفتوگۆی نێوان یەکێتی و حکومەت دەستی پێکرد، کاک فەرەیدون عەبدولقادر هاتە ئەڵمانیا لێرەش د. فوئادو دارای شێخ نوری چوونە ئەوێ. هەر لەوماوەیە خەڵکێکی زۆریش هاتە دیمەشق لەوانە دارای شێخ نوری، ئاوات عەبدولغەفور، هەروەک عەبدورەزاق فەیلی ئەوە بیرم چوو ئەویش لەسەرەتاوە لێرەبوو، سەربەست بامەڕنی..تد ئەوانە هەموو لێرە بوون.

د. فوئادو دارۆی شێخ نوری چوونە ئەڵمانیا لەوێ فەرەیدون عەبدولقادریان بینیبوو، فەرەیدون وتبوی ئێمە گفتوگۆ دەکەین لەگەڵ حکومەتی عیراق، کە گفتوگۆ دەکەین دیارە حکومەتی عیراق یەکێک لەو مەرجانە پچڕاندنی پەیوەندی بوو لەگەڵ سوریا. ئەمە راستەوخۆ نەبوو بەڵام ئەوە ماناکەی بوو. کە هاتنەوە بۆ دیمەشق، کۆبونەوەیەکیان پێکردین لەو کۆبونەوەیەدا کاک عەبدورەزاق فەیلی و ئاوات عەبدولغەفور، نەرمین عوسمان، نازەنین عوسمان، د. بەیان، ئاراس شێخ جەنگی، ئەسکەندەر عەقراویی، سەربەست بامەڕنی.. تد بەشداربوین. کاک د. فوئاد قسەیکردو وتی ئێمە لەگەڵ حکومەتی عیراق مفاوەزاتمان هەیە، بۆیە نوسینگەی یەکێتیی لەدیمەشق چۆل دەکەین. لەکۆبونەوەکە تەنها من و ئەسکەندەر بڕیارماندا بگەڕێینەوە کوردستان، ئەوانی دیکە هەریەکە چارەسەرێکی دیکەی هەڵبژارد. زۆربەیان بڕیاریاندا بچنە ئەوروپا .

- **مامجەلال نێوانگیریی نێوان ئۆجالان و ئۆزالی کرد**
- **نامەیەکی سنور مامجەلال و حافز ئەسەدی بەیەکتر ناساند**
- **پەیوەندی نێوان یەکێتی و سوریا دوای حافز ئەسەد وەکجاران نەما**

- **له 1984 ئێوه نوسینگەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانتان داخست؟**

لەکۆبونەوەکەدا د. فوئاد مەعسوم قسەیکرد وتی لەگەڵ حکومەتی عیراقی مفاوەزاتمان هەیە، لەبەرئەوە مەکتەبی یەکێتیی لێرە چۆڵدەکەین. بەرەسمی نەیوت دایدەخەین وتی؛ ئێرە چۆڵدەکەین. هەر لە کۆبوونەوەکەدا د. فوئاد وتی؛ هەرکەسەو بڕیاری خۆی بدات کە چی دەکات؟ لەکۆبوونەوەکە 10 کەس بۆ 15 کەس دەبوون، بەس منو ئەسکەندەر بڕیارماندا بگەڕێینەوە بۆ کوردستان. ئەوانی دیکە وتیان ئێمە ناگەڕێینەوە. هەموویان ڕۆشتن چوون بۆ ئەوروپا،ماڵی دارای شێخ نووری، عەبدولڕەزاق فەیلی، سەربەست بامەرنی، ئاوات عەبدولغەفوور، هەموویان چوون بۆ ئەوروپا، چونکە ڕێگەی ڕۆشتن زۆر ئاسان بوو. ئەسکەندەریش گەڕایەوە قامیشلی، خۆیی‌و گروپەکەی بەسەیارەیەکی عەسکەری لێیان دابوو چووبوونە سەر سنوور، سەیارەکەیان لەوێ بەجێهێشتبوو خۆیان پەڕیبوونەوە ئەوبەر. ئاگاداری حکومەتی عیراق کرابوو کە مەفەرەزەیەک لەم ناوچەیەن‌و ڕێگەیان لێبگرن، خۆیان تەسلیمی حکومەتی عیراقی کردووە، نەک بڵێی خۆیان داوە بەدەستەوە، بەڵکو بەرێککەوتن گواستیاننەوە، دواتر بردیانن بۆ لای یەکێتیی بۆ ئەوەی ڕێگەیان لێنەگرن کە ئەو مەفرەزەیە هاتووە.

- **ڕێکەوتنەکە لە نێوان کێ‌و کێدا بوو؟**

- ڕێکەوتنەکە لە نێوان حکومەتی عیراقی‌و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە. ئەمە لەساڵی 1984 کە پیان وتوون مەفرەزەیەکی ئێمە با بپەڕێتەوە ڕێگەیان لێمەگرن. کەس لێرە نەمایەوە هەموویان ڕۆشتن بەتەنها من مامەوە. ماڵی د. فوئاد، وماڵی شەهید د. خالید لێرەماونەتەوە وابزانم ماڵی علی حەوێزیش ژن‌و منداڵەکەی لێرەبوو لێرەمانەوە. لەبەرئەوەی لەماوەی ئەو کاتەی کەلێرەبووم دووجار توشی ڕووداوی سەیارەبووم قاچم پلاتینی تێدابوو، نەمدەتوانی بە بەپێ بگەڕێمەوە. بڕیاریاندا کە من دەتوانم لەڕێگەی ئەوروپاوە بڕۆمەوە. لەگەڵ ئەحمەد بامەڕنی ڕێککەوتین، ئەوکاتە ئەحمەد بامەڕنی لێپرسراوی یەکێتیی بوو لەفەڕەنسا، فیزەیەکی بۆمن وەرگرت چووم

بۆ فەرەنسا. ماوەیەک لەفەرەنسا مامەوە دواتر لەوێوە بەتەیارە چوومەوە بەغداد، لەبەغدادیشەوە چوومەوە کوردستان. چوومەوە لای جەماعەتی خۆمان هەر لەمەتار لەوێ بوون، کاک موستەفا چاوڕەش‌و ئەوان لەوێ بوون پێشوازییان لێکرین. بڕیار وابوو من و حەمە تۆفیق پێکەوە بیینەوە کە ئەویش لە فەڕەنسابوو، بەڵام ئەو سەفەرەکەی خۆی دواخست بۆ چەند ڕۆژێک، ئوتێلێکیان دانابوو لەوێ بمێنینەوە، لە ئوتێل رەشید ماینەوە دواتر هەر بەئۆتۆمۆبێل ئێمەیان گواستەوە بۆ کەرکوک، لەکەرکوک لیژنەیەک هەبوو پێیان دەگوت لیژنەی موشتەرەکات لەنێوان حکومەتی عیراق‌و یەکێتی. حاکم عومەر عەزیز ئەو سەرۆکی بوو، دەبوایە بچیت بۆلای ئەو وەرەقەیەکت بۆ بکات، کە ئەو وەرەقەی پێبدایتایە لەهیچ سەیتەرییەکی حکومەت رایان نەدەگرتیت.

- **چەند مایتەوە لە شاخ؟**

• من کە چوومەوە ئەوێ مانگی نیسانی 1984 بوو لەوێ مامەوە. مام جەلال ئەوکاتە بارەگاکەی لە گوندێک بوو لەلای بنگرد، چووم بۆلای لەوێ، دوای ئەوە بەماوەی مانگێک دوو مانگ ئیتفاقکرا کە بارەگاکان و مەکتەب سیاسیی بچێتە سووررداش. کاتێک مەکتەب سیاسیی دانرا لەوێ من‌و بەختیار ساڵح رەفعەت‌و برادەرێکی دیکەش ناوەکەیم بیرنەماوە دەرچووی حقوق بوو، ئێمە کراینە ئیدارەی مەکتەب سیاسیی. دوای ئەوە مفاوەزاتەکە دەستی پێکرد، چەند جارێک مام جەلال چووە بەغداو ئەوان دەهاتن‌و  دوایینجار جار عیزەت دووری هات بۆسورداش، دوای ئەوە مام جەلال چوو بۆ بەغداد ماوەی مانگێک لەوێ مایەوە بۆ ئەوەی رێکەوتننامەکە ئیمزا بکەن، دواتر رێکەوتن نامەکە ئیمزانەکراو هەوڵەکان هێناو ئیمزانەکرا.  ئێمە لە مانگی پێنجەوە لە سورداش بووین هەتاوەکو نزیکەی مانگی 9و 10 لەوێ ماینەوە، کە مفاوەزاتەکە تێکچوو بنکەکانمان گواستەوە چووین لە بنگردو ئاوەژێ‌و ئەو ناوچانە زستانەکەمان لەوێ بەڕێکرد، تا گەشتینە بەهار. لەو ماوەیە هەر پەیوەندییەک مابوو وەفد دەهات وەفد دەڕۆشت، قاسملۆ دەهات‌و دەچوو لەو نێوانەدا، هێشتا شەڕ دەستی پێنەکردبۆوە. لەوماوەیەدابوو من‌و هێرۆخان سەفەرێکمان کرد چووینە هەولێر نزیکەی

10 بۆ 15 رۆژ لەهەولێر بووین، لەماڵی دکتۆره عەتیه ماینەوە. هێرۆخان کەمێک نەخۆش بوو. ئەگەر هەڵە نەبم لەنیوەی مانگی 5 بوو بەهارێکی خۆشبوو، یەکەم جار فرۆکە هات ئێمەی بۆمبارانکرد، ئێوارەیەک بوو دەورووبەری کاتژمێر 2:30 بۆ 3 ی دوانیوەڕۆ بوو، فرۆکەیەک هاتو بنکەکانی ئیمەی بۆمبارانکرد، مەکتەب سیاسیو مەکتەب عەسکەریو کۆمەڵێک خەڵک شەهیدبوون. دواتر بۆ شەو تۆپبارانی کردین ئەو رۆژەبوو کە حەمەی فەرەج تۆپێکی بەرکەوتو قاچێکیان بڕییەوە چەندین شەهیدی دیکەمان هەبوو، لەوەوە تۆپباران دەستیپێکرد. لەماوەی ئەو تۆپبارانە قاسملۆ هاتەوە، بەڵام دیاربوو نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێک.

گەیشتینە پایز بڕیاردرا ئەو ناوچەیە چۆڵبکرێت، بنکەکان گوێزرایەوە بۆ یاخسەمەرو بنگردوو ئەو ناوچانە. ئێمە وەکو ئیدارەی مکتەب سیاسیی دوامان لە مامجەلال کرد وتمان: رات چییە ئێمە لێرەبمێنینەوە؟، وتی کێشە نییە دەتوانن لێرە بمێننەوە. منو بەختیاری ساڵح رەفعەت لەوێ ماینەوە. رۆژانە فرۆکە دەهات بۆمبابارانی دەکردین هەتا وەکو رۆژێک بۆمبێکی لەپشت خانووەکەی ئێمەدا، لەدوای ئەوە مام جەلال فەرمانیکرد وتی چۆڵی بکەن، چۆڵمانکرد چووین بۆ یاخسەمەر .

وردە وردە دنیا سارد دەبوو بەرەو زستان دەچوین، کۆتایی 1985 بوو، رۆژێک مام جەلال بانگی کردم، وتی وەرە بچۆرەوە بۆ سوریاو نامەیەکیشی پێدام بۆ عەبدولجەبار کوبێسی لیپرسراوی بەعسییەکان بوو لێرە. ئەوکات ئێمە جەبهەمان هەبوو جەبهەی وەتەنیو جەبهەی بەعسییە گوایە چەپن. نامەیەکی پێدام وتی بڕۆ بۆ ئەوێ نامەکەم هێناو پێمدا. من ئیدی لەدیمەشق مامەوە. ئەو ماڵەی مام جەلال ئەوکات حجزکرابوو هەمان ماڵی ئێستابوو چونکە خوشکەکانی هێرۆخانی تێدابوو، کە دواتر چوونە دەرەوەی وڵاتو خانووەکەیان بەجێهێشت بوو، حکومەتیش حجزی کردبوو. دواتر خانووەکەیان دایەوە بەمن، وتیان ئەمە خانووەکەیە، دوای ئەوە ماوەی دوو سێ مانگی پێچوو، کاک نەوشیروانو د.خەسرەو وکەمال خۆشناو هاتنە ئێرە واتە هاتنە دیمەشق، لێرە ماوەیەکی باش مانەوە، بڕیاریاندا جارێکیتر کە مەکتەبی سوریا بکرێتەوە.

- **برادەران بڕیاریاندا بکرێتەوە؟**

• حکومەتی سوریا رازیی بوو، کاتی خۆشی کە مەکتەب داخرا، حکومەت نەیگوت دایبخەن. من دوایین کەس لێرە ڕۆیشتم کلیلی مەکتەب لەلای من بوو. چووم بۆ دائیرەی ئەمنی خاریجی ئەوکات عەمید عومەر لەوێبوو، وتم؛ ئەو برادەرانە هەمووی رۆشتن منیش دەڕۆم، وتی؛ دەتوانیت لێرە بمێنیتەوەو پەیوەندییەکمان پێکەوە دەمێنێت. من کلیلەکەم تەسلیمی خاوەن خانووەکە کردەوە، تەسفیەی شتەکانمان کرد/ ئەوکات شوعلە لێرە دەردەچوو هەموویم تەسلیم کردوو منیش سواری تەیارە بووم‌و رۆشتم.

کەهاتمەوە بۆئێرە ساڵی 1986 برادەران هاتن بڕیاریاندا لێرە مەکتەب بکەنەوە یەکەم لێپرسراوی مەکتەب دوای ئەوە د. خەسرەو خاڵ بوو. لێرە مەکتەبمان کردەوە خەسرەو خاڵ بوو، من بووم، کەمال خۆشناویش دەهات‌و دەچوو. دوایی خەسرەو خاڵ بەنەخۆشی کۆچی دوایکرد. لەوماوەیەدا مام جەلال هات بۆئێرە کۆتای 1986 ماوەیەک لێرە مایەوە ماڵەکەمان بۆ ئاوەدانکردەوە هێرۆخانیشی لەگەڵ بوو، بۆماوەی نزیکەی مانگێک لێرەمانەوە. ئێمە بنکەکانمان دامەزراد دوو خانوومان گرتبوو لە رۆژهەڵاتی روکنەدین (گەڕەکی کوردان) ماڵی د.خەسرەویشی لێبوو خانوویەکی دیکەشمان گرتبوو. لەوماوەیەدا من ژنم هێنا.

مام جەلال هات بۆئێرە لەگەڵ هێرۆخان ماوەیەک لێرە مانەوەو دواتر رۆشتنەوە کە رۆشتنەوە مام جەلال بانگی کردم وتی؛ ئەو کلیلی ماڵەکە با لای تۆ بێت، تۆ لەخانووی کرێێت، ئەو خانووە چۆڵبکەو وەرە ئەم خانووەوە. منیش چوومە ناو خانووەکەی مام جەلال. هەرجارێک دەهاتەوە دەهاتەوەلامان ئێمەش لەوێ بووین لەگەڵ دایکی رەوەند ئەوکات تەنها منداڵێکمان هەبوو (رێواس)، هێشتا (رەوەند)مان نەبوو، ئەمە درێژەی کێشا هەتاوەکو ساڵی 1991_ 1992 .

- **لەنێوان ساڵانی 1986 تاوەکو ساڵی 1992 هاوکاری سوریا بۆ یەکێتی چۆن بوو؟ واتا هاوکاری یەکێتییان دەکرد؟**

- هاوکاری ئێرە بۆیەکێی وەکو خۆی بوو هەروەکو جاران هاوکارییەکانیان دەسپێکردەوە.

- **هاوکارییەکان چی بوو؟**

- هاوکاری پارەدانیان بەیەکێتی بەردەوام بوو، یان نەخۆش‌و بریندار کەدەهاتن چارەسەریان دەکردن لە نەخۆشخانەی حکومی لەسەر خەرجی حکومەت. کەسێک بیویستایە بچێت دەرەوەی وڵات، یارمەتییان دەداین، پاسپۆرتی سووریان بۆدەکرد یان لەمەتار دەربازیاندەکرد بەشێوەیەکی نهێنی.

- **مامجەلال کە دەهاتە ئێرە بۆ نموونە قیاداتی بەعسی سوریا کێی دەبینی؟**

- هەمووی هەر لە حافز ئەسەدەوە تا هەموو ئەوانی دیکە.

- **پەیوەندی نێوان مام جەلال‌و حافز ئەسەد چۆن بوو؟**

- پەوەندی نێوان حافز ئەسەدو مامجەلال پەیوەندییەکی زۆر کۆن بوو، لە شەستەکان یەکتری دەناسن، مام جەلال دەڵێت: بۆیەکەم جار من کە حافز ئەسەدم بینی لەساڵی لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو بووە، ئەوکاتە حافز ئەسەد سەرۆک ئەرکان بووە، مام جەلال لەبەغداوە دەیویست بۆ سوریا بێت. وتی ئەوکاتە سەیارەی عیراقی ئێمەی دەهێنایە سەر سنوور لەوێوە دەگەڕایەوە نەدەچووە سووریاوە. لەوێوە سەیارەی سوری هەبوو دەیهێنایتە دیمەشق. وتی کاتێک لەسەر سنوور دابەزین ئێمەش چووین بۆ مەرکەز شورتەکە وتیان جەلال تاڵەبانی تۆ داوات لەسەرە ناتوانیت بچیتە سووریاوە سەیارەش نییە بگەڕێتەوە. ئیدی لەولای مەرکەزەکەوە ژوورێکیان دروستکردبوو بەحەسیر، کابرایەک بوو چایەو قاوەی لێدەفرۆشت، منیش چووم بۆخۆم لەوێ دانیشتم. سەیارەیەکی سوریم بینی ئەوەی نەفەر دەبات، چووم بۆلای شۆفێرەکە پێم وت؛ ئەگەر نامەیەکت پێبدەم دەیگەیەنیت؟ وتبوی بۆکێ؟ وتبوی بۆ فڵان. وەرەقە نەبوو لەسەر وەرەقەی جگەرە سێ چوار وشەم نووسی بۆ حافز ئەسەد. کابرا هیچ دەسکاری نەکردبوو رێک چووبوو بۆلای سەرۆک ئەرکان‌و نامەکەی

گەیاندبووە حافز ئەسەد. مام جەلال وتی؛ شەو سەعات 1 شەو بوو من بۆخۆم لەبن کەپرەک راکشابووم وتی بینیم چەند سەیارەیەک هاتن چوونە مەرکەزی پۆلیسەکەوە لە بەرپرسەکەیان پرسی: جەلال تاڵەبانی لەکوێیە؟ بەرپرسی پۆلیسەکەش وتبوی من جەلال تاڵەبانی ناناسم جەلال تاڵەبانی کێیە؟ وتی: من لەبن کەپرەکە هاتمەدەرەوە وتم منم. چونکە خۆی ناوی جەلال حسامەدین نووریە بەرپرسی بنکەکە نەی دەزانی کە جەلال تاڵەبانی کێیە. مام جەلال وتی؛ بینیم سەیارەیەکی تایبەتی ناردووە دوو سەیارەی حمایە لەگەڵی سواری سەیارەکەبووم بەیانی بووکە گەیشتمە دیمەشق، وتی؛ حافز ئەسەد هەر لەشوێنەکەی خۆی بوو، بەو بەیانییە کاتژمێر 4ی بەیانی پێشوازی لێکردم وتی لەوکاتەوە بوویەنە هاورێ.

- **تۆلەگەڵی نەدەچوویتە لای حافز ئەسەد؟**

- لەگەڵی نەچوم، کەسی نەدەبرد بەتەنها بۆخۆی دەچوو .

- **سەرکردەکانی بەعسی سوری زۆربەیان هاورێی بوون؟**

- نەخێر سەرکردەکانی بەعسی سوری نا، سەرکردەکانی بەعسی عیراقی هاورێی بوون. بەعسی عێراقی هەبوو سەرکردایەتی قەومی هەبوو ئێستا نەماوە، سەرکردایەتی قەومی هەبوو لەناو سەرکردایەتی قەومی، حزبی بەعسی عیراقی بارەگایان هەبوو، پێیان دەوت: قیادەی قوتری عیراق. مەسەلەن سودانی هەبوو، میسری هەبوو، تونسی هەبوو، جەزائیری هەبوو، لەهەرکوێ حزبی بەعس هەبوو لەوناو ئەو قیادەی قەومییە مقەرێکیان هەبوو، عەبدوڵلا ئەحمەر سەرۆکیان بوو. مامجەلال پەیوەندی لەگەڵ عەبدوڵلا ئەحمەر زۆر باش بوو. جێگری ئەمینداری گشتیی یاریدەدەر عەبدوڵلا ئەحمەر بوو، حافز ئەسەد ئەمین عام بوو، عەبدوڵلا ئەحمەر جێگرەکەی بوو، بەس لەگەڵ سەرکردایەتییەکانی دیکە ئاگادارنیم پەیوەندی باش بووبێت یان نا.

**- لەونێوانەدا لە کۆتایی هەشتاکانو سەرەتای نەوەدەکان ئێوە هاوکاری کوردەکانی سوریاتان دەکرد؟**

- لەگەڵ حزبە کوردیەکانی سووری نەخێر. کوردی سووریا هەمووی بۆخۆیان پەیوەندیان لەگەڵ حکومەت هەبوو. پەکەکە ئێمە پەیوەندمان بۆ دروستکردن لەگەڵ حکومەتی سووریا، عەبدوڵڵا ئۆجەلان کەهاتە ئێرە لەگەڵ جەمیل بایکو دوو کەسی دیکەبوون.

**- عەبدوڵڵا ئۆجەلان کەی هات بۆئێرە؟**

- ساڵی 1979 بوو هاتن بۆ ئێرە لەگەڵ جەمیل بایک و کوڕێکی دیکەی لەگەڵ بوو ناوی ئەحمەد بوو کوڕێکی باڵابەرزبوو، هەموو جارێک لێی دەپرسم ئێستا لە ئەوروپایە. لەناو بەفری لەقەندیل هەردوو قاچی بڕایەوە. کوڕێکی دیکەشیان لەگەڵ بوو ئەوم بیرنایە، هاتن ئێمە خانوویەکمان هەبوو لە(بەرامکە) هەر برادەرێک بهاتایە لەوێ دادەبەزی. ئەوماوەیە کە ئێستا باسی دەکەم شازاد سائیب لێرە بەرپرس بوو، مەکتەبمان نەبوو بەس ئەو سەرپەرشتی دەکرد. شازاد سائیب لەو خانووەدابوو، بەرەحمەت بێت کەمال فوئاد لەوێ بوو، عەبدوڵڵا ئۆجەلانیش هات. ماوەیەک لەوێ بوو، لەدواپید من چووم عەبدوڵڵا ئۆجەلانم بردە ئوتێل (رانی). لەو ماوەیەدا مام جەلال گەڕایەوە، رۆژێک بانگی کردم وتی؛ بچۆ خانوویەک بگرە بۆ ئەو برادەرانە تۆ دەسەڵاتت هەیە خانوو بگریت. منیش خانویەکم بۆ گرتن لە (مەززێ) مانگی بە 4000 لیرە کرێیەکەش ئێمە دامان.

**- مام جەلال پێشتر عەبدوڵڵا ئۆجەلانی دەناسی؟**

- من نازانم پێشتر دەیناسی یاخود نا، بەڵام دیارە یەکترییان بینیوە یان ناوبانگی یەکترییان بیستووە. بووە ساڵی 1981 هەتا ساڵی 1984 یش لەو خانووە مانەوە. وردە وردە زیادیان دەکردو خەڵک دەهات بۆ لایان. ساڵی 1984 من ئێرەم بەجێهێشت

ئەوان لێرە مانەوە، کە هاتمەوە ئێرە من ساڵی 1986 چووم بۆ خانووە کە لەوێ نەمابوون. زۆر پرسیارمکرد، بەڵام نەمدۆزینەوە.

بیرم چوو ئەوە بڵێم ئێمە لەساڵی 1983 بڕیارماندا مەکتەب بکەینەوە، مەکتەبێکمان کردەوە بەڕەسمی خانوویەکمان گرت لە (ئەبو رومانە)، خانووەکە لەسەر ناوی من بوو. خانوویەکمان گرتو کردمان بە مقەڕ خانوویەکی گەورەبوو لەقاتی یەکەم، بوو سێ چوار ژووربوو، بۆ کۆبونەوە باش بوو، دوو ژووریشمان دانابوو بۆ نووستن، من بۆخۆم زۆربەی کات لە بارەگاکە بووم هەر میوانێکیش بهاتایە دەهات بۆئەوەێ لەوێ دەمایەوە. ماوەیەکی خۆش بوو دواتر لە ساڵی 1984 مفاوەزاتەکە هات ئەو خانووەشمان بە جێهێشت ئەوە یەکەم ماڵی ئێمە بووە. دواتر کە هاتینەوە مەقەڕێکی دیکەمان گرتن د. خەسرەو خاڵ بوو بە لێپرسراوی مەکتەب.

عەبدوڵڵا ئۆجەلانمان لێ ونبوویەوە، لەوماوەیەدا کە د. خەسرەو هات بۆئێرەو وردە وردە خۆمان کۆکردەوە. مام جەلال هات بۆ ئێرە دیارە مام جەلال لە حکومەتی سوری پرسیوە فلان کەس لە کوێیە؟ مام جەلال لە ئوتێل شام دابەزیبوو من لە دەرەوە بووم کە گەڕامەوە بۆ ئوتێل چوومە ژورێ بینیم عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەوێ دانیشتووە، لەوکاتەوە یەکترمان بینیوەوە پەیوەندییەکان زیادی کرد. د.خەسرەو لێپرسراوی مەکتەب بوو. دوای ئەویش کەمال خۆشناو هات، ئەویش ماوەیەک مایەوەو دواتر ڕۆیشت. دوای ئەویش دانا ئەحمەد مەجید هات، دواتر عادل موراد هات..هتد.

- **لەوماوەیەدا پەیوەندیتان لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان چۆن بوو؟**

• پەیوەندییەکی بەهێزمان لەگەڵ عەبدوڵڵا ئۆجەلان هەبوو، بەتایبەت من، هەرکەسێک لە عیراقەوە بهاتایە کوردی عیراقی لەڕێگەی ئێمەوە دەمانبرد بۆلای ئەوان، بۆ لای عەبدوڵڵا ئۆجەلان، یاخود کەسێک بهاتایە پەیوەندی بەئەوانەوە بکردایە پرسییان پێدەکردین دەیانگوت ئەم کەسە هاتووە ببینین نەیان نەیبینین. جارێک کوڕێک ناوی زوهێر بوو هات بۆلام وتی کەسێک هاتووە ناوی عەتا تاڵەبانی برای موکەڕەم تاڵەبانی دەیەوێت مفاوەزات بکات لە نێوان ئێمەو پارتی، منیش پێم وت باشە

مامۆستا کەریم ئەحمەد بەو کارە هەڵناستێت؟ وتی مامۆستا کەریم ئەحمەد قسەکانی ڕاست نییە، وتم مامۆستا کەریم ئەحمەد ڕاست نەکات عەتا تاڵەبانیش هەر ڕاست ناکات. مەبەستی من ئەوەبوو بڵێم قسەکەی ئەو ڕاست نییە.

- **زوهێر ئیشی چی بوو؟**

- سکرتێری بوو سەیارەکەشی بۆ لێدەخوڕی، لەبەرئەوە من ڕام نییە بیبینن، کابرایەکی باش نییە. جا هەر واش بوو عەتا تاڵەبانی کەسێکی قسە ڕاست نەبوو. وتم بەراورد دەکەی لە نێوانیان مامۆستا کەریم ئەحمەد! کە پیاوێکی ناسراو و کەسێکی ڕاست و مەعقولە پیاوێکی پیاوانەیە. وا ڕێک کەوت من ڕۆژیی دووەم چووم بۆلای عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە بارەگاکەی لەلای فڕۆکەخانەبوو، بینیم عەتا تاڵەبانی لەوێیە! هیچم نەوت چونکە ئەو عەتایەم چاک دەناسی لەبەرئەوەی ئامۆزای د.نوری تاڵەبانییە ناسیاوی چاکمان هەبوو زۆر چوومەتەماڵیان لە کفری. سەردەمەک بووە بەڕێوبەری ناحیەی کفری. لێرە مەبەستم پرسیان پێدەکردین .

- **ئەوان بارەگای زۆریان کردەوە؟**

- سێ چوار بارەگایان کردەوە، لە لوبنان بنکەی مەشقیان هەبوو، لێرەش هەیان بوو، پێنج شەش بارەگایان هەبوو. کوردێکی سوری زۆر لەدەوریان کۆبوویەوە، کوردی قامیشلی بەتایبەت، خەڵکی رووکنەدین کەم بوو چونکە ڕۆح و گیانی کوردایەتییان لاوازە بوونەتە شامی هەر بەناو کوردن کوردی نازانن. لە 1% کوردی دەزانن ماڵی ئالوسیا بەناوبانگترین خێزانی کوردن، بەڵام هیچیان کوردی نازانن کوڕەکانیشی کوردی نازانن، کوڕەکانی مەحمود ئالوسی کوردی نازانن.

- **ئەی ئەوانەی لە قامیشلۆ هاتوون؟**

- ئەوانەی لە قامیشلۆ هاتوون باشن، ئەوانەشی کوردن‌و تازە هاتوون، بەڵام ئەو بنەماڵانەی وەکو ئالوسی، ماڵی شەمدین ئاغا، ماڵی بۆزۆ، ئەوانە بە سەدەها ساڵە لێرەن، ئەوانەی زۆراڤا لەوانەیە تەمەنیا 30 بۆ 40 ساڵ ببێت.

**- لەدوای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، بزوتنەوەی چەکداریی کورد لە تورکیا بەهێز بوو، ئەوان لێرە نەبزوتن؟ مەبەستم کوردەکانی سوریایە کە لەگەڵ ئۆجەلان بوون؟**

- کوردی سوریا ئەوەی لە دەوری ئۆجەلان بوو بەڵێ بزوتنێکی باشیان هەبوو.

**- مام جەلال لەوماوەیە دەهاتە ئێرە بۆ مفاوەزاتی کوردو تورك؟**

- بەڵێ مام جەلال یەکەم مفاوەزات‌و شەڕەکەی راگرت زەمانی تورگۆت ئۆزال بوو ساڵی 1992. مام جەلال پێی هەستا بەو کارە.

**- کۆبوونەوە دروستبوو؟ مام جەلال ئامادەبێت لەگەڵیان؟ تورك و کورد؟**

- لەگەڵ تورک‌و کورد نەخێر.

**- تەنها پەیوەندی لەگەڵ دروستدەکردن؟**

- بەڵێ تەنها پەیوەندی و نێوانگیریی بۆ دروستکردن، چونکە لێرە لەگەڵ عەبدوڵلا ئۆجەلان کۆبۆوەو دواتر چوو لەگەڵ تورگۆت ئۆزال کۆبویەوەو گەیشتنە قەناعەتێک کە گفتوگۆ دەستپێبکەن، بەڵام ئەو رۆژەی کە کۆبوونەوەکەکرا من لەگەڵی نەبووم.

**- بێجگە لەیەکێتی لە دوای 1990 کێ مەکتەبی هەبوو؟**

- پارتی پێش 1990 مەکتەبی هەبوو. حزبی شوعی مەکتەبی هەبوو، حزبێکی تر هەبوو یەکێتیی دیموکراتیی کوردستانیی، عەلی سنجاری ئەو مەکتەبی هەبوو لێرە. عەرەبەکانیش هەیان بوو وەک حزبی دەعوە، ئاشورییەکان مەکتەبیان هەبوو لێرە.

- **لەدوای 1990 پەیوەندی یەکێتی سوریا گۆڕانکاری بەسەرداهات؟ چونکە قۆناغێکی نوێ هاتەپێش؟**

- پەیوەندی یەکێتی‌و سوریا هەرگیز لاواز نەبووە، بەس دوای مردنی حافز ئەسەد تەبیعی کز بوو، ئەو پەیوەندییە تایبەتییەی مام جەلال بێگومان رۆڵی سەرەکی هەبوو.

- **مەکتەبی یەکێتی دەوری ئەوەی بینیوە کە وەك و مەکتەبی هەرێم مامەڵە بکات مەسەلەن نوسراوی هەرێم پشتڕاستبکاتەوە یان جۆرێك لەپەیوەندی نێوان هەرێم یان ئیدارەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سوریا بگێڕێت؟**

- نەخێر وەک و هەرێم هیچ پەیوەندی بەوەوە نییە چونکە سوریا ئیعتراف بە هەرێم ناکات.

- **هۆکاری ئیعتیراف پێنەکردنەکە چییە؟**

- ئیعترافی پێ ناکات، چونکە تائێستا ئیعترافی بەهەرێم نەکردووە.

- **پێتوایە لەداهاتوودا سوریا ئیعتیراف بەهەرێم بکات وەك هەرێمێکی دەستوریی و مامەڵەی لەگەڵدا بکات؟**

- زەحمەتە جارێ.

- ئەو پیاوەی هەوڵی تیرۆرکردنی ئۆجالان دەستگیرکرا
- مامجەلال بۆ ئۆجالان؛ لە ئیتالیا نەجوڵێت و شەڕ راگرەو خۆپیشاندان بکەن

- **هۆکارەکە ئەوەیە کە لەسوریا کورد هەیەو هەرێم دەبێتە مەترسی لەسەر ئەوێ یان هۆکاری دیکە هەیە؟**

- نا مەسەلەکە حزبی بەعسە بڕوایان پێی نییە.

- **لەکاتی گرتنی ئۆجالان پەیوەندی کوردی تورکیا لەگەڵ سوریا رووی لەکزی کرد؟**

- بێگومان لاواز بوو.

- **کەسیان لێرە مانەوە؟**

- زۆر کەم هەندێک بەنهێنی مانەوە، هەندێکیشیان گیران. ژمارەیەک کادریان دەستگیرکرا ئەو کادرانە دوای ئەوەی ڕێکەوتنەکەیان کرد دەستگیرکران، مەبەستم ڕێککەوتنی تورکیاو سوریا، ئیدی عەبدوللا ئۆجالان ڕۆیشت. کۆمەڵێک کادریان بەنهێنی هاتبون و ئیشیان کردبوو،هەندێکیان لێ دەستگیرکرا. جا با پێت بڵێم من چۆن زانی مکە خەڵکیان لێ دەستگیرکراوە؟

برادەرێک هەبوو رەنگە تۆ ناوبانیگیت بیستبێت، (د. فوئاد ت) ئەو کابرایە دکتۆرێکی کورد بوو لە ئەلمانیا دەژیا ئامۆزای چەند ناسیاوێکی من بوو، بەڵام باوکی ئەو لەشێخ نەجم لەشێخ نەجمی عەشیرەتێکی لای خانەقین ئەو ناوەیە، ئەو فوئادە لە ئەلمانیا دکتۆر بوو، ژنەکەی خۆی کوشت، ژنێکی ئەلمانی هەبوو ژنەکەی کوشت !

- **نەهاتەوە ئێرە؟**

- نا نەهاتە ئێرە، ژنەکەی کوشت عەلائەساس مەوزوعی شەرەف، لە کوێش لەکوێ کوشتویەتی؟ لەسەر بەحر! چونەتە سەر بەحر و سەیران بە چەقۆ کوشتبوی. لە لێکۆڵینەوەدا کوڕێکی هەبوو کوڕەکەی دەڵێت ئەم چەقۆ هی ئێمەیە. دکتۆر فوئادیان گرت و ئیعترافی کرد. وتی؛ بەڵێ من کوشتومە. دکتۆر فوئادیان زیندان کرد لەئەڵمانیا. دواتر ئەڵمانەکان بەچی ڕێگایەک و چۆن ئازادیانکرد نازانم، بەڵام پێدەچوو موخابەراتی ئەڵمانیا ناسیبویان ئەو کێیە و چییە، خۆیشی کەسێکی زیرەک بوو، هەم بە پزیشک بوو، هەمیش بە دەمو زار بوو! ئەڵمانەکان تەجنیدی دەکەن و دەڵێن ئێمە بەرەڵات دەکەین بڕۆ بۆ عێراق لەوێ ئیشمان بۆبکە! ئیدی بەڕەڵای دەکەن و دێتەوە عێراق.

که هاتەوە عێراق چوو خۆی گەیاندبووە حکومەتی عیراق و سەدامی بینیبو! لای سەدام ئیعترافی کردبوو کە ئەڵمانەکان ئەویان ناردوە تا لەعیراق بۆ موخابەراتی ئەڵمانیا ئیش بکات. سەدامیش پێی وتبوو باشە تۆ موشتەرک بە لەبەینی هەردوو لادا واتە جاسوسی دووسەرە، خەستەخانەیەکیان بۆ کردەوەو هەمووشتێکییان خستەبەر دەست. ژنێکیشی هێنا بەناوی (د. وەفا).

ڕێک وپێک ماوەیەک لەبەغدا بوو، حکومەت د. فوئاد دەینێرێت بۆلای (مام جەلال) تا مامجەلال تیرۆر بکات، دەچێتە لای مام جەلال لەوێش ئیعتراف دەکات و دەڵێت سەدام ناردوومی تۆ تیرۆر بکەم و دەڵێت سەدام منی ناردوە تۆ بکوژم!! ئەوکاتە لە ئاوەژێ بوو، فوئاد ماوەیەک لەوێ مایەوە دوای ئەوە فوئاد ڕۆیشتەوە بەغدا. دیارە پێی وتبون کارەکەم پێنەکراوە .

ڕۆژی نەورۆزی ساڵی 1984 لە سورداش نەورۆزێکی گەورە بوو، من خۆم لەوێ بوم (فوئاد ت) هات بۆ ئەوێ کامێرایەکیشی هێنابوو وێنەی دەگرت، لەوێ کامیراکەیان لێ سەند، بیرمە مولازم عومەر ئەمری کرد، وتی بڕۆن ئەو کامێرەی لێ بستێنن. هێنایان و دوایێ کە نەورۆزەکە تەواو بوو هەموو لەماڵی مولازم عومەر دانیشتبووین، مەوزوع کرایەوە مام جلال وتی بەڕەڵای بکەن، بابڕوات فلیمەکەی لێ بسڕەنەوە. مام وتی چونکە ئێستا بیگرم سبەینێ 100 تاڵەبانیی دێنن واستە دەکەن و دەڵێن ئازادی بکە، بۆیە با بڕوات و پێویست ناکات .

ساڵی 1987 بۆ 1988 بەیانیەکی زوو کات ژمێر 7ی بەیانی زەنگی تەلەفون لێی دا، وتم بەڵێ جەنابت کێی؟ وتی من سەلاحی شێخ شەرەفم!! دوای هەواڵ پرسین، وتم ئەوە لەکوێوە قسەدەکەیت؟ وتی لە ئوردنەوە. وتم خێرە کاک سەلاح چی قەوماوە؟ وتی هیچ نییە دڵت هیچ نەکات مامجەلال لەسوریایە؟ وتم بەڵێ لە سوریایە. وتی پێی بڵێ سبەینێ (فوئاد ت) دێت بۆلای. منیش وتم (فوئاد ت) چی دەکات و دێت بۆ ئەوێ؟ وتم پێی ناڵێم! وتم کاک سەلاح چیە خێرە؟ وتی من سەلاح نیم، من (فوئاد ت) وتم باشە بۆ دەڵێت سەلاح؟ وتی ئەوە نهێنیە لەنێوان من و مامجەلال. وتی بڵێی سەلاح شێخ شەرەف یەعنی (فوئاد ت)، خۆیشی بەدرۆ خستەوە .

ئەوکاتە هێرۆ خان و مام جەلال بەسەفەر هاتبونەوە بۆ ئێرە. دوای تۆزێک چوم بۆ ماڵی مام، مام جەلال دانشتبوو لەگەڵ هێرۆ خان نانی بەیانیان دەخوارد، هیوای شێخ جەنگیم لەگەڵ خۆم برد، هیوا لێرە بوو، لەنوسینگە دەخەوت. هێرۆ خانم بانگ کردە مەتبەخ پێم وت هێرۆ خان حاڵ ومەسەلەیەکی واهەیە، وتی باسی مەکە لای مام، خۆم پێی دەڵێم. هێرۆخان پێی وت پێی نەوت نازانم، بەڵام لەهەمان ڕۆژ هاتبو بۆ سوریا ئۆتۆمبێلێکی عێراقی، جۆری شۆفرۆلێتە کۆنەکان، کە دێتە سنوری دەیگرن، کە دەیگرن ئامێری پشکنینی دڵ و جۆرەها ئامێرو کەلوپەل و پارەیەکی زۆری پێیە، نزیکەی 25000 جونەیهی ئوستەرلینی و دۆلاری پێبووە؟ لەگەڵ حەفتا هەزار دیناری عیراقیی کە ئەوکاتە زۆر زۆری دەکرد .

کە دەستگیری دەکەن دەڵێن بۆچی هاتویت؟ دەڵێت من هاتوم بۆ زیارەتی جەلال تاڵەبانی!! ئیدی دەیگرن دەیخەنە بەندیخانەو دیارە خەبەری مام جەلال دەدەن تەحقیقی لێ دەکەن .

حەفتەیەک دە ڕۆژی پێچوو، مامجەلال دەیویست سەفەر بکات، نیوەڕۆ لەکاتی نانخواردن من و هێرۆ خان و مامجەلال و هیوای شێخ جەنگی دانیشتبوین، نانمان دەخوارد بەبیرمە دۆڵمەمان دەخوارد. مام جەلال وتی هێرۆ پێم وتن حکومەت ئەگەر فوئادتان لەبەر من گرتوە، بەرەڵایبکەن .

دووساڵ یان زیاتری بەسەردا تێپەڕی بەر لەجەژنی وابزانم 1990 بوو، ڕۆژێک تەلەفونیان لە موخابەراتی عامە بۆ کردم وتیان داوات دەکەن، چووم بۆلای لیوا حەسەن کە لێپرسراوی موخابەراتی عەسکەرییە وتیان دەمانەوێت فوئاد بەرەڵا بکەین بەس دەڵێت من ناڕۆمە دەرەوە دەبێ ئیلا عەبدورەزاق بێت ئەگینا ناڕۆم.

- **مەبەستی تۆ دەبێ بچیبیت؟**

• بەڵێ بەڵێ. پێی دەچێت پێشتر چەند جارێک بەرەڵایان کردبێت و دواتر چاودێریان کردووەو گرتویانەتەوە، تا بزانن کێ دەبینێت و چی دەکات، بەڵام ئەم بڕیاریاندابوو ئازادی بکەن و نەیگرنەوە. بۆیە ئەویش متمانەی نەبوو وتبوی دەبێ فڵان بێت وەرمگرێت لە بەندیخانە. منیش بڕێک پارەم پێداو ئوتێلم بۆی گرت و بردمانە

خەستەخانە پشکنینمان بۆی کردود دواتر ژنەکەی هات و دیاربوو رەگەزنامەی نەمساویشی هەبوو چووە سەفارەت و پاسپۆرتیان بۆ دروستکردوو چونە ئەوروپا، وابزانم چوونە بریتانیا چونکە ژنەکەی لەبەریتانیا بوو، دواتر فوئادمان ونکرد وابزانم هاتەوە کوردستان و کوژرا، بەڵام ووردەکاریی و زانیارییم نییە لەسەری.

جا بێینەوە سەر مەسەلەکەی خۆمان، ئەوەبوو کە چووم فوئاد ئازاد بکەم وتم ئەوە لەکوێ زیندانی بووی، وتی من لەگەڵ وتی لە (تەدمور) لەگەڵ کادرانی پەکەکە زیندان بووم. بەوە زانیم فوئاد بۆچی هاتووە بۆ سوریا! بۆم دەرکەوت کە حکومەتی عێراق و تورکیا ڕێککەوتوون فوئادیان ناردوە عەبدوڵا ئۆجالان بکوژێت.

- **بەڵام چۆن؟**

- فوئاد توانای هەبوو نەخۆشخانە بکاتەوە، پارەیەکی زۆریان پێدابوو نەخۆشخانە بکاتەوە بە خێرایی جەماعەتی پەکەکە چارەسەر بکات. وردە وردە خۆی لە عەبدوللا ئۆجالان نزیک بکاتەوەو ڕۆژێک دەرزیەکی لێ بدات و بیکوژێت! پێم وایە ئیعترافیکردبوو، بەڵام تائێستا ئەوە بڵاونەبوەتەوە .

- **باشە لەنێوان ساڵانی 1990 تا ساڵی 1998 پەیوەندی نێوان سوریاو پەکەکە زۆر باشبوو، ئەوان لێرە مەعەسکەری گەورەیان هەبوو؟**

- گەورەترین معەسکەریان هەبوو، بۆ مێژوو ڕاستیەکەی بڵێین عەبدوڵا ئۆجالان بەئاشکرا شتی نەدەکرد، هەر بەنهێنی دەیکرد.

- **کەی دەنگوباسی ڕۆیشتنی ئۆجالان لەسوریا دەستی پێکرد؟**

- بەهار بوو ڕۆژێک هاتن وتیان عەبدوڵا ئۆجالان تۆو کەریم خانی برادۆستی دەعوەتکردوە. شەو چوینە لای، کەچوین بۆ ئەوێ لە ڤێلاکەی لە (دارییە) بینیمان پڕبوو لەخەڵک، ژمارەیەکی زۆر خەڵک لەوێ بوون، وەکو ئاهەنگ بکەن گۆرانی و مۆسیقا هەبوو، ئێمە دانیشتین و عەبدوڵا ئۆجالان هات لە نێوان من و کەریم خان دانیشت، دوای دەستی بەقسەکردن کرد. یەکەمجاربوو ببینم بەئاشکرا ئیشبکات. دوای ئەوە بەماوەیەک دەرچوو کە تورکیا داوای کردووە کە دەبێت عەبدوڵا ئۆجالان لە

سوریا نەمێنێت و هێزیان کۆکردەوەو هەڕەشەیان کردبوو. هەر بەهار بوو پێش ئەوەی عەبدوڵا ئۆجالان بڕوات بە 15 بۆ20 ڕۆژ، من و ئەحمەد بامەڕنی ئێستا ئەو ماوەو مەحمود عیدۆی ئێزیدی و دانای ئەحمەد مەجید، ئەو چوارە چوین بۆلای .

ڕۆژەکە یەک ڕەشەبای دەهات زۆر ناخۆش بوو، ئێمەی لەباخچەکە دانا دووجار وتم ئاپۆ بابچینە ژورەوە، وتی نا. خەڵکی کە دەبوایە پێی بڵێن سەرۆک، بەڵام بۆ من دەیگوت قەینا تۆ پێم بڵێ ئاپۆ، وتی نابێت تومەز دەیویست قسە بکات ژورەوەش دیارە ئەمین نەبوو. یەکەم جار بوو ڕەخنە لەسوریا بگرێت و کورد وتەنی زەمی سوریا بکات، منیش پێم وت ئاپۆ وەک و من سوریەکان بناسم، تەسلیمی تورکیات ناکەن، بەڵام لەوانەیە پێت بڵێن لێرە بڕۆ. وتی نا ئەمانە جێی سیقەنین (حافز ئەسەد) برای خۆی زیندان کرد، منیش وتم جا برای خۆی موئامەرەی لەسەرکرد، خۆ تۆ موئامەرەت لە حافز ئەسەد نەکردوە! دوای ئەوە بەرەئی ئێمە دەکەیت بڕۆ، وتی ئاخر بۆ کوێ بچم؟ من یەک لەو کەسانە بووم وتم بڕۆ بۆ کوردستان لەهەمان کاتدا دوو بەدیل واتە هاوشێوە بۆخۆت پەیدا بکە، خەڵک هەیە زۆر شکلیان لەتۆ دەچێت، هاوشێوەیەکت با لە ئەوروپا بێت، هاوشێوەیەکیشت با لەتورکیا بێت، بەڵام خۆت لەکوردستان بە. ئەو هاوشێوانە با هەر ماوە ماوە دەرکەون، لێدوان بدەن و ڤیدیۆ بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەوەی سەر لەتورکیا بشێوێنن. وتی کوردستان ئەمین نییە، وتم کوردستان بۆ ئەمین نییە؟ ئێمە ئەو چەند ساڵە لە کوردستانین مامجەلال هەموو حکومەتی عێراق بەدواوەیەتی نەیتوانیوە بیگرێت، وتی نا من 5 وڵاتی ئەوروپی پێشوازیم لێ دەکەن!! دەچم بۆ ئەوروپا ناوەکانی نەهێنا.

- **هەرئەوەندە بوو گفتوگۆکەتان؟**

- دریژەی کێشا، بەڵام ئەوە قسەی من بوو، دوای ئەوە من عەبدوڵا ئۆجالانم نەبینیوە، ماوەیەکی پێچوو وتیان عەبدوڵا ئۆجالان ڕۆشت لێرە چۆتە یۆنان، ئەو عومەر ئۆسێییەی لەگەڵ بوو، لەناو فرۆکەکە عومەر ئۆسێ لەگەڵ بوو، دوایی بۆی گێڕاینەوە وتی لە یۆنان نەیان هێشت لەناو فرۆکەکەش دابەزین، وتیان نابێت دابەزن لە فرۆکەکە! وتی ئێمە ترسمان لێنیشت هەر لەوێوە ڕادەستی تورکیامان بکەن! وتی

ئەوانەی کە دێن خزمەتگوزارەکانی فرۆکە 6 پاککەرەوەمان بەبارمتەگرت وتی وتمان هەر شتێک بکەن ئێمەش ئەوانە دەکوژین! لە کۆتایدا وتیان نا ئێمە ئەوەتان لەگەڵ ناکەین ڕێگاتان دەدەین بڕۆن. وتی پەیوەندی کرا بەڵام هیچ شوێنێک پێشوازی لێنەکردین! یەک لە فرۆکەخانەکانی ڕوسیا لەوێش کابرایەک هەیە ئەندام پەرلەمانی روسیاسە کوردە بە ئەسڵ ئەو پێشوازی لێکردین، بردینیە ماڵی خۆی. دوای لەوێ نەمایەوەو خۆی گەیاندە ئیتاڵیا، کە گەیشتە ئیتاڵیا مام جەلال لێرەبوو، مام جەلال بانگی منی کرد وتی برۆ بارەگای پەکەکە، بارەگایەکیان هەبوو وتی برۆ پێیان بڵێ یەکەم شت لە ئیتالیا نەجولێت، دوو بەیانێک دەرکات بڵێ من شەڕی چەکداریی ڕادەگرم تەنها خەباتی سیاسی دەکەم، سێ هەتا پێیان دەکرێت با لەهەموو دنیا خۆپیشاندان بکەن، کە خۆپیشاندانەکەیان کرد بەیانەکە دەرکەن، وتیشی لە ئیتاڵیا نەجولێت، بەڵام رۆیشت. ئەوە مەحمود عوسمان ماوە وتی ڕۆژێک پێشتر من ڕۆشتم بۆ ئەوێ وتی کە چووم بۆ لای، جا مەحمود عوسمان ناڵێت ئەمریکیەکان پێیان ووتوم، وتی پێم وتوە نەجولێت لە جێی خۆت، دوو ڕۆژی دیکە ئەمریکیەکان دێن دەتبینن، بەڵام بە قسەی نەکرد ڕۆشت.

سوریەکان پێیان وتبوو عەبدولحەلیم خەدام کە جێگری سەرۆک کۆمار بوو پێی وتبوو ئێمە گوشارێکی زۆرمان لەسەرە، تورک هێزێکی زۆری هێناوە، ئێمە ئێستا توانای ئەو شەڕەمان نییە بیکەین، لەبەر ئەوە ئەگەر تۆ بتوانیت 6 مانگ خۆت بشاریتەوە.

- **لە سوریا خۆی بشاریتەوە؟**

• لەهەر شوێنێک خۆی بشاریتەوەو دیار نەمێنیت. دیارە نەیانویستوە ئەوە قسەی خۆیانە، دوایی بۆمنیان گێڕاویەوە، عومەر ئۆسێش ئەو قسەیە دەزانێت دەتوانی لێی بپرسی .

- ماهیر وڵات ئەندامی سەرکردایەتی پەکەکە، پەیوەندی لەگەڵ تورکیا هەبوو
- لە تورکیا وێنەی من و ئۆجالانیان دابویە مامجەلال

- **پێتوایە ئەو پیلانگێڕییە لەسەر ئۆجالان کرا لەکوێوە سەرچاوەی گرتبوو؟**

- ئەوەی من بڕوام پێیەتی ئەوەیە کە موئامەرەکە (ماهر وڵات) بووە، ئەو کابرایە هەموو شتێکی تەرتیب کردبوو. دەمەوێ ئەو زانیارییە بڵێم کە کوڕێک هەبوو ناوی ماهر وڵات، ئەوە ئەندامێکی سەرکردایەتی پەکەکە بوو، ماهر وڵات ماوەیەکی زۆر بوو ونبوو، دیارە لە قەندیل بووە نازانم لە کوێ بوو. دوای ماوەیەک دەرکەوت نوێنەریانە روسیا. 6 مانگ پێش عەبدوڵا ئۆجالان ماهر وڵات لەوێ پەیدا بوو، کە چوم لەوێ ماهرم بینی چەند جار ماهرم بینیبوو. نزیکەی زیاتر لە 20 ساڵ من لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجالان پەیوەندیم هەبووە وێنەشمان بەیەکەوە گرتوە هەرگیز وێنەیەک بڵاونەکراتەوە، دواییینجار کەمن چوومەلای، ئەو ماهر وڵاتە لەوێ بوو. وێنەیەکی گرتین.

- **هی تۆو ئۆجالان؟**

- بەڵێ عەبدوڵا ئۆجالان. دوای ماوەیەکی کەم لەماوەی 20 ڕۆژ تا مانگێک، مام جەلال دەچێتە تورکیا، لەگەڵ سەرۆک ئەرکاتی سوپای تورکیا دادەنیشێت باسی مەوزوعی پەکەکە دەکەن، ئەو بەمامجەلال دەڵێ ئێوە یارمەتی پەکەکە دەدەن!!

- **کەی بوو؟**

- پێش گرتنی عەبدوڵا ئۆجالان بەچەند ماگێک، مام جەلال وتی وتومە وا نییە پەیوەندیمان لەگەڵی هەر نییە، وتی سەرۆک ئەرکان هەر وایکرد وێنەکەی تۆی دەرهێناو دای بەمن وتی ئەوە کێیە وتی وتومە ئەوە لە مێژە لەگەڵ ئێمە نەماوە دەرمانکردوە! ئەوە جاران لەگەڵ ئێمە بوو.

- **پەکەکە دەیانزانی ئەو کارە ماهیر وڵاتە؟**

- لەدواییدا زانیان. دوای ئەوە مام جەلال وتی ئاگات لەخۆت بێت نەچیتە تورکیا، وتی دەتگرن زانیاریان لەسەرت هەیە، مەلەفت هەیە دەتگرن. لەگەڵ دانای ئەحمەد مەجید چوین بە عەبدوڵلا ئۆجالانمان وت. وتمان حاڵ و مەسەلەیەکی ئاوها هەیە، ئەو ماهیرە دەستی لەگەڵ تورک هەیە! وتی نا وا نییە، ماهیر پیاوی باشە. وتم کاکە ئەو

وێنەی من و تۆ گەیشتوەتە ئەوێ! چەند ساڵ ئێمە وێنە بەیەکەوە دەگرین قەت وێنە نەگەشتوەتە ئەوێ، قەناعەتی نەکرد. لەو کاتەوە ئیدی ماهیر ون بوو.

- **ناشزانی لەکوێیە؟**

- با دەڵێن لە روسیایە .

- **بارەگای ئۆجالان دیاربوون لەکوێیە؟**

- بارەگاکانی ئۆجالان هەموو لەدەرەوەی شار بوون، بەڵام خەڵک دەیزانی.

- **چەنگیز چاندار دەڵێت تورکیا دەیزانی ئۆجالان لەکوێ دادەنیشێت؟**

- مقەرێکیان هەبوو لە غوتە، ڕۆژێک لە ئیسرائیلەوە موشەکێکیان ئاراستەکرد، بەڵام بەری نەکەوت! ئیسرائیلیەکان لەوەدا دەوریان هەبوو.

- **لەدوای گرتنی ئۆجالان پەیوەندی نێوان سوریاو پەکەکە بەردەوام بوو؟**

- دەتوانین بڵێین بۆماوەیەکی درێژ لێکدابڕان و پچڕا، بەڵام جۆرێک لە پەیوەندی هەر هەبوو.

- **پەیوەندی پەکەکەو سوریا لەگەڵ روِوداوەکاندا دروست بویەوە؟**

- نازانم ساڵەکەم بیر نییە، بەڵام من سەرلەنوێ من رۆشتم بۆ قەندیل چوم بۆ بۆلای جەمیل بایک، من بۆخۆم ماوە ماوە دەچمەوە کوردستان، سەرێکی جەمیل بایک-م دا، لەوێ دانیشتین جەمیل وتی دەمانەوێت پەیوەندی لەگەڵ سوریا دروستکەینەوە، منیش کە هاتمەوە ئێرە پێم وتن .

- **ساڵی چەند بوو؟**

- ساڵی 2012 بوو وابزانم. وەفد لە قەندیلەوە هاتە ئێرە، یەکەم پەیوەندی نامەی شەفەوی لە جەمیل بایکەوە من هێنام بۆ دیمەشق، دوای ئەوە کوڕێک هەیە ناوی دەلیلە هات بۆ ئێرە، کە هات بۆ ئێرە لەگەڵ لیوا عەلی دانیشت وتی ئێمە بەتەماین پەیوەندی دروستبکەینەوە لەگەڵ ئێوەو مەکتەب بکەینەوە، هاتن و چۆنمان هەبێت، سوریەکان وتیان ئێمە هیچ لاریەکمان نییە، بەڵام بارەگا یان نوسینگەیان نەکردەوە زیاتر گرنگیان بە قامشلۆ دا.

- **باشه ئەوان سەرەتای ڕوداوەکانی سوریا، چۆن هاتنەوە ڕۆژئاواو دەسپێکی بزوتنەوەی چەکدارییان چۆن بوو؟**

• ئەوان دیارە لەوێ شانەی نوستویان هەبوو، کە قەیرانی سوریا دەستی پێکرد، لە قامیشلی خۆپیشاندان و شتی وا دەستی پێکرد، مخابەراتی سوریا گەڕا بەدوای کادرانی پەکەکە تا بیاندۆزێتەوە، پێیان وتبوون ئێمە دەمانەوێت ڕێکەوتن بکەین چەکتان دەدەینێ ناوچەکە بپارێزن. واتە وەک چەکداری محەلی بەکاریان بێنن. بەڵام دوایی بارودۆخەکە زیاتر گەشەیکردو جەمیل بایک پەیوەندیکردو خەبەری ناردو وتی ئێمە قەرزاری سوریاین، وتی ئێمە دەمانەوێت دیفاع لە سوریا بکەین شتەکە گەورە کرد.

- **ناوچەی خۆیان کۆنترۆڵ کرد پاش ئەو ڕوداوانە، دواتر ئەو پەیوەندیە بەردەوام بوو؟**

• پەیوەندی هەردوو لایەن بەردەوامە ئێستاش.

- **ساڵەکانی تر دەهاتن؟**

• 5بۆ 6جار هاتوونەتە دیمەشق .

- **کەواتە ئاگات لە وردەکاریی کۆبونەوەو جموجۆڵیان هەیە؟**

• بەڵێ.

- **حکومەتی سوریا ئامادەیە چی بۆ ئەوان بکات؟ یان ئەوان ئامادە بوون چی بۆ سوریا بکەن؟**

• یەکەم، سوریەکان رەئیان ئەوە بوو دەیانگوت ئێمە مەسەلەی کورد دوابخەین بۆ دوای نەمانی شەڕەکە. دووەم، هەر وەفدێکی کوردی کە دێت پرۆژەیان نییە، هیچ پرۆژەیان پێ نییە. شتێک نییە پێشکەشی سوریای بکەن. سێیەم، حکومەتی سوریاش پرۆژەی نییە! بۆ چارەسەری قەزیەی کورد هیچ پرۆژەیەکیان پێ نییە. بەرچاوڕون نین و پرۆژەیان نییە بۆ زانیاریت کورد لە سوریا نازانێ چی دەوێت.

- **هۆکارەکەی ئەوەیە کورد بەشێك لە داخوازیەکانی پەیوەندی بە ئەجێندای دەرەکییەوە هەیە، یاخود کورد کۆکراوە نییە؟**

- کورد له سوریا کۆکراوه نییه و حزبه کوردییەکان لەوێ هەمووی لاوازن، دەمێنێتەوه پەیەده که بەشێکه له پەکەکە، بێگومان پەکەکە له کۆنەوه پەیوەندیەکی باشی له گەڵ سوریا هەبووه، زۆربەی چەکدارەکانی پەکەکە له قەندیل 50% تا 60 یان کوردی سوریان، حکومەتی سوریا بیری لەمه کردەوه ئەم چەکداره سوریانه بێنەوه ئێرەو دیفاع لەناوچەکەی خۆیان بکەن، سوریا چەکی دانێ و تۆپ و جبەخانەی دانێ، سەرەتا هەموو شتێکی دانێ. من خۆم لەوێ دانیشتوم ئێمه که قەزیەی شنگال بوو 2014/8/3 کۆمەڵێک پێشمەرگەی ئێمه له شاخەکانی ئەوێ عاسی ببون، پارتیش ڕێگای نەدەدا یارمەتیان بۆ بڕوات، هێرۆخان تەلەفۆنی بۆمن کرد، وتی بەڵکو تۆ له سوریاوه یارمەتیان بۆ بنێریت، ئەم هەڵۆ پێنجوێنیه پەیوەندی پێوەکردم، وتی ئێمه پێویستمان به جلوبەرگە، پێویستیشمان به هەندێک گوله ئاربیجی و شتی وا هەیه، منیش به سوریەکانم گوت و سوریەکان وتیان ئێمه ئامادەین. نزیکەی 500 بەدلەو پوتی عەسکەری و جەمەدانێ و ئەمانەمان هەمووکڕی، به فرۆکەیەکی تایبەت که حکومەتی سوریا داینێ، بردمان بۆ قامیشلۆ. لێرەشەوه لیوا عەلی پەیوەندی کرد مەبەستم عەلی مەملوکه پەیوەندی کرد لەگەڵ بەرپرسی عەسکەریەکەی ئەوێیان، نازانم کێ بوو، لیوایەک بوو. وتی جەماعەتی یەکێتی دێن پێویستیان به گوله ئاربیجی و شتی وا هەیه چەندتان هەیه بیاندەنێ. ئەوه به پەیوەندی شتەکانمان ئامادەکرد. چوین بۆ قامیشلۆ که چوین هەڵۆ پێنجوێنی هات و کورَێکی کەی لەگەڵ بوو ئەفسەر بوو، دوو سێ ئۆتۆمبیل هاتن له ئوتێلێک دابەزین، مخابەراتی سوریا هاته ئەوێ، کابرایەک بوو عەمید محەمەد زابتێکیشیان لەگەڵ بوو، کابرایەکی دیکەیان لەگەڵ بوو پێیان دەگوت حاجی ئادەم پێموایه، یان ئێرانیی بوو، یان حزبوڵلا بوو. عەرەبی قسەی دەکرد کوڕێکی گەنج بوو. ئەو برادەرەی ئێمه مەحزەرەکەی نوسی، که هاته سەر کابرا وتمان بنوسین کێ تۆ؟ وتم هیچ وتمان بنوسین حیزبوڵلا وتی نا نەنوسی ئەوه بەس بنوسه حاجی ئادەم.

بێگومان داواکاریەکانی یەکێتی زیادیکردبوو چونکە شتی تریشیان داوا کردبوو. عەمیدەکە دانیشت بوو وتی هەموو شتەکان  ئامادەیە ئێمە فەرمانمان بۆ هاتوە ئەمڕۆ سبەینێ هەموو شتەکان ئامادە دەبێت وبیبەن. لە کۆبونەوەکە هاتینە دەرەوە هەڵۆ پێنجوێنی هەمان ڕۆژ وتی من بەیانی زوو دەگەڕێمەوە. منیش وتم کەوابێت منیش ئەمڕۆ ئەگەڕێمەوە دیمەشق فرۆکەیەک هەبوو کات ژمێر دووی شەو لە قامشلی عومەر ئۆسێش لەوێ بوو لەگەڵمان هاتەوە. کە من لە کۆبونەوەکە هاتمە دەرەوە بە هەڵۆم وت وتم کاکە ئەو شتانەی من هێناومە ئەوە جلوبەرگە بیان بە، بەڵام بەتەمای یەک فیشەک مەبە لە سورییەکان، وتی بۆ نایدەن وتم ئەم کابرایە نایدا مەبەستم کابرای ئێرانی بوو. بەکورتی ئێرانیەکان نەیانهێشت.

بۆ زانیاریت من لەو کۆبونەوە کە دانیشتوین پەیوەندیەک بۆ ئەو عەمید محەمەدە هات دیارە پەکەکە داوای دوو دەبابەیان کردبوو، فەرمانی لەدیمەشقەوە بۆ هات وتی دوو دەبابەکەیان بدەنێ. دوو دەبابەکەیان دانێ. ئێمە لە کۆبونەوەکە چوینە دەرەوە من و هەڵۆ پێنجوینی و جەماعەت وتمان با بچین سەردانێکی  مقەری قیادەیان بکەین مەبەستم سەرکردایەتی پەیەدەبوو. مقەری قیادەیان لە عامودەبوو. ئەوکاتە ئەو ئەکرەم حەسۆ بەرپرس بوو  ئەو عومەر عەبدوالکەریمەش بەر پرسی پەیوەندی بوو، ساڵح گەدۆ  وەزیری دەرەوە بوو کابرایەکی مەسیحیش لەگەڵیان دانیشت بوو. کەوتینە قسە ئەو عەمەر عەبدولکەریمە هێرشی کردە سەر حکومەتی سوریا، دەیگوت ئەو حوکمەتە فاشیلەو ئەو حکومەتە وایەو وایە..تد وتم کاکە تۆ چی دەڵێت؟ تۆ شەرم ناکەی ئەو قسانە دەکەیت؟ وتی بۆ شەرم دەکەم؟ وتم بابە حکومەتی سوریا دوو کات ژمێر پێش ئێستا دوو دەبابەی بەئێوە داوە! وتی نەخێر کڕیومانە لێیان!! وتم چی؟ ئەکرەم حەسۆ وتی پێی وت بێدەنگ بە. ئەکرەم حەسۆ زۆر عاقڵە.

- له 2017 شێخ لاهور پێی وتم ئەمریکا لەسوریا دەکشێتەوە و گرژی لەگەڵ تورکیا دروست دەبێت
- قاسم سولەیمانی لەلوبنان لەگەڵ پارتی و یەکێتی کۆبۆوە بۆ پێکهێنانی هێزێك بۆ سوریا

- **لەو ماوەیەی مەحمود گەرگەری لێپرسراوی نوسینگەی پارتی لێرە بوو، پارتی و حکومەتی سوریا پەیوەندیان باش بوو؟**

- پەیوەندیان لەگەل سوریا خراپ نەبوو.

- **باشە پرسیارێکم بیرچوو، پێموایە سەرەتای رووداوەکانی سوریا، حکومەتی دیمەشق بەنیازبوو هێزێکی پێشمەرگە بێنێتە رۆژئاوای کوردستان؟**

- ئەوە زۆر گرنگە، پێش دروست کردنی پەیەدە، قاسم سلێمانی لە لوبنان ئازاد بەرواریی و دکتۆر خەسرەو گوڵ دەبینێت، لەسەرەتای 2011 بوو وابزانم. هەردوکیان دەهێنێتە سوریا لەگەڵ لیوا عەلی دادەنیشن، دواتر لیوا عەلی دەچێتە هەولێر لەوێ لەگەڵ برادەران دادەنیشێت، یەکێتی و پارتی قاسم سلیمانی و لیوا عەلی و کاک مەسعود و یەکێتیش ڕێکدەکەون لەسەر دروستکردنی هێزێکی تایبەت بۆ کوردستانی سوریا. پێش ئەوە بە 10 ڕۆژ 15 ڕۆژ بە دوای منیان نارد وتیان سەرۆک بەشار ئەسەد دەڵێت نامەیەک دەنوسم بۆ جەلال تاڵەبانی با فلان کەس بیبات لەگەڵ عومەر ئەسی بیبەن بۆ جەلال تالەبانی، کە یەکێتی ببێت بە نێوانگر لەنێوان ئێمەو کوردی سوریا. منیش خەبەرەکەم نارد، ئەو کاتە پەیوەندییەکە لەگەڵ دکتۆر خەسرەو بوو. چەند ڕۆژێکی پێچوو دکتۆر خەسرەو پەیوەندی پێوە کردم وتی ئێوە مەیەن جارێ لەمرۆژانە مەحمود گەرگەری دێت .

ئەو وتی مەحمود گەرگەری ببینە دوای ئەوە قسەی لێ دەکەین. سێ چوار ڕۆژی پێچوو مەحمود گەرگەری لە بەیروتەوە پەیوەندی پێوەکردم وتی من لە بەیروتم بەیانی دێم بەشکم چاوپێکەوتنێک وەرگریت لەگەڵ لیوا عەلی مەملوک و بەیەکەوە بچین بۆ لای. منیش پەیوەندیم پێوەکرد وتی بەیانی کات ژمێر 9 وەرن. بەیانی ڕۆشتم بۆلای مەحمود لە مقەرەکەی خۆیان لەوێوە ڕۆشتین بۆلای لیوا عەلی، پێش ئەوەی بچین مەحمود وتی ئێمە ڕێککەوتنێکمان کردووە لە نێوان حکومەتی هەرێم و سوریا و ئێران، چەند هەزار پێشمەرگەیەک بنێرنە ناوچەی قامیشلی بۆ پاراستنی ئەو ناوچەیە. ئیدی چوین بۆلای لیوا عەلی، لیوا عەلی وتی چیت پێیە وتی من هاتووم بەناوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئێمە ئامادەین ڕێکەوتنەکە جێبەجێ بکەین. ئەوەی کە

ڕێکەوتنی لەسەر کراوە ئیمە ئامادەین 15000 پێشمەرگە بنێرین بۆ قامیشلی تەسەور دەکەم 2011 بوو بیدایەتی ئەزمە بوو، لیوا عەلی وتی باشە بەخێربێی ئێوارە یەکتر دەبینین. ئێوارە کە چوینەوە وەزیری بەرگری لەوێ بوو، لیوا عەبدول فەتاحێکیش هاتبوو بەرپرسی ناوچەی جەزیرەبوو. بەرپرسی عەسکەری ئەویش هاتبوو. ئیوارە 15 هەزار بوو بە 10 هەزار!! مەحمود وتی 10 هەزار، وتم بەیانی 15 بوو، بۆچی بو بە 10؟ وتی ئەوە تەلەفونم بۆ هاتووە! دانیشتین قسەکانیان کردوو، وا ڕێککەتن کە پێشمەرگەی هەرێم بێنە سوریاو بەهاوکاریی ئێران و سوریا، مەوزوعەکە وردەکارییەکەم بیرنەماوە، بەڵام کۆبونەوەکە دواخرا بۆ ڕۆژی دواتر کاتژمێر 9ی بەیانی ، بۆ ڕۆژی دواتر دیسان ڕۆشتینەوە وەزیری بەرگری لەوێ بوو، جاری سێیەم دەست بەڕێکەوتن کرا مەحمود وتی پ َنج هەکار پێشمەرگە دەنێرین وەزیری بەرگری وتی کاکە 5 هەزاریش زۆرە بەڵام، مادەم ئێوە بڕیارتان داوە 5 هەزار قەیناکا. باشە ئەو 5 هەزارە چۆن دێت بۆ ئێرە؟ مەحمود وتی ئێران تەرتیباتی ئۆتۆمبیل و گواستنەوەیان بۆ دەکات، چەکی قورس ئێران دابیندەکات و پێشمەرگەی ئێمە هەقی هیچی نییە. ئێوە لێرە چەکی سوکیان دەدەنێ، دەمانچە و کلاشنکۆف، شوێنی خواردن و جلوبەرگیان بۆ دابیندەکەن، باقی شتەکانی کە گواستنەوەو پاراستن و تۆپ و ئەوانە ئێران دابینی دەکات. وەزیری بەرگری وتی شوێنی حەوانە هیچ کێشە نییە جلوبەرگ هیچ کێشە نییە. ئێمە هەر پێشمەرگەیەک دەمانچەیەک و کلاشنکۆفێکیشی دەدەینێ. وردەکاری قسە زۆر کرا، ئاخر شت وتیان تەواو؟ وتی تەواو. من لە جێگای خۆم وتم هیچ تەواو نییە! باشە ئێوە لەخۆتانەوە ئەو قسانە دەکەن، یەکەم شت ئەم ڕێککەوتنە لەگەڵ ئێمە پێویستی بە ڕێککەوتنێکی سیاسیە، ئەمە کارێکی عەسکەریە. باشە کێ دەڵێت کوردی سوریا ئەم شتە قبوڵ دەکەن؟ ئێوە پێش ئەوە پێویستە لەگەڵ کوردی سوریا ڕێککەون. ڕێکەوتنی سیاسی، دووەم وتم لێرە ئەحزابی کوردی سوری هەیە، کێ دەڵێت ئەحزابی کوردی سوریا ئەم ڕێککەوتنە قەبوڵ دەکەن؟

پرسیارێکی مەنتقیە ئێوە حوکمەتی سوری ڕێکەوتن لەگەڵ کورد بکەن، هیچ نەبێت ڕازیان بکەن بڵێن ئەو پێشمەرگەی کە دێت بۆ پاراستنی ئێوە دێت.

- **مەحمود گەرگەری هیچی نەوت؟**

- وتی نانا ئەحزابی کوردی سوری هەمووی لەباخەڵی منە!! حەز دەکەیت هەمویت بۆ سواری فرۆکەیەک دەکەم ئینجا تۆ لە ئاسمان بەریدەدەیتەوە یان نا ئەوە کەیفی خۆتە! لیوا عەلی ڕووی لەمن کرد وتی  تۆ رەئیت چیە؟ ئێ منیش بیرم کردەوە خۆ ناو مەجلیسەکە ناڵێم راست نییە ئەو قسەیە! وتم سیادەت لیوا مەحمود لە قامشلی زۆر ژیاوە ئەو شارەزای ناوچەکەیە من شارەزای نیم. وتم ئەم پێنج هەزار پێشمەرگەیە بەکوێدا دێن بۆ سوریا؟ تورک لە ڕێگایەتی تورک ڕێًگایان لێ دەگرێت وا نییە؟ پەکەکە هەیە، مەجالتان نادات پەکەکە کوردستانی سوریا بەموڵکی خۆی دەزانێت. مەحمود وتی ئەم شتانە هەمووی ئاسانە، کاک مەسعود لەگەڵ جەماعەتی قەندیل و موراد قەرەیلان قسە دەکات و چارەسەری دەکات، لەگەڵ تورکیاش چارەسەری دەکات ئەوانەهیچ کێشە نییە.

- **ئەو پێنج هەزار پێشمەرگە هی پارتی بوو یان هاوبەش لەگەڵ یەکێتی؟**

- نا هاوبەش، پارتی و یەکێتی بەناوی حکومەت.

- **ئەو ڕێکەوتنە واژووکرا؟**

- نا ئیمزا نەکرا، لەسەر ئەوە ڕێکەوتین دوای خواحافیزی، مەحمود گەرگەری عەلا ئەساس رۆژی دواتر بگەڕێتەوە کوردستان و رێککەوتنەکە بباتەوە هەولێرو و وڵام بداتەوە، بەڵام محمود گەرگەری گەڕایەوە کوردستان و نەهاتەوە.

- **کاتێك گەرگەری هاتە دیمەشق نوسینگەیان هەبوو؟**

- با مەکتەبیان هەبوو، بەڵام نەهاتەوە. لەو بەینەی جارێک هات و مەکتەبەکەیان داخست. خانوی خۆیان بوو، پارتی سێ خانویان هەیە لەدیمەشق. مەحمود ڕۆیشت بێ ئەوەی من ببینێ پێش ئەوەی لیوا عەلی ببینێت ڕۆیشتەوە، هەموو شتەکانی بۆ برادەرێک بەناوی (ع) باس کربوو. من پێموایە ئەو پیاوە، پیاوی تورکیایەو یەکسەر قسەو رێککەوتنە سەرەتاییەکەی ئێمە کە لەگەڵ سوریا قسەمانکرد بۆ تورکیای ناربوو، ئەوانیش لەولاوە پەیوەندیان بە کاک مەسعود کردبوو وتبویان ئەوە بەتەمای شتێکی

وان؟ کاک مەسعودیش وتبووی بەڵێ. وتبویان شتی وا قەبوڵ ناکەین! بۆیە دواتر حکومەتی سوریا گەڕایەوە سەر کوردی سوریاو هەستا چوو پەیەدەی هێنا.

**- پێتوایە ئەمریکا شتێك بۆ کورد بکات، کە ئێستا چەك و تفاقێکی زۆر بۆ پەیەدە دەنێرێت؟**

- پێموایە، هەر پارەو چەکیان دەدەنێ و کوڕی کورد شەهید دەبێت، هەتا ئێستا چەند کورد شەهید بووە؟ باشە ئەوە لەبەرژەوەندی کێیە؟ پێموایە لەبەرژەوەندی تورکیایە.

**- هەتائێستا چەند جارێك مفاوەزات لەنێوان کورد و سوریا دەستی پێکردووە، ئەوە چۆن بووە؟**

- سەرەتا مفاوەزات لەڕێی منەوە دەستی پێکرد، دوو وەفیان نارد، جارێک ئەکرەم حەسۆو ئامینە ئۆسی هات و جاری دووەم، ساڵح گەدۆو چەند کەسێکی دیکەی لەگەڵ بوو.

**- هیچ پرۆژەیەکیان پێبو؟**

- نا نەمزانیوە پرۆژەیان پێبوبێت.

**- باشە سوریا لەگەڵ ئیدارەی رۆژئاوا مفاوەزاتی دەکرد، یان لەگەڵ قەندیل؟**

- نانا لەگەڵ ئیدارەی رۆژئاوا. یەک جار وەفدێکی بەرزیان هاتە سوریا لەڕێگەی ئێمەوە، ئەوانیش سەبری ئۆک و ژنێکی لەگەڵ بوو، هاتن لەگەڵ لیوا عەلی دووجار دانیشتن. ئەوکاتە ئەو وتی ئێمە هیچ گرفتێکمان نییە گفتوگۆ دەکەین و گرفتی کورد چارەسەر دەکەین، بەڵام یەک کێشەمان هەیە، ئەوە ئێمە کێشەی کورد چارەسەر دەکەین، ئەی چی لەئەمریکا دەکەن؟ وەک عەرەب دەڵێن جبت الدب علی کرمک، واتە بەدەستی خۆت ورچەکە هێناوەتە ناو رەزی تا ترێیەکە بخوات. وتی باشە ئێوە ئەمریکاتان بەخۆتان هێناوە چی لێدەکەن؟ بەسەراحەت بە سەبری ئۆکی وت؛ وتی رێزم هەیە بۆتۆ، بەڵام تۆ خەڵکی تورکیای هاتووی مفاوەزات لەسەر کوردی سوریا

دەکەی؟ هیچ حەقی ئەوەت نییە، تۆ ڕێزت هەیە، پێشتر بەیەکەوە دانیشتوین، بەڵام تۆ مافی ئەوەت نییە.

- **پێتوایە کورد بەرەو کوێ بڕوا لە سوریا؟ یان بتوانن شتێک دەست بخەن؟**

• من پێموایە ئەمریکا لێرە دەکشێتەوە، کورد بەجێدەهێڵێت! ئەمریکا پەیوەندی لەگەڵ پەکەکە هەیەو پەیوەندییەکی بەهێزیشی هەیە. من پێموایە ئەمریکا لەسوریا دەکشێتەوە، من دوو ساڵ لە 2017 شێخ لاهورم بینی وتی ئەمریکییەکان لەسوریا دەکشێنەوەو گرژی لەگەڵ تورکیا دروست دەبێت. سورییەکانیش ئەوە دەزانن. ئەگەر ئەمریکا بکشێتەوە لەوانەیە 200 سەربازێک دەهێڵنەوە! ئەوە لەخزمەت کورددا نییە، ئەوە بیانوو دەداتە ئێران کە بۆ ئەمریکا دەکشێتەوە کەچی 200 سەرباز بەجێدەهێڵێت.

- **ئێرانییەکان ڕۆڵیان لە گفتوگۆی نێوان کورد و سوریا هەبووە؟**

• ڕۆڵیان نەبووە، من ئێرانییەکانم بینیوە، ئەوان دەڵێن لەگەڵ ئەوەین حەقی کورد لەسوریا بدرێت. ئەوان دەیانەوێ چارەسەری کێشەی کورد بکرێتەوە تا ڕێگەیان بۆ بکرێتەوە، ئەوان بەرژەوەندی خۆیان دەوێت، پرسی کورد بەکەم شتێک چارەسەر بکرێت .

- **پێتوایە سوریا ئیدارەی خۆی لەناوچەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بکێشتەوە؟**

• حکومەتی سوریا ئیدارەی خۆی ناکێشتەوە، بۆ بیکات؟ لەگەرمەی شەڕو ناخۆشی نەیکرد ئێستا نایکات.

- **پێتوایە کورد و سوریا دوای شەڕی داعش بەگژ یەکتر بچنەوە؟**

• من پێموایە حکومەتی سوریا هێرشی کورد ناکات، وەک دەڵێن بەشار ئەسەد بڕیاریداوە شەڕی سەربازیی کورد نەکات. من پێشبینی دەکەم ئەمریکا لەسوریا بکشێتەوە، هاوکات هەڕەشەی تورکیا دەبێت دواتر، لەوانەیە سوپای سوریا خۆی کۆبکاتەوە بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچەکان. من وای دەبینم بەراستی.

- **بەعسیەکان هاتنە سوریا لەدوای ڕوخانی سەدام؟**

- بەعسیەکان زۆربەیان هاتنە سوریا لەدوای روخانی سەدام، لەوانە ساجیدە هاتە سوریا. خۆت دەزانی لێدوان لەوبارەیەوە دەدرا. پرۆپاگەندە بڵاوبویەوە کە سوریا لەژێر گوشاری ئەمریکا بەعسیەکانی دەرکردووە، بەڵام من پێموایە لەسەر داوای ئێران بووە .

- **باشە محەمەد یونس لێرە بوو؟**

- بەڵێ لێرە بوو، بەڵام خۆت دەزانی خۆ لەجادەو بان نەدەگەڕا، بەڵام لێرە بوو.

- **باشە ئەوکاتە جاشەکانی کورد هاتن و ئەوانیش لێرە بوون وانییە؟**

- بەڵێ جاشەکانی کوردیش هاتنە ئێرە، وەک قاسم ئاغا، شێخ جەعفەر، یەحیا جاف زەیدی عومەر ئاغای جەوهەر هەیکی هاتە سوریا،ماڵیان لێرەداناو حکومەت بەوانەی نەوت برۆن، زیاتر بەوانەی وت کە جموجۆڵی سیاسیان هەبوو. هەزارەها عیراقیی رویان لەسوریا کردود واتر گەڕانەوە.



## عومەر ئۆسێ:

- سێ  ملیۆن کورد لەسوریا هەیە
- لەپەرلەمانی سوریا 9 کورد هەیە، تەنها من باسی مافی کورد دەکەم

**لەچوارچێوەی دیداری شامدا، زنجیرەیەك چاوپێكەوتن و دیداری سیاسی و مێژوویی سازكراوە، عومەر ئۆسێ وەك خۆی وتی ئەندامی (بێلایەن)ی كورد لەپەرلەمانی سوریا لەسەر بازنەی دیمەشق، دووەم خولە ئەندامی پەرلەمانە، بەقسەی خۆی نوێنەرایەتی كورد دەكات لەوەتەی 2012 وە، داكۆكی لەمافی كوردی سوریا دەكات و سەرۆكی لیژنەی ئاشتبونەوەی نیشتیمانییە، تاكە كوردە لەو لیژنەیە كە لە 30 ئەندام پێكدێت.**

**ئۆسێ خەڵكی شارۆچكەی درباسیەی رۆژئاوای قامیشلۆیە، 40 ساڵێكە لەشام نیشتەجێیە، بەڵام بەقسەی خۆی پەیوەندی لەگەڵ شارۆچكەكەی و كەسوكارەكەی لەرۆژئاوای كوردستان نەپچڕاوە. بەردەوام سەردانی زێدی خۆی دەكات. تاكە كوردە ئەندامی وەفدی دانوستانكاری رژێمی سوریایە بۆ گفتوگۆكانی جنێڤ. ئێستاش حزبێكی هەیە بەناوی (دەستپێشخەری نیشتیمانیی كورد لەسوریا). لەدیدارێكدا وڵامی چەند پرسیارێكی ئێمەی دایەوە..**

- **ژمارەی كورد لە پەرلەمانی سوریا چەندە ؟**

• بەپێی ئەوەی ئێستا هەیە کورد 9 ئەندامی هەیە، بەڵام هەیانە بەعسییەو هەیشە شیوعییە، وەکو (عەمار بەکداش) کوڕی خالد بەکداش کە سکرتێری حزبی شیوعی بوو، بەڵام ئەوەی باسی دۆزی کوردو پرسی کورد دەکات، بەداخەوە تەنها منم لە پەرلەمانی سوریا باسی کورد بکات.

- **كەوایە كوڕەكەی بەكداش نوێنەرایەتی حزبی شیوعی دەكات نەك كورد؟**

• بێگومان نوێنەرایەتی شیوعییەکان دەکات، ئەو پێیوایە نەتەوەیی نییەو شیوعییە، هیچ هەڵوێستێکی لەبارەی دۆزی کورد نەبووە.

- **ژمارەی كورد لە سوریا چەندە؟**

• راستی سەرژمێری کورد لەسوریا بە ووردی نییە، بەڵام ئەوەی دەخەمڵێنرێت 3 ملیۆن کورد هەیە. ملیۆنێک لە جزیرەو کۆبانیی، ملیۆنێک لە عەفرین و حەلەب، ملیۆنێکیش لە دیمەشق و شام.

لەدیمەشق دەتوانین بڵێین کورد دەبن بە دوو بەشەوە. یەکەمیان کوردانی دیمەشق، واتە ئەو کوردانەی سەدان ساڵە هاتوونەتە دیمەشق و زیاتر لەو کۆچ و کۆچڕەویانەی لەباکوری کوردستانەوە هاتوون پێش 200 ساڵێک، یان لەرۆژانی حوکمی سەلاحەدین هاتوون. دووەمیان ئەو کوردانەی لەناوچەکانی جزیرەو کۆبانیی و عەفرین هاتوون و کۆچپێکراون لەچوارچێوەی سیاسەتی شۆڤینی لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی سوریا، من پێموایە نەگەیشتۆتە ئاستی سیاسەتی پاکتاوی رەگەزیی و راگوێزانی بەزۆر بۆیە من پێموایە..

- **بۆ پێتوایە رانەگوێزراون؟**

- نا من پێموایە سیاسەتی راگوێزانی بەزۆرو پاکتاوی رەگەزیی نەبووە. ئەگەر یەکێک بابەتیانە تەماشا بکات، دەبینین راگوێزان نەبووە، بەڵکو سیاسەتی شۆڤینیانە لەلایەن حکومەتەکانی سوریا لەدژی کورد هەبووە. هێشتا هەندێکی هەر ماوە، بەڵام سیاسەتی پاکتاوی رەگەزیی و بەزۆر کۆچپێکردن نەبووە.

ئێمە نەتەوەی دووەمین لە سوریا، ناوچەکانمان لەجزیرەو شوێنەکانی دیکە تێکهەڵکێشێکی زۆر لەنێوان کوردو عەرەب و سریان و ئاشوریی هەیە. دۆزی کورد لەسوریا لەرووی جوگرافییەوە زۆر ئاڵۆزو تایبەتە، جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ هەر پارچەیەکی دیکەی کورد لە عیراق یان ئێران یان تورکیا. مەبەستم لێرە دەبینی لەرووی جوگرافییەوە بەیەکەوە بەستنێکی تەواو نییە، دەشێت ناوچەیەک کورد بێت و ناوچەکەی تەنیشتی زۆرینەی عەرەب بێت، واتە بەیەکەوە گرێدانێک نییە. دەبینی لێکگرێدانێک لەنێوان جزیرەو کۆبانیدا نییە، بۆشاییەک هەیە. لەو نێوانەدا ناوچەی عەرەبی هەیە، هەروەک لەنێوان کۆبانیی و عەفریندا هەیە. دەبینین دەسەلاتدارانی ئەوێ کانتۆناتیان راگەیاند. بۆیە ناکرێت دۆزی کوردی سوریا بەهیچ پارچەیەکی دیکەی کورد بچوێنرێت.

یەکێک لەهەڵە گەورەکانی کورد لەسوریا، هەستاوین بەرنامەی گروپە کوردستانییەکانی پارچەکانی دیکەی وەکو عیراق و تورکیامان هێناوەو کۆپیمان کردووەو لەسوریا جێبەجێمانکردووە، بەڵام لەوەدا سەرکەوتوو نەبوین. بۆنمونە

لەتورکیا کە زۆربەی دانیشتوانی کوردستانەکەی کوردن، پێموایە 18 یان 19 ویلایەت کوردن زۆربەی دانیشتوانەکانیان کوردن، هەروەک لەعیراقیش دەبینین کوردستانەکەی زۆربەی کوردن و کەمینەی تورکمان و کلدۆ ئاشور هەن، بەڵام لای ئێمە وەک ئەوان نیە و تایبەتمەندی خۆمانمان هەیە، ئەوانیش تایبەتمەندی خۆیان هەیە. ئەوانەی تەماشای هەولێر یان دیاربەکر دەکەن و لایەنگریان بۆ ئەو دوو شوێنە هەیە، ئەوا دەتوانم بڵێم ململانێی نێوانیشیان رەنگدانەوەی راستەوخۆی لەسەر ئێمە هەبووە! راستە ئێمە بەشێکیان لە میللەتی کورد و دابەش بوین بەسەر چوارپارچەی کوردستان، بەڵام ئەو ململانێی و بارودۆخەی ئەو دوو شوێنە راستەوخۆ کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر بەرنامەو سیاسەتی کوردی سوریا. دەتوانم دابەشبونەکە بەمشێوەیە کورت بکەمەوەو دابەشی بکەم بۆسەر سێ گروپی جیاواز:

یەکەم: گروپی گەلانی دیموکرات، ئەوانە تێگەیشتیان بۆ لای رێبەرەکەیان لە پارتی کرێکارانی کوردستانە. ئەوانە بانگەشەی فیدرالی جوگرافیی دەکەن، نەک لەسەر بنەمای نەتەوەیی، بانگەشەی فیدرالیەتی باکوری رۆژهەڵاتی سوریا دەکەن. لەوێ ئەنجومەنی سوریای دیموکرات و خۆ رێبەری لەباکوری رۆژهەڵات دروست بووە. هێزە چەکدارەکەیشیان هێزەکانی سوریای دیموکراتە. باس لەفیدرالی جوگرافیی دەکەن دوور لە فیدرالیی نەتەوەیی کوردیی. ئەوانە ئەمر واقع هەن و هێزێکن لەسەر زەوی کاریگەری خۆیان هەیە و هێزێکی چەکداری گەورەن و نزیکەی 50 هەزار شەڕڤانیان هەیە، دەتوانین بڵێین نیوەیان عەرەبن، هەروەک سریان و ئاشورو کلدانیشیان تێدایە، ئەمە جگە لە هۆزو عەشیرەتە عەرەبییەکان و هەروەها کورد لەهێزی پاراستنی گەل (YPG).

دووەم: ئەو گروپەن کە لەدەوری شتێک کۆبونەتەوە پێی دەڵێن ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی سوریا (ENKS) گەورەترین حزب لەو چوارچێوەیە پارتی دیموکراتە کە سەر بە دامەزراوەی بارزانییەو لەناوەڕاستی پەنجاکانی رابروو دروست بووەو ریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی تورکیا.

سێیەم: کۆمەڵێک حزبی بچوک، ئەوانیش هێزێکی جەماوەریی گەورەیان نییە، ئەوانە بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی سعودیە! جا تەماشا بکە سعودیە دیموکراسی و مافی مرۆڤی بۆ سوریا دەوێت! ئەمەیە گاڵتەجاریی!! ئەمانە بەکاردەهێنرێن و لەریاز و ئەنقەرە هاوکاری وەردەگرن و هەوڵدەدەن ئەجێندای خۆیان بەسەر ئەو گروپانەدا بسەپێنن و لەدانیشتن و کۆبونەوەکان.

هەندێک حزبی دیکە هەن وەکو هاوپەیمانی نیشتیمانی کورد لە قامیشلۆن. لەگەڵ ئەم حزبانە دەبینین حزبی دیموکراتی پێشکەوتنخواز کە حزبی کاک حەمید دەرویێشە هەیە. پێموایە ئەو حزبانە لەناو گروپی سێیەم روونترە سیاسەتیان و داوای داننان بەمافەکانی گەلی کورد دەکەن لەدەستوری سوریادا وەک نەتەوەی دووەم لەسوریا. هەروەک داوا دەکەن کورد بەشدار بێت لە حکومەت و پەرلەمان و رێڤەبەری خۆجێیی. لەگەڵ ئەوەشدا داوای داننان بەکلتورو زمانی کوردی دەکەن و داوادەکەن لەخوێندنگاکانی ناوچەکانی کوری بخوێندرێت. من پێموایە ئێمە وەک (دەستپێشخەری نیشتیمانیی کورد لەسوریا) نوێنەرایەتی ئەو ئاراستەیە دەکەین، سەرباری ئەو گوشارە زۆریەی لەسەرمانە لەلایەن هەردوو لایەنی کوردی و بەشێک لە رژێمی سوریا. ئەگەرچی بەشێک لەحزب و لایەنە سیاسییەکانی کورد پێیانوایە ئێمە لایەنگری رژێمی سوریا دەکەین یان هەندێجار بەخایین و بەکرێگیراومان لەقەڵەم دەدەن! بەڵام ئێمە گوێ نادەینێ چونکە بڕوامان بەو رێبازە تایبەتییەی خۆمان هەیە، پێموایە ئەو پێشنیارو پرۆژانەی ئێمە بابەتیی و واقعیین و سودی بۆ کورد هەیە.

- **پێتانوایە رژێمی سوریا بڕوایان بەو پێشنیارو پرۆژانەی ئێوە هەیە؟**

- بێگومان گوشارمان لەسەرە، بەشێک لەسەرکردایەتی حزبی بەعس و لێپرسراوانی سوریا زیاتر ، لەگروپی پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیەدە) دژایەتیمان دەکەن ئەوان لەسەر ئەوە رانەهاتوون کە ئاراستەیەک یان سیاسەیەکی کورد پێیان بڵێت ئێمە هاوبەشین لەم وڵاتە، ئەوان دەیانەوێ کورد تەنها لەناوچەکانی خۆیان بن، هەمیشە کوردیان تۆمەتبار کردووە بە بەکرێگیراوی ئیسراییل و ئەمریکا. ئێمە

داکۆکیمان لەکورد کردووە لە کورد لەناوچەکانی کوردو دیمەشق، داکۆکیمان لەکورد کردووە لە دیمەشق و لەجنێڤ. باوەڕ بکە لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەوانەی لەئەنەکەسەن، بەڵام تائێستا لەدانوستانەکانی جنێڤ لەپشتی پەردەش لەبەرامبەر دیمستۆراو وەفدی نێودەوڵەتیی داکۆکیان لەکورد نەکردووە! من تاکە کوردم کە داکۆکیم کردووە.

- **چەند کەس لەکورد ئامادەی کۆبونەوەکان دەبن؟**

• بەشێوەیەکی گشتیی دووکەس لەچوارچێوەی وەفدی ئۆپۆزسیۆن، لەچوارچێوەی وەفدی دەوڵەتی سوریا 11 کەس ئامادە دەبن من وەک کورد تاکە کەسم بەشدارم لەکۆبونەوەکان کە بەسەرۆکایەتی بەشارجەعفەریی دەکرێت. راستیی ئێمە پێشنیارێکمان نەکردووە ناواقعی بێت بۆ چارەسەری دۆزی کورد لەسوریا.

من پێموایە حزبە کوردییەکان بونەتە هۆکاری کۆچکردنی کورد بەشێوەیەکی بەرفراوان، لە 60% بۆ 70% کوردی سوریا کۆچیان کردووە بۆ کوردستانی عیراق یان کوردستانی تورکیا یان وڵاتانی ئەوروپا. ئەمە دەرەنجامی سیاسەتی چەوت و خوێندنەوەی ناواقعی بارودۆخ بووە.

من لەسەنگەری پارتی کرێکارانی کوردستانەوە هاتووم، من راوێژکاری عەبدوللا ئۆجالان و هەماهەنگکاری نێوان ئەو و دەوڵەتی سوریا بووم. کاتێک لەدیمەشق بوو من راوێژکاری سیاسی و وەرگێڕی شەخسی ئۆجالان بووم ، بۆماوەی نزیکەی 20 ساڵ. هەروەک من لێپرسراوی راگەیاندنی عەرەبی بووم هەموو بڵاوکراوەیەکی عەرەبی من سەرپەرشتیم دەکرد. تێگەیشتن و رۆشنبیریی من لەوێوە هاتووە، سەرباری ئەوەی کە زەمینەی ژیانی خێزانیم کە لە درباسیە بوین و ئێمە مەیلی بارزانیمان هەبوو، واتە ئێمە مەیلی پارتیمان هەبوو. کاریگەری هەبوو بەتایبەت ماوەی گەنجێتیم و خوێندنم.

لەراستیدا حزبی یەکێتی دیموکرات پەیەدە لەرێی هێزەکانی یەپەگەوە قوربانی زۆریان لەدژایەتیکردنی داعشداوە، ناویان چۆتە داستانەکانی گەلی کورد و سوریا و گەلانی رۆژهەلات، بەڵام من پێموایە ئەوان و ئەنەکەسە لەخەباتی سیاسیاندا باش سودیان لەو قوربانیدانە وەرنەگرتوە. پێویست بوو گرەو لەسەر پرۆژەی ئەمریکا

نەکەن. ئەمریکا خاوەنی ئەجێندایەک نییە تایبەت بەکوردستان. ئەمریکا لەهاوبەشێک دەگەرێت لەسەرە زەوی تاوەکو بتوانێت هەندێک جوگرافیا رزگاربکات لەباکوری رۆژهەڵاتی سوریا، بەدیاریکراوی لەبەری رۆژهەڵاتی فورات. تاوەکو بتوانن لەگفتوگۆکانیان لەبارەی داهاتووی سوریا سودی لێ ببینن بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا. مومکین نییە مرۆڤی تێگەیشتوو ئەوە نەزانیت کە ئەمریکا بەهیچ شێوەیەک دەستبەرداری هاوپەیمانە ستراتیژییەکەی خۆی (تورکیا) نابێت. تورکیا ئەندامی ناتۆیە لە 1951، دووەم سوپای ناو ناتۆیە، ئەگەر بکەویتە هەڵبژاردن لەنێوان کوردو تورکیا، بێگومان تورکیا هەڵدەبژێری.

- **ئێوە لەپەرلەمانی سوریا، پەیوەندیتان لەگەڵ پەیەدە هەیە؟**

- من بەحوکمی پەیوەندی رابردووم، جۆرێک لەپەیوەندیم هەیە لەگەڵ بەشێک لەسەرکردایەتیان. لەپەرلەمانی سوریا جگە لەمن کوردێکی لێ نییە گرنگی بەپرسی کورد بدات، بێگومان بەداخەوە.

- **کاتێك دەچیە قامیشلۆ دەیان بینی؟**

- دەیانبینم.

- **نامەی دەوڵەتی سوریا لەگەڵ خۆت دەبەی یان وەك نێوانگیر دەچیت؟**

- من رۆڵی نێوانگرم نەبینیوە، ئەوانیش پێویستیان بەنێوانگیر نییە، هەرکاتێک بیانەوێ بێنە دیمەشق و کاربەدەستانی دەوڵەت ببینن بێگومان دەتوانن و دێن.

- **نوسینگە یان نوێنەرایەتیان لەدیمەشق هەیە؟**

- نوسینگەی نارەسمیان هەیە، بێگومان خەڵکیان لە دیمەشق هەیە، دەچنە بنکەی حمێمین و چاویان بە روسەکان و دەوڵەت دەکەوێت. ئەوان پێویستیان بە نێوانگیر نییە، بەڵام من وەکو کوردی سوریا جار هەیە دەیانبینم ، جا چ لەدیمەشق بێت یان لەقامیشلۆ، بارودۆخیان بۆ شیدەکەمەوەو جاریش هەیە نەسیحەتیان پێشکەش دەکەم.

- **تۆ هیچ دەستپێشخەرییەکی دیارت هەبووە بۆ چارەسەری دۆزی کورد لەسوریا؟**

• بێگومان لەماوەی قەیرانی سوریا چەندین جار بەتەنیا چاوم بەسەرۆک بەشار کەوتووە. گفتوگۆکانمان لەبارەی چارەسەری دۆزی کورد و گەڕان بەدوای دەریچەیەک بۆ دۆزی کورد بووە. هەوڵمداوە وێنەکە وەکوخۆی بۆ ئەو روونبکەمەوە و واقع وەکو خۆی پێشانی بدەم دوور لە دروشمبازیی و موزایەدەکردن، وەک هەندێک لەسیاسیەکانی کورد دەیکەن. من هەردەم داوام لەسەرۆک و سەرۆکی حکومەت و وەزیری دەرەوەی سوریا کردووە کە چارەسەرێک بۆ دۆزی کورد بدۆزرێتەوە.

- **تێگەیشتنیان هەیە بۆ چارەسەر؟**

• واقعی ئێستای سوریا، بەشێک بێگومان تێگەیشتنیان هەیە لەچوارچێوەی پاراستنی یەکپارچەیی دەوڵەت و خاک و نیشتیمانی سوریا، بەشێوەیەک نزیک لەئیدارەی خۆسەری هەروەها دانان لە دەستوردا بە بەماف و دابینکردنی مافی کلتوریی بۆ کورد یان جۆرێک لەخودموختاریی. ئاراستەیەکی دیکە هەیە دژایەتی کورد دەکات و تائێستا نەگۆڕاوە.

- **کێن ئەوانە؟**

• لەنێو حزبی بەعس هەن، کەسانی دیارن، هەردەم بەچاوی گومانەوە شتەکان دەبینن.

- **ئەوانە زۆرینەن و لەو ئاراستەیە زیاترن کە توندڕەو نین یان میانڕەون؟**

• پێموانییە. ئەوەی زۆر مهمە بیڵێم ئەویش سەرۆک بەخۆی تێگەیشتنی هەیە. بەومانایەی هەمیشە کاتێک کێشەیەک دێتە پێشەوە لەنێوان کورد و حکومەتی سویا، هەندێجار گەیشتۆتە ئەوەی مەترسی روبەڕوبونەوەی چەکداریی لەگەڵ هێزەکانی سوریای دیموکرات دروست بێت، بەڵام سەرۆک رێگری لێکردووەو چونکە رێنماییەکانی روون بووە، ئەویش نابێت بەهیچ شێوەیەک روبەرووبونەوەو پێکدادان لەگەڵ کورد ببێت. من داوا لە برایانم کورد دەکەم، من ناڵێم شەڕی ئەمریکا بکەن یان دژایەتی ئەمریکا بکەن، ئەمریکا هێزێکی گەورەو ئەمری واقعە، بەڵام نابێ گرەو لەسەر پرۆژەی ئەمریکا بکەن چونکە ئەمریکا پرۆژەی نییە.

**- بەقسەی کورد سوریا هیچ پرۆژەیەکی واقعی نییە تا پشتی پێ ببەسترێت؟ کورد لەنێوان سوریاو ئەمریکا بوون، رژێمی سوریا هیچ دەستپێشخەری نەبوو بۆیە کورد چونە پاڵ ئەمریکا؟**

- ئەو قسەیە بەشێکی راستە، پێویستە وەک کورد دان بەهەڵەکانماندا بنێن، ماف لەرێی گفتوگۆ دێتەدی، بەڵام ماف لەرێی گفتوگۆو دایەلۆگەوە وەردەگیرێت. ئامادەنەبوونی کورد لەکاتێکدا کە زەمینەی گفتوگۆ هەبوو دەریدەخات کە بڕیاری ئامادەنەبونەکە هی کورد نەبووە. لەسەرەتای قەیرانەکاندا دەوڵەتی سوریا لەدۆخێکی لاوازدابوو، سەرۆک بەشار فرۆکەیەکی ناردە قامیشلۆ تاوەکو وەفدێکی حزبە کوردستانییەکان بێنە دیمەشق، تەنانەت حزب هەبوو لە 5 کەس پێکهاتبوو داوەتکرابوو، بەڵام هەموو رەتیانکردەوە، بەوانەش کە پێموانوابوو میانڕەون وەک کاک حەمید دەرویش کە وەک شێخی سیاسەتوانان ناسراوەو هاورێی خۆمە، ئێستا پاشگەزبۆتەوە لەو تێگەیشتنەی ئەوکات. ئێستا سەردانی دیمەشق دەکات و دامودەزگا ئەمنیەکان دەبینێت، بەر لەچەند رۆژێک لێرە بوو، ئەوانی دیکەش دێنە دیمەشق دامودەزگا ئەمنییەکان دەبینن، بەڵام سەرۆک نابینن.

ئێمە گرفتمان هەیە لەتێگەیشتن و فکری سیاسی. دەبینین لەپرسی عەفریندا روون بوو کە تورکیا هێرش دەکاتە سەر شارەکەو داگیری دەکات، حکومەتی سوریا لەرێی دۆستەکانی داوای لە دەسەڵاتدارانی هەسەدە کرد شارەکە رادەستی دەوڵەتی سوریا بکەن و ئاڵای سوریا لەسەر سنور هەڵکرێت. خۆ ئەگەر داوای حوکمی زاتی یان فیدرالیش بکریت ئەوا هەر پێویستە ئاڵای سوریا هەڵبکرێت چونکە ئەمە پرسێکی نیشتیمانییە. ئێستا بڕۆ قامیشلۆ دەبینی 50 حزب هەیە کەچی ئاڵای سوریا نابینی، لەکاتێکدا من سەردانی هەولێرو سلێمانیم کرد ئاڵای عیراق هەڵکرابوو کە هەرێمێکی فیدراڵە .

بۆیە کاتێک روسەکان ئاماۆژگاریی هەڤاڵانیان کرد لەعەفرین تا سوپای سوریا بچێتە شارەکەو ئاڵای سوریا لەوێ هەڵکرێت، ئەوکات ئەو فیتنەیە کۆتایی دەهات

سوپای تورکیاش نەیدەتوانی پەلاماری شارەکە بدات و داگیری بکات. ئێستا عەفرین داگیرکراوە .

من پێموایە رۆژهەڵاتی فوراتیش لەژێر هەمان هەڕەشەیە، ئەو هەڕەشەیەی هەبوو کۆتایی نەهاتووە. ئەوانەی لەوێن پاڵەوانن سەرمان بەرزدەکەنەوە لەشەڕەکان، بەڵام ئەگەر گفتوگۆ لەگەڵ دەوڵەتی سوریا نەکەن ئەوا تورکیا دێتە ناوچەکەو ناوچەکە بەدرێژایی سنور داگیردەکات.

بەپێی ئەزموونی رابردوو تورکیا چوبێتە هەر ناوچەیەکی دەرودراوسێ پاشەکشێی لێنەکردووە، لەوە زیهنیەتی عوسمانییە، ئەوان پێیان وایە جزیرەو عەفرین و حەلەب و موسڵ و کەرکوکیش بەشێکن لەپەیمانی میللی و خاکی تورکیا.

**- باشە رژێمی سوریا پرسی پێدانی ناسنامەی کوردی چارەنەکرد؟ دوای رووداوەکانی 2011 رژێمی سوریا گفتوگۆی لەگەڵ کورد نەکرد تا بارودۆخەکە وایلێهات کورد بگاتە دێرەزۆر. باشە بۆ رژێمی سوریاو ئەو وڵاتانەی کوردی لێیە دۆزی کورد لەداواو خواستێکی سەرەتاییەوە کە پێدانی مافی کلتوریی و رۆشنبیرییە چارەناکەن تا ئاڵۆز دەبێت؟**

• بەرلەهەر شتێک بۆئەوەی بابەتیانە قسە بکەین پێدانی رەگەزنامەی سوریا لە 2011 وە بڕیاری پێ دەرچووەو تائێستا نزیکەی 105 هەزار کەس رەگەزنامەیان وەرگرتووە. هەرکەسێک رەگەزنامەی نییە دەتوانی سەردانی لایەنی پەیوەندیدار بکات و لەماوەی چەند رۆژێک وەریدەگرێت.

من نامەوێ بەناوی حکومەتی سوریاوە قسە بکەم، هەڵوێستم لاوازە ئەگەر بەرگری لە حکومەتی سوریا بکەم، من دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو کەستانە. دەوڵەتی سوریا لەماوەی 50 ساڵی رابردوو رێوشوێنی شۆڤینی بەرامبەر کورد گرتۆتەبەر، بۆنمونە پێنەدانی رەگەزنامە، داننەنان بە نەتەوەی کوردو بەکلتوری نەتەوەیی کورد. بەر لەچەند رۆژێک وەزیری دەرەوەم بینی، وتم ئەگەر ئێوە کەمێک سازش بکەن ئەوا رێککەوتن زەحمەت نابێت، چونکە ئەو هێزە (هەسەدە) زیاتر لە 32 هەزار شەهیدیان

لەناوچەکانی غەیری کوردی واتە ڕەققەو تەبقەو دێرەزۆر داوە، بۆیە دەبێ کەمێک سازش بکەن تا بگەنە چارەسەرێکی مامناوەند. من لەگەڵ ئەو ئاراستەیەم کە هەڵوێستی دەوڵەت تائێستا بەرامبەر کورد نەرێنییە، ئەگەرچی هەندێ کرانەوە هەبووە. بۆنمونە ئێمە لەدیمەشق لەهۆتێل و شووێنە گشتییەکان یادی جەژنی نەورۆز دەکەینەوە، هەندێک هەیە ئاڵای کوردستانیش بەرزدەکاتەوە! نوێنەرایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی و پارتی دیموکراتی کوردستان لێرە هەیە. لەو ئاهەنگانە نوێنەری باڵیۆزخانەکان و تەنانەت لە نەورۆزی ڕابردوو سەرۆکی وەفدی سوریا بۆ دانیشتنەکانی جنێڤ ئاگرەکەی نەورۆزی لەهۆتێل شیراتۆن کردەوە. من هەرکاتێک بمەوێت لەمیدیای سوریا دەرەکەوم و بەکوردی قسە دەکەم، بێژەرەکە ناچار دەکەم بەکوردی قسەبکات! من بەزمانی کوردی لەپەرلەمان سوێندی یاساییم خوارد، کە ئەمە ڕەنگە ئێوە نەیزانن! بۆیە دەکرێت بڵێین کەمێک کرانەوە هەیە بەڵام لەئاست پێویستدا نییە.

ئێمە داوا لە دەوڵەت دەکەین زەمینەی باش بۆ کورد بڕەخسێنێت و دان بەتەواوی مافە نەتەوەییەکانی کورددا بنێت. ئەوە پرسێکی نیشتیمانیی سوریایە، جار ئەگەر قەیرانی سیاسی هەبێت یان نەبێت. پێموایە دەوڵەت زۆر دواکەوتووە لە چاسەرکردنی پرسی کورد. من هەمیشە دەڵێمەوە ئەگەر وەفدی کورد لەکاتی خۆیدا هاتبانە دیمەشق، واتە لەسەرەتای ڕووداوەکانی سوریا، ئەوا بارودۆخ زۆر جیاوازتر دەبوو. هەروەک داننان بەمافی گەلی کورد و دەستوریش دەگۆڕدرا. پێموایە هەڵەیەکی ستراتیژیی بوو کە سەرکردەکانی کورد یان دەستەبژێری کورد کردیان، بەڵام ئێستا ڕژێمی سوریا بەهێزەو هەستدەکات سەرکەوتووە.

گرفتێکی دیکەی بەردەم کورد ئەوەیە کە یەکگرتوو نین، یەک ئەجێندایان نییە. گروپی ئەنەکەسە داوای فیدرالیەتی نەتەوەیی دەکەن، بەڵام گروپەکەی دیکە مەبەستم پەیەدە داوای فیدرالیەتی جوگرافیی دەکەن. گروپێکی دیکە داوای مافی نەتەوەیی و جۆرێک لەئیدارەی خۆسەری دەکەن. ئێمە خۆمان لەو گروپەدا دەبینینەوە. پێموایە ئێمە

وەک کورد ئەجێندایەکی هاوبەشمان نییە، ئەگەر یەک دەنگ نەبین و ناومالّی خۆمان ڕێکنەخەینەوە ئەوا بەهێز نابین.

**- هەندێك دەڵێن کوردانی سوریا نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی خۆیان ناکەن، ئەوە پەیەدەیە نزیکە لە پەکەکە، هاوکات ئەنەکەسە نزیکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکیا، کەوایە کێ نوێنەرایەتی کوردانی سوریا دەکات؟**

• بەداخەوە ئێمە لەبارودۆخێکی خراپداین، مافی ئێمە لەهەولێر نییە، پێمانخۆشە کورد لەعیراق مافی زیاتریان هەبێت، هەروەک حەزدەکەین کورد لەئێران بەمافی خۆیان بگەن، لەباکوریش بەهەمانشێوە. ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە، گرنگیدانە بەنێومالّی سوریاو کورد. دەبینی من دەچمە لای لێپرسراوی سوریا باسی مامجەلالم بۆ دەکات وەک سەرکردەیەکی بێ وێنەی کورد، یان باسی مەلاستەفام بۆ دەکات! بەراستی ئێمە لەپەنای دروشمەکانی ئەوانەوە خۆمان مەلاس داوە، هەوڵدەدەین بەرنامەی ئامادەکراو بێنین! لەکاتێکدا ئەوە بۆ سوریا دەستنادات و نابێت. دەبێ ئێمە واقعی بڕوانین، بزانین ئێمە خەڵکی سوریاین، دواتر ئێمە کوردین و دەبێ بەپێی ئەم واقعە مافەکانمان بەدەست بێنین. ئێمە ماوەی 50 ساڵە لەم دۆخە خراپەداین.

**- باشە با بگەڕێینەوە دیمەشق. کوردانی ئێرە هەست بەجیاکاریی زۆر دەکەن؟**

• کوردانی دیمەشق بەشی زۆریان لەچوارچێوەی دیمەشقی پایتەخت تواونەتەوە، زمان و جل و بەرگیان گۆڕاوە، بەتایبەت گەنجان. ئەو گوشارەی لەسەریانە کەمترە لەچاو کوردانی ناوچەکانی دیکە. تەنانەت ئەو کوردانەی لە جزیرەو عەفرینیشەوە هاتونەتە شام، ئاوێتەی ژیانی شام بوون، لەهەمانکاتدا گرفت و ئاستەنگ هەیە لەدژیان. بۆنمونە سەنتەری ڕۆشنبیریمان نییە، یان کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیریمان نییە. من هەوڵدەدەم بەمزوانە مۆڵەتی چەند کۆمەڵەیەک وەرگرم، تەنانەت هەوڵدەدەم مۆڵەتی کارکردنی کەناڵێکی ئاسمانیی یان ڕادیۆیەکی سەرتاسەری وەرگرم .

• من لەسەرەتای قەیرانی سوریاو دواتریش سەرۆکم بینیوە، ئەو زۆر کراوە بووەو ڕێنمایی خۆیدا بۆ کردنەوەی سەنتەری ڕۆشنبیریی و کلتوریی، بەڵام پێموایە بەشێک لەکێشەکە با نەخەینە سەر دەوڵەت، بەڵکو ئێمە وەک دەستەبژێری سیاسی

کەموکوڕی و کەمتەرخەمیمان هەیە. بۆنمونە ئەگەر قامیشلی ناوتنا قامیشلی، یان قامیشلۆ هەردووکی لەبنەڕەتدا تورکییە! کەچی هەندێک دەیکەن بەکێشە. ئێمە دەستمان بەهەندێ دروشمەوە گرتووە کە رەنگە هیچ سودێکی نەبێت یان یەکتر خیانەتبار دەکەین. بۆنمونە من بەرۆژی رووناک دەچمە لای سەرۆک وەزیران، یان لێپرسراوێک یان دێمە سەر شاشەو بەزمانی کوردی دەدوێم و پێشکەشکارەکەش ناچار دەکەم بەکوردی پرسیارم لێبکات، من پێموایە ئەوە دەستکەوتە بۆ ئێمە، بەڵام هەندێک پێیانوایە ئەوە نۆکەرییە بۆ رژێم..تد لەکاتێکدا پێویستە قسە بکەین لانیکەم بۆ دواندنی شەقامی عەرەبیی و گەیاندنی پەیامی خۆمان.

دامەزراوەی بارزانیی یان تاڵەبانیی یان ئۆجالان گرنگن. جێی بایەخن بەڵام من چیبکەم بۆ گەلی کورد لەسوریا. گرفتی پەیام و گوتاریی ئیعلامییمان. من لەناو پەکەکە خەباتم هەبووە، برایەکم لە 1995 لەشاخەکانی دیاربەکر شەهید بوو، خوشکێکم گەریلای پەکەکەبوو لەسوێد لەژێر چارەسەردایە.

- **پەیوەندی دەوڵەتی سوریا لەگەڵ هەرێمی کوردستان چۆنە؟ هەیە؟**

• پەیوەندی هەیە، هیوادارین ئەو پەیوەندییە زیاتر پێشکەوێت. نایشارمەوە من رۆڵی گرنگم لەو نێوانەدا بینیوە، بەڵام گرفت هەیە. هەرێم داوا دەکات سوریا کونسڵخانە لە هەولێر بکاتەوە، ئەوە لەوانەیە ببێت. هاوکات گروپە کوردستانییەکان نوسینگەیان لە دیمەشق هەیە، بۆنمونە یەکێتیی نیشتیمانیی هەیەتی، پارتی دیموکراتی کوردستان نوسینگەی هەیە ئێستا داخراوە. حزبێکی دیکەش هەیانە. هیوادارم ئەو پەیوەندییە گەشە بکات لەخزمەتی بەرژەوەندی خەڵکی سوریا و هەرێمی کوردستان.



# زیاد مەلا:

- کورد لەسەردەمی سەڵاحەددینەوە روویان لەشام کردووە
- یەکەم سەرۆك کۆماری سوریاو وەزیرو کاربەدەستی زۆر هەبوون کورد بوون

**لەچوارچێوەی دیداری شامدا، زنجیرەیەك چاوپێکەوتن و دیداری سیاسی و مێژوویی سازکراوە، یەکێك لەو کەسایەتییانە زیاد مەلا نوسەرو وەرگێڕی ناسراوی کورد لەشام، کە تەمەنی 79 ساڵەو زۆر لەسەرخۆ وڵامی پرسیارەکانی ئێمەی دەدایەوە. شارەزاییەکی باشی لەسەر مێژووی کورد لەشام هەبوو. بەپێویستمان زانی هەم ئەو بەسەر بکەینەوەو هەمیش شتێك لەبارەی مێژووی کورد لەشام بزانین.**

- **مێژووی کورد لەشام لە کەیەوە دەستپێدەکات؟**

• هاتنی کورد بۆ شام دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەڵاحەدین ئەیوبیی، یەکەمجار لەگۆڕەپانی شمدین تا شێخ محێدین لە دیمەشق نیشتەجێ بوون. ئەو کۆچکردنەی کورد لەناوەڕاستی سەدەی 12 وەستا یان زۆر کز بوو. ئەوکاتە کۆچکردن بەشێوەیەکی گشتیی بۆ شام بوو، بەڵام دواتر کۆچکردن پێچەوانە بویەوە لەشامەوە خەڵک لەبەر برسێتی و کەمدەرامەتی روویان لە ئیستەمبۆل دەکرد. لەو سەردەمە خەڵکانێک هەبوون بەشامیان دەگوت شامی شەریف. کۆچکردنی کورد لە باکوری کوردستانەوە بوو بۆ شام بەشێوەیەکی گشتیی، دواتر بەشێک لەکورد لەشامەوە بەهۆی دۆخی خراپی سیاسی لەشامەوە روویان لەمیسر دەکرد.

کۆچکردنی کورد بۆ شام بەشێوەیەکی بەرفراوان جارێکی دیکە لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدە (19) دەستی پێکردەوە. ئەوانەی لەو سەردەمە هاتن لەو ناوچەیەی ئێستا پێی دەڵێن بازاڕی (ساروجا) کە دەکەوێتە ناوەڕاستی دیمەشق نیشتەجێ بوون. پاشان هێدی هێدی لەو ناوچانە باریانکرد بۆ شوێنە بەرزەکانی دیمەشق کە ئێستا پێی دەڵێن گەڕەکی کوردان لەپاڵ شاخی قاسیوون.

لە هەشتاکانی سەدەی 19 تا سەرەتای سەدەی بیستەم کۆچڕەوێکی گەورەی کورد لەباکوری کوردستانەوە بەرەو شام دەستی پێکرد. ئەوکاتە کۆچکردن زۆر زەحمەت بوو. هەندێکیان هاتنە دێهاتەکانی دەوروبەری دیمەشق و هەندێکیشیان لەگەڕەکی کوردان لەدیمەشق نیشتەجێ بوون. ئەوانەی هاتن لەو سەردەمە زۆر هەژاربوون.

بەڵام ئەوانەی خزمەتی دەسەڵاتدارانی عوسمانیان کرد دەوڵەمەند بوون، چونکە پارەچەیەک زەویان پێدەدان، بەشێکی کەمیشیان خۆیان بە بازرگانیەوە سەرقاڵکرد.

- **ئەوانە هاتن چۆن ژیانیان دەستپێکرد؟**

• ئەو کوردانەی هاتنە شام بەشێوەیەکی گشتیی پاسەوانیی یان نۆبەدارییان دەکرد. ئەوکاتە کورد ئەگەر ئیشی دەستنەکەوتایە یان کاری نەکردایە ئەوا دزی دەکرد، لەوسەردەمە دزی باو بوو لەهەموو ناوچەکە، چونکە پیاوی ئازاو چاونەترس بوون. لە بیستەکانی سەدەی رابردوو کورد چوونە خوێندنگا لە گەڕەکی کوردان و بوونە خوێندەوارو کاریگەرییان لەسەر شام دروستکرد.

- **جولانەوەی سیاسی کورد کەی دەستی پێکرد؟**

• لە سییەکانی سەدەی رابردوو جولانەوەی سیاسی لە گەڕەکی کوردان دروستبوو، چەند خێزانێکی کورد دروستبوون کە چوونە ناو سیاسەت. وەکو خانەوادەی قەرەچۆلی، زلفی، ئالوسی..هتد. دەتوانین بڵێین کورد بەشێوەیەکی گشتیی زۆر کۆنەپارێز بوون، بۆیە هەمیشە دەنگیان بە کۆنەپارێزان دەدا. دواتر کوردێکی زۆر دەنگیان بە شیوعییەکان دەدا، بەشێوەیەک وایلێهات ماوەیەک حزبی شیوعی کاریگەری زۆری لەگەڕەکە کوردەکان پەیداکرد. ئەوانەیشی نەتەوەیی بوون هەم ژمارەیان کەم بوو هەمیش پەرتەوازەبوون، بۆنمونە جەلادەت بەدرخان و کامەران بەدرخان کە پیاوی نەتەوەیی زۆر مەزنی کورد بوون لەو سەردەمەدا دروستبوون، دەبینین کامەران چەند زمانێکی دەزانی، پیاوی خوێندەوارو زیرەک بوون. قەدری جان و جەواد مەلا دەبینین لەو کەسایەتیە چەپ و خوێندەوارانە بوون کە خەڵکی گەڕەکە کوردییەکان بوون، بەڵام دەبینین جەلادەت بەدرخان پیاوێکی تێگەیشتوو رۆشنبیر بوو لەمەڵگایەکی دواکەوتوو. تەنانەت نوکتەیەک هەیە لەسەر ململانێ و شەڕی نێوان رۆشنبیران و کۆنەپارێزان یان نەخوێندەوارن. دەڵێن جارێکیان شەڕ دروست دەبێت لەنێوان هەردوولا، کۆنەپارێزەکان رێگە لە دکتۆر دەگرن دەڵێن خوێندەواری یان نا؟ دەڵێت ماقوڵە دکتۆر خوێندەوار بێت!!

دەبینین حوسێن ئیبێش کەسایەتییەکی زۆر دیاری کورد بوو لەشام، راوچییەکی زۆر ناودرابوو، پڵنگی راودەکرد تەنانەت لەهەموو سوریا ناوبانگی هەبوو. ئەو پیاوە زەوی و زارێکی زۆری بەخشییە جەلادەت بەدرخان، پیاوێکی دەستکراوەبوو. یان دەبینین کاتێک جەلادەت لە 1953 کۆچی دواییکرد، هەموو دیمەشق بۆی هاتنە شەقام، من بیرمە قەدری جان قەسیدەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر جەلادەت بەدرخان خوێندەوە.

قەدری جان چەپ بوو، لەناو کورددا چەپ زۆر کەم بوون، جەلادەت بەدرخانیش لەژێر کاریگەری شیوعییەکاندا بوو. هەروەک خانەوادەی ناسراوی دیکە هەبوو، بۆنمونە خانەوادەی ماچۆ کە خانەوادەیەکی زۆر کۆنەپارێز بوون. جەلادەتیش پیاوێکی زۆر خوێندەواربوو، بەڵام لەکەشێکی زۆر دواکەوتوو. ئەو پیاوە کاریگەر بوو بەشیوعیەکان و دواتر 3 ساڵ بەهۆی شیوعییەکانەوە گیرا. لەبەندیخانە پێیان وتبو جنێو بە بەخالد بەکداش سکرتێری حزبی شیوعی بدە ئازادت دەکەین، بەڵام ئەو رەتیکردبۆوە.

- **ئەی بزوتنەوی رۆشنبیریی کورد لەسەدەی رابردوو تائێستا چۆن بوو؟**

• لە چلەکانی سەدەی رابردوو هێزی کۆنەپارێز لەناو کورد زۆر بەهێز بوو، کۆنەپارێزەکان عومەر ئاغا شمدین رێبەرایەتی دەکردن، ئەوانەی بەرامبەریشیان بوون لاوازبوون و لەبارنەبوون.

لەو سەردەمەدا گۆڤاری هاوارو رۆناهی لەلایەن جەلادەت و کامەران بەدرخانەوە دەردەکران. جەلادەت ئامادەی دەکردو کامەرانیش دەیبرد لەلوبنان چاپیدەکرد. کامەران پیاوێکی زۆر خوێندەوارو زۆر زیرەک بوو، خوێندەوارییەکەی لە جەلادەتی برای کەمتر نەبوو، ئەو بوو پەیمانگا یان ئەنیستوتی کوردی لەپاریس دروستکرد. کامەران رۆڵێکی زۆر کاریگەری هەبووە لەمێژووی رۆشنگەری کورد لەسەردەمی خۆیدا. کامەران قاموسێکی کوردی دروستکردبوو زۆر گرنگ بوو رەوشەن خان بردیەوە هەولێر نازانم چی بەسەرهات. دوای کۆچی دوایی جەلادەت بەدرخان، ئیدی

بزوتنەوەی رۆشنبیری کورد لەسوریا زۆر لاوازبوو، من ئەوکاتە تەمەنم 12 ساڵان بوو .

لەدوای کۆچی جەلادەت دەبینین ئۆسمان سەبری دەرکەوت کە بۆخۆی قاموسێکی زۆر دەوڵەمەندی زمانی کوردی بوو، هەروەک نورەدین زازا کە دەرچووی سویسرابوو، د. عیسمەت شەریف وانلی و زۆری دیکە دەرکەوتن .

**- بزوتنەوەی سیاسی کورد لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو لەشام دەستی پێکرد، چۆن بوو؟**

- لەنێوان 1950 بۆ 1960 نەوەیەکی نوێی سیاسەتوانی کورد لەشام دروستبوون، لەساڵی 1954 دانیشتوانی گەڕەکی کوردان سێ کەسایەتیان هەڵبژارد ئەوانیش خالید بەکداش لەحزبی شیوعی و عەلی بۆزۆ لەپارتی گەل و نورەدین ئیبیش کە پیاوێکی نیشتیمانیی بوو. لەپەنجاکانی سەدەی رابردوو بزوتنەوەی نەتەوەیی بەهێز بوو، بزوتنەوەی کورد لە گەڕەکی کوردان لەژێر کاریگەری بزوتنەوەی کوردی عیراق بوو، هەروەک لەژێر کاریگەری ململانێی ناو بزوتنەوەی کورد دا بوو لەنێوان تاڵەبانیی و بارزانیی! گروپی بارزانی بەهێزتربوون، بەڵام گروپی تاڵەبانیی رۆشنبیرو چاوکراوەبوون.

بەشێوەیەکی گشتیی دەتوانین بڵێین لە پەنجاکانی سەدەی رابردوو کورد دژی شیوعییەکان بوون، بەوپێیەی حزبی شیوعی دژی دۆزی کوردە، بەڵام ئێستا زیاتر لەگەڕەکە کوردییەکان دەڵێین لایەنگرانی پەکەکە زۆرترن، یان بڵێین پەکەکە بەهێزترە.

**- بزوتنەوەی سیاسی نوێی کورد لەدوای دروستبونی پەکەکە رۆڵی چییان هەبوو؟**

- بەشێوەیەکی گشتیی کورد لە گەڕەکە کوردەکان بەرەو بزوتنەوە نەتەوەییەکانی کورد بوون، رۆڵی پەکەکە ناکرێت نادیدە بگیرێت. دەبینین هەستی نەتەوەیی بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردووە. گەنج هەبووە زمانی کوردی هیچ نەزانیوە کەچی خۆی بەکورد دەزانێت، یان دەبینین بەشێوەیەکی گشتی گوێ لە تەلفزیۆن و میدیای کوردیی رادەگرن و گوێ لە رۆناهی رادەگرن تا بزانن هەواڵ چی

هەیە. ڕاگەیاندنی کوردیی ڕۆڵی خۆی هەبووە، وایلێهاتووە شت لەبارەی کورد دەخوێننەوەو ئەو پرس و بابەتانە سەرنج دەدەن کە پەیوەندی بە کوردەوە هەیە، هەروەک کتێبەکانی ئۆجەلان کاریگەری هەبووە، یان بەشێوەیەکی دیکە بڵێن جۆرێک لە کاردانەوە هەبووە بەرامبەر ئەو کارانەی دژی کورد کراون یان دەکرێن.

زۆر گرنگە باسی ئەوە بکەم کە لەماوەی 20 ساڵی ڕابردوو بزوتنەوەیەکی بەهێز هەیە لەگەڕەکە کوردییەکان دژی ئاین، پەکەکە ڕۆڵێکی کاریگەر لەوبارەیەوە دەگێڕێت. ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا لەدورخستنەوی گەنجان لەمزگەوت. من بۆخۆم شیوعی بووم لە 1963 تاوەکو 1986 ئیدی لەوە بەدواوە بەتەواوی دەستبەرداری حزبایەتی بووم.

- **ئەی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی کورد لە شام چۆن بوو، ئێستا چۆنە؟**

• سەرەتای هاتنی کورد بۆ شام گرفتی تێکەڵاوبونی کۆمەڵایەتیی و خۆگونجاندن هەبوو، بۆنمونە کوردەکان کەمتر ژن و ژنخوازییان لەگەڵ عەرەب دەکرد، یان لەگەڕەکی کوردان نەدەچوونە دەرەوە، ئێستاش خەڵک هەیە لەهەموو ژیانی لەگەڕەکەکەی خۆی نەچۆتە دەرێ و شوێنی دیکەی نەبینیوە .

- **ناوەی کوردی زیاتر نەبووە؟**

• بێگومان کورد لەژێر کاریگەری کەلتورو بارودۆخی گشتیی شام بوو، ناوەکان بوون بەعەرەبی یان جلوبەرگ گۆڕانی بەسەرداهات، هەندێ گۆڕانی دیکەش، بەڵام 20 ساڵێک دەبێت گەڕانەوەیەکی خێرا هەیە بۆ کلتوری کوردەواریی. بۆنمونە ناوی کوردی زۆر زیاتربووە لەجاران وەکو ناوی سیار، شیار، هێڤی، هێڤرۆن، ڕۆک، ڕۆ..تد تەنانەت هەندێ کەس ناو لەمنداڵەکانی دەنێت نازانێت ناوەکە مانای چییە! تەنها لەبەرئەوەی ناوەکە کوردییە بۆیە لەمنداڵەکانی دەنێت.

- **ئەی خوێندن بەزمانی کوردی؟**

• لەسوریا تەنها ئەرمەنەکان بۆیان هەیە بەزمانی خۆیان بخوێنن، ئەوان خوێندنی خۆیانیان هەیە. کوردیش لەو ناوچانەی کە کوردستانی سوریایە لەوێ خوێندنی کوردی ئێستا هەیە.

- **بۆنەو جەژنە نەتەوەییەکان، کورد لەشام چۆن یادەکان دەکەنەوە؟**

• کورد هەمیشە یادی خۆی کردۆتەوە، بۆنمونە جاران لەشام کوردان رۆژی نەورۆز جوانترین جلی خۆیان و خۆشترین خواردنی خۆیان ئامادە دەکرد دەچوونە مەساکن بەرزەو لەوێ کۆدەبوونەوە بۆ یادی نەورۆز، ئەوکاتە هەر شیر باشترین خواردن بووە، چونکە هەژار بوون و خواردنی دیکە کەم بووە، یان چونەتە باخچەو بێستانەکانی ئەو ناوچانە میوەو سەوزەیان هێناوە بۆ خواردن.

من بیرمە کاتێک تەمەنم 9 سالان بوو بەرلە 70 ساڵ ئەو بۆنەیە هەر هەبوو، بەڵام ماوەی 30 ساڵێکە گروپ و حزبە سیاسییەکانی کورد بۆنەی نەورۆز رێکدەخەن، هەر حزبەو بەپێی خواستی خۆی. ئینجا حزبی بارزانیی یان نزیک بارزانی بێت یان ئەوانەی نزیک لە پەکەکەن یان دەبینین حزبەکەی حەمید دەروێش.

- **ئەی جلی کوردی ماوە؟**

• بەمدواییە بەرگدرووی کوردم بیستوە، دەڵێن یەکێک هەیە بەناوی شڤان جلی کوردی دەدورێت، پێموایە چەند ساڵێکە گرنگی پێدەدرێت. بێگومان هەموو ئەمانە لەژێر کاریگەری میدیای کوردی کە رۆژانە خەڵک تەماشای دەکات و ئاگاداری بارودۆخی کوردستانە بەگشتیی .

- **بەدڵنیاییەوە دەسترەنگین و کەسایەتی ناسراوی زۆر هەن لەشام کوردن، وایە؟**

• بێگومان، بۆنمونە یەکەم سەرۆکی دەوڵەت محەمەد عەلی عابد کورد بووە، هەروەک عەلی بۆزۆ کەسایەتییەکی، شوکری قوەتلی کە سەرۆک کۆمار بووە، هەروەها سەلیم بەرەکات کە باشترین زمانزان و رۆمانوسە کە بەزمانی عەرەبی نوسیویەتی، تەلحەت حەمدی، عادل قەرەچۆلی، عەدنان قەرەچۆلی، عەبدورەحمان ئال رەش، جەلال حەمزە ..تد دەیان و سەدان کەسایەتی سیاسی و هونەریی و دەسترەنگین و نوسەرو رۆژنامەنوسانی سوریا کورد بوون و کوردن .



## خەلیل مەشهەدییە:

- دەبوو پرسی کورد زۆر زووتر چارەکرابا
- پێویست بوو زووتر رەگەزنامە بدرابا بەکورد تا بیانوو بەدەست نەیارانەوە نەمێنێت

**لەچوارچێوەی (دیداری شام)دا زنجیرەیەك چاوپێكەوتن و دیداری سیاسی و مێژوویی سازكراوە، خەلیل مەشهەدیە ئەندامی سەركردایەتی حزبی بەعسی سوریا و پارێزگاری پێشووی لازقییە لەچاوپێكەوتنێكیدا باس لەگرفتی لێسەندنەوەی رەگەزنامە لەكوردو چارەسەركردنی پرسی كورد لەسوریا دەكات. ئەو پێیوایە سوریا بەرگەی ئەو پیلانگێڕییەی گرت و هەموو ئەو خاكانەش دەگێڕێتەوە كە توركیا داگیری كردوون .**

**- هەوڵێك هەیە بۆ گێڕانەوەی سوریا بۆ ناو كۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبیی، سوریا ئامادەیە بگەڕێتەوە؟**

• پێموایە دەرچوونی سوریا لەکۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی بڕیاری وڵاتانی عەرەبیی نەبوو، هیچ بیانویەک بۆ دورخستنەوەی سوریا لەکۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی نەبوو، بەڵکو چەند وڵاتێک لەدەرەوەی ئیرادەو ویستی خۆیان و لەسەر خواستی وڵاتانی زلهێز ئەو بڕیارەیاندا. ئەوەی بەسەر سوریایان جێبەجێکرد بەسەر وڵاتانی دیکەش جێبەجێ دەبوو وەکو میسرو تونس و لیبیا، بەڵام نەیانکرد چونکە ئەوەی بەسەر سوریایان جێبەجێکرد خواستی وڵاتانی زلهێز بوو.

**- كەوایە دەستوەردان هەبوو؟**

• گومانی تێدانییە. بەڵگەش بۆ قسەکەم پێداگریی هەریەکە لەسعودیەو قەتەر لەسەر ئەو پرسە، لەکاتێکدا وڵاتانی دیکەی عەرەبی دژی ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی بوون، چونکە پێویستە بڕیارێکی ئاوهای کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی بەکۆی دەنگ بدرێت، کەچی ئەو پرەنسیپە جێبەجێنەکرا.

راستە سوریا دەرکرا، بەڵام بەراستی کاریگەری نەبوو، من نامەوێ بڵێم زۆر گرنگ نییە بۆ سوریا، بەڵام من پێموایە کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی بێ سوریا لاوازو کەموکوڕی هەیە.

**- باشە بۆ سعودیەو قەتەر ئاوها پێداگریان كرد؟**

• لەبەرئەوەی سەری مارەکە واتە رابەری پیلانگێڕانی عەرەبی بریتین لە سعودیەو قەتەر، دواتر تورکیاش هاتە ئەو نێوانەو ئەویش کەوتە پیلانگێڕان لە سوریا.

رەنگە من پرسیار بکەم بلێم باشە بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە چییە مەبەستم قەتەرو سعودیە تورکیا لەدەرکردنی سوریا لە کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی.

- **بەرژەوەندی ئەو وڵاتانە چییە لەوەدا؟**

• یەکەم لەرووی ستراتیژییەوە کێ لەو وڵاتانەی عەرەبی بەوانەی پێشکەوتنخوازن یان کۆنەپارێزن دژ ئەو سیستمە عەرەبییەن؟ ئێستا وڵاتانی وەکو میسرو جەزائیرو لیبیا هەڵوێستی پێشکەوتنخوازیان هەیە بەراورد بەو وڵاتانەی کۆنەپارێزن. سوریا تێگەیشتنی تایبەتی هەیە بۆ پرسەجیاوازەکان، هەر لەپرسی فەلەستینەوە بگرە تا دەگاتە ئازادکردنی تاکی عەرەبی، هەروەک تێگەیشتن بۆ پرسە جیاوازەکانی وەکو کۆمەڵایەتیی و ئابوریی و سیاسی. ئەمانە بێگومان رەنگدانەوەو لێکەوتەی هەیە.

من پێموایە لەبەرئەوەی دەوڵەتی سوریا پرۆژەی تایبەت بەخۆی هەیە کە هەموو ئەو هێزانە تێدەپەڕێنێ کە لەناوچەکە هەن، یان ئەو وڵاتانە چۆن دەیانەوێ پەیوەندیان لەگەڵ ئیسرایل ئاسایی بکەنەوە، یان چۆن پیلان بگێڕن ئیدی هەر لە ناکۆکییەکانی کەنداوەوە بگرە تاوەکو پرسەکانی دیکە وەکو ئەو کارانەی قەتەر لە لیبیا دەیکات یان ئەو کارانەی لەسوریا کردونی. ئەمانە هەمووی راستی پیلانگێڕی لەسەر سوریا دەسەلمێنن. بەبەڵگەی ئەوەی لە ساڵی 1963 و دوای بزوتنەوەی راستکردنەوە و تا دەگاتە یەکگرتنی نێوان سوریا و میسر دەبینین هەمیشە پیلانگێڕیی نێودەوڵەتی و عەرەبی لەسەر سوریا هەبووە!

ئەو کودەتایانەی لەسوریا بووە هەر لەو کودەتایەی حوسنی زەعیم تا دەگاتە شکلی حەناوی ..تد بەدەستی دەرەکی وەک ئەمریکاو ئینگلیز و لەڕێگەی وڵاتانی عەرەبییەوە بووە. بەکورتی لەوەتەی سەربەخۆییەوە تائێستا پیلانگێڕیی لەدژی سوریا نەوەستاوە، ئەمەش بەبەڵگەی جیابونەوەی میسرو سوریا کاتێک یەکیان گرت، ئەمە سەرباری بونی هۆکاری بابەتی بۆ جیابونەوەکە..تد حزبی بەعس تێگەیشتنی روونی بۆ ئەو پرسە هەبوو. دەبینین دوای جیابونەوە دەرکەوت ئەوەی لەپشت ئەو جیابونەوەیە بوو سعودیەو تورکیا بوون.

- **باشە بۆ توركیا پیلانگێڕی لەدژی سوریا دەكات؟**

- توركیا خەونی گەڕانەوەی هەیە بۆ ناوچەكە، بۆنمونە تائێستا پێیانوایە حەلەب بەشێكە لەخاكی توركیا، یان موسڵ و كەركوك بەشێكە لەخاكی توركیا.

- **پێشنیار یان جۆرێك لەكرانەوە هەیە بەڕووی سوریا، باشە دەوڵەتی سوریا هیچ ئەجێندایەكی هەیە بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئەو پێشنیارانە؟**

- لەدوایین وتاریدا سەرۆك وتی ئێمە ئاوڕ لەدواوە نادەینەوە تا بزانین كێ نەیارمانە، واتە كەس تا سەر نەیارمان نییە. ئەوەی بەردەوام بێت لەنەیارییكردنی سوریا ئەوا بیەوێت یان نا دەبێ باجی نەیاریی گەلی سوریا بدات، دەبێ باجی ئازاردانی مێژویی گەلی سوریا بدات، كە بەهۆی ئەو پیلانگێڕییە زیانیان بەخەڵكی سوریا گەیاند.

دەرچوونی سوریا لەو بارودۆخەی ئێستا تەنها سەركەوتنی سەربازیی نییە كە بێگومان سەردەكەوێت، بەڵكو سەركەوتنە بەسەر تیرۆرو بەسەر ئەو هێزانەی لەگەڵ تیرۆرستان هاوكاربوون. پێموایە ئەو سەركەوتنەی سوریا دەبێتە نمونە بۆ ناوچەكە. لەو سەركەوتنەدا سەرۆك بەشار ئەسەد رۆڵی هەرە سەرەكی بینی، ئەگەرچی بارودۆخێكی ناهەموار لەناوخۆی سوریادا هەبوو كە هەبوو جیابویەوەو هەبوو چووە پاڵ هێزی دیكە، بەڵام سەرۆك توانی بەرگە بگرێت و سەرەنجام سەركەوت .

- **بۆ ئەو بەرەیەی لەناو كۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب نەیاربوون لەگەڵ سعودیەو قەتەر نەیانتوانی هەوڵی ئەو دوو وڵاتە دژی سوریا بوەستێنن؟**

- لەرووی پرۆتۆكۆلیەوە بڕیارێكی ئەوها پێویستی بەكۆدەنگی وڵاتانی عەرەبی هەیە، نەك كۆدەنگی نەبوو بەڵكو دەبینین عیراق و لوبنان و میسرو جەزائیر بەشێوەیەك لەشێوەكان لەگەڵ نەبوون تا سوریا لە كۆمەڵەی وڵاتانی عەرەب بچێتە دەرەوە، بەڵام سەرەنجام چۆن دەنگ درا ئەوە دیارە چۆن بوو. واتە بەپێی پەیرەوی ناوخۆی رێكخراوی كۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی كارنەكرا. لەكاتێكدا پێشتر بۆ كێشەی هاوشێوە كۆدەنگی پێویست بووە.

لەبیریشمان نەچێت هەندێ وڵات لەکۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی دەتوانین بڵێین بەتەواوی دەستەمۆ کراون و بڕیار لای خۆیان نیە، وەکو مەغریب و سوان و ئوردن، یان هەندێ لەوڵاتانی کەنداو. ئەوانە ئیرادەیان لەدەست خۆیاندا نییە. فەرمان لەئەمریکاوە دێت و کەس ناتوانێ بەری لیبگرێت.

پرسی گەڕانەوەی سوریا بۆ ناو کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی هەندێ ڕێکاری ڕۆتینی پێویستەو دەتوانین بڵێین بەناچاری دەبێ بیگێڕنەوە. سوریا دەگەڕێتەوە بەڵام پەلەی نیە لەگەڕانەوەو مەرجی کەسیش قەبوڵ ناکات. بونمان لەکۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی پشتیوانییە بۆ ئەو ڕێکخراوە. ئەگەر بگەڕێتەوە ئەوا وڵاتانی عەرەبی قازانج دەکەن، خۆ ئەگەر نەگەڕێتەوە ئەوا سوریا زیانی لێناکەوێت بەتایبەت سوریا وڵاتێکی بەهێزەو ئەوەی لەو ماوەیە کردویەتی و بەرگریی کردووە، هیچ کام لەو وڵاتانە ناتوانن و بەرگەی ناگرن..

- **بەهاوکاریی ڕوسیا بێگومان؟**

• بێگومان بەهاوکاری ڕوسیا، ئەوە عەیب نییە ئەگەر باسی بکەم یان گوناهێک نییە. باشە ئەگەر پرسیار بکەین بۆ ڕوسیا لەلیبیا نەهاتە پێش و دەستی لەبارودۆخەکە وەرنەدا، لەکاتێکدا چەکی لیبیا ڕوسی بوو، سیستمی سوپاکەی بەهەمان شێوە؟

- **بەبۆچونی تۆ بۆچی؟**

• چونکە ناتوانێت بچێتە وڵاتێک و هاوکاری وڵاتێک شکستخواردوو بکات! کە ناتوانێت بەرگە بگرێت و ڕوبەڕووی نەیارانی ببێتەوە. ڕوسیا لە 2015 هاتە سوریا واتە سوریا 4 ساڵ بوو بەرگریی دەکردو ڕوبەڕووی نەیاران دەبویەوە بێ ئەوەی هاوکاریی لەهیچ وڵاتێکەوە پێبگات. ئەمە جگە لەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی لەنێوان سوریاو ڕوسیا هەیە بۆ پارێزگاریی هاوبەش ئەوەش مافی سوریایەو هیچ کێشە نییە.

- **سەبارەت بەگێڕانەوەی ئەو خاکە داگیرکراوانەی سوریا لەلایەن تورکیاوە، پێتوایە سوریا توانای هەبێت؟**

• تورکیا دەیەوێت بەشە ماڵی هەبێت لەسوریا، بەوپێیەی سوریا وەک میرات یان غەنیمە دابەشدەکرێت، سەرەتا هەریەکە لە وڵاتانی ڕۆژئاواو ئەمریکاو تورکیاو

سعودیە..تد پێیانوابوو دەتوانن بەشێک لەو کێکەیان بەرکەوێت گوایە لەسوریا دەستدەکەوێت، یان قازانجێک لەسوریا دەکەن، بەڵام دواتر دەرکەوت سوریا ئەوە نییە کە ئەوان چاوەڕێیان دەکردو سوریا سەرکەوت لەو دۆخەی هاتەپێشەوە، ئەوەی مایەوە دەرچونی ئەو وڵاتانە بوو بەکەمترین زیان.

- **باشە زەمینە هەیە بۆ دەرکردنی هێزەکانی تورکیا؟**

• بێگومان دەتوانرێت ئەو هێزانە دەربکرێن، هەروەک چۆن لەناوچەکانی حەلەب و دەوروبەری دەرکران، مەسەلەکە تەنها کاتەو هیچیتر، سوریا رێنادات هیچ هێزێکی بیانی لەسەر خاکەکەی بمێنێت بەهەر بیانوێک بێت. بیرمان نەچێت دەوڵەتی سوریا لە 80%ی ئەو خاکە داگیرکراوانەی کۆنترۆڵکردۆتەوە کە لەدوای روداوەکانی 2011 هاتە پێش و سوریا روبەرووی داگیرکاریی بویەوە. تورکیاو فەرەنساو بەریتانیاو.. تد دەزگای موخابەراتی هەموو دونیا لەسەر خاکی سوریا بوو، کاتێک توانامان هەبێت سەرباری ئەو هەموو پیلانگێڕییە سەربکەوین، کەوایە هەموو ئەو خاکە داگیرکراوانە کۆنترۆڵ دەکەینەوە.

- **باشە بۆ دەوڵەتی سوریا دەستپێشخەری چارەسەری دۆزی کورد لەسوریا ناکات، بەرلەوەی ئاڵۆز ببێت، تا لانیکەم بەرە لەبن پێی نەیارانی دەربکات؟**

• پرسی کورد لەسوریا ئاڵۆزە، لەوکاتەوە لە 1963 دەستی پێکردووە کە سەرژمێری کرا. ئەوکاتە نزیکەی 100 هەزار کەس لەهاوڵاتیان یان برایانی کوردمان بێبەش بوون لەرەگەزنامەی سوریا، لەکاتێکدا ئەوە مافی خۆیان بوو وەک هەر هاوڵاتییەک رەگەزنامەیان هەبێت.

- **کەوایە هەڵەیەکی گەورەبوو؟**

• بێگومان هەڵەبوو. چۆن دەکرێت من رەگەزنامەم هەبێت تۆ نەتبێت! لەکاتێکدا بەیەکەوە بژین. ئەوانە مافی رەگەزنامەیان هەیەو دەبوو زۆر زووتر ئەو کێشەیە چارەسەرکرابا، چونکە ئەوکاتە بیانوو یان بەرەکە لەژێر پێی نەیاران دەهاتە دەرێ تا کێشەی کورد بەکارنەهێنن، بەڵام بۆ ئەوەی دڵنیابیت کە دەوڵەتی سوریا دژی کورد نەبووە، ئەوەیە کە ئۆجالان لێرە بوو خەباتی دەکرد.

- **بەڵام ئۆجالان خەڵکی سوریا نەبوو تا ئەوە بکەیتە بیانوو؟**

- بەڵێ دەزانم، بەڵام ئەوەم بۆیە هێنایەوە تا بڵێم دەوڵەتی سوریا دژی کورد نییە. یان بڵێین دەوڵەتی سوریا دژی کورد نییە چ لەعیراق بێت یان لەتورکیا یان لەسوریا. لەکۆنگرەی حزبی بەعس ساڵی 2005 من ئەوکاتە بڕیاردەری کۆنگرە بووم، کۆنگرە بڕیاریدا مافی رەگەزنامە بۆهەموو ئەوکەسانە بگێڕدرێتەوە کە بەهۆی بڕیارەکەی 1963 لێیان سەندرابویەوە. من پێموایە ئەگەر ئەو کێشەیە ساڵی 1965 یان 1970 چارەکرابا ئێستا زۆر باشتر بوو، کێشەکان کەڵەکە نەدەبوون.

- **باشە بۆر ژێمی سوریا وەك پێویست ئەو بڕیارەی جێبەجێنەکرد؟**

- ئەگەر جێبەجێنەکرابێت وەک پێویست ئەوا پەیوەندی بەهەیمەنەو کۆنترۆڵکردنی هەندێ ناوچەوە بوو کە نەتوانراوە مامەڵە رۆتینیەکە بکرێت، یان ناوچە کورد نشینەکانی سوریا کەوتنە ژێر بارودۆخێکی تایبەت.

- بۆ دەوڵەتی سوریا هەوڵی نەدا بەرلەوەی دۆسیەی کورد لەسوریا ئاڵۆز بێت **خۆی چارەسەری بکات و کورد بکات لایەنگری خۆی نەك نەیار؟**

- لەبەرئەوەی دەوڵەت لەبارودۆخێکی خراپدا بوو، زۆر سەرقاڵ بوو بەو شەڕو ئاڵۆزییەی روبەرووی ببۆوە، وەک دەوترێت ئەگەر تۆ ناوماڵت زۆر شپرزە بێت لەوانەیە نەپرژێیە سەر هەندێ بارودۆخ.

- **بۆ ئەوەی کورد هەست بەبونی خۆی بکات، خۆ لانیکەم دەبێ بەچاوێکی یەکسان تەماشا بکرێت، نەك جیاوازیی بکرێت لەگەڵ نەتەوەو پێکهاتەی دیکە ؟**

- ئەوە گومانی تێدا نییە .

- **ئەگەر دەوڵەت زوو دۆزی کوردی چارەکردبا ئێستا دۆخەکە بەمشێوەیەی ئێستا نەدەبوو، ئێستا تا دێرزۆر بەدەست کوردەوەیە؟**

- رەققەو دێرەزۆر گرفتێک نییە لەنێوان دەوڵەت و کورد، ئەوەی ئێستا لەوناوچانە دەگوزەرێت ئەوە نییە کە کورد دەیەوێت، بەڵکو ئەوەیە کە ئەمریکا دەیەوێت. ئەمریکاییەکان دەیانگوت ئێمە تەیارەو موشەک و چەکمان هەیە، بەڵام لەسەر

زەوی چەکدارو شەڕکەرمان نییە، یان کەسمان نییە شەڕەکەمان بۆ بکات، باشترین هێز لەسەر زەوی کورد بوو ئەو کارەی بۆ ئەمریکا کرد.

**- باشە بۆ وڵاتانی کوردستانیان داگیرکردووە، یان کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، دۆزی کورد چارەناکەن تا ئاڵۆز دەبێت و گرفتی گەورە بەدوایخۆیدا دێنێت؟**


• ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە کە چارەی ناکەن؟ ئینجا چ لەعیراق بێت یان لەئێران و تورکیا. پێموایە ئەگەر لەسوریا رەگەزنامە بدرابا بەکوردان ئەوا شەقامی کوردی وەک ئێستا نەدەبوو، بەڵکو ئەو بیانوەمان لەبار دەبرد کە رەنگە لەلایەن هێزی دەرەکییەوە بەکاردەهێنرێت.


ئەگەر لەمن دەپرسی کورد سەربەخۆیی دەوێت ئەوا من پێموایە نایەوێت، چونکە هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی ئاوایە زەحمەتە بتوانێت بەسەربەخۆیی بژێیت و بەردەوام بێت، هەروەک دەبینین لەسوریا ئاسان نییە، چونکە تێکهەلکێشێکی جوگرافیی ئاڵۆز هەیە. بۆنمونە دەبینین لەحەلەب کورد هەیە، بەڵام کەوتۆتە ناوچەیەک دابڕاوە، لەشوێینەکانی دیکەش بەهەمان شێوە ئەو گرفتە هەیە.


# وێنەکان



THE TOMB OF CONQUEROR SALAH ALDIN AL-AYOUBI
مەزاری سەلاحەدینی ئەیوبی


THE TRUE GRAVE FOR VORTUOUS BODY OF CONQUEROR AL-SULTAN SALAH ALDIN AL-AYOUBI








کتێبخانەکەی (مام) لە دیمەشق


دوایین کتێب کە (مامجەلال) لە دیمەشق خوێندویەتیەوە
مبادئ
المعارف الاجتماعية السياسية
ماهي الاشتراكية؟
كليمينتييف ، فاسيلييفا



ماڵەکەی ئۆجالان لە دیمەشق



هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
هۆبەی سپاردنی کتێب

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
شعبة ايداع الكتب

Kurdistan Regional – Iraq / Council of Ministers
Ministry of Culture & Youth – G.D. of Public Libraries

ژمارە: ٤٢١ العدد:
رۆژ: ٢٢ / ١ / کوردی التاريخ: ١٢ / ٢ / ٢٠٢٠

بۆ/ چاپخانەی دەرەوەی هەرێم

ب/ ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣

ژمارەی سپاردن درا بەکتێبی (دیداری شام)لەنووسینی(سەرتیپ جەوهەر) بە تیراژی (١٠٠٠) دانە بە ناوەرۆکی (سیاسی) لە چاپخانەکەتان چاپ بکرێت بەمەرجێک (٥) دانە بۆبەشی سپاردن ڕەوانە بکەن

لەگەڵ ڕێزماندا....

| | |
|---|---|
| ژمارەی سپاردن | ١٦٤ |
| ساڵ | ٢٠٢٠ |

**تێبینی:**

١-نووسراوی سەرەوە، دەقەکەی لە پەڕەی دووەمی کتێبەکە وەکو خۆی دادەنرێت، بەشێوەی سکان.

٢-هەرچاپخانەیەک پابەند نەبێت بەناردنەوەی (٥)دانە لە کتێبەکە، جارێکی تر ژمارەی سپاردنی نادرێتێ.

سەرباز جەوهەر محەمەد
ج/بەڕێوەبەری گشتی کتێبخانە گشتییەکان
٢٠٢٠/٢/١٢

وێنەیەک:
-کارگێری خۆیەتی
-هەڵگرتن
-خولاو

library.kurdistan@yahoo.com
Iraq - KRG – Erbil – Behind MOCY

هەرێمی کوردستانی عێراق – هەولێر – شەقامی کوردستان – پشت وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
اقليم كوردستان العراق – أربيل – شارع كوردستان – خلف وزارة الثقافة و الشباب

ژمارەی سپاردن 164 بۆ ساڵی 2020

**پێڕست** **لاپەڕە**


1- پێشەکی.......................................................................... 3
2- دیداری شام.......................................................................... 7
3- شەوانی شام هەر رووناك بوو.................................................. 11
4- قەیسەری هەولێرو بازاڕی حەمیدیەی دیمەشق.............................. 17
5- سەلاحەدین هیچی نەکرد بۆ کورد و ئەوانی دیکەش لەخۆکرد ................ 25
6- لێپرسراوانی سوریا مۆبایل بەکارناهێنن........................................ 33
7- سێ ملیۆن کورد لە سوریاو یەك ملیۆن کورد لەشام هەیە.................. 41
8- گۆرستانی مەولانا خالید، دەیان شاعیرو کەڵەپیاوی کوردی لێ نێژراوە....... 47
9- یەکەم سەرۆك کۆماری سوریا کورد بوو.......................................... 55
10- سەرکردەیەکی ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەڵێت کورد بەنی ئادەم نییە!!.............. 61
11- نامەیەکی سەرسنور، مامجەلالی بە ئەسەد ناساند.............................. 69
12- پێویستە ماڵەکەی مامجەلال لەدیمەشق بکرێتە مۆزەخانە......................... 77
13- دەیان گروپی میلیشیای شیعە لە سوریا جێگیرکراون............................. 83
14- مامجەلال داوای لەئاپۆ کرد ئیتالیا جێنەهلێت..........................،...... 90
15- دوای 15 ساڵ، بە سرودی ئەی رەقیب سەرکەوتن راگەیەنرا................ 100
16- بڕیاربوو 15 هەزار پێشمەرگە ببرێتە رۆژئاوا........................... 107
17- لەژێر گوشاردا، دروشمی فیدراڵی بۆ رۆژئاوا گۆڕدرا........................... 113
18- لە 31٪ سوریا لەژێر کۆنترۆڵی ئەنجومەنی سوریای دیموکراتدایە............ 120
19- رۆژهەلاتی فورات لەبەردەم ئاڵۆزییدایە......................................... 126
20- بیرۆکەی دروستکردنی ئەنەکەسە لەلایەن رژێمی سوریاوە پێشنیارکرا........ 133
21- جگە لەعەفرین لە حەلەب و لازقیە، زیاتر لە 400هەزار کورد هەیە.......... 141
22- دەستپێشخەرییەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان............................ 146
23- لێکچونێکی زۆر هەیە لەنێوان نەریتی عەلەوییەکان وکورد...................... 151
24- وێنەی ئەسەدی باوك و کوڕ لەبەرزی هەڵواسرابوون............................ 157


**چاوپێکەوتن**


25- عەبدورەزاق کۆیی: لەماڵی عادل عەبدولمەهدی مامجەلالم بینی..............165
26- عومەر ئۆسێ: سێ ملیۆن کورد لەسوریا هەیە.................................. 205
27- زیاد مەلا: کورد لەسەردەمی سەلاحەددینەوە روویان لەشام کردووە........ 219
28- خەلیل مەشهەدییە: دەبوو پرسی کورد زۆر زووتر چارەکرابا.....................226
29- وێنەکان.................................................................................235

شام له لەقۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئەدەبی و سیاسی کورد وێستگەیەکی زۆر گرنگ بووە. سەردەمانێك قەڵای سەڵاحەدینی ئەیوبی یان ئەیوبییەکان بوو کە رابەرایەتیی دەوڵەتی ئیسلامییان دەکرد، سەردەمانێکیش شوێنی گیرسانەوەی جەلادەت بەدرخان و قەدری جان و جگەرخوێن و ئۆسمان سەبری و دەیان شاعیرو ئەدەب دۆست و دینداری کورد وەك مەولانا خالیدی نەقشبەندی بووە، لەمێژووی نوێشدا شوێن و لانکەی دەستپێکردنەوەی جولانەوەی سیاسی کورد بووە، گەلێك نهێنی و راستیی مێژوویی کورد لەدیمەشق پەنا دراوە.

لەم کتێبەدا راستیی روداوەکانی سوریاو دۆخی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ دیمەشق و چۆنییەتی دروستبونی هێزی کورد لەبەری رۆژهەڵاتی فورات و ئەگەرەکانی دوای نەمانی داعش خراوەتە روو، هەروەك زنجیرە چاوپێکەوتنێك لەخۆ دەگرێت کە دیوێکی دیکەی مێژوو دەخەنە روو، بەتایبەت ژیانی هەریەکە لە مامجەلال و عەبدوڵلا ئۆجالان لەقۆناغێکی دیاریکراوی مێژوودا.

2020